# هابرماس...

## گوتاری رەخنەیی لە بیروفەلسەفەدا

...................

بەهزاد حەوێزی

کوردستان/هەولێر-2011

**وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە**

**بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر**

**ناوی کتێب: هابرماس... گوتاری رەخنەیی لە بیرو فەلسەفەدا**

**نووسینی : بەهزاد حەوێزی** (b_hawezy@yahoo.com)

**بەرگ: نادر خەیاتی**

**نەخشەسازی: دانەر**

**پیتچنین: دانەر**

**چاپی یەکەم**

**چاپخانەی ڕۆشنبیری – هەولێر**/ 2011

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( 1054 ) ساڵی (2011)ی پێدراوە

– مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە

– ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە
www.kurdchap.com

**پێشکەشە**

**بەوانەی بەدوای هەقیقەتدا**

**وێڵ و سەرگەردان**

**چەشنی قەقنەس**

**ڕۆحیان بەسەر ترۆپکی یەقیندا**

**هەڵپڕووکا**...

# پێرست

### بەشی یەکەم

1-ژیاننامە ........................................13
2-دەروازە ........................................17
3-باکگراوەندی فیکریی ........................30

### بەشی دووەم

رەخنەگەرایی.. تیۆرێکی نوێ..................49
1-ئەقڵی رەخنەیی ................................59
2- تیۆرێکی بەشۆرەت ............................64

### بەشی سێیەم

مۆدێرنیزم، هابرماس وپرسیارەکەی...........75
1-هابرماس ومۆدێرنیزمی هەڵگەڕاوە ........100
2- دیدی فەلسەفی مۆدێرنیزم ..............103
3-ناوەڕۆکی مۆدێرنیزم ........................115
4-ئەقڵانیەت ....................................125

### بەشی چوارەم

تەکنیکگەرایی، پرسی تەکنەلۆجیا ......... 153
1-زانست...تەکنیك ...........................165

### بەشی پێنجەم

فەلسەفەی سیاسی، هاووڵاتیەتی ............183
1-کۆدەنگیی و جیاوازی .......................208
2-قەیران لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی.....211
3-قۆرخکردنی جیهانی گوزەرێنراو .........215
4-لە ئەخلاقەوە بۆ دیموکراسی .............222
5-دیموکراسی (تەشاوری)......................224
6-دیموکراسی ئاڵوویرانە ......................226
کۆتایی ..........................................237

# پێشەکی

ئەقڵ: هەم بەهرەیە و هەمیش کێشە، داهێنان و بەهرەی ئەفراندن و هزروانی زادەی ئەون، تەنگژەی هەقیقەت و گەیشتن پێی، بەرامبەر ئەقڵیش نائەقڵی هەیە، کە لەودا پشتبەستووە بەخودی ئەقڵ لە رەخنەگرتن لەو ئەقڵە(سەرکوتکەرانەیە) بە سەرکەوتنی نائەقڵیش دەرگەی سەرکوتکردن و توندڕۆیی دەخرێتە سەرپشت، سەرکوتکردن و توندڕۆیی لە کاتی غیابی نووری ئەقڵ ئامادەن، کەواتە ئەقڵ لای هابرماس (گەر شیا بڵێین) (کوێخایە) بنەمای تیۆری کۆمەڵایەتی (کۆمەڵگەی کۆمەنیوکەیتف) و سیاسی (دیموکراسیی دیالۆگئامێز)ە، هەروەها هەرە بەهێزترین چەکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی رەوتە نائەقڵانییەکان، جا چ فەلسەفی بێ یا زانستی، لەراستیشدا ئەو ئیمانە قووڵە بە ئەقڵ هەمیشە لەجۆشدایە لەگەڵ دارڕژتنی پرۆژەیەکی ئەقڵانی و فەلسەفی، سیاسی بە مۆرکێکی رەخنەیی ئیجابی، ئایندەگەرایی - هەروەك هابرماس بۆی تێکۆشاوە.

# بەشی یەکەم

## 1 - ژیاننامە

یۆرگن هابرماس (Jurgen Habermas) (18یۆنیۆ1929) لە شاری دۆسلدۆرف/ پایتەختی ویلایەتی باکووری راین- ویستفالیای/ ئێستا، لەدایك بووە، ئایرنست هابرماسی باوکی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ژووری پیشەسازیو بازرگانی بووە، هابرماسی کوڕ وەك هاوسۆزێکی نازیزم باسی باوکی کردووە، هابرماس لە خانەوادەیەکی سەر بە چینی ناوەندی پرۆتستانتی بووەونەشونمای کردووە.

شکستی رایخی سێیەمونازیزم کاریگەری زۆری هەبووە لە سەر نەشونمای کۆمەڵایەتی هابرماس، بۆیە خۆی ئاوا وەسف کردووە(بەرهەمی دووبارە پەروەردەکردن) کە کۆمەڵگەی ئەڵمانی بەخۆوەی بینی لە میانی پیادەکردنی مەنهەجیانەی

سیاسەتی(ریشەکێشکردنی نازیزم) کە دەسەڵاتی داگیرکەر پاش خۆبەدەستەوەدانی ئەلمانیای نازی پیادەی کرد.

کەچی پێشەنگانی قوتابخانەی فرانکفۆرت ناچار بوون لە چنگو دەستی نازیزم بۆ ئەمریکا رابکەن (1943-1950) لەگەڵ ئەوەشدا دیدە رەخنەییەکەی کە(داکۆکیکردنێکی ئەقڵانی بوو لە بەهاودەسکەوتەکانی سەردەمی رۆشنگەرییورزگارکردنی ئادەمیزاد لە دەمارگیری نەتەوەیی و توندڕۆییودەمارگیریی) بە ئامانجێکی سەرەکی فەلسەفەی مولتەزیم دادەنرێ.

هابرماس لەزانکۆکانی جۆتنجێن (1949 - 1950) و زیوریخ (1950 - Zurich1951) و بۆن (1951 - 1955)(Bonn) خوێندوویەتی، دکتۆرای لە بۆن هێناوە لەگەڵ تێزی(رەهاومێژوو، لەبارەی دژیەکیی لە فیکری شلینگ) ( :The absolute and history Schelling on the contradiction in’s thought.).

لە ساڵی (1956)دا فەلسەفەوکۆمەڵناسی خوێندەوە لەسەر دەستی تیۆریزانانی رەخنەیی ماکس هۆرکهایمەروتیۆدۆرئەدۆرنۆ لە پەیمانگەی تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی/قوتابخانەی فرانکفۆرت، هاوکات ناکۆك بووە لەگەڵ ماکس هۆرکهایمەر(*) لەسەر تێزەکەی، هەروەها بڕوای تایبەتی ئەو بەوەی قوتابخانەی گۆرین کەوتۆتە نێو

...........................................................

(★)ماكس هۆركهایمەر(1973 - 1895): فەیلەسووفێكی هاوچەرخی ئەڵمانیاییە، سەرەتا دەستی بە رۆماننووسیی كرد، ئینجا دەروونناسیوپاشانیش فەلسەفە نەخاسمە لەبارەی شۆبنهاوەر، تێزەكەیشی لەبارەی كانتە، بەشداری كردووە لە دامەزراندنی پەیمانگەی تۆژینەوەی كۆمەڵایەتی – قوتابخانەی فرانكفۆرت لەكتێبەكانی(جەدەلی رۆشنگەریی) لەگەڵ ئەدۆرنۆو(سەرەتاكانی فەلسەفەی مێژووی بۆرژوا).

گومانگەرایی(skepticism)وقێزەونی(disdain) سیاسی رۆشنبیریی نوێ، زانستە سیاسییەكان لە زانكۆی ماربۆرگ (Marburg) تەواو دەكات لەسەر دەستی ماركسیست ولفجانگ ئەبیندرۆس (Wolfgang Abendroth) لێكۆڵینەوەكەیشی بە ناوی(وەرچەرخانە بونیاتگەرییەكان لەمەڕ رەوشە كۆمەڵایەتییەكان/ پرسیارگەلێ لەبارەی جۆرەكانی كۆمەڵگەی بۆرژوا) (The Structural Transformation of the Public Sphere: an Inquiry into a Category of Bourgeois Society) بووە.

لە ساڵی (1961) بووە بە مامۆستا لە زانكۆی بۆرج، لە ساڵی(1964) بە پاڵپشتی ئەدۆرنۆ گەڕایەوە قوتابخانەی فرانكفۆرت لە شوێنەكەی هۆركهایمەر لە بواری فەلسەفەوكۆمەڵناسی.

لەساڵی (1971) بووە بە بەڕێوەبەری ئینستتیوی ماكس بلانك (Max Planck Institute) لە ستێرنبیرگ (نزیك میونیخ) تا ساڵی (1983) لەوێ مایەوە، واتە دوای دوو ساڵ لە بڵاوكردنەوەی شاكارەكەی (تیۆری كرداری تەواسلی) (Communicative Action Theory of)

پاشان دەگەڕێتەوە فرانكفۆرت وەك بەڕێوەبەری پەیمانگەی تۆژینەوەی كۆمەڵایەتی.

ئیدی پاش خانەنشینی لە فرانكفۆرت ساڵی (1993) بەردەوام كاروبەرهەمەكانی بەربڵاوتر بڵاودەكاتەوە، ئەوكات گوتارێكی خستۆتەڕوو لەبارەی شیاندنی رۆڵی گشتی دین لە سیاقی عەلمانیەتدا نەخاسمە گەشەكردنی جیاكردنەوەی دەوڵەت لە بێلایەنی بۆ عەلمانیەتێكی تۆخ.

هابرماس پشكێكی سەرەكی بووە لە((یانەی پێنج))ەكە، هەروەها بەمەش لە فەیلەسوفە هەرە دیارەكانی هاوچەرخی خۆرئاوایە، كە بریتین لە هەرە فەیلەسوفە هاوچەرخە بەشۆرەتەكان:

پۆل ریكۆر(P. Ricoeur)(*) ئیمانوێل لیڤیناس(E. Levinas)(**)جاك دریدا(J. Derrida)(***)كارل ئۆتۆ ئەپل(K.O. Apel)(****)هەروەها هابرماس.

..................................................................

(*)بۆل ریكۆر(1913 - 2005): فەیلەسوفێكی فەرەنسیە، زانای هاوچەرخی زمانەوانی، سەر بە رەوتی "تەئویلییە"لە كتێبە هەرە گرنگەكانی(وانەگەلێ لە ئایدیۆلۆجیاویۆتۆبیا، مێژوو و هەقیقەت).

(**)ئیمانوێل لیڤیناس(1906 - 1995): فەیلەسوفێكی فەرەنسی بەرەسەن جوولەكەیە، خاوەنی(ایتیقا الغیریة)یە، هەروەها كۆمەڵە لێكدانەوەوتۆژینەوەیەك لەبارەی تەورات.

(★★★)جاك دريدا(1930 - 2004): فەیلەسوفێكی فەرەنسیە، دامەزرێنەری هەڵوەشانەوەگەراییە، هەرە گرنگترین متێبەكانی(لەمەڕ زانستی نووسین).
(★★★★)كارل ئۆتۆ ئەپل(1922-): فەیلەسوفێكی ئەڵمانییە، لە زانكۆی فرانكفۆرت ئوستازی فەخریە، نووسینەكانی چەند بوارن لەوانە: مۆراڵن فەلسەفەی زمان، زانستە مرۆییەكان، ..تد.زۆر كاری كردۆتە سەر هابرماس نەخاسمە لە تیۆرەكەی لەبارەی ئەخلاقیەتی دیالۆگ.

هابرماس مامۆستای چەندین ئوستازی بەشۆرەت بوو لەوانە: كۆمەڵناسی سیاسی كلۆس ئۆفو فەیلەسوفی كۆمەڵناسی جۆهان ئەرناسۆن (Johann Arnason) تیۆریزانی كۆمەڵایەتی هانز جوس (Hans Joas) و تیۆریزانی گەشەی كۆمەڵایەتی كلاوس ئیدیر (Klaus Eder) فەیلەسوفی كۆمەڵایەتی ئەكسل هۆنیس (Axel Honneth)
فەیلەسوفی ئەمریكی تۆماس مەكارسی (Thomas McCarthy) تۆژەری كۆمەڵایەتی جیرمی (JeremyJ) شاپیرۆ (Shapiro) هەروەها سەرۆك وەزیرانی تیرۆركراوی سربی زوران ئیندیك (indic Zoran).
هەندەك لەو كتێبانەی هابرماس، كە كراونەتە عەرەبی(العلم والتقنية ك((أيديولوجيا))، المعرفة والمصلحة، الحداثة وخطابها السياسي، الخطاب الفلسفي للحداثة، مستقبل الطبيعة الانسانية، نحو نسالة ليبرالية، ما بعد ماركس، نظرية الفاعلية التواصلية- The Theory of Communicative Action).

## 2 - دەروازە

بیرکردنەوەی فەلسەفیانە بەگشتی بە دوو جەمسەرەوە گرێدراوە یا بڵێین دوو ئەقڵ، ئەقڵێکی تیۆری دەڕوانێتە هۆوعیللەوماهیەت، ئەویدیکەش پراکتیکی دەڕوانێتە مێژوو و واقیع بە هەوڵدان بۆ داهێنانی میتۆدی ئەوتۆ بۆ رەخساندنیانودەستەبەرکردنی ئامڕازەکانی پیادەکردنیان، گەریش تۆژینەوەی فەلسەفی لەسەرەتاوە رووی کردۆتە ئەقڵی تیۆری ئەوە گرنگیدانی لە ماوەیەکی کورتدا زیاتر بەرەو پراکتیك بووە، دەستی ناوەتە هەویرەکەوهەڵشێلانی مێژوو، پرسیارکارییوتۆژینەوەکاریی، سەروکاریکردن، بەتەنیا بە لێکدانەوەکاریی نەوەستا بەلکە هەڵسەنگاندنوگۆڕین، تا ئەو کاروشتە بوو بە مۆرکی بیری فەلسەفی هاوچەرخ، هابرماس چاکترین شاهیدی ئەو پرۆژەیەیە.

ئەو لە رێبازە فەلسەفیەکەیدا یا لە خوێندنەوەولێکدانەوەی کولتووری فەلسەفیوسیاسیوکۆمەڵایەتی جەخت دەکاتە سەر رەگەزێکی سەرەکی بەناوی (دووبارە بنیاتنانەوە- reconstruction) تەنانەت پێی وایە دەروازەیەکی میتۆدیانەی ئەوتۆیە فۆرمەڵەکەری دەقە فەلسەفیەکە، مەبەستیش لێی دووبارە کاراترکردنی تیۆرێکە، کە هابرماس گەرەکیەتی گفتوگۆی لەگەڵ بکاتو شەنوکەوی بکاتو ماکە رەخنەییەکانی بدۆزێیەوە، بەمەش پرۆسەیەکی (تەئویلیە)بۆ دووبارە

بەدەستهێنانەوەی دەق/بابەتی بیرکردنەوە، جا ئەو دەقە چ سەر بە کانت بێ لە بواری(ئەخلاق‌وسیاسەت) یا هیگل یا مارکس/فرۆید یا نیچە بێ یا هایدگەر یا فیتجنشتاین یا تیۆری رەخنەیی یا گادامیر،..تد.

هابرماس لەیەککاتدا بیرمەندێکە بریتیە لە ئوستازوخوێنەروفەیلەسووفورۆشنبیر، چونکە چارەنووسە فیکریەکەی بە چارەنووسی هاوچەرخی ئەڵمانیا گرێداوە، هەرجارە دەوری خۆی هەبووە لەو مشتومڕوگفتوگۆ فیکری‌وسیاسیانەی نێو ئەڵمانیا لە پاش جەنگی دووەمی جیهان.

میراتگری دیاردەی نیگەرانی وجودی ئەڵمانیاییە، کە زادەی نازیزمە، لەبەرئەوە لە دوو توێی تیۆرەکەیدا مکوڕ بووە لەسەر بەمرۆییکردنی پرۆسەکانی راشیۆنالیزەیشن (rationalization) هەروەها زەبتکردنی بزاووجووڵەی کایەی نوێی گشتی بە پێوەری ئەخلاقی دوور لە هەردوو پێناوی مایەودەسەڵات و دەستەبەر کردنی فەزایەکی بەربڵاوی ئازادی‌ورۆڵی ئەکتیڤی مرۆیی.

نووسینەکانی هابرماس کۆششێکی دەگمەنی بواری تیۆرین بۆ بەهەندگرتنی بەهای ئەقڵ‌وبەئەقلیبوون‌وداڕژتنی پێوەری تازە بۆ چەسپاندن‌وجێگیر بوونی، ئەو وێرای رەخنە لێگرتنی ئەو کارە ئەنجام دەدات، جا لەو سونگەیەوە رووبەڕووی گفتوگۆیەکی چڕوپڕوتوند

بۆتەوە لەگەڵ فەیلەسووفە کۆنسێرڤاتەکان، هەروەها نەهلیستیو نائەقلانیەکان.

هابرماس پێی وایە بابەتی سەرەکی فەلسەفە بریتیە لە(ئەقڵ) چونکە فەلسەفە هەر بەرایدا هەوڵی لێکدانەوەی جیهان دەدات بە شێوەیەکی گشتگیرانەوفرەیی دیاردەکان لە رووی یەکانگیریان، جا لە پێناوی ئەمەدا پشتدەبەستێ بەو پرەنسیپانەی پێویستە لە نێوخودی ئەقڵدا بیاندۆزێتەوە، لەبەرئەوە(ئەگەر شتێك لێرەدا هەبێت هاوبەش لە نێوان مەزەبە فەلسەفیەکان ئەوە بیرکردنەوەیە لە بوونەوەرێك یا یەکیەتی جیهان لە میانی لێکدانەوەی ئەو ئەزموونانەی ئەقڵ ئەنجامی دەدات).

دەکرێ ئاماژە بەوە بدەین، کە گەشەکردنی بیری هابرماس بە گشتی دوو رێچکەی گرتووە:

1-فەلسەفەی مێژوویی هیگلی یا مارکسی موتەناقیز بەیەك.

2—مافەکانودیموکراسی (1992) کاتێك هابرماس ستراتیجیەتی تیۆریی خۆی گۆڕی.

جگە لەمە چەند قۆناغێك دەگرتەوە:

قۆناغی یەکەم: رەخنەگرتن لە بیروباوەڕی پۆزەتیڤیزم، کە خۆرئاوای تەنیبۆوە، نەخاسمە پاش پەرەسەندنی سەرمایەداریودەسکەوتە زانستیەکانوپێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، هەروەها چۆن چۆنی

قۆستنەوەی ئەقلانیەتی بزووتنەوەی ڕۆشنگەریی(★)ومۆدێنیزم لە لایەن ئەو بیرۆکەیە.

.................................................................

(★) ڕۆشنگەرایی(Enlightenment) مەبەست لە ناوەکەی: دژ بە سەردەمە تاریکەکان، داڕێژراوە، ئاراستەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەلسەفییە، لە سەدەکانی حەڤدەهەم وهەژدەهەم ئۆروپای گرتەوە، چەند بیرۆکەیەکی لەخۆگرتبوو وەك: پێشکەوتن، وەلانانی ترادیسیۆن، گەشبینیوبڕوابوون بە ئەقڵ، بەمەش بووە بزووتنەوەیەکی گشتگیری شۆڕشگێڕانە لە پێناوی ئەقڵوسەرکەوتنی، لە ناوە دیارەکانی بیرمەندانی ئەو سەردەمە: کانت، ڤۆلتێروڕۆسۆ، مۆنتسکیۆ،..تد.

قۆناغی دووەم: داڕژتنی تیۆرێك لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی هەڵنراۆ لەسەر دووبارە بیناکردنەوەی شکۆیی ڕۆشنگەریی‌و نوێکاری‌و ئەقلانیەت.

قۆناغی سێیەم: فۆرمەڵەبوونی چەمکی مۆدێرنیزم‌ورەخنەگرتن لە رەوتی پۆست مۆدێرنیزم.

قۆناغی چوارەم: بیناکردن‌وداڕژتنی فەلسەفیانەی تیۆرێکی سیاسی.

قۆناغی پێنجەم: هەوڵدانی هابرماس بۆ یەکلاکردنەوەی ململانەی نێوان دین‌وسکۆلاریزم، ئەمەش بە داهێنانی بیرۆکەیەکی نویٛ لەمەڕ کۆمەڵگە هاوچەرخەکان، کە بە کۆمەڵگە پۆست عەلمانیەکان ناویان دەبات. (★)نووسینەکانی هابرماس - گەرچی ئاسان نییە مرۆ سەرنجی جیاوازی نێوان کتێبی یەکەمی(لایەنە فەلسەفی‌وسیاسییەکان)ودوا

کتێبی(گوتاری فەلسەفیانەی مۆدێرنیزم) بدات – لێ ئەوانیش بەهەمان شێوە دوو قۆناغن:

1-قۆناغی گەنجێتی.

2-قۆناغی پێگەیشتن.

دەکرێ هەندە دەستەواژەی نەگۆڕ بەدیبکەین هەر

............................................................................

(٭) بڕوانە کتێبی (الاشكالية السياسية للحداثة- من فلسفة الذات الى فلسفة التواصل، هابرماس نموذجا، د.علي عبود المحمداوي، دار الامان/الرباط، منشورات الاختلاف/الجزائر، ط1، 2011).

لەکتێبی(زانستوتەکنەلۆجیا وەك ئایدیۆلۆجیا) یا (تیۆروپراکتیك) تا دوا کتێبی، لێ کتێبی (تیۆری کرداری کۆمەنیوکەیتڤ) و (مۆراڵوکۆمەنیوکەیتڤ) و (گوتاری فەلسەفی مۆدێرنیزم) بنەمای تیۆرەکەی هابرماسن.

ئاسان نییە لەچەند رستەیەکدا هابرماس لەرووی فەلسەفیەوە پێناسە بکەین، لە میانەی زیاتر لە پەنجا ساڵ بەدەیان کتێبولێکۆڵینەوەووتاری کەڵەکەکردووە لەبوارەکانی مێژووی فەلسەفەو کۆمەڵناسیو دەروونناسیو زمانەوانیو سیمانتیك و مێژووو سیاسەتو..تد، بەمەش خوێندنەوەی بەو ئاسانییە نییە، بگرە ئەستەمە، چ جای کورتوپوختکردنەوەی، لێ ئەو یەکێکە لەو مەرجەعە دەوڵەمەندانەی بیری هاوچەرخ، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە،

كە نوێنەری بەهێزی (ڕەنگە دواهەمینیشیان بێت) نەریتی فەلسەفی ئەڵمانیوسیمای هەرە دیاری کۆکەرەوەی نێوان پێکهاتەی پتەوی هەردوو دیوی تیۆریودیوی پراکتیکانەیەتی بەجۆرێك سەرقاڵوجەنجاڵ بە کێشەوخەموخەفەتەکانی سەردەم.

هابرماس پێیوایە بەبێ فەلسەفە نابینرێ((داخوا چۆن بتوانین شوناسێك فۆرمەڵەبکەین لەسە زەوینەیەکی شلوشۆقی وەك ئەقڵ))ئەو ئەقڵەی تەنیا لە مەیانی ((بوێری ئاقڵبوونەوە)) گەشەونەشونما دەکات، ئەوەندە بەس نییە مرۆ مەعریفەیەکی ئەقلانی هەبێ، بەلکە پێویستی بە فەزیلەیەکی بنەڕەتیشە پەیوەست بە کرداری ئاقڵبوون (prudence) ئەویش فەزیلەی بوێریە، ئینجا ڕەخنە کاری هەر کەسێك نییە، چونکە خودان چەند ڕەهەندێکی ستراتیجیە بەجۆرێك ئەپستمۆلۆجیاوئایدیۆلۆجیاوسیاسەتومۆراڵ تیا تێهەڵکێشن.

کاروبەرهەمەکانی هابرماس بەپلەیەکی گرنگوبەرچاو تەرکیزی کردۆتە سەر پرۆسەی نەشونماوگۆڕانی(رای گشتی)لەتەك چۆنیەتیوکەموکوڕیەکانی فۆرمەڵەبوونی بیروباوەڕەکان، ئینجا چۆنیەتی خۆلقاندنی(دیالۆگی ئەقڵانی)لە کۆمەڵگە پێشکەتووە مۆدرنەکاندا، لەو سونگەیەوە هابرماس هەرەدیارترین بیرمەندی هاوچەرخی داکۆکیکەرە لە پرۆژەی(رۆشنگەریی)ئۆروپایی، لەلایەکی دیکەوە بەرهەمەکانی هابرماس هەوڵی پەرەپێدانی میتۆدی بەیەکەوەگرێدەری مارکسیزمو(نیومارکسیزم)ی هاوچەرخە،

بەرهەمەکانی هابرماس بە دوو دیودایە: یەکەمیان دەوڵەمەندە و فرەرەنگ‌و بوارەولە مەرجەعیەتێکی بەهێزی فەلسەفیەوە سەرچاوەی گرتووە، دووەمیان هاوڕێگە/کات‌وهاوشانی پرسیارە ئاڵۆزەکانی ئادەمیزادی هاوچەرخە، ئەو کاری لەسەر گرێدانی بەرهەمە فیکریەکانی بە هەڵوێستەسیاسی‌وکۆمەڵایەتیەکانی کردووە.

دەکرێ کاروکردەوەکانی هابرماس زۆر بە پوختی بەسەر سێ تەوەر دابەش بکەین:

1-ستوندەکانی تیۆری کۆمەڵایەتی‌و تیۆری مەعریفە (Epistemology).

2- شیکردنەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێشکەوتوو و هاوچەرخ (تیۆری سیاسی-Pragmatics).

3-حوکمی یاسا لە رووی کاکلی گەشەوپەرەگرتنی کۆمەڵایەتیدا، جگە لە تیۆری رەخنەیی، هەرە گرنگترین ئەو دەقانەی هابرماس نووسیویەتی لەبارەی واتاوتێگەیشتنی -تەئویلی-زمان‌وکولتوور لە کتێبی(لۆجیکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان)بڵاوکرایەوە، مشتومڕوگفتوگۆی ئەو لەگەڵ گادامیروفیتجنشتاین لەبارەی زمان‌وهێماوچەمك‌وتەفسیروتەئویل‌وئایدیۆلۆجیایە.

کەواتە هابرماس خاوەن پرسێکی(رەخنەگرانە-تیۆری رەخنەیی)یە بە نەفەسێکی مارکسیستی‌وئەنتی مارکسیستی، گشت نووسینەکانی بەر لە کتێبی دایك(تیۆری کرداری کۆمەنیوکەیتڤ)

هەروەها(نۆرماتیف - معیاری)بە نەفەسێکی کانتی، ئەو بەرهەمانەی دوای ئەو کتێبەی گۆڕین دەگرتەوە، نەخاسمە لەو ماوەی دوایی نووسی(نووسینەسیاسییەکان)(یاساودیموکراسیی)(یاساوئەخلاق)وێڕای ئەو جیاییەی نێوان هابرماسی (مارکسی)وئەویدیکەی (کانتی)ئەوە ڕەگەزەکانی هەردوو قۆناغ کۆیان دەکاتەوە: گەنجوپێگەیشتوو، ئەو ڕەگەزانەی بۆ هۆیەکی قووڵتر دەگەڕێنەوە، بۆ ئەو ئەسڵە فەلسەفییەی سەرهەڵدانی هابرماسو ئەو ئاسۆ تیۆرییەی تیا فۆرمەڵە ببوون ئەمەشە بە کورتیەکەی(تیۆری ڕەخنەگرانە) ڕەخنە وەك بنەما، وەك ئاسۆگە، هەروەها مەبەست لە پرۆژەکەی هابرماس داڕژتنی تیۆرێکی کۆمەڵایەتی - فەلسەفیە بۆ مۆدێرنیزم.

هەروەها پەرادیم(*)ێکی گشتگیرووون بۆ مێژووی دەردە کۆمەڵایەییەکان دادەنێوجیهانو ژیان دەخاتەڕوو لە بونیاتێکی (کۆمەنیوکەیتڤ/ communicative ) ی نەپساوەوبەردەوامووسەمتی ئەوتۆ شیدەکاتەوە لەتەك سیستەمگەلی ئەو ڕەفتارەی رووالەتیانە ڕێکخراوە لە سونگەی هەبوونی توانستی بەشداریکردنێکی ئاشکراو ڕەخنەگرتنێکی ئەقلانی هۆشیارانە.

هابرماس یەکێکە لەو بیرمەندە ئەڵمانیەی هەروەك بیرمەندانی دیکەی ئەو نەوەیەوپێشتری پەیوەستە بە (تیۆری ڕەخنەگرانەی

..............................................................

(٭) پەرادیگم (paradigme) لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا ئەو چەمکە لەنێوەندەکانی ئەکادیمی ئەنگلۆسەکسۆنی زۆر بەکارهێنراوە، پێشتر لە کۆتایی شەستەکانەوە لە لایەن تۆماس سامۆیل کۆن لە کتێبی((بونیاتی شۆڕشە زانستییەکان)) بەکارهێنراوە، ئەو دەستەواژەیە بەگشتی واتە: کۆمەڵە قەناعەتێك، کۆمەڵە تاکێك بەیەکەوە کۆدەکاتەوە لە کایەیەکی مەعریفی دیاریکراوو لە زەمەنێکی دیاریکراودا، ئەو قەناعەتانەش گرنگن بەلای ئەو تیۆرومیتۆدە باوانەی روئیایەکی دیاریکراو لەمەڕ جیهان دەگرنەخۆوە، بەمەش پەرادیم کۆمەڵە زانستیەگە ئاراستە دەکات لە رەخنەو هەڵسەنگاندنی بۆ دەخاتەڕوو.

قوتابخانەی فرانکفۆرت)(٭)وێرای ئەوەی درێژە پێدەری کولتووری تیۆری ئەو قوتابخانەیەیە یا دابڕاو لێی، ئەوە ئەو تارادەیەك پەیوەست بووە بەو نەوەیەی پێشەخۆی‌و فێرگەکە، پەیوەستیەکەش ئەوەیە، کە زانایەکی کۆمەڵناسیەو فەیلەسووفە، هەروەها دژایەتی کردنی رەوتی زانستیانەی پۆزەتیڤیزم، جگە لەمە ئامادەگیی هەمیشەیی کولتووری فەلسەفی ئەڵمانی وەك بنەمای هەر فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی.

خاڵێکی دیکە رەخنەگەرایی وەك گرنگترین خەسڵەتی بیری فەلسەفی هاوچەرخە، (جروج سیمل)پێی وایە سێ جۆر فەیلەسوف هەن:جۆری یەکەم، گوێ لە ترپەی(دڵی شتەکان)دەگرێ، دووەمیان، تەنیا گوێ لە ترپەی(دڵی ئادەمیزاد) دەگرێ، سێیەمیان، گوێ لە (دڵی چەمکەکان) دەگرێ، لەکاتێکدا

جۆری چوارەم هەیە جۆری مامۆستایانی فەلسەفە ئەوانەی تەنیا گوێ لە(دڵی دەقەکان)دەگرن.

تێگەیشتنی ئەو بۆ رەخنە زۆر جیایە لەوانی پێشەخۆی ئەمەش خۆی لەو پۆلینکردنە دەبینتەوە تایبەت بە جۆرەکانی مەعریفەومەبەستە فەلسەفیو ئەخلاقیەکانیان.

.................................................................

(*) بڕوانە کتێبی: مدرسة فرانكفورت، توَم بوتومور، ت:سعد هجرس-ط2004/2.

تیۆر لای هابرماس زادەی کرداری بەشەریە، خزمەت بەو کردارە دەکات، بەشێوەیەکی سەرەکیش ئامڕازی بەدیهێنانی زێدە ئازادیە بۆ بەشەر، بەچەند ئاستێکی لەیەك جیاش گەشە دەکات، هەروەهاتیۆرەکەی هابرماس پەرەپێدانی کاروکردەوە بەراییەکانی مارکسە بە جەختکردنەسەریو گۆڕینیو کارکردن بۆ جەختکردنە سەر زمانو(کۆمەنیوکەیتڤ).

هابرماس لەرووی داڕژتنی تیۆری مۆدێرنیزم(پێوەرانەیی) جەختی کردۆتە سەر چوار بنەمای تیۆری بۆ بەرجەستەکردنی هزرودیدی رەخنەگرانە لەمەڕ مەعریفەو کۆمەڵگە: تیۆری راشیۆنالیزەیشن، تیۆری چالاکی -کۆمەنیوکویتڤ، جەدەلی راشیۆنالیزمی کۆمەڵایەتیوتیۆری کۆمەڵگە.

هەر فیکر یا مەعریفەیەك فیکرێکە لەنێو سیستەمێکی دیاریکراوی زانستی و لە خزمەت خودی هەمان بەرژەوەندی دایە، لای هابرماس سێ بواری دیاریکردووە بۆ مەعریفە:

یەکەمیان: ئەو زانیاریانەی گرنگن سەبارەت بە دەسەڵاتە تەقەنییەکان بۆ تەحەکومکردن بە شتەکان.

دووەم: تەئویل، یاریدەمان دەدات بۆ ئاراستەکردنی کارکردن لە چوارچیوەی نەریتە هاوبەشەکان.

سێیەم: شیکردنەوەکان، ئەوانەی هۆشیاری لە پاشکۆیەتی بۆ کۆمەڵە هێزێکی دۆگمایی جیادەکاتەوە.

خودی گوتاری فەلسەفی لە بەرژەوەند گلاوە بەمەش بە شێوەیەك لە شێوەکان چەمکێکی پابەندە، واتە یەقینی کەسێتی دەکارێ بگۆڕێ بۆ هەقیقەتێکی گشتی، نەخاسمە کاتێ (من)هەوڵدەدات جوغزە دیاریککراوەکەی رەتبدات و بچێتە نێو(ئێمە)وە ئەمەش جۆرێکە لە(لێکتێگەیشتنی سیاسی لە نێوان شێوازەکانی هۆشیاری).

هابرماس وێرای جەختکردنەوەی لەسەر(تیۆری کۆدەنگیی هەقیقەت)وادیارە لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا دەستی لە رەخنە بەرنەداوە وەك چەمكوپراکیتك، چوون پرۆژە گشتییەکەی هابرماس لە دیدێکی تیۆری یەکلاکەرەوەی ستراتیجی سەرچاوەی گرتووە بریتیە لە دارِژتنی تیۆرێك بۆ مەعریفەوزانستەکان وەك تیۆرێك بۆ کۆمەڵگە، جا بەو پێیەی هابرماس فەیلەسوفوکۆمەڵناسەو لای لە زیاتر لە

زانستێك كردۆتەوە بۆ بیناكردنی تیۆرەكەیو هەر لە بەرایی نووسینەكانیەوە كاری كردوە بۆ داتاشینی چەمكی نوێی فەلسەفی.

ئەوە بیركردنەوەی هابرماس بەقەد زمانودەق رووەو مەوجودوواقیعە، هەروەها فەلسەفە رۆڵێكی سەرەكی هەیە لەو تیۆرە، تەنانەت سەرچاوەی بنەڕەتی ئەو بیرمەندەیە، هەروەها هەردەبێت ئەو رۆڵە ببینێت بۆ راماڵینی رەوتەكانی پۆزەتیڤیزموزانستگەراییوبەرژەوەندخوازی نێو بوارە جیاجیاكانی بیروبیركردنەوە.

ئەو نایەوێ بنەمای رەها بدات بە تیۆر، چونكە ئاگەداری ئەو وەرچەرخانانەی ساتە مێژوویيوسیاسیومەعریفییەكانە، واتە ئەو هەمیشە بە رووی ئەو جیهانە كراوە بوو، كە بەردەوامە لە بەرهەمهێنانی فۆرمە جیاجیاكانی زاڵدەستی.

پرۆژە فەلسەفیەكەی هابرماس، كە بەشێوەیەكی سەرەكی لەسەر جیاكردنەوەی مۆدێرنیزم لە كۆمەنیوكەیتڤ هەڵنراوە، وەكو بڵێی تیۆری تیۆرەكانە بەهۆی سەروكاریكردنی زیاتر لە سیستەموورەوتێكی فەلسەفیوزانستی، هەروەها گفتوگۆورەخنەی لە زۆربەی تیۆرەكان، ئەوانەی بابەتی سەرەكیان دیاردەكانی مۆدێرنیزم بوو، ئەو هەردەم حەزوخولیای فەلسەفە بوو بەو پێیەی كایەیەكی بیریی فرە بابەتورەهەندە.

تۆماس مەکارسی (Thomas Me Carthy) راستی وت کاتێك لەپێشەکی کتێبەکەی هابرماسدا(گوتاری فەلسەفی مۆدێرنیزم)دا دەڵێ (کلیلی هەڵوێستەکەی هابرماس بریتیە لە رەتکردنەوەی"پەرادیمی هۆشیاری"پەیوەست بە فەلسەفەی خود، لەبری ئەوە پەرادیمی کارلێککردنی بەردەوامی نێوان خودەکانە لە میانی کرداری کۆمەنیوکەیتڤدا).

## 3 - باگگراوەندی فیکری

بەبێ گەڕانەوە بۆ رەگوریشەی فیکری‌و ئەو بنەما فەلسەفیانەی هابرماس پشتی پێ بەستووەو گفتوگۆی کردوون یا راستی کردوونەتەوە یا رەخنەی لێگرتوون ناکرێ لەو بیروبۆچوون‌و فەلسەفەیە بگەین، لەبەرئەوەی ئەو رەوتەی دایهێنا تارادەیەکی زۆر سەرچاوەکەی بۆ رەهەندەکانی ئەو خاڵورەگەزانە دەگەڕێتەوە.

لەو ناوانەش بە گشتی :کانت، هیگل، مارکس، فرۆید، هۆسرەل‌وهایدگەروڤێبەروئەوانیدیکە.

مێژووناسانی فەلسەفەی ئەڵمانی هاوچەرخ لەسەدەی بیستەم قۆناغەکانی پەرەسەندنی تیۆری رەخنەیی(*)یان بۆ دوو قۆناغی بنەڕەتی دابەش کردووە، قۆناغی یەکەم ئەو قۆناغە بوو، کە تیۆری

..............................................................

(٭) تیۆری ڕەخنەگرانە: تیۆرێکی کۆمەڵایەتی مارکسیستی نوێکراوەیە سەر بە پەیمانگەی فرانکفۆرت بۆ تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی، ساڵی (1923)دامەزراوە وەك سەنتەرێکی تۆژینەوەی مارکسی فرە بوار، سەرەتا هۆرکهایمەروئەدۆرنۆ بوون، ئینجا مارکۆزەوئەریك فرۆمو..تد، ساڵی (1969) دوای مردنی ئەدۆرنۆ گەشەی کرد زیاتر لە دانراوەکانی هابرماس‌وکارل ئۆتوابیل‌وکلاوسئوفەو..تد، خۆی بینیەوە، تیۆری ڕەخنەیی ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە ریفۆرمگەریی‌و فۆرمەڵەبوونی هۆشیاریی سیاسی مۆدرن.

ڕەخنەیی تیا دامەزرا لەسەر دەستی هۆرکهایمەر ( Max Horkheimer)وئەدۆرنۆ(Theodor Adorno) ئینجا مارکۆزە ( H. Marcuse) قۆناغی دووەمیش، بە شێوەیەکی سەرەکی هابرماس دەگرێتەوە، کە سەر بە نەوەی دووەمی فێرگەی فرانکفۆرت یا تیۆری ڕەخنەییە، هابرماس سەبارەت بە ڕەوشی فەلسەفی ئەڵمانی پێیوایە:

1-بەردەوام بوونێکی سەرنجراکێش هەیە لە رووی فێرگە و ڕەوت و کەموکوڕییە بنەڕەتییەکان، دەرهاویشتە تیۆرییە- بنجداکوتاوە-کان کە زاڵبوو بەسەر گفتوگۆ فەلسەفییەکان لە پەنجاکان‌وشەستەکان لەو وڵاتانەی بە ئەڵمانی دەئاخاوتن، بۆ سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، لەو قۆناغەدا پێنج ڕەوتی فەلسەفی بەدیارکەوتن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەیمەنەی کانتیزمی نوێ، ڕەوتی یەکەم هۆسرەل‌وهایدگەر بوون لە

فۆرمی فینۆمینۆلۆجیا، دووەمیان یاسبرز، سێیەمیان، ئەنترۆپۆلۆجیای فەلسەفیە، کە شیلەروکاسییر بوون، ئینجا لۆ کاچ و بلوخ و بنیامین وهۆرکهایمەریش گشتیان لە خاڵێکی هاوبەش بەیەك گەیشتن، لێ بە پلەی جیاجیادا، رەوتی پێنجەم، فیتگنشتاین وکارناب وکارل پۆپەرە سەر بە پۆزەتیڤیزمی مەنیقی.

2- هزری فەلسەفی لە فۆرمی (پێرسۆنالیتی- **personality**) بەردەوام بەدەردەکەوت، بەجۆرێك دەکرێ ساتە فەلسەفیەکە بە سانایی لە مەیانی خودی ناوەکانەوە دیاری بکرێ.

3-ئەو فەیلەسوفانە یا فەلسەفانەی ناویان هات لە قۆناغێك دەرکەوتن بەناوی(بەر لە مێژووی رۆشنبیریی نازیزم)پەیدابوون، لەبەرئەوە ئاسان نەبوو فەیلەسوفەکانی ئەو قۆناخە دوورەپەرێز بن لەو رووداوانەی پاشان قەومان.

هابرماس تێکڕای کارەکانی هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی بنەمای نۆرماتیڤانە گونجاو بۆ تیۆرێکی کۆمەڵایەتی رەخنەیی و بۆ چەمکی ئەقلانیەت وپرسی ئاقڵبوونی کۆمەڵایەتی.

ئەو دوالیزمەی ئەقلانیەت وپرۆسەی ئاقڵبوونی کۆمەڵایەتی وای کرد هابرماس رووبەڕووی پرسە موجەرەدەکانی ئەپستمۆلۆجیا(تیۆری مەعریفە)و فەلسەفەی زمان و پرسەکانی تیۆری کۆمەڵایەتی تایبەت بە رەوایی سەرمایەداریی پێشکەوتوو و گرنگی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، ببێتەوە.

هابرماس بەقەد ئەوەی گرنگی داوە بە کەموکورتیەکانی واتا لە نێو هزرکردنە گشتیەکەی سەبارەت بە زمانوکۆمەنیوکەیتڤ، بەهەمان ئەندازەش ویستوویەتی لە پرسیاری هەقیقەت نزیك ببێتەوە ئەمەش لە چوارچیوەی گرنگیوبایەخدانی سەرەکی ئەو بە پرسی ئاخاوتنوزمانی ئاسایيوگفتوگۆ، جا بۆ دۆزینەوەی ئاستەکانی هەقیقەت و هەڵسەنگاندنی تیۆرە جیاوازەکان هابرماس کاری لەسەر کاروکردەوەکانی هەندە زمانەوانو فەیلەسووفانی زمان کرد، نەخاسمە ئۆستین(J.L.Austin) سورل(J.R.Searle) تارسکی(Tarski) هەوڵیداوە کۆمەڵە پرسیارێك بخاتە ڕوو بەمەبەستی پێشنیازکردنی هەندە رەگەزەکانی وەڵام لە میانی گفتوگۆی ئەو تیۆرانەی بەلای پرسی هەقیقەتدا شکانەوە.

(تۆم رۆکمۆر) پێی وایە لە کارەکانی هابرماسدا نوێبوونەوەی ئەقڵی ئەفلاتونی بەدیدەکەین، گرنگیدان بە داکۆکیکردن لە ئەقڵ نەخاسمە سوودوکەلکەکەی، دەزوولەی نیۆ تۆڕە رۆشنبیریەکەیەتی، نزیکەی بیست ساڵیش کاری کردووە بۆ داڕژتنی تیۆرەکەی، کەواتە رەنگە ئەقڵ لای هابرماس باکگراوەندێکی ئەفلاتونی هەبێ یا نەیبێ، گرنگ هەڵوێستی هابرماسە لەبەرامبەر ئەقڵ، کە دوایی باسی دەکەین.

هابرماس لە میانی پرسی هەقیقەتدا سێ تێز/تیۆری خستەڕوو کە پشتدەبەستن بە زمانەوانیو لۆجیك، جا ئەو خستیە ڕووو تاوتوی کرد لە پێناو داڕژتنی چەند تێزێك لەبارەی هەقیقەتەوە بە

مەبەستی دارِژتنی تیۆرێکی کۆدەنگی بۆ هەقیقەت لە میانی پرۆژەیەکی فەلسەفی بۆ بیناکردنی بنەمایەکی (نۆرماتیڤ)انە بۆ تیۆریێ لە کۆمەلگەو ئەو کێشانەی پەیوەستن بە دارِژتنو بناغەرِێژی مۆرالێ لەسەر بنەمای ئەقلێ(★).

لە ناوەرِاستی حەفتاکان رووی کردە زمان، جەختی کردەسەر ئەوەی

..............................................................

(★)(بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەوە برِوانە کتێبی: الحداثة والتواصل في الفلسفةالنقديةالمعاصرة/محمدنورالدين أفاية،ط2، 1998، بيروت-لبنان).

تەفسیرێکی نوێی ئەقلانیەت ناکریێ تەنیا لە گرنگیدانێکی فۆرمەلێکەری مەعریفەوە هەلهێنجرابێ، بەلکە لە دووبارە بونیادنانەوەی تیۆرێك بۆ کەفائەت، کە بکەرەکان لە کارلێککردنە زمانەوانییەکانیاندا دەیسەلمێنن، مەبەست کرداری پێکگەیاندن و پێکگەیشتنە.

هابرماس ئەو بوو خوێنێکی تازەی بەخشیە شا دەمارەکانی فێرگەکە لەرێی سەرچاوە فەلسەفییە هاوچەرخەکانی دیکەو شارەزاییو بەدواداچوونی لایەنە فەلسەفیە هاوچەرخە جیاجیاکانی فەرەنسی لەوانە میشیل فۆکۆو جاك دریدا، دیارە کتێبی((گوتاری فەلسەفی مۆدێرنیزم)) چاکترین شایەدە لەسەرئەوە، هابرماس تیایە هەولدەدات هەرە زێدە دەقە فەلسەفیەکان تاوتو بکات هەر لە فەیلەسووفەکانی

ڕۆشنگەریی تاوەکو کانتو دریدا بەبێ فەرامۆشکردنی هەر دەقێك جا کۆك یا ناکۆك لەگەڵ بیرۆکەی مۆدێرنیزم.

لەو سونگەیەوە هابرماس جیا بوو لە فەیلەسووفەکانی پۆست مۆدێرنیزم - بەتایبەت دریدا- بەو پێیەی ڕەوتێکی دژ بە مۆدێرنیزمن، بەڵام بێ ئەوەی لێیان دووربکەوێتەوە یا خۆی بە نەیاری ئەوان دابنێ، لەو کاتەی روونە جیاوازی نێوان هزرکردنی مۆدێرنیزمو ئەو شێوازەی خودی ئەو مۆدێرنیزمەی پێ فام دەکرێ لە ئاسۆگەی ئەقڵی خۆرئاواییدا، ڕەنگە بشێ ڕێژەیی بخوێنرێتەوە لەمەڕ پرۆسە بەردەوامەکانی نوێبوونەوە بەشێوەیەکی تۆماتیکیو بە پشتبەستن بە دیدی سەرنجدەری پۆستمۆدێرنزمی ڕەخنەئامێز، لەو کانتەی، کە -نەسەقە- فەلسەفیەکەی ڕێخۆشکەر بوو بۆ کرانەوەی فیکریی لەمەڕ رسکانی یەکەمین دیدی فەلسەفیانە لە مۆدێرنیزم لەگەڵ هیگل، هەروەك هابرماس پێی وایە، بۆ دریدایەك، کە گوزارش لە ساتەوەختێکی فیکری دەکات لە ساتەوەختەکانی پۆستمۆدێرنیزم، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان هەڵنراوە لەسەر سروشبەخشی شێوازێکی پرسیارە نیچەییەکە، ئینجا مارکسوماکس ڤیبەرو هایدگەرو تیۆری ڕەخنەییوبیاجێ و ئیدیکە، جا لەنێو ئەو کۆمەڵە گەنجینە کەڵەکەبووە فەلسەفیو زانستیەداو لەسونگەی ئەوەی دیدی فەلسەفیانە زێدە لکاو بێ بە واقیعەکەو زێدە ڕەخنەگرانە بێ لە جیهانێك نەزعەکانی پۆزەتیڤیزموپاساوگەرایی(زەرائیعی) تیا

سەرکەوتوونو هەرچی فیکرێك بۆنی رەخنەی لێبێ فەرامۆش دەکرێ، ئەوە هابرماس ویستی دووبارە تیۆری رەخنەیی بەشێوەیەك بینابکاتەوە زێدە رەنگدەرەوەی دەرهاویشتە نوێیەکان بێت، هابرماس لەو پرۆسە بیریەی فەلسەفەدا پشتی بەست بە (جەدەلی ئەقڵ)ی هۆرکهایمەرو ئەدۆرنۆ (جەدەلی سلبی) ئەدۆرنۆ، کاروکردەوەکانی مارکۆزە، نەخاسمە کتێبی (ئادەمیزادی تاکڕەهەند) هابرماس سوودی لە مارکۆزە بینی چەندین رەگەزی بینی لای ئەو و دوایی لە پرۆژە فەلسەفیەکەی خۆی پەیڕەووتەوزیفی کرد،

هەروەها بەمە کەمێك لە تیۆری یەکەمی رەخنەیی دوورکەوتەوە، لەو کتێبەدا سەرقاڵە بە تیۆری بە ئەقڵیبوون: بەئەقڵانیکردنی ژیانی نوێو کۆمەڵگەی نوێ. هابرماس کتێبێکی دیکەی بەناوی(مەعریفەوبەرژەوەندی)(⋆) دەرکرد، کە لە بابەتی کتێبی یەکەم نزیکە، کتێبی ((زانستو تەکنەلۆجیا وەك ئایدیۆلۆجیا)) (ئەو کتێبە قۆناغی دووەمی قۆناغەکانی پەرەسەندنی فێرگەی فرانکفۆرت یا تیۆری رەخنەیی دادەڕێژێ).جگە لە دیدێکی زێدە رەگاژۆ لە رووی مێژووی فەلسەفە، بەو ناونیشانە هابرماس ساڵی (1965) وانەیەکی بەرایی وتەوە، ئینجا سێ ساڵ دوایی لە کتێبی(زانستوتەکنەلۆجیا وەك ئایدیۆلۆجیا) بڵاوی کردەوە، داخوا هەڵوێستی هابرماس چیبوو لەمەڕ مۆدێرنیزموتەکنەلۆجیا و گشت رەوتە فەلسەفیە هاوچەرخەکانی دیکەی هاوسۆزی زانست، لەوانەش

پۆزەتیڤیزمی نوێکراوە یا لایەنگری تەکنەلۆجیا؟ وەڵامی ئەم پرسیارەوچەندی دیکە لە بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبە بەرچاو دەکەون.

هابرماس بڵاوکردنەوەو دامەزراندنی کۆمەڵناسیو فەلسەفەو دەروونناسی لە زانکۆکانی ئەڵمانی وەئەستۆگرت لەپێناو رزگارکردنی

............................................................

(★) ئەو کتێبە ساڵی (1968) ئەسڵە ئەڵمانیەکەی دەرچووە، ساڵی (1973) دانەر دووبارە بە پەراوێزێکی گرنگەوە چاپی کردۆتەوە.

خودی کەسی ئەڵمانیایی لە دەست ئایدیۆلۆجیای نازی - فاشی، هەروەها ئەو کێشانەی پەیوەستن بە ئادەمیزادی هاوچەرخ وەك رۆڵی تاکەکەسو میکانیزمەکانی زاڵبوونوقەیرانی تاکەکەس و وەهمی ئازادی پۆست مۆدێرنیزمو چۆنیەتی رزگاربوون لە چنگ ئەو دامودەزگایانەی رۆحو گەوهەری مرۆیی مەسخ دەکەن، لێ تێزە هەرە کاریگەرەکەی بریتیە لە(گوتاری رەخنەیی لەودیو هەیمەنەوە) هابرماس لەو بارەوە پێ دادەگرێ لەسەر ئەوەی کردەی دیموکراسی تەواسلی تەنیا لە چوارچیوەی گوتاری رەخنەیی بەدەر لە وابەستەییوکۆتوپێوەندە سولتەوییەکانەوە دەکارێ مەشروعیەتێکی راستەقینە پشتئەستوور بە دەسەڵاتی ئەقڵ بەدەست بێنێ، هەروەها ئەو دەڵێ (کرداری بەیەکەوەگەیاندن لە رەوشێکی نموونەیدا گوتارێکی

سەرکەوتوو دەنوێنێ تەنانەت لە حاڵەتی بوونی یا نەبوونی هەر مومارەسەیەك، کە پشت نابەستێ بە کۆدەنگی).

هابرماس یەکێکە لە هەرە بەشۆرەتترین بیرمەندانی کۆمەڵناسیو سیاسەت لە دنیای هاوچەرخدا، وێرای سەنگی زانستیانەی بیرۆوراکانی نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت(هۆرکهایمەر، ئەدۆرنۆ، مارکۆزە، ئەریك فرۆم،..تد)لێ هابرماس تاکە فەیلەسوفە توانی خۆی بسەپێنێ بەسەر گۆڕەپانە سیاسیورۆشنبیرییەکە لە ئەڵمانیا. هابرماس جوغزێکی گشتگیری بۆ تیۆری کۆمەڵایەتی داڕژت، ئەو فەلسەفەی ئاوها وێنا کرد لە میانەی چەند نەریتێکی رۆشنبیریی-فیکریی: بیری فەلسەفی ئەڵمانی ئەمانویل کانت(Kant)فریدریك سکیلینگ (Schelling)هیگل(Hegel) فلهلمو ئیدموند هسرل (Wilhelm) هانز گادمیر(Gadamer) نەریتە مارکسیستەکان(Marxian) خودی تیۆری کارل مارکس، جگە لە تیۆری نوێی مارکسی رەخنەگرانەی قوتابخانەی فرانکفۆرت، واتە: ماکس هۆرکهایمەروئەدۆرنۆوهربەرت مارکۆزەو تیۆرە کۆمەڵایەتیەکانی ماکس ڤیبەر(Weber) ئەمیل دۆرکهایم (Durkheim)جۆرج هربەرت مید (Mead) فەلسەفەی زمانەوانی و تیۆرەکانی کرداری گوتاری (speech act theories) لۆدڤیگویتجینستین (Wittgenstein) ئۆستن (Austin) ستراوسون (Strawson) ستیفنتویلمین (Toulmin) جۆن سیرل (Searle) دەروونناسی نەشونما (development psychology)

ی جین بیاجێ (Piaget) ولۆرانس کۆلبیرگ (Kohlberg) نەریتە براگماتییە ئەمریکییەکان (American pragmatist) ی چارلز ساندرز پیرس (Peirce) وجۆن دیوی (Dewey) تیۆری سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانی تالکۆت پارسۆنز (Talcott Parsons) ونیکلس لۆهمان(Luhmann Niklas) نیو-فیکری کانتیزم (Neo-Kantian) هابرماس پێی وایە کارودەسکەوتە سەرەکیەکەی پەرەپێدانی چەمك‌وتیۆری ئەقڵانیەتی تەواسلییە- کۆمەنیوکەیتیڤ راشیۆنالیتی (communicative rationality) کە جیایە لە نەریتی ئەقڵانی بە دیاریکردن‌ودەستنیشانکردنی ئەقڵانیەت لە بونیاتی پێوەندیکردنی شەخسی زمانەوانی.

ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییە رزگاربوونی ئینسانی هەڵگرتووەو سەرفرازی دەخاتەوە، هاوکات چوارچیوە گشتگیرە ئەخلاقیەکە دەهێڵتەوە، ئەو چوارچیوەیەی لەو (برهان-حجەیە/Argument ) سەرچاوەی گرتووە(پراگماتیی گشتگیر- universal pragmatics) هەر کردەیەکی گوتارئامێز کۆتاییەکی رەگاژۆی هەیە- ئەمەشە ئامانجی فامکردنی ئاڵوویریانەومرۆگەلیش ئەو توانستە تەواسلیەیان هەیە بۆ سەندنی ئەو جۆرە فامکردنە.

هابرماس جوغزێکی داڕژت لە دەرەوەی فەلسەفەی کردەی گوتاریی لۆدڤیگ ویتجینستین و ئۆستن‌وسیرل‌وتیۆری کۆمەڵایەتی‌و ئەقلی جۆرج هربەرتمیدوتیۆرەکانی (constitution interactional)

نەشونمای ئەخلاقی بیاجیێو لۆرانس‌و ئەخلاقیاتی گوتاری کارل هیدیلبیرگ-ئوتو ئەپل(Heidelberg colleague Karl-Otto Apel).

لە تۆژینەوەیەکیدا لەمەڕ(دووبارە پێناسەکردنی رۆڵی فەلسەفە)پێی وایە کانت لە مێژووی بیروباوەڕەکانی فەلسەفیدا شێوازێکی نوێی بیناکردن لە فەلسەفە داهێنا، نەخاسمە کاتێك بینی ئەو پێشکەوتنەی مەعریفە لە بواری فیزیادا پێویستە لای فەیلەسوفەکان گرنگ بێ نەك لەبەرئەوەی شتەکە پەیوەستە بە رووداوێکی مێژوویی، بگرە لەبەرئەوەی ئەو پێشکەوتنە توانا مرۆییەکان دەسەلمێنێ لەمەڕ داهێنانی مەعریفەدا. لەبارەی شیکردنەوەی پرەنسیپەکانی مەعریفە کانت لە(رەخنەی ئەقڵی پەتی/پوخت) رەخنەی لە بەکارهێنانی هەڵەی توانای وەدەستهێنانی مەعریفە گرتووە، ئینجا کانت بەکردەنی لە مەعریفەی تیۆریدا جیاوازی کردووە لە نێوان توانستی ئەقڵی پراکتیك‌و توانستی حوکمدانن کەواتە لێرەدا وابەستەییەکی بەهێز هەیە لە نێوان تیۆرێکی گەوهەری‌و رەسەن‌و سیستەمی کۆنسێپتی نامێژوویی تێکڕای رۆشنبیریی بگرتە خۆوە.

هابرماس رای وایە چەمکی کانت لەمەڕ ئەقڵی شکڵی-فۆرماڵ- ناتەبا لە نێوخۆیدا،چەند ماکێکی تیۆریٚ مۆدێرنیزمی هەڵگرتووە، لەوەدا خۆی دەنوێنێ لە دەستبەرداربوونی کانت لە (ئەقلانیەتی گەوهەری) کە بۆ لێکدانەوە میتافیزیکی‌ودینیەکانی جیهان دەگەڕێتەوە، لە متمانەی بە(ئەقلانیەتی پراکتیکی) جا هابرماس پێشنیاز

دەكات(تەنانەت گەر فەلسەفە دەستبەرداری ئەو رۆڵە رووالەتیانەی خۆیشی بوویەوە لە رووی حوكمدانە سەر تێكرای كەلچەر ئەوە دەكاریێوپێویستیشە زەرورەتی ئەقلانی بپارێزێ..).

هابرماس نەریتەكانی كانتو رۆشنگەریی (Enlightenment) سۆسیالیستی دیموكراسی لە میانەی جەختكردنەسەر توانای گۆڕینی جیهانو زێدە بە ئینسانیكردنی خستەڕوو، هەروەها كۆمەڵگەیەكی دادوەرانە لە میانەی چۆنیەتی گەیشتنی مرۆڤگەل تارادەیەك بە مەنتیق لە میانەی ئەخلاقیاتی دیالۆگ-جەدەل- هابرماس دانی ناوە بەوەی رۆشنگەریی(پرۆژەیەكی بەردەوامە)لێ پێویستە دەستكاری بكرێتوراستبكرێتەوەو بە ئاكام بگات، بەمەش ئەو خۆی لە قوتابخانەی فرانكفۆرت دوورخستەوەورەخنەی لێگرت بەهۆی ئەو بەدبینییە لەرادەبەدەرەیو رادیكالییەتوزێدەڕۆییە ناڕوونەكەی، جگە لەرەخنەی لە پۆست مۆدێرنیزم (postmodernist).

لە مەیانی كۆمەڵناسیدا پشكداری سەرەكی هابرماس بریتی بوو لە پەرەپێدانی تیۆرێكی گشتگیرانەی پەرەگرتنی كۆمەڵایەتی شارستانیەتیی و جەختكردنەسەر مۆدێرنیزەیشن (modernization) لەسەر جیاوازی لە نێوان ئەقڵانیەت- ئەو مەزهەبە ئەقلیەی دەڵێ ئەقڵ لە سروشی ئیلاهیەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بگرە ئەقڵ تاكە هیدایەتی هەقیقەتی دینی یا مەعریفە-و ئەقڵانیەتی تەواسلییەو ستراتیجیەتی /ئەقڵانیی ئامڕازگەریی باڵی بەسەر كێشاوە، ئەمە

ڕەخنەیەکە دژ بە تیۆری - تەفازل یا تەمایز (differentiation) داڕێژەری سیستەمە پەرەگرتووە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن لۆهمانوپارسۆنز.

داکۆکیکردنی لە مۆدێرنێتەوکۆمەڵگەی سیڤیل ( modernity and civil society) سەرچاوەی ئیلهامبەخشی ئەوانیدیکە بوو، وەك ئەلتەرناتیڤی سەرەکی فەلسەفی فرەڕەنگەکانی پۆست بونیاتگەرایی (poststructuralism) هەروەها شیکردنەوەیەکی کاریگەریشی لەمەڕ سەرمایەداریی درەنگوەخت خستەڕوو.

هابرماس پێی وابوو لە ئەقڵانیەتوهیومانیسم (humanization) وبەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگە لە ڕووی داوودەزگایی (institutionalization) ەوە دایە توانستی ئەقڵانیەتی ڕەگاژۆ لە - فاعلیەتی تەواسلی (communicative competence) کە حاڵەتێکی تاکلایەنەی جۆری ئینسانییە.

هابرماس پێی وایە ئەو دەستەواژەیە لە میانەی ڕەوتی پەرەگرتندا گەشەی کردووە، لێ کۆمەڵگەی هاوچەرخ — کە زۆرجار لە ڕێی بواروکایە سەرەکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە وەك بازاڕ، دەوڵەت، ڕێکخراوەکان داپلۆسێنراوە- لە ڕێگەی ئەقڵانیەتێکی ستراتیجی/ئامرازگەرایی کۆنترۆڵی کردووە.

هابرماس چەمکی (دووبارە بیناکردنەوەی زانست- Reconstructive science) بەمەبەستێکی دووسەرە خستەڕوو: بۆ

دارِژتنی(تیۆرێکی گشتی بۆ کۆمەڵگە)لە نێوان فەلسەفەوکۆمەڵناسیداو بۆ نەهێشتنی ئەو درزەی نێوان (تیۆریزەیشن- theorization) و()تۆژینەوەی مەیدانی- empirical research) پەرادیمی(دووبارە بیناکردنەوەی ئەقڵانیەت) داوای سەرەکییە لە دەوری (بونیاتی)جیهانی - ژیانی(رۆشنبیریی،کۆمەڵگەوکەسایەتی)و بەدەنگەوەهاتنی یا وەڵامدانەوە(وەزیفیەکەی)تایبەت بە (دووبارە بەرهەمهێنانی رۆشنبیریی، تەکامولی کۆمەڵایەتیونەشونماکردنی کۆمەڵایەتی)لەبەرئەو ئامانجە جەدەل لەمەڕ(تەمسیلی رەمزی- symbolic representation) پێویستە ستراکچەرەکە بلکێنێ بە گشت رووەتەکانی ژیان(پەیوەندییە ناوخۆییەکان)و(دووبارە بەرهەمهێنانی ماددی)سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان بە دیوە ئالۆزەکەیدا(پەیوەندییە دەرەکییەکان، لە نێوان سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانودەوروبەر)ئەو نموونەیە بەرلەهەر شتێك لە(تیۆری گەشەکردنی کۆمەڵایەتی)دا پراکتیزە دەبێ.

سەرەتا لە دووبارە بونیاتنانەوەی مەرجە پێویستەکانی فیلۆگینیا (phylogeny)(پەرەسەندنی رەچەڵەك)ی سەمتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیورۆشنبیریی(هیومانیسم) تاوەکو شیکردنەوەی پەرەستاندنی (سەمتە کۆمەڵایەتییەکان)کە هابرماس دابەشی دەکاتەسەر سەمتوشێوازی هاوچەرخونوێوتەقلیدیوسەرەتایی. ئەو تەرحە هەوڵێکە بۆ دارِژتنی پەرادیمی (دووبارە بیناکردنی مەنتیقی

گەشەکاریی)(سەمتە کۆمەڵایەتییەکان)لە لایەن هابرماسەوە پوخت کرایەوە لە میانی(تەفازل یا تەمایز)لە نێوان جیهانی زیندەگیی‌وسیستەمە کۆمەڵایەتییەکان( هەروەها لە دووتوێی "بەئەقڵانیکردنی جیهانی گوزەرێنراووژیان"و"نەشونما لەمەڕ ئالۆزکاوییەکانی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان").

دووەم: هەندێك هەوڵ دەدەن روونکاریی مەنهەجی بخەنەڕوو لەمەڕ (لێکدانەوەی دینامیکیەت)ی پرۆسە مێژووییەکان نەخاسمە لەبارەی ئەو(واتا تیۆریی)انەی پێشنیازەکانی تیۆری گەشەکاریی‌ونەشونما.

هابرماس وەریسی سەرەکی هاوچەرخی قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئەو گەرچی لە رووی بیروباوەڕەوە لەگەڵ نەوەی پێش خۆی تارادەیەك کۆك بوو لێ دوایی بە تەواوەتی رێچکەکەی خۆی گۆڕی، ئەو سەر بە چەپ بوو، بەڵام بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراودا رەخنەی لە نەریتە فیکرییەکانی ئەوسا گرتووە، ئەو دیدی ئاوابووە:

یەکەم: تەزاوجی نێوان بونیات‌وکردار لە یەك تاکە تیۆرێکی تۆتاڵ.

دووەم: بەو پێیەی داکۆکیکەری پرۆژەی مۆدێرنیزم بووە، نەخاسمە هەردوو بیرۆکەی ئەقڵ‌و ئەخلاق.

ئەو رای وایە مۆدێرنیزم شکستی نەهێناوە بگرە هەرگیز بەرجەستە نەکراوە، جا لەبەر ئەوە مۆدێرنیزم بەکۆتا نەهاتووە، جا بەمە بەتەواوەتی پێچەوانەی نەوەی پێش خۆیەتی سەبارەت بەو هەڵوێستەیان لە رەخنەگرتن لە ئەقڵی رۆشنگەریی، لێ هەڵوێستی ئەو

سووربوونه لەسەر جەدەلی رۆشنگەریی، واتە پرۆسەی رۆشنگەریی دوو رووی هەیە:
یەکەمیان، فیکری بینای هەرەمییە.
دووەمیشیان: توانستی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازادە، هەر ئەمەشە کەموکوڕی تیۆرەکەی پۆست مۆدێرنیزم.
سەبارەت بە بەرژەوەندییە مەعریفییەکان لای هابرماس بریتیە لەوەی ئێمە هەمیشە گەشە بە مەعریفە دەدەین بۆ مەبەستێکی دیاریکراو جا بەدیهێنانی ئەو مەبەستە بنەمای بەرژەوەندیمانە لەمەڕ ئەو مەعریفەیە، ئەو بەرژەوەندیانەی هابرماس گفتوگۆی لەسەردەکات بریتیە لە بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان تێکڕای خەڵکی بەحوکمی ئەوەی ئێمە ئەندامی کۆمەڵگەی مرۆیین، هابرماس رای وایە بەتەنیا کارکردن سیفەتی جیاکەرەوەی مرۆ نییە لە ئاژەڵ، بگرە زمانیش، کارکردن دەبێتەهۆی پەیدابوونی بەرژەوەندی تەقەنیی، کە بریتیە لە کۆنترۆڵکردنی پرۆسە سروشتییەکانوئیستیغلال کردنیان بۆ بەرژەوەندیمان.
بێگومان هابرماس خاوەن خواستوویستێکی زۆری تیۆریوفەلسەفییە، بۆیەش دەقونووسینوکۆششەکانی رووبەڕووی رەخنە بوونەتەوە لە لایەن فەیلەسووفوتۆژەرانی هاوچەرخ جا چ لە لایەنی ئەنگلۆساگسۆنیەوە بێ یا لایەنی ئەڵمانی یا فەرەنسی.

رەخنە لە بیری هابرماس پرسێکی مەنتیقیە بەو پێیەی لەسەر پرۆسەی تەرکیبی فەلسەفیەوە بیناکراوە بەجۆرێك ویستوویەتی بەهۆیەوە گشت رەوت‌ودیاردە تیۆریەکانی دیکە رەت بدات، کە تەوەری بابەتەکە مۆدێرنیزم‌وراشیۆنالیزمە.

دەقەکەی لە بنەڕەتەوە دەقێکی دیالۆگئامێزە، رەخنەگرتن رەگەزی پێکهێنەری شێوازی لێکدانەوەوشرۆڤەکردنە، هەروەها پەیرەو کردنی رێگەی تاوتوکردنی تیۆرە فەلسەفی‌وسۆسیۆلۆجی‌وسیاسیەکان، کە وەك کەرستەی تیۆرەکەی دایناون‌وباسی کردوون.

(ریمۆن بۆدۆن)سەرنجی ئەوەی داوە، کە پراکتیزەکردنی تیۆرەکەی هابرماس لە کۆمەڵگە ئاڵۆزەکاندا شتێکی ئاسان نییەوقورسە، چونکە تەنیا لە نێو گرووپە سنووردارە(تەواسولیەکان)پیادە دەکرێ.

لەو مشتومڕوسەرنج‌و رەخنانەی لە هابرماس گیراون:

م فانسان (j. M. Vincent)(1997) رەخنە لە هابرماس دەگرێ بەو پێیەی بێ هەست‌ونەست‌وشعوورە دەهەمبەر(بیرۆکەی سەرەکی تایبەت بە زاتیەتی تەشخیسی‌وتەفەرودی).

هەروەها لەو رەخنانە گوایە:

1- هابرماس نەیسەلماندووە و ناشتوانێ ئەولەویەتی کردەی تەواسولی لەپێش کردەی ستراتیجی بسەلمێنێ.

2- پەیوەستە بە رەخنەی یەکەم تێزەکەی لەبارەی رزگاربوون نەسەلمێنراوە، جگەلەوە هەوڵی بیناکردنی رەخنە لەسەر جیاوازی

کردن لە نێوان رەخنەوژیانی رۆژانە هەلومەرجی ئەو رزگاربوونەی باسی دەکات لەباردەبات تەنانەت مایەی گومانیشە.

3-هەیشە بە ئایدیالیست ناوی دەبات سەبارەت بە تیۆرەکەی لەرووی پراکتیزەکردنیدا.(سەبارەت بە رەهەندی ئایدیالیانەی تیۆرەکە"ئەکتیڤیتێتی تەواسولی"هابرماس ئەو رەخنانە رەتدەداتەوە لە کتێبی"گوتاری فەلسەفیانەی مۆدێرنیزم ل380-381-382" پێی وایە ئەو تیۆرە جەخ دەکاتە سەر دووبارە بەرهەمهێنانەوەیەکی رەمزی جیهانی گوزەرێنراو لەتەك یا شانبەشانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ماتریالیانەی جیهان) بەمەش پرۆژەکەی هابرماس بەدەست چەند خاڵێك لە دژیەکیی لە ئامانجەکان دەناڵێنێ. ئەو ئەرکەی گۆڕینی ئەلفوبێی فەلسەفەکەی هابرماس کارێکی ئاسان نییە، جگە لەو وتەزاودەستەواژانەی دایرژتووەوپێویستیان بەوە هەیە لە جێگەورێگەی شیاوی خۆیان دابن وەك ئەو (هابرماس)مەبەستیەتی، هابرماس نموونەی رۆشنبیرێکی دینامیکیە، کە لەگەڵ بزاوتی کۆمەڵگەومێژوو لە کارلێککردنێکی بەردەوام دایە لە سونگەی بڕوای بەوەی تیۆر هەمیشە پێویستی بە نازکردنە لەسەر خۆی هەر کاتێك ویستی خۆی بەسەر بوارێکی دیکەدا پراکتیزە بکات.

ناتەبایی سەرەکی نێوان هابرماسو رەوتەکانی پۆزەتیڤیزم بریتیە لە هەڵوێستیان لە زانستە ئەزموونگەراییەکان، هەروەها ئەو رۆڵە ئایدیۆلۆجیەی ئەو رەوتانە دەیبینن لە نێو کۆمەڵگەی پیشەسازی

پێشکەوتوو، هەرچەندی پۆزەتیڤیزمخوازان جەخت بکەنە سەر وەزیفەی بێلایەنی کار لە کۆمەڵگەی(دیموکراسی)وفۆرمی بابەتیانەی کرداروەدەرەنجامەکانی، ئەوە هابرماس پێی وایە رووی بابەتیانەی خودی ئەزموونی زانستی رەگاژۆیە لە نێو ساتەوەختی تێهەڵکێشیی نێوان خودەکان‌ولە مەیانیدا زمانی هاوبەش کارلێکدەکەن، زانستگەرایی هەمیشە کاردەکات بۆ شاردنەوەی ئەو ساتەوەختەی، کە ریخۆشکەرە بۆ خودەکان بۆ لێکتێگەیشتن‌وکارلێککردن، لەلایەکی دیکەوە هەڵوێستی هابرماس مەزهەبێکی گشتگیرە، کارگەلی زۆر تاوتو دەکات بەجۆرێك بواری فەلسەفەی سیاسی رەتدەدات، بەکورتی تیۆرەکەی لەبارەی(کرداری کۆمەنیوکەیتف) خستنەڕووی روانگەیەکی گشتیانەی واتاوئیحا لەو راستگۆیی یا سەلاحیەتە، روانگەیەك ئەقڵی تیۆری تاوتودەکات هەروەك چۆن فرە وێنەی ئەقڵی پراکتیکیش شەنوکەو دەکات، ئەو نەزعەی سروشتی‌و-ئینفیعالی- لەمەڕ – ئیستیدلالی- ئەخلاقی رەتدەکاتەوە، تاسەوحەزوئارەزووی رووەو داکۆکیکردنە لە ئەقڵی تیۆری‌وپراکتیکی، جاروباریش رەخنەگرە لە روئیای دینی‌و میتافیزیك.

دەکرێ پرۆژەکەی هابرماس بەسەر چوار پرسی سەرەکی، کە چوار جومگەی هەرەگرنگن، دابەش بکەین:

یەکەم: تیۆری راشیۆنالیزەیشنن بە شێوەی رلشیۆنالیزەیشن‌ێکی بەردەوام.

دووەم: تیۆری چالاکی تەواسولی، چوون هەوڵیداوە شێوازێك بۆ سەلماندن دابڕێژێت پەیوەست بەو چالاکیەی رووەو لێکتێگەیشتنە.
سێیەم: تیۆرێك لەمەڕ مۆدێرنیزم، لەمیانەیدا جەختی کردۆتە سەر گەشەپێدانی تیۆرێکی جیا لە مۆدێرنیزم بە پشت بەستن بە تیۆرەکەی بۆ لێکدانەوەی دیاردە سۆسیۆ - نادروستەکان، کە کۆمەڵگەی نوێ پێوەی دەناڵێنێ.
چوارەم: گەشەپێدانی چەمکێك لەمەڕ کۆمەڵگەوە بە کۆکردنەوەی هەردوو تیۆری پراکتیك‌وسیستەم.

# بەشی دووەم

## رەخنەگەرایی

## تیۆرێکی نوێ

روونە تیۆری رەخنەگرانە لەسەر بنەمایەکی گەوهەری رەخنە هەڵنراوە، لەدەرەوەی ویستێکی گشتگیرانەو هەر رەوتێکی (نەسەقئامێز) جا بەو پێیەی رێرەوێکی جەدەلی کراوە پەیرەو دەکات بە رەهەندێکی ماتریالیەوە ئەوە لە ململانە دایە لەگەڵ ئایدیالیزمی ئەڵمانی چ بە واتا کانتیەکەی یا سەرچاوەو بنەما هیگلیەکەی.
کاروکردەوەکانی هابرماس مۆرکێکی رەخنەگرانەی پێوەیە، رەخنەگرتن لە رەوتی پۆزەتیڤیزم، هەر ئەویشە پێشەنگی گوتاری

ڕەخنەیی، هەندە لێکۆڵەر پێیان وایە هابرماس(درێژەپێدەری فێرگەی فرانکفۆرتە)(1)یا (نمایندەی هەنووکەیی تیۆری ڕەخنەییە)(2) مۆرکی بیرۆکەی هابرماس واتاو یاسای (کۆمەنیوکەیشن)ی هەڵگرتووە، یەکەم شت پێویستە درك بەو ئامڕازانە بکەین، کە

.............................................................

(1)BALANDIER(G):Le detour,pouvoir et modernite;Paris,Ed,Fayard P132.
(2)Assoun(P.L)Raulet(G);Marxisme et theorie,Paris,Ed.Payot,1978. P29

بەهۆیانەوە بیرمەندێکی وەك هابرماس توانیویەتی بیرۆکەیەك بینا بکات بەوەی چەمکی (کۆمەنیوکەیشن) بکات بە چەمکە مەرکەزیەکەی تیۆرێکی ڕەخنەگرانە لە کۆمەڵگە، ئەو بنەمای ڕەخنەی داڕژت پەیوەست بەو کۆمەڵگەیانەی نادروستونەساغن، ئەو بوو چەمكوهزرکردنی ئەوتۆی دانا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دەردوکەموکوڕیانەی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان، لەو کۆمەڵگانەشدا ڕەگەزێکی وەك زمان کاریگەری خۆی هەیە، زمان وەك ئامڕازێکی هەرەگرنگ، کە بەهۆیەوە مرۆگەل دەوروبەرەکەیان دەگۆڕن، هەروەها دەبێتەهۆی پەیدابوونی(بەرژەوەندی پراکتیکی)کە بەدەوری خۆی دەبێتە هۆی پەیدابوونی زانستە تەئویلیەکان(★).هابرماس بۆ وەلانانی بانگەشە گەردوونیەکانی (تەئویلیەت) هەوڵیدا بیسەلمێنێ، کە خودی هیرمینوتیکا ئەوکاتە دەشێوگونجاوە کاتێك ساتەوەختی (تەئەمولی

زاتی/چەمکێکی زۆر روون نییە بریتیە لەو پرۆسەیەی لە مەیانیدا هۆشیاریی ئاقڵمەند لە مەرجەکانی بیرکردنەوەیدا دەپرسێتەوە)دەستەبەر بوو، کە میتۆدێکی تایبەتە بۆ گرووپێك لە تایبەتمەندیە ئەقلانیەکانی زانستە رەخنەییەکان (مارکسیزم،

.................................................................

(★)(هیرمۆنتیکا-Hermeneutic ) یا(زانستی تەئویل)گرنگی دەدات بە فامکردنی ئەوەی مرۆگەل دەیلێن‌و بیری لێدەکەنەوە، هەروەها پەیوەندی ئەمە بە کردەوەکانیان.

دەروونشیکاریی‌و فەلسەفە بەو پێیەی تیۆری رەخنەییە). گرنگی بەرژەوەندی پراکتیکی رووەو کارلێککردنی بەشەریە واتە رێگەی تەئویلکردنی کاروکردەوەکانمان دەهەمبەر یەکدی‌ورێگەو چۆنیەتی فامکردنی یەکتری‌وئەو رێچکانەی لە چوارچیوەی رێکخستنە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەهۆیانەوە کارلێکدەکەین.

هابرماس رای وایە لێتێگەیشتنکاریی لە نێو زمانێکی هاوبەشدا تەنانەت بۆ نێو (گرووپی کۆمەنیوکەیتڤ)ی خودی تۆژەران رۆدەچێ، زمان بونیاتێکە لە نێو پەیوەندیەکی دیالۆگئامێزدا یاریدەی گوزراشکردن دەدات لە تاکەکەس لە مەیانی وتەزا گشتییەکاندا.

هابرماس پێی وایە زمان لای هیگل بەردەوامی خودە بکەرەکان‌و هاوگوزەرانەکان نییە، بەلکە مەبەست بەکارهێنانێکی رەمزی تاکی گۆشەگیرە، کە رووبەرووی سروشت دەبێتەوەوشتەکان بەناو دەکات،

بەخشینی ناووزاکیرە دوو رووی خودی یەك شتن(بیرۆکەی ئەو هەبوونەی هۆشیاری زاکیرەیە، خودی هەبوونەکەیشی زاکیرەیە) (1) هەروەها (زمان بەتەنیا بەو پێیەی زمانی گەلە عامەکەیەو لە خودیخۆیدا دانپیانراوە، بەهەمان رێگەش لە هۆشیاری گشتدا وایە، هەر هۆشیاریەکی قسەکەر تیایە راستەوخۆ دەگۆڕێ بۆ هۆشیاریەکی دیکە بەمەش بەپێی ناوەڕۆکەکەی لە گەلێك دەگۆڕێ بۆ زمانێکی راستەقینە، بۆ روونکردنەوەو وتنی ئەوەی هەر تاکێك مەبەستیەتی)(2) کەواتە زمان وەك ئێرسێکی رۆشنبیریی دەچتە نێو ئەقڵی (کۆمەنیوکەیتڤ)چونکە واتا نەگۆڕودروستەکان بۆ بەشداریکردن لەنێو سۆبێکەکان- زاتەکاندا - ئەمەیە زادەی ترادیسیۆنورێدەدات بچێتە نێو پەیوەندییە ئالۆوێریەکان بەمەش کارلێککردنەکە بەندە بە بەردەوامییەکی بنجداکوتاو لە رووی زمانەوانییەوە.

زمان تەنیا ئەو زمانە(پوختەییە)نییە، بەلکە زمانی ئاساییشە لە هێماوجووڵەی جەستەیی، بەو هۆیەی زمان وەك نەسەقێکی رەمزی رۆڵێکی گەورە دەبینێ لە بەرجەستەکردنی زاڵدەستیوگشتاندنی وەهەموپشتیوانیکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی واتە (رۆڵی ئایدیۆلۆجی)دەبینێ.

یەکێك لە بیروبۆچوونەکانی هابرماس لەوەوەیە، دۆزینەوەی ئەو هۆوئامرازەی بەهۆیەوە بونیاتی کۆمەڵایەتی پرۆسەی کارلێککردن

دەشێوێنێو ناجێگیریی‌و شڵەژاوی دەنێتەوە، چوون بەدحاڵیبوون لە نێوان مرۆگەلدا هەیە، هەروەك دەكرێ فریوبدرێن‌و بەرێكوپێكیش سەریان لێ بشێوێنرێ.

کەی شێواویی روودەدات؟ کاتێك وەقایعی حاڵەتێكی دیاریكراو لە هەندە بەشداربووان یا گشتیان دەشاردرێتەوە لە پرۆسەی كارلێككردن‌و(كۆمەنیوكەیتف)، مەبەستی زانستە رەخنەییەكانیش، كە لەسەر بەرژەوەندی ئینعیتاق‌ورزگاربوون هەڵنراوە، بریتیە لە دۆزینەوەی ئەو شێواویەی هەیە لە پرۆسەی كارلێككردن‌و(كۆمەنیوكەیتف)و چاككردنی، ئەم بیرۆكەیە بنەمای تیۆرە رەخنەییەكەی هابرماسە تا رادەیەكیش بە تیۆری رەخنەیی تەقلیدی دەچێت.

زانستە مرۆیی‌و كۆمەڵایەتیەكانی سەدەی بیستەم هۆوئامرازی ئەوتۆی شیكردنەوەیان خستووینەتە بەردەست رێخۆشكەر بۆ پشكنین‌ولێكۆڵینەوەی كۆمەلگەی هاوچەرخ بەشێوەوجۆرێكی زێدەجیاواز لەوەی ماركسیزم، هەروەها ماركس خۆی لە زانیاری‌ودەرەنجامكارییەكان بێبەش نەكردووە، ئەوانەی هەریەك لە هیگل‌وسمیت‌وریكاردۆ پێی گەیشت بوون، بیرمەندان ئەمرۆ سوود لە ڤیبەرودۆركهایم‌ومیدوپارسۆن‌و تەنانەت لۆهمان دەبینن، كە لە ژیانی دیموكراسی ئەو دەیان ساڵەی دوایی بەرچاو دەكەوێ.

هابرماس تاکە تیۆریزانی ئامادەیە خودان کەسی داکۆکیکەر لە کولتووری مۆدێرنیزمی ئۆروپایی، کولتووری ئەقڵانی رۆشنگەریی، وێرای ئەوەی قوتابی ئەدۆرنۆ بووە- ئەو کەسەی بەگومانەوە سەیری ئەو کولتورەی دەکرد- لێ ئەو بڕوای بە هەبوونی دەرفەتێکی هەمیشەیی هەبووە بۆ رزگارکردنی ئەقڵانیەتی رۆشنگەری، ئەو پێی وایە ئەو دەسکەوتانەی فەیلەسووفەکانی سەدەی هەژدەهەم چەشنی هەوڵێك وانو پێشەنگن بۆ گەشەپێدانی زانستی بابەتیانەو ئەخلاقی گەردوونیو یاسای گەردوونیو هونەری ئایندە، ئەمەش بەپێی لۆجیکی ناوخۆیی هەریەکێك لەو بوارانە، واتە بە رای هابرماس ئەو گرووپە بەراییە بیرمەندانەی مۆدێرنیزم هەوڵیاندا بە شێوەیەکی ئەقڵانی ژیانی کۆمەڵایەتی رێکبخەن لەگەڵ بەشداریکردن لە بەیانکردنی ئەو میکانیزمانەی هەیمەنە، کە لە کۆمەڵگەی نوێدان.

سەبارەت بە پەیوەندی ئاڵوویرانەی نێوان کەلچەرەکانەوە ئەوە هابرماس پێی وایە هەرەباشترین کار ئەوەیە چوارچیوەیەکی موئەسەساتی دابڕێژرێ بەمەبەستی هاوڕا بوون ( لەرووی فەرمیەوە)دەگەڵ شێوازەکانی دیالۆگی تەوافوقی بونیاتنەر و بەرهەمهێن وەك کۆنگرەی ڤیەنا لەبارەی مافەکانی مرۆڤ، کە نەتەوە یەکگرتووەکان رێکی خست، لێ ئەو دیدارە فەرمییانە —هەرچەندە لەسەر ئاستە جیاجیاکانەوە ئەو دیالۆگە رۆشنبیرییە ئاڵوویریانە لەبارەی مافەکانی مرۆڤ کاریگەریان دەبێ — ئەوە ناکارێ بەتەنیا

میكانیزمی بەرهەمهێنانی بیروباوەڕە شێوازگەراییە—نەمەتیە-زاڵدەستەكان رابگرێ لەمەڕ (كۆمەنیوكەیتڤ) لە نێوان كەڵچەرەكانی سەردەمی عەولەمە، هەروەها هابرماس ئاماژە دەدات بەوەی(تەنیا لەرێی رەهاكردنی پەیوەندییەكانو مامڵەكردنێكی بابەتیانە لەگەڵ دیاردەو شێوازە راراكانەوە دەگەین بە كرانەوەی زیهنیاتەكان) هەروەها لە مومارەسەی رۆژانەی (كۆمەنیوكەیتڤ)دا پێویستە كاربكەین بۆ بیناكردنی بەردەوامی متمانە، ئەمەش پێویستە وەك دەروازەیەك بۆ تەرجەمەكردنی ئەو شرۆڤەكارییە ئەقڵانیانە لە ئامرازەكانی میدیاوقوتابخانەوخێزاندا، بۆ ئێمەش دیدێكی نۆرماتیڤانە گرنگە، سەبارەت بەخۆمان لەمەڕ كەڵچەرەكانی دیكە ئەمەش رەگەزێكی گرنگە لەو چواچیوەیەدا، گەریش خۆرئاوا دووبارە چاوی كردە وێنەكەی خودی خۆی، ئەوە ناكارێ بۆ نموونە بەو خاڵانە بزانێ، كە پێویستە لە سیاسەتەكەی راستی بكاتەوە بۆ ئەوەی ئاوا سەیری بكات وەك بەرجەستەكردنی لێكنزیك كردنەوەیەكی شارستانیانە، گەریش سەرمایەداری لەرووی سیاسیەوە كۆنترۆڵ نەكرێ، كە نە بەئەخلاقیاتونە بەتخوب دەزانێ ئەوە مەحاڵە قافلەی تێكشكێنەری ئابووری جیهانی بوەستێنرێت.

هابرماس ویستی لە دوو بەرەوە رەخنە پیادە بكات: بەرەی دیالۆگی زاانستی لەگەڵ ئەوانەی بە پۆزەتیڤیزم ناویان دەباتو بەرەی ململانەی ئایدیۆلۆجی، لێرەدا چ بێلایەنیەك نییە لە مومارەسەی

زانستیو هەر شێوازێکی مەعریفیش ملکەچی بەرژەوەندیەکی تایبەتیە.

له کتێبی (مەعریفەوبەرژەوەندی) زۆر بەروونی رووی لە گرنگی رامانە لە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی بەو پێیەی شێوازێکی تایبەتە لە مەعریفەو ئامرازێکە بۆ رەخنەگرتنو دووبارە بیناکردنەوەی بیروباوەڕو چەمکەکان، هەروەها هەر لەو کتێبەدا ئامادەگیی بەهێزی کولتووری رەخنەیی ئەڵمانی دەبینین هەر لە کانتەوە، ئینجا هیگڵونیچە، تادەگاتە مارکسو فرۆید، هابرماس سەرقاڵ بوو بە گەشەپێدانی ئەو کولتوورە رەخنەییە بۆئەوەی بیگەیەنتە تیۆرێ لەمەڕ کۆمەڵگە بشێ رەگەزەکانی تیۆری (کۆمەنیوکەیتڤ) لە مۆدێرنیزم تەرح بکات، ئەمەش وایکرد گشت ئەو رەوتانەی پرسیارە رەخنەییەکان دەچەپێنێ وەلابنێ لەبەراییەوەش رەوتی پۆزەتیڤیزم، کە ئاوا زانست تەرح دەکات بەو پێیەی تاکە چالاکیەیەکە، کە گوزارشی واتادار بەرهەمدێنێ، بەدوورخستنەوەی بیرکردنەوە لە ئایدیۆلۆجیای زانستوتەکنیك لە میانەی چەپاندنی پرسیار تایبەت بە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە هەنووکەییو داهاتووەکان، ئەوانەی کە لەپشت هەر بڕیارێکی تەقەنی دان، بەمەش مەشروعیەتی کۆنترۆڵکردنی تەقەنی دەستەبەر دەکرێ لەمەڕ بەرژەوەندییەکان، یا ئەوەتا دەستی رەخنە نایانگاتێ.

هابرماس لە هەمان کتێبدا سێ جۆر بەرژەوەندی پۆلین دەکات:

یەکەم: بەرژەوەندی تەکنیکی، یا ئامرازگەریی، کە ( زانستەکانی ئەزموونگەرایی، شیکەرەوەیی) رێکدەخات(زانستەکانی ماتماتیكوفیزیاوپیادەکردنیان)هەروەها ئەو زانستانەی خودان رەهەندێکی بەرژەوەندیی تەقەنین، ئامانجیان کۆنترۆڵکردنی سروشتە بۆ بەرژەوەندی پێداویستیەکانی ئادەمیزاد، پشتبەستوو بە ئەقڵی ئامرازگەرایی، بەمەش زێتر نزیك بوونەوە لە ئایدیۆلۆجیا خۆی لە هاوبەندی نێوان مەعریفەی ئەزموونگەریی‌وبەرژەوەندی تەکنیکی دەبینتەوە.

دووەم: مۆرکێکی کردەنی-پراکتیکی هەیە، خۆی لە (زانستەکانی مێژوو و تەئویلی) دەبینتەوە(گشت ئەو زانستانەی کارلێککاریی بەشەری بەدیدێنن، بۆ نموونە زانستی زمان)مەبەستی بەدیهاتنی (کۆمەنیوکەیتف)وکارلێککردنە لە نێوان خەڵکی و لەچوارچیوەیەکی گشتیدا، پشتبەستوو بە ئەقڵی تەواسلی.

سێیەم: (بەرژەوەندی لە پێناو رزگاربوون) ئەو بەرژەوەندیەی پەیوەستە بە (زانستە کۆمەڵایەتی‌و فەلسەفییە رەخنەییەکان)وەك هابرماس بە(تەئەمولی زاتی)یش ناوی دەبات، مەبەستیشیان ئەوەیە خەڵکی بتوانن‌و بکارن تەحەکوم بە جومگەکانی دەسەڵاتوکۆمەڵگە بکەن‌و لەدەست (ئیستیلاب) بە مانا گشتیەکەی رزگاریان ببێت، پشتبەستوو بە ئەقڵی رەخنەیی، چوون ئەوە رەخنەیە ئاسۆگەی بیرومەعریفەیە لای هابرماس هەروەك لای مارکس.

ئەو هەر لەسەرەتاوە ئاشکرای دەکات، کە خەمی تیۆرییومەبەستە فەلسەفییەکەی لە جوغزی جۆری سێیەمن، بۆیەش یەك لە ناوەکانی تیۆرەکەی (ئەقڵانیەتی رەخنەگرانە)بوو، هابرماس ئەرکە بنەڕەتیەکانی ئەو ئەقڵانیەتە ئاوا دیاری دەکات: سەرکەوتنی تەکامول لەبری بەشبەشکاری لە روئیای زانستیدا، بەیانکردنی ئەوەی رەگەزی کۆکەرەوەوگەردوونییە لە مەعریفەی زانستی و ئاشکراکردنی ئەو رەگەزانەی وادەکەن مومارەسەی زانستی چالاکییەکی کۆکەرەوەی نێوان کەلچەرە جیاجیاکان بێت، سەرکەوتنی رەخنەی ریشەیی بەهەردوو رەهەندی ئایدیۆلۆجیومەعریفی دژ بە بانگەشەی (سەربەخۆیی وەهمی تیۆرەکان لەو مەرجە کردەییانەی هێناویانە ئاراوە) لێ ئەو ئەقڵانیە رەخنەییە ناتوانێ ئەو ئەرکە بەدیبێنێ و کاریگەر بێ لە زەمەنی خۆیدا گەر هاتوو دەرگەی بەسەر تێکڕای زانستەکانی سەردەمی خۆی نەکرێتەوە، هەروەها هەوڵ نەدات (ستراتیجیەتێکی تەرکیبی)بونیات بنێ، واتە تۆژینەوەیەکی فرە تایبەتمەندی نەبێت تیایە فەلسەفە (بە زانستی وەزعیوکۆمەڵایەتی) ئاودرابێ نەخاسمە بە هۆشیارییەکی تیۆری روون لەرووی ئەو مەبەستو ئامانجانەی گەرەکیەتی بەدیان بێنێت.

لەو سونگەیەوە فەلسەفە بەتەنیا مەزهەبێکی فەردی نییە یا ئیختیارێکی زاتی، بەلکە دەبتە پرۆژەیەکی کۆمەڵگەیی سیاسی بە کاروئەرکی دیاریکراوی مێژوویی. گەر بۆ رەخنە ئەو تاکە

ئاسۆگەیەی فەلسەفە بێ لە زەمەنی جیهانی هاوچەرخ و رزگاربوون لە رەوتو ئەو هێزە نائەقڵانیەی بۆی دادەڕێژرێ، (ئایدیۆلۆجیا)ی زانستگەریی و(کەڵچەر)ی ئیستیهلاك ئەو ئەرکەنە پێویستە رووی تێ بکەین، داخوا ئەو بنەما فەلسەفیەی پێویستە پشتی پێ ببەسترێ دەبێ چیبێ؟ لە سایەی کام هزرکردن لەمەڕ ئەقڵ دەکارین کاربکەین؟و بۆ کام فۆرمی کۆمەڵگە پێویستە تێبکۆشین؟.

## 1-ئەقڵی رەخنەیی، گوتارێکی نوێی مۆدێرنیزم

تیۆری رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت هەوڵیدا لێکۆڵینەوەی شیکەرەوانەی رەخنەیی بخاتەڕوو لەمەڕ واقیعی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان دوور لە لێکدانەوە ئایدیۆلۆجییەکان هەر ئەمەش بوو دووری خستەوە لە داڕژتنی فەلسەفەی مۆدێرنیزمی هاوچەرخ، رەنگە ئەمەش خاڵێکی رەخنەئامێزی هابرماس بێ لەبارەی ئەو فێرگەیە، گەریش هاتوو زەرورەت هەیە بۆ پاراستنی توانای رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت و گەشەپێدانی، ئەوە پێویستە دووبارە بەپێی بنەمای نوێوە بیر لە مۆدێرنیزم بکەینەوە، نەخاسمە پاش ئەو رەخنەیەی هۆرکهایمەروئەدۆرنۆ لە کتێبی(جەدەلی رۆشنگەریی)هەروەها پێشەنگانی پۆست مۆدێرنیزم، دامەزراندنی گوتارێکی تازەی فەلسەفی مۆدێرنیزم لەسەر بنەمای تیۆری رەخنەیی راستەقینە لەمەڕ رزگاربوونورۆشنگەریی دووبارە شەنگوسەنگ بۆ

ئەقڵ‌وئەقڵانیەت بگەڕێنتەوە و مەرجەکانی وجودی ئینسانی گەشە پێ بدات.
هابرماس پێی وایە لە بری دەستبەرداربوون لە پرۆژەی فەلسەفی مۆدێرنیزم پێویستە رەخنەی لێبگیرێ‌و خاڵە نەرێ‌وئەرێییەکانی دیاربکرێ و سوودی لێوەربگیرێ، لە سونگەی پێناسەکەی هیگل بۆ مۆدێرنیزم لە سیاقە مێژووییەکەی (وەك زەمانگەلی نوێ)وگوزارشت لە (گیانی سەردەم)وجەختکردن لەسەر (سەردەمی هەنووکە)ئەویش سەردەمی رۆشنگەرییە، هەروەها لە هەردوو پێناسەکەی بۆدلێروفالتەرەوە بۆ چەمکی نوێگەری هونەری‌وئەدەبی چووە بۆ جیاکردنەوەی ئیستاتیکای رەهاو رێژەیی‌و گەوهەری‌ورابرد هەروەك لە سەردەمی رۆشنگەریی.
هابرماس رەخنە لە (نیچە)و(هایدگەر)و(لیوتار)دەگرێ ئەوان لە سونگەی - تەجرید - اتی دوورەدەست لە - ئیشکال- اتی تەرحکراو لەسەر ئەرزی واقیعەوە دێن بەمەش زیاتر بە گشتی بە بوارە ئەدەبیەکەوە وابەستەنە بەو گرنگیدانەیان ئەوان لە بواری زانست‌وفەلسەفە دووردەکەونەوە لە چوارچیوەی رەخنەگرتنیان لەئەقڵ‌وبانگەشەیان بۆ رەتدانی بەناوی(نائەقڵ)بەمەش گشت ئەو بنەمایانە تێکدەشکێنن، کە مۆدێرنیزمی لەسەر بیناکراوە، هەروەها پاساوی رەخنەکەشیان لەوەوەیە گوایە(ئەقڵ) گەشەدەکات‌و دوای ئەوە دەبێ بە(ئەقڵی سێنترالیزەکراو) گشت بوارەکان کۆنترۆڵ دەکات،

وەك زانستوهونەروئەخلاق، هابرماس لە رەددى ئەوەدا پێى وايە رەخنە لە ئەقڵ كارێكى شياوە، گونجاوە، لێ رەتدانى بۆ (نائەقڵ)يا هاوشێوەى نەشياوەو روونادات، ئەقڵ گشت توانستەكانى بەكارنەخستووە، وێراى گێروگرفتوقەيرانەكانى جيهانى هاوچەرخ بۆ ئەقڵى رۆشنگەرايى دەگەڕێتەوە جا بۆ رەتدانى ئەو رەوشە هەردەبێ بۆ ئەقڵ بگەڕێتەوە لە چوارچيوەى (رەخنە لە ئەقڵ بە ئەقڵ).

ئەو دەڵێ(زمان، ئامڕازوخێزان سێ نموونەى بەها يەكسانن لە پەيوەندييە جەدەليەكەدا، نمايندەى رەمزى، سەيرورەى كاركردنوكارلێككردن بەگوێرەى ئاڵوويركاريى، هەر يەكەو بە شێوازى خۆى لە نێوان سۆبێكتوئۆبێكت "زاتومەوزوع"دان،..تد.)(3).

پاش ئەوە هابرماس رەخنە لەفەلسەفەى(زات)يا(هۆشيارى)دەگرێ، ئەو پێى وايە، پەيوەندى نێوان (سۆبێكتوئۆبێكت) لە گۆشەنيگاى فەلسەفەى زاتەوەيە بەو پێيەى پەيوەنديەكى سلبيە واتە پەيوەنديەك لەيەك لاوە -زات- كاردەكاتە سەر كۆمەنيوكەيتڤ – مەوزوع- واتە چ لێكتێگەيشتنو(تەواسل)ێك نييە بەو پێيەش هابرماس بە روانينێكى نوێوە سەيرى پەيوەندى زات بە مەوزوع يا هەر زاتێكى ديكە دەكات، پەيوەنديەكى (تەفاعولىوتەواسلى) هەيە لەنێوان زاتو مەوزوع، (كردارى تەواسل)ى هەردوو بكەرەكە بەيەكەوە كۆدەكاتەوە هەريەكەو داكۆكى لە هەڵوێستەكەى خۆى

دەكات لە رێی بڕواپێهێنان بەویدیكە، بەمەش سیستەمەكە نوێدەبتەوە.

هابرماس رەخنە لە فەلسەفەی(پراكتیكیزم)دەگرێ لەبەرئەوەی پێی وایە چەمكی(ململانە) داینەمۆوبزوێنەری مێژووە، بەهۆی ململانەوە كۆمەڵگە لە(شێوازێكی بەرهەمهێنانەوە) دەچێتە فۆرمێكی دیكەوە، هەروەها هابرماس جارێكی دیكە گرنگی دەدات بە رۆڵی سەرخان بەپلەی یەكەم لەتەك ژێرخان، هەروەها گۆڕینی چەمكی ململانە بە چەمكی(كۆمەنیوكەیتڤ)كاتێك ماركسیزم جیاوازی كردوە لە نێوان ژێرخان واتە بەرهەمهێنانی ماددیو سەرخان خودان بەرهەمهێنانی فیكریوگرنگیدان بە ژێرخان بەپلەی یەكەم.

هابرماس لە پرۆژەكەی بۆ دامەزراندنی فەلسەفەیەكی هاوچەرخی مۆدێرنیزم لەبری پرۆژەی مۆدێرنیزم كە نەگەییە ئاكام دەستی كرد بە كۆكردنەوەی كولتوری فیكری كانتوهیگڵوماركسوڤێبەر لە تیۆرەكەی(ئەقڵی رەخنەیی تەواسلی) وەك چوارچیوەیەكی فەلسەفی تیۆری بۆ رەخنەگرتن لە ئەقڵ، كە توانای لێكدانەوەی كۆمەڵایەتیوسیاسیویاسایی هەیەو وەك تیۆرێك رێدەدات بە بیركردنەوەیەكی ئەقڵی رەخنەیی نوێ، سەربەخۆ، گونجاو بۆ سەردەمی پێوەندی پێكردنو(كۆمەنیوكەیتڤ)ی ئەمڕۆ تیا دەژین.

هابرماس لە زۆربەی لێكۆڵینەوە رەخنەییەكانی رووی لە گفتوگۆی ئیشكالیەتی(مۆدێرنیزمو پۆست مۆدێرنیزم)ە، بەستنەوەی بە

تیۆری(کرداری کۆمەنیوکەیتف) و ئیمکانیەتی گەیشتن بە سیستەمێکی جیهانی رەنگە ئەقڵانیوئاشتەوایی بێ، گریمانەیەکی بنەڕەتیشی داناوە بەمەبەستی دابینکردنی فاکتەری تازە لە نێو کۆمەڵگەی(پۆست مۆدێرنیزم)وای لێدەکات لە بارێکی ئەوتۆدابێت ئەندامانی نەتوانن بە ئاسانی دوژمندارانە هەڵسوکەوت بکەن، لە رێگەی دامەزراندنی ئەقڵانیەتێکی نوێی (تەواسل)کە گرنگی دەدات بە چۆنیەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیوپێوەندیکردنە رەمزییەکان، هەروەها بەخۆی دابچێتەوە لە میانەی فێربوون لە کەڵچەرەکانی دیکەو لێتێگەیشتنودیالۆگی کراوەوهەمەڕا.

رارایی هابرماس لە رەوتی(پۆست مۆدێرنیزم) ترسێکی دووسەرەیە، لە مەڕ ئیندیماجێکی جیهانیانە لەرووی رێکخستنیەوە، کە یەکسانی لە نێو مرۆگەل رەچاو ناکاتو بەدتێگەیشتن لە واتای(جیاوازی)نێوانیان، هەمانکات ونبوونی بونیاتی پەیوەندیکاریی لەگەڵ ئەویدیکە، هەروەها جیاواز بوون لەگەڵیاودووبارە گەڕاندنەوەی شانوشکۆ بۆ ئازادی بە مانا گشتیوبەرفراوانەکەی.

هابرماس لە میانەی پرۆژە فەلسەفیەکەیدا دەیەوێ هەنگاو باوێ (لە تیۆری هۆشیاریەوە بۆ تیۆری کۆمەنیومەیتف) بەو پێیەی گرنگ لای ئەو دەلالەتی کۆتایی فەلسەفەی خودە سەبارەت بەکۆمەڵگە نەك(ئەو دەلالەتەی مێژووی فەلسەفە وەریدەگرێ) واتە مەبەستی هابرماس تیۆرێکی نوێیە رێسا نۆرماتیڤیەکانی تیۆری رەخنەیی کۆمەڵگە قووت

دەکاتەوەوئەرکی تازە دەخاتە ئەستۆی بیرکردنەوەی فەلسەفی کارلێککەر لەگەڵ بەخششەکانی زانستە مرۆییەکان.

رەخنەکەی هابرماس لە رەوتەکانی پۆزەتیڤیزم لە بۆتەی بەرنامە گشتیەکەی دایە لە پێناو دارِژتنی ئەپستمۆلۆجیایەکی رەخنەیی زانست پیادە بکات بەبێ فەرامۆش کردنی لایەنی ئایدیۆلۆجیو ئاستوبەرژەوەندییەجیاجیاکانی لێکجیابکاتەوە لەسونگەی رەخنەیەکی گشتگیرانەی ئایدیۆلۆجیاکان.

بەمەش رەخنەکەی هابرماس لە مەعریفەوپۆزەتیڤیزم ئەو کاتە تەواوە بە دارِژتنی تیۆرێکی کۆمەڵایەتی هەوڵبدات هەرە گرنگترین رەگەزەکانی لە کتێبی(تیۆری کرداری کۆمەنیوکەیتڤ)پێشنیاز بکات.

## 2- تیۆرێکی بەشۆرەت

هابرماس لە پێشەکی چاپی فەرەنسی کتێبی(تیۆری کرداری کۆمەنیوکەیتڤ)دا سەرنج دەدا ئەوەی سەبارەت بە(تیۆرە کۆنەکەی رەخنەیی)گرنگ‌وتەوەری سەرەکی بوو نەخاسمە لای بنیامینو ئەدۆرنۆو هۆرکهایمەر(پەیوەندییەکە بوو لەگەڵ رەخنەیەکی ریشەیی لەمەرِ ئەقڵ) بە پشتبەستن بە هیگل‌ونیچە، هەروەها بە هۆی کاریگەری هەریەك لە فۆکۆودریدا هێشتا ئەو گفتوگۆیە بەردەوامە لەسەر گۆرِەپانی فەلسەفیدا.

ئەو تیۆرە کاکڵەی تیۆرێکە لەمەڕ کۆمەڵگە مەبەست گوێزانەوەی ریشەییە لە تیۆری هۆشیاری بۆ تیۆری کۆمەنیوکەیتڤ.

داخوا چۆن هابرماس گەیشتە دارڕژتنی کاکڵەی ئەو تیۆرەو ئاراستەو رەوتە فەلسەفیەکەی چییە؟ ئایا لە نێو ئەو قۆناغە هەڵایساوەی وەرچەرخانە ئەپستمۆلۆجیو سیاسییەکانی سەردەمی هاوچەرخ چۆن لە فەلسەفە دەڕوانرێت؟.

هەوەڵین بیرمەندانی تیۆری رەخنەیی پێیان وابوو رەخنە شێوازێکی سەرەکیە بۆ روانین لە شتەکانو بیروباوەڕو رووداوەکان، دووەمیش: دوورکەوتنەوە لەهەر رەوتێکی (نەسەقی)مەبەستی لکاندنوئیحتیوا بێ، سێیەم: دوورکەوتنەوە لە هەر جەمسەرگیرییەکی دامەزراوەیی نەخاسمە هەردوو دامەزراوەی دەوڵەتوحزب، لەلایەکی دیکەوە پراکتیزەکردنی فەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتییەکانیان لێکجیانەکردۆتەوە بەو پێیەی زانستگەلی رەخنەیین بەکەلکی واقیع نایەن هەروەك پۆزەتیڤیزم گەرەکیەتی، ئاشکرایە هابرماس زۆر ناکۆك نییە لەگەڵ ئەو رەوتە مەبەستی ئەویش(ئەقلانیەتێکی رەخنەییە).

هابرماس کاری کرد بۆ دووبارە بیناکردنەوەی تیۆرەکەی، کە مەبەستی ریشەیی دارڕژتنی تیۆرێکی رەخنەیی بوو بۆ کۆمەڵگە، لێ هابرماس بەمەندە نەوەستا، چونکە لەو کتێبەدا هەوڵیداوە دووبارە تیۆری(راشیۆنالیزەیشن) بینابکاتەوە لە دیدی ڤیبەرومارکسەوە،

تیۆری کۆمەنیوکەیتڤ بەپشتبەستن بە (هربەرت مید)و بیرمەندانی دیکە.

مەبەستی هابرماس لە (کۆمەنیوکەیتڤ) چییە؟ لە پێشەکی کتێبی(زانستوتەکنەلۆجیا وەك ئایدیۆلۆجیا) ئەو پێناسەیە هەیە(کۆمەنیوکەیتڤ ئەو تەفاعولە رەمزیەیە، کە لای کەم لە نێوان دوو کەسی بکەر بەدیدێ بەپشتبەستن بە پێوەرەکانی ئاڵوویریی) بەپێی ئەو پێناسەیە (کۆمەنیوکەیتڤ) واتە کارلێککردنێکی - نێوزاتییانە(intersubjectivité)(واتە لە نێوان تاکەکەسەکان)ئەوتۆ مەبەستی خولقاندنی لێکتێگەیشتنە لە چوارچیوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لەنێوان دوو کەس یا زیاتر سەنەدی ئەو کردە (تەواسل)یەش ئەو پێوەرانەی مەشروعیەتولێکتێگەیشتنەیە، کە ئەقڵ دیاری دەکات، بەو مانایە بریتیە لەئالووێری زمانەوانیوسەلماندن، کە لەبوارە گشتیەکەوە بەدیدێ، ئەمەش بە پشتبەستن بەو زەوابتە ئەخلاقیومەنتیقیانەی کۆکن لەسەری و مەنهەج و مەبەستەکانی زەبت دەکات، لەبەرئەوە ناکرێ (کۆمەنیوکەیتڤ) لە چەمکێکی گەوهەری دیکە کە - بەڵگەداریی(argumentation) ە، جیابکەینەوە.

هابرماس لە (تیۆری کرداری کۆمەنیوکەیتڤ - The Theory of Communicative Action)( 1984-1987) رووی لە فەلسەفەی زمانە

بەمەرامی بەرفراوانکردنی بنەمای تیۆری رەخنەیی، ئەو تێزە لە سێ قۆناغ کورت دەکەینەوە:

قۆناغی یەکەم: داوای زەرورەتی دەستبەرداربوون دەکات لە (فەلسەفەی هۆشیاریی)کە مەبەستی ئەو فەلسەفەیە: پەیوەندی نێوان زمان‌وکردار وەك پەیوەندی نێوان زات‌ومەوزوعە(واتە رزگاربوون لە سیستەمی بیری ئەزموونگەرایی).

قۆناغی دووەم: دەشێ کردار دوو وێنەی هەبێ، کرداری ستراتیجی‌وکرداری (کۆمەنیوکەیتڤ) یەکەمیان کرداری مەبەستداری ئەقلانیە، لێ دووەمیان ئەو کردارەیە مەبەست لە (کرداری کۆمەنیوکەیتڤ) گەیشتنە بە فامکردن.

قۆناغی سێیەم: کردەی بەرایی (کۆمەنیوکەیتڤ) چەند خاڵێك دەکرتەوە:

ا-ئەقلانیەت بەو مانایە نموونەیەك نییە لە ئاسمانەوە هاتبێ، بگرە لە خودی زمانەکەماندا هەیە، ئەو ئەقلانیەتە نەسەقێکی کۆمەڵایەتی دیموکراسی گەرەکە بەجۆرێك کەس وەلانانێت.

ب-سیستەمێکی ئەخلاقی زیمنی هەیە هابرماس هەوڵی دۆزینەوەی دەدات، ئەویش ئەخلاقی کوللییە، کە زیاتر مەرامی گەیشتنە بە ناوەڕۆکی پێوەرەکان لەوەی شییان بکاتەوەولێکیان بداتەوە، گەیشتنیش بەرای هابرماس لە رێی گفتوگۆیەکی ئەقڵانی ئازادەوەیە.

تیۆرە کۆمەڵایەتیەکانی هەریەك لە مید (mead) و دۆرکهایم دیاریان خستووە، کە ئاخاوتنو پێوەندیپێکردن جێگەو رێگەی شیاوی خۆیان هەیە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا لەوەی پەیوەستە بەتاك، فرۆید ئاماژەی داوە بە فەزیلەتی رزگارکەری ئاخاوتن، بەمەش چ دیموکراسیەك لە کایە گشتیەکەدا بەبێ ئازادی رادەربڕین بوونی نییە، گەریش رۆژنامەوانیوئامرازوسەندیکاکانیت خستەپاڵ ئەوە بەمە ئازادی لەو یاساو کۆتبەندەی دەسەڵاتی ناوەندی دەترازێ.

ئەو ئازادیە بەشداربووەی جیهانی کۆمەڵایەتی کراوە مەرجێکە بۆ پیادەکردنی رەخنە دژ بە میکانیزمی ئابووریوکۆمەڵایەتی بەناوی(زەرووراتە حەتمییەکان)ئەمە تاکەکان دەخاتە بەردەم دیفاکتۆکە، بێکاریەکی زۆروزەوەندو دوورکەوتنەوە لە کارو باوکسالاری دامودەزگەییوتێهەڵکێشوتێکهەڵقژانی نێوان دراوودەسەڵات لە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکاندا لە بواری فێرکردنوتەکامولی کۆمەڵایەتیورۆشنبیریدا. جا چەمکی (کۆمەنیوکەیتڤ) رێخۆشکەرە بۆ هابرماس بۆ ئەوەی دووبارە ئەقڵ بەهەندبگرێورەچاوی بکات لە هەلومەرجێکدا هەر یەك لە نیتزش

(nietzsche) وهایدگەروباتای (bataille)و ئەدۆرنۆ روویان لە نەمانی دکتاتۆریەتوستەمکارییە.

لە وەزیفەکانی زمانوئاخاوتن هاوکات(کۆمەنیوکەیتڤ)یش رەهەندێکی ئەوتۆ دێنتەوە توانادار بۆ مەعریفەوئیدراك(ئیدراکیی) لەمەڕ ئەرکەکانی پێوەنیدپێکردنێکی زاتی دەرەکی و تەعبیرە زاتییەکانەوە، لەبەرئەوە ئەقلەنەی مەعریفیوئیدراکی لەگەڵ(ئەقڵی کۆمەنیوکەیشن)وکەوتنەوەیان لەدەرەوەی کۆمەنیوکەیشن شتێکی بێمانایە، هەروەها چەمکێ لەمەڕ جیهانوکۆمەڵگە هەیە سەربەخۆ لەو چەمکەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە دەیدەنو(گۆڕینی جیهان)لەدەرەوەی پەیوەندییەدیاریکراوەکۆمەڵایەتییەکان ئەمە گشتیان پەیوەندیان بە فۆرموشێوازەکانی کۆمەنیوکەیشن هەیە.

هابرماس چەندین چەمکی بنەڕەتی داڕژت بە دیدێکی سۆسیۆلۆجیانەی فرەرەهەند لەمەڕ پەیوەندییە (کۆمەنیوکەیتڤ)ییەکان، کە لە ژیانی رۆژانەدا هەن، کە تەنیا پەیوەندییە ئەرێییەکان ناخاتەوە بگرە گرووپوکۆمەڵگەش لێك گرێدەدات، زۆر بە حەساسیەتیش ناڕوانێتە(جیاوازی)بەلکە لە خانەی رێزگرتنی دوولایەنە سەیری ئەویدیکە دەکات، مەرج نییە بە زەرورەت لەو بچێت یا وەك ئەو بێت، بگرە ئیحتیواکردنی (ئەویدیکە) لە جیاوازیەکەی، ئەمەش دەرفەترەخسێنە لەبەردەم ئەویدیکەی جیاوازوئیمکانیەتی رەتدانی هەر رقوکینەوحەساسیەتێك، هەروەها

سڕینەوەی ئەو کۆسپانەی ڕەنگە بێنەکایەوە لەمەڕ هەر گرووپێك، یەکدیگیریی یەکیەتی گرووپ لە ڕێی بیرکردنەوەی نەرێیانە دێت، کە کاردەکات بۆ سڕینەوەی جیاکاریی‌وجیاخوازی و ڕەچاوکردنی لێکتێگەیشتن‌وبەردەوامیی‌ودیالۆگ.

لای هابرماس (چڕیی پەیوەندیپێکردنی ئەزموونگەریی)پەیوەستە بە تۆژینەوەوپاراستن‌وگەڕان بەدوای خود لای ئادەمیزاد لە فۆرمەڵەبوونی کۆمەڵگەکاندا، زمان‌وئاخاوتن‌وتەنسیقی کاریش دێنە نێو ئەو ئامڕازە پێناوانە، هەروەها زەرورەتی گوێگرتنی دووسەرە/دوولایەنە لەپێناوی بەدواداچووندا. پرۆسەی کۆمەنیوکەیشنێکی ئازادانە هەیە، بەبێ ناچاریی‌وزۆریی، سووربوونێکی ناوەکییە دەکرێ ئەرێیانە یا نەرێیانە سەیربکرێ بەپێی هەلومەرجەکان، گوایە هابرماس کەسێکی ئایدیالی ساویلکەیە، ئەمە ئەو نەغمە بڵندەیە لە ریالیستێکی رزگاربووەوە، کە پێگەی هەڵکشاوی هەیە لە ڕەخنەگرتن لە فەیلەسووفەکە، گشت ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی چەمکی (کۆدەنگیی ئومە)کراونەتەوە خوازیاری دۆزینەوەی ئەو خاووخلیچیە ئەزموونگەریەوگومانکاریەن.

کتێبی (ئەقڵی کۆمەنیوکەیتڤ)کە هابرماس بە(کتێبی تەمەن)ی ناو بردووە، ئەو کتێبە کارێکی سۆسیۆلۆجی و فەلسەفی ڕەسەنە چەشنی زێدەکارێکی گرنگ بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان، دەردەسەریەکانی(کۆمەڵەی نەساغ)دەستنیشان دەکات، هۆونیشانەی

نەساغیەکەی شیدەکاتەوە بۆ ئەو هێزە تێکدەرەی هەڕەشە لە ئادەمیزادوژیانی کۆمەڵایەتی دەکات لەسونگەی ئەوەی ئادەمیزادی هاوچەرخ، ئینجا کۆمەڵگە بە پلەی یەکەم لە رووی ئابووریەوە سەربەخۆ نین، لە جوغزی کۆتوپێوەندی هەمەجۆری داسەپێنەرانە دان، دەسەڵات بەرپرسە لێیان، هەروەك مارکسیزم پێی وابوو.

ئەمەش مایەی هەڕەشە نییە لە لایەن دکتاتۆریی سیاسیوئایدیۆلۆجی هەروەك قوتابخانەی فرانکفۆرت لە قۆناغی یەکەمینی بۆی چوو بوو، بەلکە هەڕەشەلێکراوە لەمەڕ ئەو شێوازە بیرۆکراسیانەی باڵی کێشاوە بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو پەیوەندیانەی خەسڵەتە مرۆییەکانی لەدەست داوەوبۆتە پەیوەندگەلی رووالەتیانە بەناوی(کۆنترۆڵکردنی جیهانی گوزەرێنراووژیان).

تیۆری (ئەقڵی کۆمەنیوکەیتف) پێویستە لە میانەی ئەو وزەوتوانایەی رەفتاری (کۆمەنیوکەیتف) هەیەتی تێی بگەین، ئەو تیۆرەی تاوەکو ئێستا پەردەی لاداوە لەسەر (پرۆژەی ئەو مۆدێرنیزمەی بە کۆتا نەهاتووە)وەك مەرجگەلێ بۆ رەوشی نموونەیی زمانەوانی، ئەو باس لە گفتوگۆیەکی ئەوتۆ دەکات گوزارش لە هەڵوێستێکی پێوەندی پێکردنی سەرکەوتوو و رزگاربوو لەهەر دەسەڵاتێك دەکات، لەپێناو ریشەداکوتانی تیۆرێکی پێوەندی پێکردنی مومارەسەی کۆمەڵایەتی بەجۆرێك کارکردن بڕیاری لەسەرنادات، بەلکە گوتاروزمان، هابرماس داوای گۆڕینی بنەڕەتیانەی چەمکی

ڕەخنە دەکات، مەبەستی ڕەخنە لای ئەو چێکردنی کردە سەرکەوتووە (کۆمەنیوکەیتڤ)ییەکانە نەك ڕەخنەگرتن لە ڕەوشە کۆمەڵایەتییەکان، چوون ڕەخنە لە سەرمایەداری بەسەرچوو، ئەو ڕەخنەیەی لە لۆجیکێکی تەوسیقیوئەخلاقیەتی گوتار، کە کراوەیە بەسەر ڕەگەزە گرنگەکانی تیۆری(ئەخلاقیەتی ڕەخنەیی)تیۆری ڕەخنەیی لێکنزیك دەکاتەوەونایسڕێتەوە.

هابرماس پێی وایە بەرایی ئەو مەترسیانەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی کۆمەڵ دەبنەوە وێرای ئەمنیەتی سیاسی، بریتیە لە تێکشکانی بونیاتی (کۆمەنیوکەیتڤ) لە ڕووی تایبەتمەندییە ئینسانییەکەیدا، کە گرێدەدرێ بە پەلهاوێژیەکی بەردەوامی بیرۆکراسیی لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، جگە لە تێوەگلانی یاساوبەرژەوەندییەکان تەنانەت لە ژیانی تایبەتی خانەوادەوە.

هابرماس نکولی لە پێویستی هەبوونی یاسا سیاسیەکان ناکات بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان، لێ دەیەوێ ئاراستەیەکی ئەوتۆ بسەلمێنێ، کە ئاماژە دەدات بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی هەموو ڕۆژێكو لە هەر شوێنێك دەکەونە بەر سەرنج، چوون جێگەورێگەی گفتوگۆی تەقلیدیکراوەوناشاراوەن، لە سەردەمی نوێکاریی سەرمایەداری، لێ هاوکات پەیوەستە بە کارڕاییە بیرۆکراسییەکانەوە، بە بۆچوونی هابرماس ئەقڵی (کۆمەنیوکەیتڤ)ی بەگشتی بریتیە لە بیرۆکەی

هاوگوزەران‌وژیان، کە لەسەر لێکتێگەیشتن‌ودیالۆگ‌وریزگرتن لەراورای جیاواز هەڵنراوە.

چەمکی تەواوکەری(ئەقڵی کرداری کۆمەنیوکەیتف) لای هابرماس بریتیە لە(جیهانی گوزەرێنراو) کە بە ئەقڵانی‌وتەفاعولی دادەنرێ، لێ کاتێك دەوڵەت دەست دەخاتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەوە ئەوکات ناتوانین ئەو ئەقڵانیەتە بەهەندبگرین، زمان رۆڵی گرنگ‌ویەکلاکەرەوەیە بەو پێیەی کاکلی کردارە (کۆمەنیوکەیتف)ەکەیەو دەروازەوئامرازی لیکتێگەیشتنیشە.

هابرماس چەمکی(کارلێککردنی رەمزی)بەکارهێناوە، کە لە هربەرت میدی وەرگرتووە، کە پێی وایە زمان‌وهۆشیاری لە سیاقی کۆمەڵایەتیدا بەهێز بەیەکەوە وابەستەنە، جا هابرماس گرنگیەکی زۆر بەمە دەدات، پێی وایە دیوی دووەمی کردەی (کۆمەنیوکەیتف)ی ئەقلانی حوکمی نۆرماتیڤانەیە بەسەر ئەو کردەوانەی تاراەدیەکی زۆر ناسکراون، پەرادیمی گشتگیریانەی کردەی ئاقڵمەندوهۆشیارانەی مرۆیی، مرۆگەلیش زیاتر لەمەڕ چێکردنی واقیعەکەیانن لەهەر شتێکی دیکە، بەمەش ئەوان ملکەچی سروشت نین، هەروەها پێداویستیە جەستەییە فیزیکییەکان، بەلکە هۆشیارانەو سەربەخۆ لە جوغزێکی شارستانی - مێژوویی دان، دەتوانن بڵێن: بەڵێ یا نەخێر، بەمەش دەتوانن واقیعەکە بگۆڕن، مەعریفە لای هابرماس لەو کردەوانە بەرجەستەیە، کە خودان رێسای نۆرماتیڤ‌وپراکتیزەکردنی

ئەزموونی خودین، هەروەها لەرێی لێکتێگەیشتن‌ودیالۆگەوە تاکەکەسەکان دەگەنە کۆدەنگی لە راوبۆچوون یا خاڵی هاوبەش بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکانیان، هەروەك لە حاڵەتی دانوستانی نێوان کرێکاروخاوەنکاروکڕیاروفرۆشیارومنداڵەکان‌و دایك‌وباوك، چوون لە زمانی دانوستاندا بارگەیەکی ئەقڵانی پەنهان هەیە دەبێتە هۆی لێکنزیککردنەوەی هەڵوێستەکان‌ودیتنەوەی چارەسەری گونجاو. کرداری (کۆمەنیوکەیتڤ) بە سێ رووی جیا دەردەکەوێت: وەك کردەیەکی رێکخراوی ئینسانی، هەروا لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاڵاکان بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو، وەك کردەیەکی رێکخراوی ئینسانی بەپێی پێوەرە باوەکانی کۆمەڵگەوکردەیەکی رێکخراوی ئینسانی رەوشی بکەرە کۆمەڵایەتییەکان‌وئامانج‌وپێداویستییەکانیان دەخاتەڕوو، کرداری (کۆمەنیوکەیتڤ) بەتەنیا پەیوەست نییە بە ئاڵوویری زانیارییەکان، بەلکە بە تەئویلی ئەوەی روو دەداتو فۆرمەلەکردنی ئەو رێساومیکانیزمانەی یاریدەی ئەقڵی دەستەجەمعی دەدەن بۆ بەردەوامیی‌ونەسرەوتن لەو پرۆسەیەداو بیناکردنی جیهانی کۆمەڵایەتی گوزەرێنراو، چوون ناتوانین‌وناکرێ بە جیهان بزانین‌وبیدۆزینەوە بەبێ زانین‌وفامکردنی ئەو گوزارانەی خەڵکی بەیەکەوە ئاڵوویری پێدەکەن لە میانەی ئەو پرۆسەیەی(کۆمەنیوکەیتڤ) کە تەنیا بەهۆی زمانەوە بە ئەنجام

دەگات، هابرماس کەوتە گفوگۆیەکی چڕوپڕ لەگەڵ کۆمەڵە فەیلەسووفوکۆمەڵناسێك لەبارەی تیۆی کردارەوە، هابرماس سەرنجدەدات جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان تیۆرە سۆسیۆلۆجییەکانوفەلسەفە لەروەی تایبەتە بە کرداروپراکتیك، چوون (تیۆری سۆسیۆلۆجی کردار گرنگی نادات بەو گیروگرفتە سەرەکیانەی پەیوەستن بە ئازادی دەستنیشانکردنوهۆیەتی یا پەیوەندی رۆح بە جەستە،..تد) ئەمانەش ئەو بابەتانەن کەلە دوو توێی ئەنتۆلۆجیاوئەپستمۆلۆجیاوتیۆری زمان دان، هەروەها تیۆری فەلسەفی کردار.

دیارە کۆمەڵەپرسیارێك هەن ئێخەی هابرماسیان گرتووە لە میانەی دارِژتنی تیۆرەکەی کە چاوەڕوانی وەڵامن لەوانیش: ئایا چۆن چالاکی ئەنجام دەدرێ بەو پێیەی چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە؟چۆن چالاکی کۆمەڵایەتی بە ئاکام دەگاتوسیستەمی کۆمەڵایەتیش بەهەمان شێوە؟.

# بەشی سێیەم

## مۆدێرنیزم

## هابرماسو پرسیارەکەی مۆدێرنێتە

((مۆدێرنیزم.. فەلسەفەیە پاش تەڤینەوەی))فرانسوا شالتیێ

چەند واتاو بۆچوونێك لەبارەی نوێخوازی(مۆدێرنیزم) وەك چەمك هەن، لێ بەرلەهەر شتێك پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان (نوێ - modern) و نوێخوازی/مۆدێرنیزم (Modernism) ونوێکردنەوە/مۆدێرنیزەیشن (Modernisation) (لالاند) وشەی مۆدرن بۆ سەدەی بیستەم دەگەڕێنێتەوە لە میانەی دیالۆگە فەلسەفی یا دینیەکان، نوێ/مۆدێرن چەردەیەکی دیاریکراوی زەمەنییە، (مۆدێرنیزم)(الحداثة- بەپێی سەرچاوەیەکی بەردەست -Modernity-یە، کە ئاماژەیە وەك پرۆژیەكوچەمکێك، مۆدێرنیزم-Modernism-بە عەرەبی:الحداثوية یا الحداثية-ی داناوە، کە مەبەستی فیکری ماوەی سەردەمی هاوچەرخەو رەهەندێکی مەزهەبی فەلسەفی وەرگرتووە، واتە لە زمانی عەرەبی جیاوازی هەیە لە نێوان هەردوو دەستەواژە، بەڵام وەك باوە لای ئێمە زیاتر مۆدێرنیزم بۆ نوێخوازی(الحداثة) بەکارهاتووە) بەرای هابرماس مۆدێرنیزم چەردەیەکی زەمەنی دووبارە بۆوەیە بەمەبەستی بەرهەمهێنانی سیستەمێکی تازە لە دوو توێیدا مەعریفەوبوونوبەهاکانی هەڵگرتبێ، هەروەها بە هەردوو مەرجە مرۆیی‌وئەقلانیەکەیەوە.(*)

بە پێی (جۆرج بالاندیێ)بەکاردێ(بۆ وەسفکردنی خەسڵەتە هاوبەشەکانی وڵاتانی زێدە پێشکەوتوو لەسەر ئاستی پەرەپێدانی تەکنەلۆجی، سیاسی، ئابووری‌وکۆمەڵایەتی)لێ مۆدێرنیزەیشن

بەکاردێ (بۆ وەسفکردنی ئەو پرۆسانەی بەهۆیانەوە ئەو پەرەپێدانە دەگەن ئەو ئاستانە)(**) کەواتە مۆدێرنیزم تەنیا یەك بوار ناگرێتەوە وەك چەمکێکی سۆسیۆلۆجی یا سیاسی یا مێژوویی، هەر لەسەردەمی هەردوو سەدەی حەڤدەهەموهەژدەهەمدا بنەما فەلسەفیوسیاسییەکانی مۆدێرنیزمدانرانوداڕێژران، کە خۆی لە بیری ئیندیڤیدوالیزمو ئەقلانی بینیەوە، دیکارتو فەیلەسووفەکانی رۆشنگەریی هەرە گرنگترین بانگەشەکارانی بوون، هەروەها دەوڵەتی مەرکەزی سەریهەڵدا پشتبەستوو بە تەکنیکی نوێی

..................................................................

(*) بڕوانە کتێبی(الاشكالية السياسية للحداثة- من فلسفة الذات الى فلسفة التواصل، هابرماس نموذجا، د.علي عبود المحمداوي، دار الامان/الرباط، منشورات الاختلاف/الجزائر، ط1، 2011).

(**)(بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە چەمکی مۆدێرنیزم بڕوانە: هنری لوفيفر"ما الحداثة؟"ت: كاظم جهاد، دار ابن رشد للطباعة والنشر،1983).

ئیداری لەبری کۆنە شێوازەکانی سیستەمی فیوداڵی، جگە لە بەراییەکانی رێسا هەوەڵینەکانی زانستەکانی فیزیاوسروشتی، کە زادەی دەرەنجامە سەرتاکانی تەکنەلۆجیای پراکتیکین.لەسەر ئاستی رۆشنبیری لەو دوو سەدەیە هەرچی دینی بوو لە دنیایی جیاکرایەوە، بەمەش کلێسە لە کاروباری داهێنانی هونەریوزانستی دوورخرایەوە،

جا وێرای ئەمە مۆدێرنیزم زیاتر گوزارش بوو لە سەرەتاکانی جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی شارستانی

بۆرژوایی لیبرالیی بەجۆرێك کە لەوساوە بەردەوام بوو لە وەرچەرخانوفۆرمەڵەبوون لە شێوازە زێدە مۆدێرنەکان، لێ لە نێو چوارچیوەیەکی ئایدیۆلۆجی دەتوایەوە، کە بۆ هەر دیاردەیەك پاساوی حازربەدەستی خۆی پێبوو، هەروەها بۆ هەر شێوازێکی دژ ستایلی دەمجکردنودەستەمۆکردنی لە هەگبە دابوو، لەبەرئەوە ناکرێ باکگراوەندە ئایدیۆلۆجیەکە لەهەر هزرکردنێکی مۆدێرنیزم بەدوور بگرین، ئەو پێشکەوتنە تەکنیکیە بەردەوامەی زانستوتەکنیککاریودابەشمەندی گشتی کار رەهەندی ئەوتۆیان دا بە ژیانی کۆمەڵایەتی لەرووی گۆڕانکاریو ترازانی شیرازەی دابوکەلچەرە تەقلیدیەکان بەمەش گرژیی سیاسیوململانەی کۆمەڵایەتی هاتنەکایەوە بووە هۆی سەپاندنی پرۆسەی مۆدێرنیزم بەسەر دەوڵەتی هاوچەرخودامودەزگاکانی لەو جوغزەی ململانەی ئایدیۆلۆجی لە پێناو زەبتکردنی جومگەکانی کۆمەڵگەوجڵەوگرتنی.

مۆدێرنیزم بە بۆچوونی (جان بۆدریار) چەند خەسڵەتورەهەندێکی هەیە، یەکەمیان:رەهەندی تەکنیکی-زانستی، ئەو بووژانەوە بێسنوورەی زانستوتەکنیكونەشونمای ئەقلانیومیتۆدیانەی هۆیەکانی بەهەمهێنانوهەڵسووڕاندنیانوسیستمازەکردنیان نەخاسمە سەرەتای سەدەی بیستەم.

رەهەندی دووەم: خۆی لە چەمکی سیاسی مۆدێرنیزم دەبینتەوە، دەوڵەت بە شێوەیەك لە شێوەكان جۆرە فۆرمێك لە شێوەی دەستووروباری شكڵی تاك بەرجەستە دەكات بە ناونیشانی مۆڵكایەتی تایبەت، ئەم شێوازوباروموڵكایەتیەش (بونیاتی سیاسیانەی مۆدێرنیزم)ە، جگە لە ئەقلانیەتی بیرۆكراسیو بەرژەوەندی پەیوەست بە هۆشیاری تایبەتی تاكەكەس، جا هەیمەنەی دەوڵەتی بیرۆكراسی شانبەشانی پێشكەوتنی مۆدێرنیزم ئەویش نەشونمای كردو لەبەرئەوەی پەیوەستە بە بەرفراوانبوونی بواری ئابووری سیاسیوسیستەمەكانی رێكخستن ئەوە مۆدێرنیزم رووی لە گشت كەرتەكانی ژیانە بەمەبەستی گلدانەوەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیو بەئەقلیكردنیان بە پێی فۆرمە تایبەتیەكەی خۆی.

رەهەندی سێیەم خۆی لەوەدا دەبینتەوە بەو پێیەی(چەمكێكی سایكۆلۆجی)یە، لە رووبەڕووبوونەوەدا، پرەنسیپی كۆدەنگی خودان كاكلێكی سیحری یا دینی كۆمەڵگەی تەقلیدی.

لەگەڵ ئەوەشدا (بالاندیێ)پێی وایە پرسیاركردن لەمەڕ مۆدێرنیزم لە كرۆكدا پرسیارە لەمەڕ دەسەڵات جا چ دەسەڵاتێكی زانستی بێت یا دەسەڵاتێكی سیاسی، ئینجا(ئەوانەی باڵادەستن ئەو مافە دەدەنە خۆیان بەرپرسیارەتی مۆدێرنیزم وەئەستۆ بگرن، بەڵام پرۆتستۆكاران دژینە بەو پێیەی فریودەرو ونكەری كەسایەتی ئادەمیزادەوسەرچاوەی بەكۆیلەكردنیەتی).

بۆیە لە مێژووی بیروڕای خۆرئاواییدا نەخاسمە لە شەستەکان رەوتی فەلسەفیو زانستی پەیدابوونو رەخنەیان لە مۆدێرنیزم دەگرتو داوای هەڵوەشانەوەی ئەقلانیەتەکەیان دەکرد، دووبارە شەنوکەوکردنی تواناکانی ئەقڵو واتای وشەو شتەکان، ئەوانە(پۆست مۆدێرنیزم)بوون.

مۆدێرنیزم هەرچەندە هزرکردنە تەقلیدیەکانی وەلانا لە سەر گۆڕەپانی کرداری سیاسی و رۆشنبیری ئەوە(پرۆژەکەی بە کۆتا نەهاتووە)وەك (بۆل ریکۆر)ئاماژەی پێدەدات، ئائەمەشە پرسیارەکە لە چاوەڕوانی وەڵام دایە.

مۆدێرنیزم بە سێ بنەماوە بەستراوەتەوە (زاتیەت، ئەقلانیەت، زانستگەرایی) واتاکانی زاتیەت پەیوەستە بە فەلسەفەکەی هیگل، ئەقلانیەتیش بە چەمکە کۆمەڵایەتیەکەی لەگەڵ ڤیبەر دارێژرا، زانستگەرایش زادەی فەلەسەفەی کۆنت بوو، کە بەرەو پۆزەتیڤیزم ملی نا.

پرسیارێك لێرەدا دێتەپێش ئەویش ئەوەیە: ئایا مۆدێرنیزم لە قەیراندایە؟ بەڵێ.. هابرماس پێی وایە ئەو قەیرانە لەچەند خاڵێکدایە:

1-پرەنسیپی زاتیەت، قەیرانی سێنترالیزەکردن لەسەر خودووەلانانی ئەویدیکەو هەقیقەت زادەی تەنیا خودێکە.

2-پرەنسیپی ئەقلانیەت، ئەوەی پەیوەسەتە بە قەیرانی گۆڕینی ئادەمیزاد بۆبەشێك لە سروشت واتە(بەشتکردنی).

3-پرەنسیپی زانستگەرایی، لە نکۆڵیکردن لە راستیوهەقیانەتی هەر شێوازێکی مەعریفی، ئادەمیزاد دەکات بە یەخسیری دەست ئایدیۆلۆجیایەکی نوێ بەناوی زانستگەریی-تەکنیکی.

مشتومڕی مۆدێرنیزم بەردەوام بوو لە رووی فەلسەفیەوە فەیلەسووفانی ناودار وەك: کانت، فیختە، هیگل، مارکس، ڤیبەر، نیچە، هایدگەروسارتەر..تد، هەریەکەو بە پێی تێگەیشتنوهزروبیرکردنەوەی خۆی تاوتوی کردووەو ئەوپرسیارانەی داڕێژراون هەر یەکەو بەجودا وەڵامیان داوەتەوە، وێرای ئەو رەخنەیەی زۆربەیان لە مۆدێرنیزم ئەوە بیروهزریان لە مێژووی گشتی بیر جیانابتەوە، کە زادەی خودی ئەو مۆدێرنیزمەیە.

هەر کە بەرهەمەکانی هابرماس لەبارەی مۆدێرنیزم لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو پەیدابوون، ئیدی بەداکۆکیکەر لە پرۆژەی مۆدێرنیزم دانرا بەرووی ئەوانەی بەراشکاوی بە نەیاری مۆدێرنیزم یا پۆست مۆدێرنیزم ناونران.

هابرماس بەتەواوەتی بە رووی فەیلەسووفەکانی پۆست مۆدێرنیزم بۆوە، ئەو پێی وایە ئەوانە جۆرێکن لە رەوتی فەوزەویەتو رەگاژۆ لە کۆنسێرڤاتیزم.

هابرماس له میانەی تۆژینەوەکەی لەمەڕ ڕەگەزەکانی مۆدێرنیزم هەرەزێدە دەقە فەلسەفیەکانی خوێندەوەوشیکردەوە هەر له فەیلەسووفەکانی ڕۆشنگەریوکانت تا دریداوکاستۆر یادیس.

فەلسەفەی ڕۆشنگەریی خاڵی وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بوو سەبارەت بە ڕەوتی مۆدێرنیزم چوون ئەقڵ و ڕەخنەوپێشکەوتن بە خاڵی سەرەکیوپێویستی هەر مەعریفەیەكوهەر ڕێکخستنێکی دامودەزگایی دانران، بەمەش هۆشیاریەکی مۆدرن فۆرمەڵەبوو جەختی کردەسەر گۆڕانکارییو وەرچەرخانێکی بەردەوام.

هەروەها مۆدێرنیزموسیاسەت بەیەکەوە لکاون وەك لکانی نوێبوونەوە بە بەئەقلیبوونو پەیوەستی ئەو دوو ئاستە بە فۆرمەڵەبوونێکی کردەنی له میانەی دامودەزگاکانی دەوڵەتی مۆدرن.

مەبەستی فەلسەفەی ڕۆشنگەریی بریتی بوو له(ڕێکخستنی زێدە ئەقلانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی) بەڵام ئایا دەکرێ بەردەوام پابەند بین بەو دیدوهزرکردنانەی ڕۆشنگەران بەهەر شێوەیەك بێ ڕادەی نائومێدیوخواستیانومۆدێرنیزم به پرسێکی سەرنەکەوتوو لەقەڵەم بدەین؟.

ئەو پرسیارە لای هابرماس و بیرکردنەوەی ئەو شتێکی سەرەکییە، چونکە بیری خۆرئاوایی هەر له کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا مۆدێرنیزمی کرد بە بابەتێکی فەلسەفیوخۆی بەدوور گرت له(دووبارە بیناکردنەوەی گوتارێکی فەلسەفی لەبارەی مۆدێرنیزم)،

جا ئەو گوتارە زۆرجار لەگەڵ گوتاری ئیستاتیکا بەیەکدەگەنویەکتربڕن، وێرای ئەو پێکگەیشتنو ئەو یەکتربڕیە هابرماس بڕیاریدا لایەنی ئیستاتیکی لە فامکردنی مۆدێرنیزم دووربخاتەوە.

ئەو قۆناغەی هابرماس گرنگی دا بە پرسی مۆدێرنێتە سێ کاری سەرەکی دەگرتەوە:

1- کاری یەکەم بریتیە لەو وتارەی لەبارەی مۆدێرنێتە، کە لە فرانکفۆرت ساڵی (1980)وتویەتی بەبۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی تیۆدۆر ئەدۆرنۆو ساڵی (1981)لە ئەڵمانیا بەناوی(مۆدێرنێتە: پرۆژەیەکی بەکۆتانەهاتوو) بڵاوکرایەوە.

2- دانراوە بەشۆرەتەکەی(تیۆری کرداری کۆمەنیوکەیتڤ) (1981).

3-کتێبی(گوتاری فەلسەفی مۆدێرنیزم).

مایەی سەرنجە زۆربەی دەقەکانی هابرماس ئەوانەی بەم یا بەو رێگەیە بەرووی ئەقلانیەتومۆدێرنیزم دا دەچنەوە بەلای ماکس ڤێبەردا دەشکێنەوە تا رادەیەك دەکرێ بڵێین ئەوەی لەبارەی مۆدێرمیزمەوەیە لای هابرماس تا رادەیەکی دیاروبەرچاو سەرچاوەکەی ڤیبەرە، کە زۆر جاریش لە میانی ئەم تەوەرانەدا ئاماژەی پێدەدرێت.

وێرای ئەوەی رەخنە ئامڕازی سەرەکی بیرکردنەوەی هابرماسەولە دوو توێی رەوتی مێژوویی رەخنەگرانەی مۆدێرنیزمی فەلسەڤی

خۆرئاواییە، ئەوە هەرگیز قبووڵ ناکات دەستبەرداری پرۆژەی مۆدێرنیزم ببێ یا سازش بکات لەگەڵ رەوتە نائەقلانیەکان، ئەو پێی وایە مۆدێرنیزم دیاردەی نەساغونادروستی لە هەناودا هێنا پێویستیان بە دەستنیشان کردنو رەخنەیە، راشیۆنالیزمیش هزرکردنە تەقلیدیەکانی جیهانی وەلانا، لێ ناکرێ بڵێین مۆدێرنیزم پرۆژەیەکی شکستخواردووەوراشیۆنالیزمیش بێتواناییەکەی سەلماندووە لە رووی بەدیهێنانی خواستوویستی ئادەمیزادی نوێ.

گەرچی (خودییەت) یەکەمین بنەمای مۆدێرنیزمە، چونکە گشت پێوەرو راستیەکان بۆ خودی ئینسانی دەگەڕێنێتەوە، لێ مۆدێرنیزم لای هابرماس تەنیا فەلسەفەی خود نییە، چونکە کۆششە فەلسەفیە نوێیەکان کاراتر دەکات، کە هەوڵیان دا لە تەنگوچەڵەمەی خودیەتی دەرباز ببن.

پرسیارەکەی مۆدێرنیزم لای هابرماس لە ئاست تخوبی ئەقلانیەت ناوەستێ، هەروەها تەنیا ئامرازێك نییە بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگەومێژوو، هەروەك ماکس ڤیبەر پێی وابوو، بەلکە پرسیاری پەیوەندی نێوان مۆدێرنیزموئەقلانیەت پێویستی بە دووبارە دارشتنەوەیە لە سایەی ئەو وەرچەرخانە سەرەکیانەی بەسەر کۆمەڵگە نوێیەکان داهاتن، ئەو نوێکارییەی واتە(کۆمەڵە پرۆسەیەکی کەڵەکەبوو، کە بەیەکتریەوە تۆکمە دەبن، هەوەها بەمانای - کاپیتالیزەیشن- و گلدانەوەی داهاتەکانو گەشەپێکردنی هێزەکانی

بەرهەمهێنان‌و زێدەکردنی بەرهەم، هەروەها بەزانستی کردنی بەهاونۆرم).

بە رای هابرماس (تیۆری نوێکردنەوە-مۆدێرنیزەیشن)مۆدێرنیزم لە بنەماکەی جیادەکاتەوە واتە لە ئۆروپاوسەردەمانی نویٚ، وەك نموونەیەکی گشتی پرۆسەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی دەیخاتەڕوو سەر بەخۆ لە چوارچیوە زەمانی‌ومەکانیەکەی پیادەکردنی.

دووبارە چاوخشاندنەوە بە پرسی مۆدێرنیزم جا چ لەمەڕ رەوتی کۆنسێرڤات بۆ یا ئەنارشیزم ئەوە بە رای هابرماس پێویستە بۆ هیگل بگەڕێینەوە بۆ تێگەیشتن لە دەلالەتی پەیوەندی نێوان مۆدێرنیزم‌وئەقلەنە، ئەو دەلالەتەی تا هاتنی ڤیبەر بەدیهی بوو، ئەمرۆش مایەی گومان‌وپرسیارە، ئەو گەڕانەوەیەش بۆ هیگل لەبەرئەوەیە(یەکەمین فەیلەسووف بوو زۆر بە روونی چەمکێکی دیاریکراوی بۆ مۆدێرنیزم گەشەپێدا).

هابرماس پێی وایە خەسڵەتێکی گوتاری فەلسەفی مۆدێرنیزم ئەوەیە لۆمەو گلەیی هەیە لای فەیلەسووفەکانی مۆدێرنیزم هەر لە هیگلەوە تا مارکس‌و نیچەو هایدگەرو باتای‌و فۆکۆو دریدا، ئەو لۆمەیەش بریتیە لە خەتابارکردنی ئەقڵ بە پەیرەوکردنی پرەنسیپی سۆبێکتیڤیزم — گوایە ئەو ئەقڵە فۆرمە رووالّەتیەکانی ستەمکاری‌وچەوساندنەوە ئەو کاتە سەرزەنشت دەکات کاتیٚ زالّدەستیەکی نەگۆڕی خودی ئەقلانیەت بخاتە جێی، واتە

سۆبێکتیڤیزم ئامرازەکانی هۆشیاریورزگاربوون دەگۆڕێ بۆ ئامرازگەلی چاودێریوچێکردنی زاڵبوونێکی تاوێ شاراوەو تاوێ ئاشکرا.

چەمکی مۆدێرنیزم لای هابرماس رۆچوونێکی وجودیانەوتیۆریانەیە لەمەڕ بیرکردنەوەیەکی رامانئامێزانە لەبارەی مۆدێرنیزم جا چ بە مانا کانتیەکەی یا بە واتا ڤێبەریومارکسیستەکەی، مۆدێرنیزم بە واتا کانتیەکەی ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا دەخاتەوە بە پشتبەستن بە دیموکراسیەتێك تاك لەسایەیدا تارادەیەکی چاك پێگەیشتووە لەرووی بیریو سیاسییەوە، بەلای ڤیبەریش ئامڕازێکە لەمەڕ ویستێکی (وەزیفی) خودان سروشتێکی ئامڕازگەریی.

هاوکات چەمکەکە لای هابرماس بە بەراورد لەگەڵ چوار فەیلەسووفی مۆدێرنێتە ئەوانیش ((هیگلومارکسونیچەوهایدگەر))ن، بەو شێوەیەیە:

1-هیگلو پرسیارەکەی مۆدێرنیزم: هیگل یەکەمین فەیلەسوفە ، کە زۆر بەروونی چەمکێکی بۆ مۆدێرنیزم پەرەپێدا، هابرماس باس لەوە دەکات مۆدێرنیزم بۆتە پرسیارێکی فەلسەفی بۆ یەکەمجار لای یا لەسەر دەستی هیگل سەریهەڵدا، کاتێك گوتاری هونەری سەدەی هەژدەهەم سەروکاری بابەتی(نوێ/Moderne)ی دەکرد، لەو گوتارەیدا جەختی لەسەر جووڵانەوەوکرانەوە بەرووی ئایندەو ئەوەی دێت، دەکردەوە، تەنانەت چەمکەکانیشی لەبواری پێشکەوتن و گەشەسەندن

و شۆڕش، بیرۆكەی بزاوتوخێراییودەربازبوون لە كۆنورووكردنە نوێی هەڵگرتبوو، رابردوو لەو گوتارەدا تەنیا زیندانێك بوو وای پێویست دەكرد لێی رابكەیتوهەمێز بۆ داهاتوو بگریتەوە، نەك مانەوەوهێشتنەوەی، بۆیە ئێستا تەنیا داڵانێكی كاتیوخێرا بووە تەنیا هەنگاوێكی بچووك لە مەیانی پێشبڕكێ رووەو ئەوەی دێ، داهاتوو، بۆدلێر ئاوا وەسفی مۆدێرنیتە دەكات(ئینتیقالیو راكردوو و كتوپڕ) بریتیە لەو نیو هونەرەی نیوەی دیكەی لە ئەبەدیەتو هەمیشەیی خۆ دەنوێنێت.

هیگل چەمكی مۆدێرنیزم لە نێو جوغزی مێژوویی بەكاردێنێ بۆ ئاماژەكردن بە چەند چەردەیەك وەك (سەردەمی تازە)یا(سەردەمی مۆدرن).

هیگل لە كتێبی(فینۆمینۆلۆجیای رۆح)نوێگەری هەمیشە نوێبووەوە ئاوا وەسف دەكات: ئەستەم نییە سەرنج بدەین زەمانی ئێمە زەمانی لەدایكبوونوگواستنەوەیە بۆ قۆناغێكی نوێ، رۆح دابڕاو بووە لەگەڵ ئەو جیهانەی تاكو ئێستا وابووە لەرووی بوونو دیاردەكانی، ئەویش خەریكە ئەمانە گشتی لەرابردوو قووت دەدات. ئەو پشكپشك بوونە لەگەڵ هەڵاتنی خۆر دەوەستێ، بە خێرایی هەورە بروسكەش جیهانێكی نوێ دێنتە كایەوە.

لای هیگلیش هەروەك لای بۆدلێر مۆدێرنیزم رەهاو رزگاربووە لە كۆتەكانی رابردوو و نەریتەكانی رووەو داهاتووە، ئەو كرانەوەیە

بەرووی ئایندە لای هیگل بە چەند شێوازێکە ئەمەش بەو دیدەی گەشەی رەوتی رۆح، چوون رۆح لای لە رابردووەکی ئاستنزمەوە بەرەو ئایندەیەکی ئاستبەرزەوەیە یا لە حاڵەتێکی گەشەنزمەوە بۆ حاڵەتێکی زێدەگەشە تا دەگاتە پلەیەکی رەها، وەك هیگل وتەنی لە رۆحی زاتیەوە بۆ رۆحی مەوزوعی بۆ رۆحی رەها، (هەر ئەمەشە دیالیکتیکەکەی هیگل کە مارکس قۆستیەوەو بە ماتریالیزمەکەی فیۆرباخی گرێدا بووە ماتریالیزمی دیالەکتیك، ئەو دیالیکتیکەی ئایدیالیستانە بوو، مارکس پێی وابوو لەسەرسەر دەڕواو ئەو خستیە سەر پێیەکانی).

بەو رێگەیە هیگل دیالیکتیکە(هەڵکشاوەکەی)بیناکرد چوون رۆح رێرەوتەکەی ئەوکات بەکۆتادێ، کە لەرووی سیاسیەوە دەگا بە دەوڵەتومێژووش بەکۆتا دێ. هابرماس ئاماژە دەدات بە هیگل (لەرووی دیالەکتیکەوە- ego - یەکەم: ئەو یەکە پوختەیە سەر بە زات ناڕاستەوخۆ، بەدەر لە ناوەڕۆك، بەمەش گشتیانەیە. دووەم: (ego) راستەوخۆ فەردیە سلبی سەر بە زات، بوونێکی دیاریکراوی رەهایە، رووبەڕووی ئەویدیکەیەو وەلای دەنێ، کەسایەتیەکی فەردیە) پێی وایە هیگل نەیتوانیوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە لەبارەی گۆشەنیگای شوناسی(ego) هەروەك فیختە بە دارِژتنی هۆشیاریەکی زاتی هەڵکشاو، بەلکە تەنیا بە تیۆری رۆح، ئینجا رۆح ئەو بنەمایە نییە بۆ فۆرمەڵەبوونی بناغەی (سوبێکتی خود-زاتیەتی زات)لە

هۆشیاری زاتی، بەلکە ئامرازوهۆیەکە (من)لەگەڵ(من)ێکی دیدا بەیەکەوە بەردەوام دەبین، وەك پێناوێکی رەها هەردووکیان دەگۆڕێ بۆ دوو زات لەرێگەی ئالۆویریی، کەواتە هۆشیاری وەك سێنتەرێك چەشنی نوختەی بەیەکەوە گەیشتنی زاتەکانە، چوون بەبێ بەیەکگەیشتن زات نین.

هابرماس پێی وایە ئەو رووداوە مێژووییانەی پرەنسیپی (سۆبێکتیڤیزم)یان سەپاندووە لای هیگل خۆی لە(ریفۆرم)و رۆشنگەریی‌و شۆڕشی فەرەنسی دەبینتەوە.

2- مۆدێرنیزم لای مارکس: وێڕای راستکردنەوەی گەلەك بیروبۆچوون‌و چەمکی هیگلیی، لێ رۆحی دەربازبوون‌وپێشکەوتن‌وگەشەسەندن هەردەم زیندووە لای مارکس قوتابی هیگل، مارکس‌و ئەنگلز بەیەکەوە سروودێکی بەهێزو دەگمەنیان چڕی لەبارەی بزووتنەوەی مۆدێرنیزم‌وپەلەکردنەکەی لەیەکەم نوختەی تا دوایی‌ومانیفیستی کۆمەنیستیش بەهەمان شێوە گڕی بەردایە ئەو جۆرە نوێخوازیەو سووتاندنی هەر شتێکی دەوروبەری، چوون بونیاتی کۆمەڵایەتی هەڵدەچێت‌وناجێگیریی‌ونائەمنیەت باڵ دەکێشێ بەهۆی خێرایی بزاوتی مۆدێرنیزم، کە لەکۆمەڵگەی بۆرژوادا هۆکارەکانی هەڵچوون‌وقڵیشانەوەی بەدی دەکات، کۆدیتا بەردەوامەکەی

پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان‌وشڵەژانی بەردەوامی گشت ڕەوشە کۆمەڵایەتییەکان‌ونیگەرانی‌وکەفوکوڵی بەردەوام.

ئەمانە سیفەتی جیاکەرەوەی سەردەمی بۆرژوان، لێ ئەو هەڵچوونە تاهەتاییە نییە جارێکی دیکە دیالیکتیکەکەی مارکس هەروەك دیالیکتیکەکەی هیگل(وێرای وێنە ئاوەژووەکەی)لە بەرهەمهێنانی دژەکان لە قۆناغی هاتوودا دەوەستێ، بەپێی ئەدەبیاتی مارکسی لە کۆمۆنیزم دواوباڵاترین قۆناغەکانی سۆسیالیزم خۆ دەنوێنێ. ئەو ئیمیجە-دید/ی مۆدێرنیزم لای مارکس هەروەك لای هیگل وابوو جیا نییە لەرووی بیناکردنی جەدەلێکی(هەڵکشاو)لە قۆناغێکی ئاستنزمەوە بۆ زێدەبەرزتر هەنگاو داوێ بەو پێیەی ئەنجامێکی مەنتیقی ئەو کاروپرۆسەیە.

هابرماس پێی وایە ئەو چوارچیوە وتەزاییەی مارکس بەهۆیەوە گریمانە بنەڕەتیەکانی ماتریالیزمی مێژووی پەرەپێدا، پێویستی بە داڕژتنێکی نوێ هەیە، جا لێرەوە پەیوەندی هێزی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان پێویستە بگۆڕێ لە میانەی نوێکردنەوەی کاروکارلێککردن، بەهەرحاڵ هێشتا هەڵکشانە نەپساوەکەی هێزەکانی بەرهەمهێنان بەندە بە پێشکەوتنی زانستی رەنگە فەرمانی بەشەرعیبوون بگرتە دەست لەمەڕ کۆنترۆڵکردن‌و زاڵدەستی.

چاومان دایە سەیرورەی(ئەو بەئەقڵیبوونە لە سەرەوەڕا) تاوەکو ئەو نوختەیەی دەستپێکی زانستوتەکنەلۆجیا، کە لەوێوە ئایدیۆلۆجیا ئەلتەرناتیڤی ئایدیۆلۆجیای بۆرژوای داڕماوە، فۆرمێك وەردەگرێ لەشێوەی هۆشیاریەکی گشتی – وەزعی، بەو پێیەی هۆشیاریەکی تەکنۆکراتیە، هاوکات لەگەڵ رەخنەگرتن لە ئایدیۆلۆجیای بۆرژوایی گەیشتینە ئەو خاڵە: لێرەوەیە نوختەی دەستپێك لە پێناو دوالیزمی لێکدانەوە لەمەڕ چەمکی بەئەقڵیبوون، کردنەوەی گرێکۆڵەی ئەو دوالیزمە هەریەك لە هۆرکهایمەروئەدۆرنۆ بەو پێیەی دیالیکتیکی سەردەمی رۆشنگەرین، لە تێزەکەی مارکۆزە گەیشتنە چڵەپۆپە: چوون خودی تەکنیكو زانست دەبن بە ئایدیۆلۆجیا.(4).

قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵگە لای مارکس (ستێپ بای ستێپ) لە رابردوویەکی دەڵەمەدا بەرەو ئایندەیەکی پێگەییو هەنگاو داوێ، مارکسو هیگل خۆشنوود بوون بەوەی دێتو مۆدێرنیزمو گۆڕانو وەرچەرخانو گەشەسەندنیان پیرۆز کرد، هەروەها هەرچیەکی رابردوو سووتێنەرو ئایندە بەخشە، لای هەردوو فەیلەسووف دابڕانێك هەیە لەگەڵ رابردووو ئێرسەکەی.

هابرماس پێی وایە ئەو تێهەڵکێشیەی نێوان چەمکەکانی پیادەکردنو ئەقڵ، چالاکی بەرهەمهێنانو ئەقلانیەت لە تیۆری بەهای کاری مارکسیسزمدا دووبارە چاوی پیاخشایەوە – واتە لە تێهەڵکێشیەکەدا – نەخاسمە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەسەر

دەستی گرامشیو لۆکاچو ڕەوتی ئابووری، هەروەها دوو ڕەوت لە نێو مارکسیزمی خۆرئاوادا گەشەیان کرد، یەکەمیان پەیوەست بوو بە بیروبۆچوونەکانی ڤیبەر دووەمیشیان هۆسرەلو هایدگەر، پرسی مۆدێرنیزم لەو دوو ڕەوتەوەیە، ئەو ڕەوتەی لۆکاچو تیۆری ڕەخنەیی، ئەو ڕەوتەی مارکۆزی گەنج دەینوێنێ کاتێ زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەری فینۆمینۆلۆجیای هۆسرەلو هایدگەرو سارتەر.

3-نیچەو مۆدێرنیزمی نا ئەقلانیی: گەر هابرماس ڕای وایە ئەو سەر بە نەریتە شۆڕشگێرییەکانی ڕۆشنگەرییە بە جەختکردنەسەر ئەقڵانیەتورۆشنگەریی بریتیە لەوەی(پرۆژەیەکە بەکۆتانەهاتووە)ئەوە بێگومان خۆی ڕووبەڕووی ئەوانە دەبینتەوە، کە حەزوئارەزوویانە (گومان بخەنە بەر سەرکەوتنەکانی مۆدێرنیزم) لە سەرووشیانەوە نیچە.

هابرماس پێی وایە بە هاتنی نیچە بۆ نێو گوتاری مۆدێرنیزم کارەکان سەرەوژوور دەبنەوە، هەروەك مارکس نیچەش ڕازی نەبووە بەو واقیعەی سەدەی نۆزدەهەمی بۆرژوایی، کە ڕەخنەیەکی توندی لە ئەقڵانیەتی خۆرئاوایی گرت، کە سیحری دنیاوجیهانی ونکرد، نیچە دەرگەی لەبەردەم ڕابردووی دیۆنیزۆسی خستەسەر پشت، نەك بۆ گەڕانەوە بۆی، بگرە بۆ هانا بۆ بردنیو بۆ ڕزگارکردنی ئەو ڕۆحە ئۆروپیەی، کە ئەقڵانیەت ئەتکی کرد، ئا بەو جۆرە نیچە مژدەی گەڕانەوەی چاوەڕوانکراوی دیۆنیزۆسی خوداوەندی دا، کە ئۆروپا لە

دەست ئەپۆلۆ خوداوەندی ئەقڵوسیستەم، کە هەر لە سەردەمی سوکراتەوە باڵی بەسەر مێژووی ئۆروپا کێشاوە، رزگار دەکات.

لەو بڕگەیەدا دیقەت بدە تاچەند نیچە لە وەسفکردنی مۆدێرنیزم لە مارکسوهیگل نزیکە(کاتێك هیراکلیتس باس لە کاتوزەمان دەکات لە گۆشەی ترازانی لەهەر ئەزموونێکەوە ئەوە ئەو رێگەیەی هزرکردنی شۆبنهاوەریشە، بەو ئەندازەیەی هیراکلیتس دەڵێ هەر ساتێك لە ساتەکانی زەمەن تەنیا بە سڕینەوەی ساتی پێشووی بەدیدێ، ئەمیش بە هەمان خێرایی دەڕەوێتەوەورابردوو و ئایندەش دوو شتن هەروەك خەون وان ئێستاش تەنیا هێڵی جیاکەرەوەیە، هێڵێك نە پەلهاوێژەونەیەکدیگیر(5) لێ تاکەی ئەو سووتانە گەردوونییە هەڵایساوە و ئایا بەردەوام ئەو رەوتە تاهەتایە سرەوتنی نییە ؟.

ئەقڵی بەشەریی ناکارێ هزری بێکۆتاییەکان بکات کاتێك ئەو ناچارە لە ساتێك لە ساتەکان بزاوتەکە رابگرێ بە مەبەستی لەخۆ رامانو لە جیهان رامان، هەروەك لای مارکسوهیگل، لای نیچەش بەهەمان شێوە لێشاوی سەیرورە دەوەستێ بۆ ئەوەی دیسان خۆی دووبارە بکاتەوە بەتەواوەتی هەروەك بیرۆکەی گەڕانەوەی ئەبەدی(نیچە پێی وایە بیرۆکەی گەڕانەوەی ئەبەدی بە شێوەی سروشێکی کتوپڕانە یا وەحیەکی بەتۆفە، لە راستیدا ئەو بیرۆکەیە بەلای نیچە نامۆ نەبووە، لەئەسڵدا بیرۆکەی هیراکلیتسە).

هابرماس پێی وایە لەگەڵ نیچەدا(بۆ یەکەم جار رەخنەگرتن لە مۆدێرنیزم دەستبەرداری کرۆکە رزگارخوازیەکەی دەبێتەوە، ئەقڵی سێنترالیزە بەسەر خود بۆیەکەمجار رووبەڕووی ئەویدیکەی رەها لەمەڕ ئەقڵ دەبێتەوە...) لای نیچە کارەکە پەیوەستە بە لێکترازانی پرەنسیپی وەدەستخستنی تاکگەرایی، کە بوار رەخسێنە بۆ راکردن لە مۆدێرنیزم.

ئەو راکردنە لای نیچە دوو رێچکە یا گۆشەی هەیە:

یەکەمیان: جەخت دەکاتە سەر لایەنی ئیستاتیکای جیهان، کە خزمەت بە فەلسەفەی ویستی هێز دەکات، کە لە وەهمی بڕوا بوون بە هەقیقەت دەترازێ.

دووەمیشیان: گوایە نیچە رەخنە لە میتافیزیك دەگرێ.

کاتێك نیچە ئەو رەهەندانەی خستەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفیانە ئەوە بەمە چەند دەرگەی سەرەکی ئاوەڵا کرد وەك هابرماس ناوی ناوە(رەخنەی نیچەیی لە مۆدێرنیزم) کە زۆر کاری کردە سەر هایدگەروزۆربەی فەیلەسووفانی فەرەنسی بە هەردوو دیوەکەی لایەنی ئیستاتیکی بۆ جیهانورەخنە لە میتافیزیك.

4-هایدگەر رەخنەگری ریشەیی-نیچەییانە: یەکێکە لە فەیلەسووفە هەرە ئۆرگیناڵەکانی خۆرئاوایی، شانبەشانی نیچە لە رووی فیکریو رۆحیو ئەخلاقیەوە، کە بنەماکانی کۆمەلگەی خۆرئاوایین، رەخنە

دەگرێ، خاوەن دەستەواژەی تایبەت بەخۆیەتی بە هۆیانەوە گوزارشی لە بیروبۆچوونەکانی کردووە، لە کتێبە ناودارەکانی(کانتو کێشەی میتافیزیکیا/ 1929).

ئەو پێی وایە مێژووی میتافیزیکیای خۆرئاوایی ئیدی تەواو وەستاوەو کۆتایی هاتووە، بۆیە پێویستە فیکر بە کردەیی سەرنخوون بکرێتەوە تاوەکو بوونەوەر واتا واقیعیەکەی خۆی بەدەست بێنتەوە، لێرەدا ئەوەی گرنگە هابرماس هەردەم بایەخی داوە بە بیری هایدگەر، هابرماس گوزارش دەکات فەلسەفەی هایدگەرو هەڵوێستی دەهەمبەر سەردەمی نوێو هەقیقەتی وابەستەیی بە نازیزمو کاریگەری ئەو وابەستەییە بە بیروباوەڕەکانی(دوا دەقی هابرماس لەسەر هایدگەر پێشەکییەکی دوورودرێژە لە کتێبی"ڤکتۆر ڤاریا"یە لەبارەی "هایدگەرونازیزم"ی چاپی ئەڵمانیایی، 1988)، هەروەها گرنگ بوو بەلای هابرماس بۆ گفتوگۆکردن لەمەڕ گادامیر -کە یەکێك بووە لە هایدگەراییە کۆنسێرڤاتەکان- بۆ ئەو فەیلەسووفە بگەڕێتەوە.

هابرماس لە سونگەی داڕژتنی ناوەڕۆکی پێوەرانەی مۆدێرنیزم لە کتێبی (گوتاری فەلسەفیانەی مۆدێرنیزم)دا هەوڵی دا کولتووری هایدگەریی شەنوکەو بکاتو لێکهەڵوەشێنێتەوە بەو پێیەی درێژەپێدەری ئەو هەوڵانەی نیچەیە لەمەڕ کرانەوە گەوهەریەکانی فەلسەفە، چوون ئەو ئامانجەی نیچە بۆی تێکۆشا بۆ گەیشتن پێی بە هۆی رەخنەگرتنێکی گشتگیر لە ئایدیۆلۆجیا —ئەو رەخنەیەی لە

کۆتاییدا هەر خودیخۆی خۆی چك پیٚ دەکات- ئەوە هایدگەر ویستی لە ڕێگەی تێکشکانی هاوشانی میتافیزیکیای خۆرئاوایی پێی بکات.

سەرەتاکانی سەردەمی نویٚ بەتەواوەتی لە مێژووی رابردووی دابڕا وەك دیکارت شەنوکەوی کرد، کەچی نیچە بە رای هایدگەر مۆدێرنیزمێکی نوێیو هەنووکەییە.

بە رای هابرماس هایدگەر پێی وایە نیچە ساتەوەختێکی فیکریە موژدەبەخشی سەرەتایەکی جیاوازی مۆدێرنیزمی فەلسەفیە، گەر ڤاگنەر بۆ نیچە نموونەیەکی رۆمانسی یاخیبوونە لە سەرسەختی سەردەمی نویٚ ئەوە هۆلدرنی شاعیر بۆ هایدگەر نموونەی بەرجەستەکەری خوداوەندی نادیارە، لیٚ ئایا سووربوون لەسەر ئینتیمانەبوون بۆ مۆدێرنیزم جا چ لەلای نیچەوە بیٚ یا هایدگەر تاکە هۆیەکە بۆ ئەوەی لە رووی فەلسەفیەوە لە زاتیەتی نویٚ دەرباز ببیٚ؟ ئەو هۆیانە چین وایان کرد هایدگەر هەڵوێستێکی دژ بە مۆدێرنیزموەرەوتە مرۆییەکەی وەربگریٚ؟.

هایدگەر پێی وایە مێژووی ئادەمیزاد ناچار نییە هەروەك لای هیگل یا مارکس بچێتە ژێر باری ڕەوتوکاروانێك بەرەو ئامانجێکی رەهاوحەتمی ببات، چوون ناجێگیریی گەوهەری پەیوەندی ئادەمیزاد لەگەڵ بوون لە خودیخۆیدا وەك ناجێگیری بیٚ بەرامبەروچاوەڕوانەکراو دەمێنێتەوە، لێرەوە هایدگەر بێلایەنە لەهەر رەوتێکی ئینسانی جا سەرچاوەکەی هەرچییەك بێت، راستە

هایدگەر هەر لە گریکەوە بۆ مێژووی فەلسەفە گەڕاوەتەوە، چونکە پێی وایە سەرەتای مێژووی هەر بیرێك لە سەردەمی گریکدایە بەو پێیەی سەردەمێکە بوون-ی تیا دۆزراوەتەوە، نەخاسمە لەسەر دەستی ئەفلاتون، کە هەنگاونان لە بیر بۆ فەلسەفەی بەرجەستە کردووەو بە روونیش دەرگەی جیهانی میتافیزیکیای ئاوەڵا کردووە.

هەڵوێستی فەلسەفی هایدگەر لەمەڕ مۆدێرنیزم: شکۆدارکردنی ئەقلانیەتە، کە بەدەوری خۆی جیهانێك بەرهەمدێنێ بەبێ رەسەنایەتی، چوون ئەقڵی نوێ تەنیا رامان نییە لە بوون هەروەك لای گریکەکان وابوو، چونکە مۆدێرنیزم بوو دادگەی ئەقڵی دانا.

پرۆژە فەلسەفیەکەی هایدگەر داوای رەتدانی هەیمەنەی میتافیزیکیاوترازانە لە سێنترالیزەیی ئەقڵ، لێ(ئەقڵ دوژمنی کوشندەوسەرسەختی فیکرە).

رەخنەکەی هایدگەر لە مۆدێرنیزم بریتیە لە هەڵوێستی سیاسی، چونکە خودی سیاسەتی نوێ بەرهەمی ئەقڵی نوێیە، کە تەکنیکی خستۆتەوە، ئینجا بەهەڵستی تەکنیك وەك کاکڵێکی میتافیزیکی و لەبیرکردنی بوون بەرهەڵستیەکە دژ بە بونیاتی سیاسی، کە تێوەگلانی ئەقڵ رێکدەخات و فۆرمەڵەدەکات و پراکتیزەکردنی زانستیش بەرنامەڕێژ دەکات، هایدگەر پێی وایە زانستی نوێش ملکەچی شێوازە تەکنیکیەکانە.

سەردەمی نوێ جا چ (سەردەمێکی نیوکلیاری)بێ یا بەرجەستەکەری شارستانیەتی بەکاربەریی ئاوا لەقەڵەم دەدرێ مرۆڤایەتی گەیشتۆتە قۆناغێك گەرەکیەتی خاوەنی گشت بوونەوەر بێت بەهۆی جڵەوگریی گشت هێزو تواناو وزەکانی سروشتی لەوانەش وزە تێکشکێنەرەکانی.

هەڵوێستەکانی هایدگەر لەمەڕ مۆدێرنیزمو تەکینك هەڵوێستی بیرمەندانی تیۆری رەخنەییمان وەبیردێننەوە، جیاوازیەکەش ئەوەیە هۆرکهایمەرو ئەدۆرنۆو مارکۆزە خواستوویستو هەنگاویان رووەو ئاینده بوو و هەوڵیان بۆ جیهانێك دەدا تاکەکەس تیایە ئازادیەکەی بەدەست هێنابایەوە، لێ هایدگەر بەناوی رۆمانسیزم رەخنە لە تەکنیك دەگرێ بەجۆرێك زیاتر بەلای رابردووی دەشکێنتەوە لە ئاینده.

هەڵوێستی رەخنەیی بیرمەندانی تیۆری رەخنەیی دژ بە مۆدێرنیزمو کۆمەڵگەی پیشەسازی لەسەر ئاستی گشتی نزیکە لە هەڵوێستەکەی هایدگەر، لێ ئەو رەخنەیە لای هابرماس رەهەندی دیکەی هەیە چوون لە رووی تیۆریەوە جارێکی دیکەی دادرێژتەوە بە گوێرەی پرسی - ئیستیلاب- لای لۆکاچوتیۆری راشیۆنالیزەیشن لای ڤیبەرو ئەوانیدیکە.

هابرماس پێی وایە هزرکردنێکی (تەئەمولیی) ئاقڵانەی جیهان دەبێتە هۆی فرە لێکدانەوەوشیکردنەوەی ئەم جیهانە، لەبەرئەوە

هاودەنگیەکی بەردەوامیی - زمانەوانی - دەبێ جێی دەسەڵاتێ بگرێتەوە، کە لە هزرکردنە تەقلیدیەکانی جیهان سەرچاوەی گرتووە، بەمەش پرەنسیپەکانی مەعریفەو کارلێککردنی کۆمەڵایەتی لەلایەن دەسەڵاتێکی -فەوقی-یەوە ناسەپێنرێ، بەلکە زادەی دیالۆگێکی رۆشنئامێزە، جا ئەو رێککەوتنە دیموکراسییە ئازادبوونو پێگەیشتن دەسەلمێنێو گشت وزەو توانا ئەقڵیەکانیش رزگاردەکاتو دەبتە هۆی سەربەخۆیی.

هابرماسو هایدگەر لەوەدا کۆکن، سەردەمی نوێ –گەر شیا بلێین-نا ڕەسەنە، بەهۆی ئەو ئایدیۆلۆجیایەی سەردەمو نائومێدی – نوێ، مۆدرن- دژ بە سەرکوتکردنی رەگەزەکانی رای گشتی ئەوە هەریەك لە هابرماس و هایدگەر بە رێگەی خۆی بەدیاری دەخەن، کە خەڵکی دەتوانن بەدەستی خۆیان چارەنووسی خۆیان دەستنیشان بکەن بە سەرزەنشتکردنی دیاردەکانی فریودانی بوونو ئەو (تەواسولەی) کۆمەکی ئایدیۆلۆجیای زاڵدەست دەکات، لێ هابرماس لە هایدگەر جیایە لەمەڕ چەمکی ئەقڵ، هەروەها بە شێوەیەکی رەها سەرزەنشتی تەکنیك ناکات، چونکە وەك زادەی راشیۆنالیزمو داهێنانی مرۆیی ئەوە هێزی هەڕەشەکردن نییە تەنیا ئەوکاتە نەبێ ئەگەر بوو بە ئامڕازێك بۆ سڕینەوەی (جۆری رەگەزی بەشەری) یا نامۆ بوونی.

هایدگەر پێی وایە تەکنیك میتافیزیکیایەکی نوێیە ڕەتدانیشی بە ڕەتدانی تەکنیکە، کاتێکیش دژ بە ئەقڵ‌و تەکنیکە ئەوە بەشێوەیەکی سەرەکی ڕەخنە لە لایەنە ئامرازگەریەکەی دەگرێ.

هایدگەرو هابرماس لەو خاڵەدا کۆکن لە سەرزەنشت کردنی ڕاشیۆنالیزمی ئامرازگەرایی، لێ لە شێوازو ڕێگەکانی ترازانی جیاوازن، هایدگەر بۆ چالاکی ستاتیکی‌و زمانی لیریك‌و بیری بەر لە سوکرات دەگەڕێتەوە، لێ هابرماس پێی وایە ئەخلاقی(تەواسولی)و دیالۆگێکی ئەقڵی سەلماندنئامێز لە چوارچیوەی تیۆرێکی ڕەخنەیی بۆ کۆمەڵگە دەکارێ تاك‌وکۆ لە گشت شێوەکانی هەیمەنە رزگار بکات جا چ تەکنیکی بێ یا سیاسی.

بەهاوگرنگیەکەی فەلسەفەکەی هایدگەر لە هێزی(حجەت)و بەڵگەکانی سەرچاوەی گرتووە، گەرچی ڕەخنە لەو ئامرازە دەگرێ، کە بەرهەمهێنی ئەو بەڵگانەن، لەبەرئەوەی هایدگەر فەیلەسووفێکی داهێنەرەو دیدێکی فەلسەفی بیناکردووە نەیاری مۆدێرنیزم‌و هەڵگری جیاوازیە.

هایدگەر پێی وایە گشت تیۆرەکانی پێشووی ئەنتۆلۆجیا کەوتونەتە هەڵەوە گوایە: ئامراز تەنیا شتێکی ئامادەیە، لێ لە ڕاستیدا (شتێکە- لە- بەر-دەست)دایە، ئەو هەڵەیەش بە روونی لای دیکارت دیارەنەخاسمە(لە تیۆرەکەی لەبارەی -ئیمتیداد)واقیع، ئەو(وجودەی-کە-لەبەر-دەست)دایە هەرگیز سەرچاوەکەی تەنیاوتەنیا ئامادەگیی

نییە، بەپێچەوانەوە (ئامادە)هەمیشەوهەردەم(ئامادەیەوبەس)بەمەش ئامادەیی بەبێ بوونی ئامڕاز ناتەواوە واتە لە بوونی(ئەوەی-لەبەر-دەست)دایە.

## 1 - هابرماس و مۆدێرنیزمی هەڵگەڕاوە

پاش خستنەڕووی ئەو چوار نموونەیەی مۆدێرنیزم بەو پێیەی هۆشیارییە بە زەمان واتە کرانەوە بەرووی هاتووودابڕان لە رابردووو نەریتەکان، داخوا هابرماس چۆن لە مۆدێرنیزم گەیشتووە؟ هابرماس هەردوو دانراوەکەی(گوتاری فەلسەفیانەی مۆدێرنیزم)و(مۆدێرنیزم: پرۆژەیەکی بەکۆتانەهاتوو) بۆ ئەوە بووە تا پرسی هۆشیاریی بە زەمەن یەکلابکاتەوە بەو پێیەی کرانەوەیە بەسەر تازەودابڕان لە کولتورو نەریت(ترادیسیۆن) ئەمەش نەك بەتەنیا لەگەڵ هیگل‌ومارکس بگرە بەتایبەتی لەگەڵ بیروبۆچوون‌ورەوتی نیچەش، کە رۆڵێکی شۆڕشگێڕی دا بە هونەر بەجۆرێك هەرگیز لەگەڵ بیروباوەڕی هابرماس رێکنایەتەوە لەرووی ئاشتەوایی لەگەڵ واقیع بە پێوەرە تارادەیەك جێگیرەکان و بەو نەریتانەی بە رای هابرماس(جیهانی گوزەرێنراو) فۆرمەڵە دەکەن.

هابرماس رەخنە لەو هۆشیارییە ئیستاتیکییە بە زەمەن دەگرێ: بە جارڕدانی نیەت‌ومەرامی لە تێکشکاندنی نەسرەوتنی مێژوو، فەوزەویەت هێزە تێکشکێنەرەکانی هۆشیاریی جوانی-ئیستاتیکا-

ئاشکرا دەکات، دژ بە ئاسەوارە نۆرماتیڤیەکانی ترادیسیۆن، کە هێزەکەی لە یاخیبوونی دژ بە هەر پێوەرێك سەرچاوەی گرتووە، هاوکات خێری ئەخلاقیوسوودوکەلکی زانستی پووچەڵ دەکاتەوە.

ئەو هۆشیارییە ئیستاتیکیایە بە زەمەن ئەو شەبەحەیە، کە هابرماس لە هەر لایەك دژایەتی دەکات جا چ لای نیچە یا هایدگەر یا باتای یا فۆکۆ یا دریدا تەنانەت لای هۆرکهایمەروئەدۆرنۆش، ئەوەی مایەی سەرنجە نەبوونی تۆژینەوەیە لەبارەی جوانناسیو هونەر لە نووسینەکانی هابرماس لە کاتێك لای نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت زۆر بەرچاو بوو، بەپێچەوانەی فرانکفۆرتییەکانی پێش خۆی هابرماس وێرای فرەبەرهەموکاروکردەوەکانی تەنانەت کتێبێکیشی بۆ کێشەی هونەروئیستاتیکا تەرخان نەکردووە لەکاتێك هونەر کردەیەکی شۆڕشگێڕانە بوو، پەناگەی هیوا رۆحییەکانی هۆرکهایمەرو ئەدۆرنۆو مارکۆزەو بنیامین بوو.

هابرماس جەخت لەسەر ترادیسیۆن دەکاتەوە دەهەمبەر جدیەتو بەهاو دابەکان دەهەمبەر گۆڕانو وەرچەرخان، با ئەو قسەیەی هابرماس بخوێنینەوە لەگەڵ هزرکردنەکانی مۆدێرنیزم بەراوردی بکەین: رۆشنبیران بە رێزنەگرتنیان لەو دەسەڵاتەی خۆی لە داوودەزگە بەهێزەکانونەریتە میللییەکان دەنوێنێ مەترسین بۆ سەر ئەو هاوسەنگییە شلۆقەی، کە دەبوایە مۆدێرنیزمێکی ناجێگیر شلەژاو

بیدینێ لە کۆمەڵگەیەکی بە ئەقڵانی کراوو ئەو دەسەڵاتە جێگیرانەی، کە لە دین‌ودەوڵەتی بەهێز بەرجەستەنە.

تیۆرەکەی هابرماس لەمەڕ کرداری (کۆمەنیوکەیتڤ) لەسەر داڕژتنی پەیوەندییە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵچنراوە، کە لە نێوان تاکەکەسەکانی کۆمەڵەکە دا هەن، ئەمەش جۆرێك لە سەقامگیریی کۆمەڵایەتی‌ونەریتە تایبەتەکانی گەرەکە، ئەو کاتێك باس لە دیالۆگکاران لە کردەی (کۆمەنیوکەیتڤ) دەکات وایان وەسف دەکات:

ئەوان لە ئێستاوە زادەی ئەو ترادیسۆنەن، کە کۆمەڵەوگرووپی ئەوتۆی تیایەو سەر بە ئەو نەریتانەن، هەروەها رەوتی کۆمەڵایەتی لە نێویدا فۆرمەڵە بووە، بەراستیش پێویستە زەمانەتی بەردەوام بوونی نەریتە رۆشنبیرییەکان بکرێ، هەروەها بەیەکەوە ئیندیماجی گرووپەکان بەپێی کۆمەڵە پێوەروبەهایەکی دیاریکراووپێگەیاندنی نەوەکانی داهاتوو، پێگەیاندنێکی کۆمەڵایەتی. داخوا چۆن بیرێك ترادیسیۆن شکۆدار بکات بیرێکی مۆدێرنیزمانەیە؟؟.

هابرماس مۆدێرنیزمی وەك رێگەیەکی بیرکردنەوە لەمەڕ بزاوت‌وکرانەوەو سەردەمی رۆشنگەریی، کە شارستانیەتی ئۆروپایی تیا بوو بەیەکەوە کۆکردەوە، مۆدێرنیزمی هابرماس سەیری پشتەوە دەکات‌و روو لە پێشەوە ناکات پاش ئەوەی لای ئەو بەتەنیا چەردەیەکی زەمەنی بوو لەو مێژووە لەبری ئەوەی هۆشیاری بێ بە زەمەن‌وکرانەوە بەرووی نوێکاریی.

کاتێك شۆڕشی قوتابیان لە ساڵی (1968) بەرپابوو هربەرت مارکۆزە بووە سروشبەخشی قوتابیانی گۆڕانخوازو گۆڕینی ڕەوشە کۆمەڵایەتیوپەروەردەییوسیاسییە نەویستراوەکان.
لێ هابرماس وانەبێژ بوو(بۆ خەڵکێکی کەم) گوایە داوای ڕێزگرتنی دامودەزگاکانی دەوڵەتی کردووە.

## 2- دیدی فەلسەفیانەی مۆدێرنیزم

هابرماس بەو پێیەی هەر لە نووسینەکانی بەرایدا هەوڵی بۆ تبۆرێکی فەلسەفی بوو بۆ مۆدێرنیزم بۆ(گوتاری فەلسەفی مۆدێرنیزم)ئەوە ڕووی لەو فەیلەسوفانە بوو، کە ڕێخۆشکەربوون بۆ داڕژتنی تیۆرێك بۆ سەردەمی نوێ، هەروەها چۆنیەتی سەرهەڵدانی هەر سێ ڕەوتە بنەڕەتییەکەی مۆدێرنیزمی ڕوون کردەوە کە لیبرالیزمی کۆنسێرڤاتوفەلسەفەی پراکتیكوپۆست مۆدێرنیزم بوون، لێ ئەوەی تاڕادەیەك لای لێنەکردەوە ڕەوتی لیبرالیزمونیوکانتیی بوو، کە لە تیۆرەکەیدا بایەخی پێدان.

هابرماس هەمیشە لە نووسینەکانی جەخت دەکاتە سەر ئەوەی گەرچی ڕەخنە لە مۆدێرنیزموئەقلانیەت دەگیرێ و وێرای هەندە ئاکامی تراجیدی ئەقلانیەتی تەکنیکی، ئەوە ناکرێ دەستبەرداری ئەقڵ ببین، ئەقڵ بەوپێیەی (بابەتی بنەڕەتی فەلسەفەیە)هەمانکات

ئەو ئامرازە هاوبەشەشە، کە ڕەوتوڕێبازە فەلسەفییەکان بەکاری دێنن بۆ بیرکردنەوە لە بوونەوەرولێکدانەوەی ئەزموونە جیاجیاکان.

کەواتە فەلسەفە بوارێکی فیکریە ئەقڵ لای ئامرازێکی بیرکردنەوەیە لە شتەکانو وشەکانو زەمەن، هاوکات دادگاییکردنی دەرەنجامەکانی ئەو بیرکردنەوەیە.

ئەقڵ لە مێژووی بیری خۆرئاواییدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە جا چ لە رووی پشتیوانیکردنی یا ڕەتکردنەوەی ئاکامەکانیوسەرزەنشت کردنی رەنگدانەوە زانستیەکانی، تەنانەت ئی وا هەیە پێی وایە فەلسەفەی نوێ درێژەپێدەری کولتووری ئەقڵی گریکیە.

لە میانی رەخنەگرتن لە ئەقڵ، هابرماس لە گفتوگۆیەکی قووڵە لەگەڵ میشیل فۆکۆ لە مەڕ بەسەرکردنەوەی ئەو پرسانەی فۆکۆ رەخنە لە ئەقڵی خۆرئاواییوفەلسەفەی خود دەگرێ، بەگشتی رەخنەگرتن لە مۆدێرنیزموهەڵوەستە کردن لەسەر ئەو کەموکوڕیانەی تیۆری دەسەڵات لای فۆکۆ، هابرماس کاردەکات بۆ رەتدانی ئەو رەخنەیەی دژ بە فەلسەفەی خود بەهۆی تیۆری کرداری (کۆمەنیوکەیتڤ).

میشیل فۆکۆ هەوڵێکی زۆریدا لە رووی رەخنەگرتن لە ئەقڵی خۆرئاوایی و داماڵینی کەموکوڕییە سوڵتەوییەکانو گشت شێوازەکانی هەیمەنە، سەلماندوویەتیشی کە ئەو ئەقڵە شتێکی مەعریفی تاکوتەرا نییە، مایەی بەدیهێنانی ئازادی نییە وەك بەڵێنی پێداوە، بەڵکە

گلاوەتە نێو مومارەسەی هێزوهەیمەنەودەسەڵات، ئەو دەسەڵاتەی هەموو شتێك كۆنترۆڵ دەكات، گشت هەبوونێكی كۆمەڵایەتی بەشەر.

لێرەدا دەبینین رەخنەكەی فۆكۆ لەبنەڕەتەوە رووە و زانستە مرۆییەكانەو هەوڵێكە بۆ پەردە لەسەر لادانی، بە سەلماندنی بنەما سوڵتەوییەكانی لەرێگەی ئەوەی ناوی ناوە زانستی بنەماكانی مەعریفەومێژووناسی (رەچەڵەك-نەسەب) هەر لە نووسینەوەی مێژووی شێتایەتی لە سەردەمی كلاسیكی(1961) فۆكۆ جاڕی بەرهەمهێنانی رەخنە لە ئەقڵی دا، شێتایەتی دیوی دووەمی ئەقڵە، دیوە پەراوێزكراوەكە، جێگەی راستییە نهێنییەكانەو فەرمانی وەك ئاوێنە وایە بە گاڵتەوە ماسك لەسەر شێوازەكانی لاوازی مرۆیی دادەماڵێ.

فۆكۆ كارەكانی لەرێی مێژووناسی (نەسەب) كاری لەسەر لێكۆڵینەوە كردووە لەمەڕ بنەما بەراییەكانی سەرهەڵدانی زانستە مرۆییەكانودۆزینەوەی بەراییە كتوپڕەكانی پێكهاتە تیۆرییەكانوشیكردنەوەی فرەلایەنەی بەروارە كردەییەكانی سەرچاوەكەوشیكردنەوەی رووالەتی شوناس، واتە لەوێ چوون نەفس گوایە بانگەشەی یەكگرتن دەكات، لەوێ دەدۆزرێتەوە، (ego) بۆ خودی خۆی شوناسە یا یەكدیگرییە.

فۆكۆ جەخت دەكاتە سەرئەوەی زانستە مرۆییەكان لەبری ئەوەی رزگاركەری ئادەمیزاد بن، ئەوە بەپێچەوانەوە كاری كرد لەسەر

تەبریری زانستی بڕیارە تەشریعیەکانو پرۆسە پۆلیسیەکانو ڕێنماییە پەروەردەییەکانو پرۆتستۆکارییەکان، هەروەها سزادانو شێوازەکانی دیسپلینو دەستەمۆکاریی جەستەیی‌و زیهنی، ئەو پرۆسانە واتە دەستتێوەردانی دەسەڵاتەکانی ئیندیماجی کۆمەڵایەتی بە تەونی سروشتی تاکەکەسەکان ئا ئەمەیە زانستە مرۆییەکان، دەروونناسی ئیکلینیکیو کۆمەڵناسیو پەروەردەناسیو زانستی سیاسەتی هەرە ئەنترۆپۆلۆجیایی رۆشنبیریی بەرای فۆکۆ ئەمانە ئەو ئامرازانەی میدیان لە بەراییو پاڵپشتی ئەو سەیرورە رارایەی ئەو ئیندیماجە کۆمەڵایەتیەن، واتە لەواقیعدا رەوشەکە لە سایەی ئاماژەی دەسەڵاتدایە.

فۆکۆ زۆر بە قووڵی ئەو رێگەیەی شیکردۆتەوە، کە دامودەزگەکانی پەناگەوعیادەی دەروونیونەخۆشخانەی پێ دامەزراوە هەر لە سەدەی حەڤدەهەمەوە لەگەڵ لێشاوی بەربڵاوی گرتن(1659)تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، ئەوە ئەو خانانەی گرتن بوون بە دامودەزگەی داخراوی ژێر سەرپەرشتی پزیشکی بۆ ئەوانەی بەبێ تەشخیسی پزیشکی نەخۆشی ئەقڵین، پاشان پەناگەکە پاککرایەوەو کرایە دەزگە، ئەمەش هەروەك کارگەوزیندانومۆڵگەوفێرگەی مەدەنیوسەربازی وایە.

ئەو دامودەزگایانەی جیاکارییە سروشتیەکان وەلادەنێنو وا گوزارش لە ئەقڵ دەکەن بەو پێیەی دەسەڵاتی رێکخستنە تەنیا بەوەندە ناوەستێ بە سەپاندنی یاساکەی بەسەر شێتایەتی، بگرە لەمەودوا

ڕەتی دەکاتەوە نەك لەمەڕ پێداویستییە ئۆرگانییە سروشتیەکانی تاکەکەس، بەڵکە لەمەڕ تێکڕای دەستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵەکە، ئەو روانینە روانینێکی زاتی ئەقڵانییە سێنترالیزە بەسەر خودیخۆی، ناشتوانێ لەو گۆشەگیرییە تاکەکەسیەی درك بە زاتەکانی دیکە بکات، یان وەك ئەو شتانە نەبێت لەرێگەی سەرنجێکی هەڵچووناویەوە درکی پێدەکرێ، ئائەمەشە ئەو بونیاتەی کاری کرد بۆ پەیدا بوونی زانستە مرۆییەکان.

فۆکۆ بەپلەی یەکەم لە رووی رەخنەگرتن لە مۆدێرنیزم تەرکیزی کردە سەر پرسی دەسەڵات، لێ لێرەدا بەپێی پێویست پاساو نین بۆ بەکارهێنانێکی مەنهەجیانە، گەریش کاریگەری نیچە بەسەری و پەرەلێڵی لەتەك سیاقی سیاسیو ئەو نائومێدیەی پاش شکستی رووداوەکانی (1968)پاساوێکی زاتی دێنتەوە بۆ ئەو شێوازە لەمەڕ هزرکردنێکی زانستی مێژووی زانستە مرۆییەکان لەوەی پەیوەستە بە رەخنەگرتن لە ئەقڵ، لێ ئەمە پاساوێ نییە لەمەڕ بەکارهێنانی تایبەتی ئەو چەمکە، چەمکی دەسەڵات، کە فۆکۆ بەهۆیەوە پرۆژە دژیەکیەکەی ڤورستر دەکات، ئەو وەرچەرخانەش رووەو تیۆرێ لەمەڕ دەسەڵات بەپێی هابرماس دەبێ ئاوا فامبکرێ وەك یا چەشنی هەوڵێکی لە ناوەوە تەکانپێدراو بۆ بەزاندنی ئەو گیروگرفتانەی بەرووی فۆکۆ کراونەتەوە پاش ئەوەی لە کتێبی(سیستەمی گوتار)پرۆژەیەکی چێکرد، مەبەستی بەرزرکردنەوەی ماسکە لەسەر

زانستە مرۆییەکانو ئەمەش تەنیا  بە هۆی ئامرازەکانی شیکردنەوەی گوتار.

بە رای هابرماس چەمکی دەسەڵات لای فۆکۆ لە رەخنەگرتن لە میتافیزیکیاوە سەرچاوەی گرتووە، لێ ئەو بەسەر گشت سەردەموگوتارەکاندا پیادەی دەکات، تەنانەت گەر ئەو گوتارانە چ پەیوەندیەکیشیان بە هەقیقەتەوە نەبێت، لەبەرئەوە چەمکی دەسەڵات ناڕوونە، هەروەها هابرماس سەرنج دەدات خودی چەمکی دەسەڵات سەر بە فەلسەفەی خود-ە، چوون فۆکۆ تەنیا پەیوەندی نێوان دەسەڵاتوهەقیقەت سەرنگون دەگات، ئەگەر چەمکی هەقیقەت مەرجێك بێ لە مەرجەکانی سەرکەوتنی کارێك ئەوە دەسەڵات هەم کار لە هەقیقەت دەکاتو هەمیش دەیگونجێنێ/دەیسازێنێ.

بە رای هابرماس گەڕانەوەی فۆکۆ بۆ کانت خزاوەتە نێو مۆدێرنیزمێکی فەلسەفیانە، کە فەلسەفاندن بە هەنووکەوە دەلکێنێ.

لە کتێبی(پەیڤەکانوشتەکان-1966) فۆکۆ لە شێوازە نوێیەکانی مەعریفەی کۆڵیوەتەوە، هەروەها لێرە لە مێژووی بیری نوێ فۆکۆ ئاماژە بە دوو چەردە دەدات ئەوانیش گواستنەوە لەسەردەمی رێنیسانس بۆ سەردەمی کلاسیکیو لە سەردەمی کلاسیکی بۆ سەردەمی مۆدێرنیزم، گەر بیری رێنیسانس مەحکوم بێ بە وێنەیەکی گەردوونیی بۆ جیهان، چوون بکرێ شتەکان بەپێی پەیوەندییەکانی هاوشێوەیی یا بەپێی فۆرمەکەی رێکبخرێ، کاتێك ئەقڵانیەتی سەدەی

حەڤدەهەم سیستەمێکی جیاواز زۆر جیاواز لە نێو شتەکان چێدەکات بەپێی (تەسویروتەسنیف/تصویر وتصنیف) لە رێگەی ئەو زمانەی بە هۆیەوە (تەسەور بە متەسەور/تصور بالمتصور) دەبەسترێتەوە، هەروەها زاتو شتە (متەسەور)ەکە پێگ دەگەن، لەگەڵ سەردەمی مۆدێرنیزم مۆری میتافیزیکی تێکدەشکێ، کە هاوسانی نێوان زمانوجیهانی لەخۆگرتووە، چوون دەبێ زاتی (متەسەور)، بۆ ئەوەی بەرروونی لە سەیروورەدا ئیشکالیەتی (تەسەور)ی زاتی خۆی ببینێ، بگۆڕێ بۆ بابەتوچەمکی (تەفەکوری-تفکری) زاتی بگەڕێتەوەوپەیوەندی زاتی (متەسەور)ە بە زاتی خۆی وەك تاکە بنەمای شێوازەکانی یەقینو ئادەمیزاد لێرەدا دەبێ سیستەمێك بۆ شتەکان چێبکرێ هەر لەو ساتەوەختەی هۆشی بە هەبوونیەتی خۆی بکات وەك بوونێکی سەربەخۆوبێکۆتایی لەیەککاتدا.

لێرەوە کانت دێت بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە بکات بە پرنسیپی بیناکردنی تیۆرە تێروتەسەلەکەی لە مەعریفە بە گۆڕینی تخوبی مەلەکەی مەعریفەی بێکۆتایی بۆ مەرجگەلی بێکۆتایی بۆ مەعریفەیەك بۆ تاهەتایە هەنگاوداوێ، جا لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا مۆدێرنیزم دەست پێدەکات، لەو خاڵەوە فۆکۆ رەخنە لە مۆدێرنیزم دەگرێ بەو پێیەی زۆر زاتیانە وەسفی (تەناقز) دەکات، سینترالیزەیی بەشەری بۆ مەعریفە، زاتێکی بێکۆتایی بەسەر زاتەکەی بەرزتر دەبێتەوە لە بێکۆتاییدا، ئەو ویستە لە مەعریفەدا یا ویستی

هەقیقەت لای فۆکۆ کلیلی پەیوەستی ناوەکی نێوان مەعریفە (Savoir)و دەسەڵاتە (Pouvoir) لێ فۆکۆ دەکەوێتە گریمانەیەك لە میانیدا ئەو ویستە تایبەتە بە مەعریفە، کە فۆرمەڵەکاری زانستی نوێیە، دەگشتێنێ. ئینجا هابرماس دەچێتەسەر نالەبارییەکانو کەموکوڕیە تیۆرییەکان لەمەڕ دەسەڵات.

یەکەمیان: ئەو نزیکیەی نێوان ئارکیۆلۆجیاو رەخنەگرتن لە میتافیزیکیا لای هایدگەر، ئەمەش وای لە فۆکۆ کرد بەیەکجاری واز لە چەمکی تایبەتمەندییە مەعریفییەکان(شێوازەکانی مەعریفە تایبەت بە هەر سەردەمێك، سەردەمی رینسانس، کلاسیك، نوێ)بێنێ.

دووەمیان: فۆکۆ کاریگەری بونیاتگەریی لەسەربوو ئیمانیشی بەوە بوو بتوانێ بیر لە دنیاوئەندێشەی ئادەمیزادی شاراوە بکاتەوە، لێ بونیاتگەرایی لە پەنهاندا دەستبەرداری پەرادیمی (تەسەور)یەی هێماگەریی بوو بۆ وەسپکردنی فۆرمی کلاسیکیانەی مەعریفە.

سێیەم:چۆن دەکرێ فۆکۆ بەبێ هەڕەشەکردن لە سەربەخۆیی مەعاریفەکان پردی پەیوەستی چێبکات لە نێوان شیکردنەوە لەمەڕ گوتنێکی زانستی زانستە مرۆییەکانودۆزینەوەکاریی ئەو مومارەساتانەی پێشتر لە تۆژینەوەکانی گرنگی پێدابوون.

چوارەم: سەلماندنی پەیوەندی نێوان مەعریفەودەسەڵات بەتەنیا لەسەر بیانوو و پاساوە وەزیفییەکان چێنابێ(وەك پراکتیزەکردنی مەعاریفی زانستە مرۆییەکان لە چوارچیوەی چارەکردن یا

تەکنیکێکی کۆمەڵایەتی، کە ئاسەواری دیسپلینئامێزی لێ دێتە ئاراوە) جا بۆ دەرچوون لەو نالەبارییە تیۆریانە و لەفەلسەفەی زات، هابرماس جەخت دەکاتە سەر تیۆری ئەقڵی (کۆمەنیوکەیتڤ)ی.

نیچەییەکان دژەڕایی، کە لەسەرچاوەوە هاوشانی گوتەی فەلسەفی مۆدێرنیزمە، پشتگوێ دەخەن، کە کانت پشتیوانیکرد لەوکاتەوە ئامادەیە هاوشێوەی زاتیەت وەك پرەنسیپێك بۆ مۆدێرنیزم.

هەندە فەیلەسووف لەوانە: شیلەروفیختەوشیلینگوهیگل، هەوڵی کردنەوەی گرێی ئەو نالەباریانەیان دا، هی ئەو گوتانەی فەلسەفەی هۆشیاریی، سەبارەت بە مارکسوهیگل چارەکە لە هێنانی حدسی تۆتالیی ئەخلاقی بوو نەك لە ئاسۆگەی سەرچاوەومەرجەعی زاتە (عاریفوعامیل)ەکان، بەڵکە شرۆڤەکردنی لە سونگەی نموونەی ئامادەگیی بەبێ زۆریی لە ویست/ئیرادە لە چوارچیوەی رستێکی (کۆمەنیوکەیتڤ)ی گوێرایەڵی زەروراتی هاریکاری بن، دەشکرا بە لای هایدگەرودریدا ئاسۆگەکان، کە لە میانەیاندا واتای فامکردنی جیهان خولقاوە نەك بۆ بوونی مرۆیی بگەڕێنرێنەوە، کە بە شێوەی پاڵەوانانە سۆبێکتی خۆی دێنتە ئارا یا بۆ رووداوێکی مێژوویی دووبارە بینادەکاتەوە بەبێ زانینی کارگردەکان، بەلکە بۆ هۆکارە گوزەرێنراوەکان دەگەڕێنرێتەوە، کە بە (کۆمەنیوکەیتڤ) بیناکراوە، دووبارەش خۆی بەرهەم دێنتەوە لەرێی وەسیتێکی بەرجەستەی کاریگەریەتیەك ئاراستەکراو بۆلێکحاڵیبوون. بۆئەوەی ئاراستەی

ئۆبێکتیڤیزم(Objectivant) بسرەوێ، چوون زاتی (عاریف)ە بۆ خودیخۆی دەگەڕێتەوە هەروەك شتە ماتریاڵەکانی جیهانیش دەگەڕێنەوە.

شتی بنەڕەتی لە پەرادیمی لێکحاڵیبوون ولێکتێگەیشتن بریتیە لە ئاراستەی ئامڕازگەریی، ئەوانە پەیرەوی دەکەن، کە پشکدارن لە پرۆسەی مامڵەکردنەکە، ئەوانەی پڕۆژەکانیان بەرێککەوتن لەنێوانیاندا رێکدەخەن لەسەر شتێك کارێك لە جیهاندا هەیە، چەمکی جیهانی گوزەرێنراویش کەسانی دیاریکراو بینای ناکەن، بەڵکە زادەی رۆشنبیریی و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیوتەکامولی کۆمەڵەو بەهاکانە، لە چوارچیوەی ئەو تیۆرەدا بەرهەمهێنانی مەعریفە زادەی (زاتەکانە)لەرێگەی کارلێککردنوئاڵوویریی و ئەو مەعریفەیەش لە هەڵە بەدەر نییە، چیدیکەش جیاکردنەوەی (متەعالیوتەجریب-متعالی و تجریب)ی پەسەند نییە.

کاستۆر یادیس(1922) خاوەن فەلسەفەیەکی ئەوتۆیە لە نێوان فەلسەفەودەروونشیکاریی، ئەو لەیەك خاڵدا بیرکردنەوەی هەردوو رەگەز: کۆمەڵگەوتاك دەگرتەوە، لە چوارچیوەی پەیوەندییەکی هاوبەشانە، واتە بەتەنیا گرنگی بە کۆمەڵگە یا تاك نادات، بەڵکە گرنگی بە کۆکردنەوەی هەردوو شت -رەگەز- دەدات لە چوارچیوەی پەیوەندیەکی نوێ لە نێوان مومارەسەو ئەزموونداا.

یادیس له کتێبی(ڕەخنە لە ئەقڵی جەدەلی) جەخت لەسەر(پراکتیك)دەکاتەوە بەسوود وەرگرتن لە (مارکس)و(مارکۆزە)و(سارتەر) ئەو لە هۆشیارییێتی مۆدرن لەمەڕ زەمەنەوە هەنگاودەنێ لە پێناسەکردنی (پراکتیك)بەجۆرێك پاڵپشتوهاندەر بێ بۆ ئایندەوبەرهەمهێنەری نوێ بێ، هەمانکات بە(خولقێنەر) ڕزگارکەر وەسفی دەکات، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکە بەرەو کۆمەڵگەیەکی سیستمازەکراو دەبات، مەبەستیشی ڕەتدانی دۆگمایی مارکسستییە، لەچوارچیوەی ڕەفزکردنی تیۆرێکی گشتگیرانەو تەواوکارانەی هەقیقەتومێژوو، دووبارە چاوکردنە دیدگاکانمان لەمەڕ پەیوەندی نێوان تیۆروپراکتیك، بریتیە لە ئاشکراکردنەوەی واقیعەکە و مەرجەکانی گەشەی (شتەکە)لێ پراکتیك پیادەکردنێکی ئازادە یا ئازادکراوە، لێرەدا هۆی ئەوە دەبینین داخوا بۆچی (یادیس)چەمکی بەکارهێنراو لەبارەی(سیاسەت)ڕەفزکردۆتەوە بەو پێیەی پیادەکردنی تیۆرێکی دیاریکراوە.

یادیس سەبارەت بە هزرکردنی لەمەڕ چەمکە بنەڕەتییەکەی، کە(خەیاڵگەی ناوەندییە)چەمکێکە لە لێکۆڵینەوە لەسەر (فرۆید)و(میرلۆ بونتی)وەرگرتووە مەبەستیشی ئەوەیە، کە پرۆسەی (تەئسیس) چیدیکە لە لایەن زاتەوە نییە، بەلکە کۆمەڵگە، کە بە رووی جیهان دەکرێتەوەو واتایەکی تازەیشی پێدەدات، واتە پرۆسەی خولقاندن دەستکەوتێکی بەشەریەوخولقاندنێکی بەردەوامە،

چالاکیەکی هەمیشەییە هەوڵدەدات لایەنە کۆمەڵایەتیەکان ببەزێنێ، تەنیاش گرنگی بە سڕینەوەی گشت شێوازەکانی چەوسانەوە نادات، بەلکە دامەزراندنێکی نەپساوەوبەردەوامەو موراجەعەیەکی پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوەیەو پەیوەندی بە ئامرازەکانی و هۆیەکانی کارکردنیو بیرو مێژووەکەی، سیاقە گشتیەکەی.

ئەو پرۆژەیەش بریتیە لە ئاشکراکردنی قەیرانی کۆمەڵگە هاوچەرخە خۆرئاواییەکان، نەخاسمە لەو لایەنەی دوورە لە پرسی زاتو تێکڕای ئایدیۆلۆجیا جیاجیا بەڵگەمەندەکان، کە نەیانتوانی ئەو قەیرانە چارەسەر بکەن، بەزاندنی ئەو حاڵەتەش لە رزگارکردنی ئەو خەیاڵگە ناوەندیە فەردیوجەماعیەوەیە بەهۆی دارِژتنی هزرکردنێك بەجۆرێك کۆتایی بیرکردنەوە نەبێت، بەڵکە دەروازەی توانستی دیکە بۆ مرۆڤایەتی بخاتەوە.

لە چوارچیوەی دارِژتنی خەیاڵئامێزانەی ئەو کۆمەڵگەیەی تاكو کۆمەڵگە بەیەکەوە گرێدەدات ئەو کۆمەڵە ئاستەنگێك دەوروژێنێ هەروەك(هابرماس)دەری دەخات نەخاسمە بۆ نموونە سروشتی ململانە لە نێوان نفوسەکان چ پەیوەندیەکی بە ململانە کۆمەڵایەتەکانەوە نییە، هەر رەگەزێك(تاكوکۆمەڵ)سیفەتومەرجی تایبەت بەخۆی هەیە.

واپێدەچێ هابرماس گەرەکی بێ پرسیارە فەلسەفیەکە بخاتە نێو تیۆرێکی گشتی لەمەڕ -کۆمەنیوکەیتڤ-وسەلماندنوهەقیقەت لەسەر

بنەمای تیۆرێ بۆ کۆمەڵگە بە شێوەیەك رەخنە بکات بە شێوازوئامرازی خۆی، ئەمەش لەرێی یەکلاکردنەوەی کێشەکە لەگەڵ کولتووری فەلسەفی میتافیزیکیو رەوتی پۆزەتیڤیزم.

## 3- ناوەڕۆکی مۆدێرنیزم

هابرماس لە میانی سەروکاریکردنی ناوەڕۆکی مۆدێرنیزم لەرووی نۆرماتیڤیەوە دەزانێ لە نێو جیهانێکدایە دوو جۆر ویستی هێزی تیایە: ویستی رزگاربوونوهەنگاونان رووەو بەختەوەریو ویستی دەسەڵاتوبەرهەمهێنان، ئەو دژیەی ئەو دوو جەمسەرە سیفەتی مۆدێرنیزمن لە زیاتر لە دوو سەدەدا.

هابرماس بۆ دارِژتنی ئەو ناوەڕۆکەی مۆدێرنیزم دەبوایە رووبەڕووی رەوتی نائەقلانیەت ببێتەوە یا ئەوانەی رەخنەیان لە ئەقڵی خۆرئاوایی گرت بە دیدێکی فەوزەویانە یا بەناوی ویستی هێزوترازان لە هەیمەنەی مۆدێرنیزم.

هابرماس پێی وایە ئەو رەخنانەی رووبەڕووی مۆدێرنیزم کراونەتەوە لەلایەن فەیلەسووفەکانی(پۆست مۆدێرنیزم) لەسەر بنەمایەکی مەنهەجی نەبوونە، چونکە مەبەستیان رەخنەی بونیاتنەر نەبووە، بەڵکە لێدانی هەر بنەمایەك بووە، کە سێکوچکەی مۆدێرنیزمی(زاتیەت)(ئەقڵ)(ئازادی) لەسەر هەڵنراوە، ئەوان ناتوانن ئەوەی لە واقیعدا هەیە ئامادەبکەنەوە واتە تەواوی ئەو پیادەکردنە

جیاجیایانەی ئادەمیزاد دەیژیێ لە پەیوەندیكردنی بە خودیخۆیو پەیوەندی بە دامودەزگاویاساكانو..تد، لەو سونگەیەوە هابرماس لە گۆشەنیگای دەستنیشانكردنی كۆمەڵگە لە تێگەیشتنێكی (واقیعی گوزەرێنراوەوە)هەنگاوداوێودابەشی دەكاتە سەر سێ وتەزا(مەفهوم):

1-((كەلچەر)) رووەو ئەو مەعریفە رەخسێنراوەیە، چوون زاتەكانی نێو پرۆسەی(كۆمەنیوكەیتڤ)پشتدەبەستێ بە لێكدانەوەی ئەوتۆ لەپێناو زانینی ئەو كارگەلوشتانەی لە جیهاندا هەن.

2-((كۆمەڵگە)) ئەمەش(مانا بەرتەسكەكەی جیهانی گوزەرێنراوە)سیستەمگەلە شەرعییەكان، چوون زاتەكانی نێو پرۆسەی(كۆمەنیوكەیتڤ)پشبەستوو بە هاریكاریی بەجۆرێك لەسەر ئینتیماكانی توێژەكان هەڵنراوە.

3-((شەخسیەت))گوتەیەكی تەقەنییەو بەمانای كەفائات دێ، كە بەهۆیەوە زات هەردوو بەهرەی ئاخاوتنوكاركردن وەردەگرێ، بەمەش بەشداریكردن لە سەیرورەی لێكتێگەیشتن، هەروەها ئەو كەفائاتانەی وایلێدەكات بتوانێ تەئكید لە شوناسی خۆی بكاتەوە.

ئەو پرسیارەی زیاتر هابرماسی وروژاند بریتی بوو لەوەی: داخوا چۆن چۆنی تێهەڵكێشكاریی كۆمەڵایەتی دەشێو رێی تێ دەچێ؟ بەمەش پرسەكە لێرە لای جیا نییە لە بیناكردنی تیۆرێك لەبارەی مەعریفەوە هەروەك لای (كانت)بەلكە بیناكردنی تیۆرێك لەبارەی كۆمەڵگەوە، ئەمەش زانیاریەكی تەواووگشتی گەرەكە لەسەر بوارە

جیاجیاکانی مەعریفی، وەك فەلسەفەو دەروونناسیو کۆمەڵناسیو لۆجیكو زمانەوانی.

سەبارەت بە سیستەمی سەرمایەداری هابرماس لە گۆشەنیگایەکەوە پێی وایە، لەسەر کۆمەڵە پەیوەندیەك وەك خێزانودەوڵەت دامەزراوە، دەوڵەت هەوڵدەدات داهاتەکان بسەنێو بۆ زەمانەتی بەردەوام بوونی، هەروەها سەرچاوەی ئەو داهاتانە تاکەکانی کۆمەڵگەنە کە باج دەدەن، لێ لە ژێر کاریگەری سیستەمی پیشەسازی کرێکار دەبیتە پرۆلیتاریا، نەخاسمە لە دێهاتەکان، چوون دانیشتوانەکەی دەبنە شوانوگاوان،..تد. هەر ئەمەش بوو مارکس پێشبینی کرد لە چوارچیوەی مەفهومی(ئیستیلاب) کە ژیانوگوزەرانی کرێکارە لە نێو کارگەدا.

کەواتە لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان زەرووریاتی سیستەمەکەو زەرووریاتی(واقیعی گوزەرێنراو)یا دابڕاویی نێوان سیستەمو (ژیانو جیهانی گوزەرێنراو)ئەمەش دەبێتە هۆی (بە"شت"کردنی شێوازەکانی ژیان)(بیرۆکەی"reifcation " گۆڕینی میسالی بۆ شت-ی نا ئینسانی) جا بۆ رەتدانی ئەو رەوشە مارکسیزم چارەیەکی شۆڕشگێڕانەی داناوە بۆ رەتدانی ئەو رژێمەودووبارە بەرهەمهێنانی سەیرورەی ئابووریو کۆمەڵایەتی.

هابرماس ئاماژە بە گرێدانی هەردوو رەگەزەکە دەکات بە پەیوەندیەکی ئاڵووێرانە لە نێوان سیستەمی سیاسی بەرجەستەکراو لە دەوڵەت بەو پێیەی دەزگەیەکی دیموکراسیە و سەرچاوەکەی لە

سەروەریی‌و ویستی گەلەوەیە نەك (میر)و لە نێوان (واقیعی گوزەرێنراو)واتە کەڵچەرو بیروباوەڕو کولتوور.

جا بۆیە دەبێت ئەو سانسۆرە ببەزێنرێ، کە رژێمی سەرمایەداری پەیرەوی دەکات لەرێی دامودەزگە ئیدارییەکانیەوە بەسەر تاکە کەسەکان بەهۆی بەدیهێنانی (کۆمەنیوکەیتف)ولێکتێگەیشتن لەنێوان رژێمی سەرمایەداری‌و(واقیعی گوزەرێنراو)لە چوارچیوەی ئەوەی هابرماس ناوی ناوە - فەزای گشتی – عموومی( بواری گشتی یا فەزای گشتی بە پێی رای هابرماس مەیدانێکی کۆمەڵأیەتیە بۆ فۆرمەڵکردنی بیروباوەڕەکان‌وئالۆویریان، ئینجا دارژتنی رای گشتی لە رێگەی ئالۆویریی زانیاریەکان، کە لە هەڵێنجانی مەعریفە لە ئەقڵەوە بەهۆی دیالۆگ‌وگفتوگۆوە سەرچاوەی گرتووە)کە گشت تەقەنیاتی کۆمەنیوکەیشن‌وچاپگەریی‌وبڵاوکردنەوەوتەلەفزیۆن‌و..تد، دەگرێتەوە، جا لە رێی ئەو تەقەنیاتەوە (رای گشتی) فۆرمەڵە دەبێت.

هابرماس ئاماژە بە تیۆری(سیستەمەکان)دەدات لای (لۆمان) ئەمەش تیۆرێکی نوێیە، پەیوەستە بە بوارە زانستییەکانەوە وەك فیزیاوبایۆلۆجیا، ئەو تیۆرە رەخنە لە تیۆرەکانی پێش خۆی دەگرێ لەبەرئەوەی هەریەکێك لەوان جەختی کردۆتە سەر لایەنەکانی رێکخستن(کارکردن‌وئادەمیزاد)بەو پێیەی رێکخستن سیستەمێکی داخراوە، لە کاتێکدا ئەو پێی وایە سیستەمێکی کراوەیەو لەگەڵ دەوروبەریدا کارلێکدەکات بۆ زەمانەتی بەردەوام بوونی رێکخستنەکە

بەمەش سیستەمەکە جێی(زات)دەگرێتەوە، مەبەستیش لێی دامەزراندنی سیستەمێکە لەسەر داڕژتنی واتادا هەڵنرابێت، لە میانەی گوێڕایەڵی کۆمەڵگە بەو پێیەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیە واتە ئالیەتی (تەحەکومکردن).

هابرماس باس لە ئەقڵی مۆدێرنیزمو وەعدی بەختەوەری دەکات، لەگەڵ ڤیبەرودژی ڤیبەر سەرکەوتنی فەلسەفە و رەخنەو دژایەتیکردنی رەوتە تەکنۆکراتەکان، رەگەزە سەرەکیەکانی پردی نێوان یەکەمین تیۆری رەخنەییو پرۆژەی هابرماسن، لێ ئەو رەگەزە هاوبەشانە رەگەزەکانی جیاوازی وەلانانێن، بگرە لەیەك دابڕن لەرووی ئەو بنەما تیۆرییانەی هەردوو ئاراستە لێیان هەڵێنجاون، لەکاتێکدا یەکەمین تیۆری رەخنەیی بووە هۆی (وەلانانی)ئەقڵ لەهەر رۆڵێکی ئیجابی کاریگەر لە مێژوودا و جاڕدانی (ئیفلاس)ی پرۆژەی فەلسەفیوسیاسی مۆدێرنیزم، ئەوە هابرماس بڕوای بە دیوە نۆرماتیڤانەکەی ئەقڵ هەبوو وەك بنەمایەکی هەر ئەلتەرناتیڤێکی ئەخلاقی یا سیاسی.

خاڵێکی گرنگ پەیوەستە بەوەی داخوا ئەو تیۆرەی هابرماس لەگشت سیستەموکۆمەڵگەیەکدا شیاوە لە(کۆمەڵگە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان)یش یا تەنیا لە نێو جیهانی گوزەرێنراوی بەئەقلیبوو پراکتیزە دەکرێ؟.

هەندە لیکۆڵەرەوە پێیان وایە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڤێبەر بۆ راشیۆنالیزم‌ونوێبوونەوە، ناکرێ قسە لەسەر چەمکی مۆدێرنیزم لای هابرماس بکرێ، چوون ڤیبەر بە پێناسەی ئەو(نەشتەرگەر)ی سەردەمی نوێیە، کە بنەما شەرعی‌و سیاسییەکانی مۆدێرنیزمی تاوتوی کردووەوبەدیقەتەوە جۆری ئیختیاراتە فەلسەفی‌و ئەخلاقیەکانی دیاری کردووە، کە لەسەری بیناکراون، ئەوە ئەو جیهانەیە، کە توانی (پارچەکانی هزرکردنە فەلسەفیەکانی سەردەمی نوێ لە چوارچیوەیەکی تیۆری مەعریفی کۆکەرەوە خڕبکاتەوە) لەبەرئەو هۆیە نەدەکرا لە مۆدێرنیزم بگەین لای هابرماس بەبێ تێگەیشتن لەوەی ڤیبەر تەوەرە شاراوەکانیەتی، هەر کۆششێك لەراستیدا هەوڵدانە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە رارایانەی ڤیبەر لەمەڕ مۆدێرنیزم دایناوە، لەو پرسیارانە:

داخوا چۆن ئەو بۆشاییەی کەماسی دامودەزگە تەقلیدیەکان خستیەوە لەسەردەمی مۆدێرنیزم قەرەبوو بکەینەوە؟ داخوا چۆن توانستگەلی دیکە لەمەڕ پاڵپشتییێتی دابڕێژین بەبێ کەوتنە نێو نەزعەی (گشتگیری-کلیان)ی یا عەدەمیەتی ئەخلاقی؟ داخوا چۆن ئەقڵ لە سیفەتە(سەرکوتکەر)ە مەبەستگەرییەکەی رزگاربکەین؟ئەو سیفەتەی لای ڤیبەر ماهیەتێکی جێگیری ئەقڵی نوێیە؟ داخوا چۆن دیموکراسی دەشێت پاش ئەوەی لە تۆژینەوەی سۆسیۆلۆجیا ئیدی مەحاڵە،

قەدەری کۆمەڵگەی مۆدرن ئەوەیە لەلایەن نوخبەیەکی(پلەیەکی) زاڵدەستەوە حوکم بکرێ.

ئاماژە بە هەندە بنەمای سیستەمی راشیۆنالیزمی مۆدرن بدرێ ئەو بنەمایانەن، کە سێ بوار دەگرنەوە، کە ڤیبەر جیای کردوونەتەوە بەوپێیەی بواری سەربەخۆن سەر بە مۆدێرنیزمی ئەقلانی:

یەکەمیان:جیهانی(ئۆبێکتیزم)ە، کە (جان مارك فیری)ئاماژەی پێدەدات، ئەو جیهانە ((جیهانی حاڵەتەکانی شتەکانە لە نێو جوغزە —شوێنکات —ەکەدا، نەخاسمە بەو پێیەی رووداوگەلی ماتریالین‌ومایەی سەرنج‌وپێوانن)).

دووەمیان: جیهانی (مەشروعیەت) دووەمین بوارە، لەبەرئەوەی بەرابەر فۆرمی بەئەقلیبوونە بە گوێرەی نموونەی زانستی نوێ بیری لێناکاتەوە، بەلکە نموونەی مۆراڵی نوێ‌ولەدیدی ئەنتۆلۆجیایی، ئەو بوارە سەر بە بواری(جیهانی مەشروع)ە، کە زیاتر بەرژەوەندییەکان لە وەقایعی جیهانی شتەکان دەیبزوێنێ.

سێیەم: پەیوەستە بە جیهانی دەلالەت-ەوە، لەو جیهانەدا(شیکردنەوەی لۆجیکیانە زۆر قورسە، چونکە ئەو مەیدانە بەبێ گومان فۆرمێك لەمەڕ بەئەقلیبوون پیادە ناکات...)ئەو بوارە بەرابەر فۆرمێکی بەئەقلیبوونە لە گۆشەنیگای نموونەی ئیستاتیکیا، لەبەرئەوەیش ئیستاتیکیا لە رووی شیتەڵکردنەوە بەسوودە لە میانی ئەوەی هەستی پێدەکەین لەرووی خودەوە، ئەوە ئەوەی خود هەستی پێدەکات

سەبارەت بەوەی بوونەوەرە(بواری یەکەمە)و سەبارەت بەوەی پێویستە ببێت(بواری دووەمە) پێویستە لە میانی زمانەوە پێك بگەن، لەبەرئەوە جیهانی شیاوی ئەو بوارە(جیهانی رەمزی)یە.

بیروبۆچوون وتێگەیشتنی هابرماس لە مۆدێرنیزم بە بەستنەوەی بە ڤیبەرەوە فامدەکرێ، بۆیە دەبێ ئامادەگیی هەبێ لە کاتی خوێندنەوەیدا کاتێك هابرماس لا لە پرسەکان دەکاتەوە هزرکردنی ڤیبەر دێنتەوە بەرلەوەی رەخنەبگرێ (دەشێ لێرەدا دوو دەق بهێنینەوە دەقی"تەکنیك و زانست وەك ئایدیۆلۆجیا"و"گوتاری فەلسەفی مۆدێرنیزم").

لە هەرە گرنگترین رەگەزەکانی ئامادەگیی ڤیبەر لە بیری هابرماس تێگەیشتن وچەمکەکەیەتی لەبارەی ئەقڵەوە، بەئەقڵیکردن وبەئەقڵانیکردن، کە لەکتێبی(زانست وتەکنەلۆجیا وەك ئایدیۆلۆجیا)ئاماژەی پێداوەوتاوتوێی کردووە، ئەقڵ لای هابرماس هەروەك لای ڤیبەر گەوهەری خودی مۆدێرنیزمە.

پرۆژەکەی هابرماس پەیوەست بە مۆدێرنیزم و کۆمەنیوکەیتڤ لە دووبارە بیناکردنەوەی پرۆسەی بەئەقلیبوونی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە مۆدرنەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو دووبارەبیناکردنەوەیەش رەخنەگرتنی گەرەکە لە بنەماکانی تیۆرەکەی ڤیبەر لەرووی کارەوە، نەخاسمە ڤیبەر جەخت دەکاتە سەر لایەنی پراکتیك لە

بەئەقلیبووندا، بەمەش هابرماسی ناچار کرد لە بونیاتی(فاعلیەتی غائیە)وە بگوازرێتەوە بۆ (کاریگەرێتی کۆمەنیوکەیتڤ).

بەئەقلیبوونی کۆمەڵایەتی لای هابرماس مانای بڵاوەبوونی چالاکی ئەقلانی نییە سەبارەت بە (غایەت) و گۆڕانی بوارەکانی -تەواسلی- بۆ سیستەمگەلی لاوەکی چالاکییەکانی ئەقلانی سەبارەت بە (غایەت) چونکە ئەوەی بنەڕەتییە بریتیە لە توانستی بەئەقلیبوون لکاو بە بنەمای راستگۆیی گوتار.

هابرماس دەپرسێ: لەبەرچی زانستە نوێیەکان لە خزمەتکردنی پێشکەوتنی تەکنیکی هانی نەشونماکردنی سەرمایەداریو ئیدارەی ئەقلانی دەدات نەك فامکردنی خودو فامکردنی جیهانی هاووڵاتیان؟ ئینجا لەبەرچی کاکڵەی هەڵیساوی مۆدێرنیزمی رۆشبیریی سستوخاو دەبێت؟ هابرماس سەرنج دەدات ڤیبەر لەبەردەم ئەو جۆرە پرسیارەدا تەنیا قسە لەسەر بەرگریکردنی بوارەکانی بەها دەکات لەمەڕ دیاردە رۆشنبیرییەکانی شێوازە تازەکانی رێکخستن، لێ چ لێکدانەوەیەکی بڕواهێن ناخاتەڕوو لەبارەی ئەو هۆیانەی وادەکەن پرۆسەی نوێکردنەوە لە سایەی نموونەیەکی -ئینتیقائی-بێ.(*)

.................................................................

(*)(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الحداثةوالتواصل في الفلسفة النقدية المعاصرة، محمد نورالدين أفاية، ط2 ، 1998، أفريقيا الشرق-المغرب/أفريقيا الشرق-بيروت-لبنان.).

نوێکاریو نوێبوونەوە لای هابرماس بریتیە لە دووبارە خستنەوەی رەخنە لەوەی خودی مۆدێرنیزم بەرهەمی دێنێ و دووبارە چاوکردن لەوەی بەکارهاتووە لە زانستو سیاسەتو رۆشنبیرییین لێ پرۆسەی بەئەقلیبوونی جیهان بەپشتبەستن بە رەخنە چوون مۆدێرنیزم بیر لە خۆی دەکاتەوەورەگەزەکانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە ئەوە پرۆسەکە(بەئەقلیبوون)یە مەزنوشلوشۆقی خۆی پێکدێنێ.

نوێبوونەوە بریتیە لە(کەڵەکەبوونێکی تیۆریو پیادەکردنی بەرهەمهێنانی بەئەقلیبوون لەهەمانکاتدا لە چەند بوارێکی زانستوتەکنیکیویاساوسیاسیەتوهونەرورەخنەدا)جا لێرەدایە یەکێك لە دژیەکیەکانی مۆدێرنیزم چوون بە هۆی ئەو وەزیفە رەخنەییەی نێو کرداری بەئەقلیبوونی بەرهەمهێنەری نوێبووونەوە ، ئەوە بکەری تیۆری یا کردەنی لەو سیستەمەدا کە دەیەوێ بە بەرهەمەکەیەوە سەربەخۆ بێ ئەوە خۆی دەبینێتەوە لە لایەن خودی بەرهەمەکەوە هەڕەشەی ونبوونی لێدەکرێ، واتە خود لە ژێر هەڕەشەی توانەوەدایە لەو سیستەمە.

ئەمە کێشەیەکی گەوهەری فەلسەفییە گرێدراوە بە دیدێکی فەلسەفی هەر لە هیگلەوە ئینجا فیۆرباخو مارکسو لۆکاچو تیۆری رەخنەیی پەیوەست بە پرسی (ئیستیلابی زات)لە پەیوەندی بە خودێکی دیکەوە جا ئەویدیکە بەرهەمێکی کاڵا بێ یا گرووپ یا

سیستەمێك، چوون ئادەمیزاد كاردەكات بۆ رەتدانی خودیخۆی لە خولقاندنی شتەكان‌ودەرخستنیان بۆ(وجود)، لێ ئەو لەمەدا ون دەبێ‌و پەیوەندیەكانی بە خۆی‌و بابەتەكانی جیهان (دەبێ بە شت)واتە ئەویش وەك(شت)مامڵەی لەگەڵ دەكرێ.

مۆدێرنیزم و ئەقڵ دوو چەمكی وەك بڵێی تەریبن، سەیرورەی مۆدێرنیزم سەیرورەی راشیۆنالیزەیشن بەرجەستەكردنی مێژوویی ئەقڵ تەنیا لەگەڵ رۆشنگەریی سەردەمی نوێ هاوشان‌و هاوكاتە.

بۆیەش زۆر جار هابرماس هاوواتا هەردوو چەمك بەكاردێنێ، یەكێك لە ناوەكانی مۆدێرنیزم لای (ئەقڵانیەت)ە، گەرچی وەك دوایی دەبینین ئەو ئەقڵانیەتە تایبەتمەندوسنووردارە، لە دژەكەی مۆدێرنیزم(نائەقڵانیەت)ە، لای ئەو هەرگیز ناشێ ئەقڵی رۆشنگەریی‌و دژەكانی بەیەكەوە كۆبكرێنەوە، جا ئەو دژە بە هەر ناوێك بێ.

## 4 - ئەقڵانیەت (rationalism)

ئەقڵ واتە سیستەمێك بۆ گەردوون-كەون(كۆسمۆس)هەروەك سەبارەت بە لۆگۆسی گریك، لەلایەكی دیكەوە ئاماژەیە بۆ توانای مرۆیی بۆ بیركردنەوەو سەلماندن، بەرای هۆركهایمەر حاڵەتی یەكەم (ئەقڵی بابەتیانەیە-ئۆبێكت)حاڵەتی دووەم(ئەقڵی زاتیانەیە-سۆبێكت) ئەقڵی بابەتیانە فۆرمی هەقیقەتێكی رەها وەردەگرێ هەروەك لای

هیگل، ئەقڵی زاتیش وێستگەی سەرەکی نێو سەمتوداڕژتنەکەی دیکارتە.

وەسپی ئەقڵ بەوپێیەی چالاکیە یا مومارەسەیە، پێناسەیەکی وەزیفیە پەیوەستە بە مومارەسەی ئەقڵی، چونکە ئەقڵ ئەو کۆمەڵە چالاکییەیە لە (تەئەمول وئیدراك و..تد)کە پەیوەستن بە ئەقڵ.

لای هابرماس ئەقڵ (گەوهەرێکی بابەتیانە یا زاتیانە نییە، لێ فاعلیەتێکە لە خودیخۆیدایەوهەیە) بەمەش ئەو خۆی بەدوور دەگرێ لە بەکارهێنانی ئەقڵ بەو پێیەی گەوهەرێکی ئۆبێکت یا سۆبێکت-انەیە، بەلکە لە رووی تیۆریەوە ئەوەی گرنگە بەلای هابرماس خودی ئەقڵ نییە لە خودی خۆیدا، بەلکە ئەوەی ئەقڵییە، لەبەرئەوەشە لە زۆربەی نووسینەکانی (بەئەقلیبوون-rationalization ) بەکاردێنێ لەبری ئەقڵ.

هابرماس پێی وایە ئەقڵی چەند ئاستێکی هەیە، کە:کەسەکان وگوزارە رەمزییەکانن، چوون بەئەقلیبوون پەیوەست نییە بە پرۆسەی هەبوونی مەعریەفەیەك، بەلکە بەو شێوازو رێگەیەی بەهۆیەوە کەسەکان دەکارن قسەوکردار لەمەڕ ئەو مەعریفەیە ئەنجام بدەن، کەواتە راشیۆنالیزەیشن شێوازێکی پەیرەوکراوە بۆ وەرگرتن یا بەکارهێنانی مەعریفە لە لایەن کەسێکەوەوئەو رێگەیەی گوزارە رەمزییەکانی پێ دادەڕێژرێ.

راشیۆنالیزەیشن بە دوو شێوە بەدیاردەکەوێ: بەئەقلیبوونێکی مەعریفی-ئامرازگەریی و بەئەقلیبوونی (کۆمەنیوکەیتڤ)انە پشتبەستوو بە هێزی ئیقناعو گوتاری بەڵگەیی - برهانی- بۆ خولقاندنی کۆدەنگیوریێککەوتن بەبێ فشارو زاڵدەستی.

فەیلەسووفەکانی تیۆری رەخنەگرانە سەرنجیان لەمەڕ ئەقڵوئەقڵانیەت بریتیە لەوەی:

رۆشنگەریی کە ئامانجی رزگارکردنی ئادەمیزاد بوو بەتەواوەتی بەپێچەوانەوە کەوتەوە، یەك لە دەرەنجامەکانی رۆشنگەریی لە سەردەمی نوێدا بۆتە هۆی - هەروەك هۆرکهایمەر ناوی ناوە- (ونبوونی ئەقڵ)(کە ناوی یەکێك لە کتێبەکانیەتی) چونکە رۆشنگەریی گەرچیش مەبەستی رزگارکردنی ئادەمیزاد بێ لە کۆیلایەتی دەست ترسو ئوستوورەکان ئەوە سەرلەنوێ خۆی داوەتە دەست ئووستورەگەلێکی نوێ(مامڵەکردنی ئەقڵ لەگەڵ شتەکان وەك مامڵەکردنی دکتاتۆرە لەگەڵ خەڵکی بە مانا ئەو دەیانناسێت چوون دەتوانێت یاریان پێبکات).

هابرماس کاری کردووە بۆ دەستنیشان کردنی دەلالەتە جیاجیاکان نێو پرۆسەی بەئەقلیبوون، سەبارەت بە ئەو هەرجارەی گوزارەی(ئەقلانی)بەکاردێنێ بە مەبەستی ئەوەی پەیوەندیەکی بەتین هەبێ لە نێوان بەئەقلیبوونومەعریفە، لە سونگەی ئەوەی ئەو

مەعریفەیە بونیاتێکی ئاوای هەیە، کە راوبۆچوونەکانمان بە شێوەی (مەلفوزات) دادەرێژرێ.

لەوەش زێتر خودی چەمکی مەعریفە پێویستی بە روونکردنەوە نییە(چونکە بەئەقلیبوون زۆر گرنگی نادا بە مەعریفەو بەبەرهەمهێنانی مەعاریف بەقەد ئەوەی گرنگی دەدات بەو رێگەیەی - خودەکان ئەوانەی دەکارن بئاخڤن- کاردەکەنو ئەو مەعاریفانەش پیادە دەکەن).

وێرای جەختکردنی هابرماس لەسەر پرسی (کۆدەنگیوئیتیفاق) ئەوە ئەقلانیەتی خەڵکی ئەوە نانوێنێ: گەیشتن بەو دەرەنجامە یا ئەنجام دانی کاری ئەکتیف، راستە ئەو مەرجانە پێویستن لەهەر رەفتارێکی ئەقلانی، لێ هەر ئەوەندە بەس نییە.

ئینجا ئەوانەی توانای ئاخاڤتنوکردداریان هەیە گوایە(ئەقلانین)ئەوانەی کەمتر وەهم دەکەن لەبارەی وەقایعوپەیوەندی ئامراز بە مەبەستەکان، هەروەها ئەوانەی پەیرەوی پێوەرێك دەکەن هەیەو دەتوانن پاساو بۆ کردارەکەیان بێننەوە لە ئاست هەر رەخنەگرێك.

هەروەها ئەوەی راستگۆیانە گوزارش لە خواستوویستی یا هەستوسۆزی یا شتێك لەو بابەتانە بکات ئەوە بە ئەقلانی لەقەڵەم دەدرێ، بەمەش دەتوانێ یەقین بداتە دەست رەخنەگرەوە پەیوەست

به ئەزموونەکەی بە سازانی لەگەڵ دەنگدانەوە زانستییەکانی، کە پاشان لە پێناو رەفتارەکەی کورتو پوختی دەکاتەوە.

بەقەد ئەوەی (سۆبگیکتیڤیزم - زاتیەت)(★) یەکەمین کۆڵەگەی مۆدێرنیزمە بەهەمان شێوەش ئەقلانیەت دووەمینیەتی، بەمەش راشیۆنالیزم لەسەر زاتیەتی ئینسانی دامەزراوسەرچاوەی گرت چوون(زات لە لایەن یاسا ئەقلانیوماقوولەکانەوە رێکدەخرێ) بەجۆرێك دەرکەوتنی ئادەمیزاد وەك زات خۆی لەو توانایەی دەنوێنێ، کە بەرگری لە فشارەکان دەکاتو تەنیا دەچێتە ژێر رکێفی حوکمی ئەقڵەوە.

کرداری ئەقلانی لە میانی زمانوگوزارەوبانگەشەکاری تایبەتمەندیی، جا چ لە پەیوەندی بە شتەکان یا پێورەکان هەمیشە پێویستی بە پرۆسەی سەلماندنە بۆ پاڵپشتیو وەدیارخستنی لە نێو پرۆسەی(کۆمەنیوکەیتڤ)وەك کردارێك بکارێ داکۆکی لە بانگەشەووەڵام بکات لەمەڕ شێوازە جیاجیاکانی رەخنەگرتن، کە رووبەڕووی دەکرێتەوە، گوزارە ئەقلانیەکان مایەی رەخنەگرتنن، بۆیەش مایەی ئەوەن راست بکرێنەوە و پەرەیان پێبدرێ کاتێك هەڵەکان دەستنیشان کران، لەبەرئەوە چەمکی بنیاتی ئەقلانی بە شێوەیەکی زۆر پەیوەست بە چەمکی فێربوون ئەوە:

...........................................................

(⋆) زاتیەت: مەرکەزیەتی زاتی ئینسانییە، ئازادیەکەیەتی، چالاکیەکەی لەسەر گشت ئاستەکاندا، چوار چەمکیش دەگرتە خۆوە: فەردانیەت، هەقی رەخنەگرتن، سەربەخۆیەتی کردار، فەلسەفەی تەئەمولی.

(ئەو کەسە ئەقلانییە بتوانێ لە بواری مەعریفی ئامرازگەریی گوزارش لە بیروڕای دەزگەکە بکات وئەکتیڤ بێت... هەروەها سەبارەت بە هەندە باری چارەسەری دەروونی تارادەیەك بەهەمان شێوەیە، وەك هابرماس ئاماژەی پێدەدات: ئەو جۆرە سەلماندنە رەخنەیەکی چارەسەرسازییە، کە یاریدەی لێکدانەوەی وەهمە خودییە رێکخراوەکان دەدات).(⋆)

زۆربەی نووسینەکانی هابرماس مەبەستیان داڕژتنی تیۆرێکی تازەی ئەقڵانیەتە کۆڵەگەی تیۆرێکە بۆ کۆمەڵگەو شێوازێکی ئاڵوویرانەی رەمزی پێشنیاز دەکات بەپلەی یەکەم پشت دەبەستێ بە پرسی (کۆمەنیوکەیتڤ)ئەقڵانیەت لە پرۆژە هابرماسیەکەدا خودی(ئەقڵی کۆمەنیوکەیتڤ) ە، واتە ئەقلانیەتی کردار(Action)ولێتێگەیشتن لەو دەقانەی پەیوەستن بە میتۆدەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و هێرمینوتیکا و ئەقلانیەتی کۆمەنیوکەیتڤوسەلماندن. ئەقڵانیەتی تەقەنی خودی ئەقڵانیەتی زاڵدەستییە، چوون چەند مەعریفەی تەقەنی گەشە بکات ئەوەندەش ئادەمیزاد ئاسۆکانی بیرکردنەوەی کاڵدەبێتەوەو چالاکی و سەربەخۆیی زاتی کەمتر دەبێت بەو پێیەی تاکە، هەروەها توانای بەرگریکردنی لێشاوی تەکنیك و

ئەندێشەگەریی‌و سەربەخۆیی ئەقڵ لەگەڵ رۆشنگەریدا دەبێتە(ئەقڵێکی تۆتالیتاری).ئەقڵ‌و دەسەڵات‌و سیستەم‌و واقیع بەشێوەیەکی ئۆرگانی هاوپەیمان‌ومەبەستدار بینەقاقای تاك‌و گرووپ دەگرن.بەدوو رێچکەو هەمان نیشانە دەپێکن، ئەوانیش پۆزەتیڤیزم‌وهیگلیزمن.

ماکس ڤیبەر یەکەمین کەس بوو پێیداگرت لەسەر لێکگرێدانی مۆدێرنیزم بە ئەقلانیەت، جا باکگراوەندە فیکریەکەی هابرماس لەو پەیوەندیەی نێوان مۆدێرنیزم‌و ئەقلانیەتەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بەهۆیەوە توانی دوایی داکۆکی لە مۆدێرنیزم بکات وەك پرۆژەیەکی تەواو نەکراوە، هەروەها کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان تاکە کۆمەڵگەن توانیویانە ئەقلانیەتێکی پراکتیکانە، زانستی دابهێنن لە سروشتەوە بۆ بە ئەقڵیکردنی ئابووری‌ویاساوئیدارەوفێرکردن‌و زۆربەی بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی. ڤیبەر چەمکی (ئەقڵانیەت)ی هێنا بۆ دیاریکردنی فۆرمی کاریگەرێتی ئابووری سەرمایەداری، فۆرمی هەقی تایبەتی بۆرژوایی‌وفۆرمی زاڵدەستی بیرۆکراسی،(*)

...........................................................

(★)بیرۆكراسی(Bureaucracy) چەمكێكە لە بواری كۆمەڵناسیوزانستە سیاسییەكان بەكاردێ، مەبەست لێی پیادەكردنی یاساكانە لە كۆمەڵگە سیستمازەكراوەكاندا، لەرووی سیاسیەوە دەسەڵاتی كارمەندانی جێبەجێكاری ئۆفیسەكانە، دابەشكردنی كارەكان شێوازێكی هەرەمی هەیە.

بیرمەندانی تیۆری رەخنەیی كاریان كرد لەسەر ئاشكراكردنی خەوشیەكانی (بەئەقلیبوون) لە سیستەمی كۆمەڵایەتیدا لە سونگەی ئەوەی كاری ئەقلانیە.

ئەوان پێیان وایە (بە ئەقلیبوون) ((هاوشانە دەگەڵ گەشەسەندنی مرۆیی)) لێ زیاتر كۆیلەئامێزە لەوەی رزگاركەر بێ، چونكە جیهانێكی توندوسەرسەختی ئەوتۆی خستەوە لە رووی دیسپلینی ئیداریەوە بەشێوەیەك جیاوازیەكان وەلادەنێوهەرچی تایبەتمەندە دووردەخاتەوە.

هابرماس لە میانی نووسینو بەرهەمەكانیدا نەخاسمە لە سونگەی گرنگیدانی بە پرسی مۆدێرنیزموجیاكردنەوەی لە (كۆمەنیوكەیتڤ) مەبەستی جەختكردنە لەسەر (ئەقڵی تەواسولی) وەك سەمتێكی پێكهاتەیی كێشەی مۆدێرنیزمی خۆرئاواییوئەقلانیەت.

جا چ لە گوزارە رۆشنگەریەكەی یا رووەتە رەخنەییەكەی. راستە بیری رۆشنگەرایی سەبارەت بە ئەقلانیەت جەخت دەكاتە سەر رەگەزی رەخنە.

بـەڵام گەشـەی کۆمەڵگـە پیشەسـازیەکان و پراکتیزەکردنـە ئەقلانیەکـەیان ، کـە بـەردەوام بـەرگی نوێبوونـەوەونوێکاریان پۆشیوە، وایـــــــکردـــــوووە بیری رۆشـــنگەرایـــــی لە لایەك

تاقەت وتوانا چەمکەگەراییەکەی چك بکاتو لەلایەکی دیکەشەوە ببێتە گوتارێك مەشروعیەت بداتە کۆمەڵگەی نوێ.

دارڕژتنی تیۆرێك بۆ سەلماندن گرنگی زۆری هەیە، چونکە رۆڵێکی بنەڕەتی هەیە خۆی لە دووبارە بیناکردنەوەی ئەگەرو گریمانەکانومەرجە ئاڵوویرکارییە شکڵییەکانی رەفتارێکی روونی ئەقلانی دەبینتەوە، بەمەش دارڕژتنی تیۆرێك بۆ (بەئەقلیبوون) کاردەکات بۆ ئاشکراکردنی رەگەزە نێوخۆییەکانی مێژووی زانستەکانو لێکدانەوەی میتۆدیانە لە میانەی گەشەکردنە کۆمەڵایەتیەکانی مێژووی ریالیستانەی زانست.

لە چوارچیوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە، کە دەشێ زیاتر لەرووی چەمکە بنەڕەتییەکانیەوە بە ئیشکالیەتی بەئەقلیبوون گرێ بدرێ، ئەو زانستە گەرچی لە هەندە بواری تایبەتمەندی وەك ئابووریوسیاسەتناسی دووررراگیرا ئەوە تاکە زانستە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی، کە زادەی مومارەسەی سیاسیو ئابوورین.

کۆمەڵناسی بەو پێیەی لە بابەتەکانی ئەو وەرچەرخانانە دەکۆڵێتەوە، کە درز دەخەنە نێو ئیندیماجی کۆمەڵایەتیو کاردەکاتە سەر رێرەوی سیستەمی دەوڵەتی مۆدرنو ئابووری ئەوە لە پێشەنگی ئەو زانستانەدایە، کە گرنگی دەدات بەو قەیرانە جیاجیایانەی زادەی پرۆسەکانی نوێبوونەوەوبەئەقلیبوونن، بۆیە وتنی وشەی (راشیۆنالیزەیشن) پێویستی بە هەڵوەستەیە لەمەڕ شێوازی نوێبوونەوە.

جا پیادەکردنی ئەو نوێبوونەوەیە پێویستی بە ئەقلەنەی بیرکردنەوەیە لە کاروبارەکانی نوێکردنەوەکاری لەو وەرچەرخانانەی لەسەر ئاستی ئابووریوکۆمەڵایەتی یا سیاسەتومۆراڵ یا لەسەر ئاستی رۆشنبیریوزەوق..تد، روودەدەن، پاشان هابرماس تێگەیشتنی لە ئەقلەنەوفامکردنی جیهانی نوێ لێکگرێ دەدات، واتە تیۆری ئەقلەنەوتیۆری کۆمەڵگە بەیەکەوە گرێدراون بەو پێیەی چەمکە سۆسیۆلۆجیەکان، ئەوانەی رووەو کرداروپراکتیك ئاراستە کراون پشتی تیۆری ئەقلەنە دەگرنو لەگەڵیا کارلێك دەکەن.

پرۆسەی نوێکردنەوە هەندە هەڵوێستی رەخنەیی لای هەندە فەیلەسووف هێنایەوە، بۆ نموونە تیۆری رەخنەیی پێی وابوو نوێبوونەوە (غائیەتە بەبێ غائیەتی ئەقلانیەتی ئامرازگەریی/هۆرکهایمەر)یا(سەیرورەی نائەقڵی ئەقڵە)و(کۆتایی تاك/ئەدۆرنۆ)یا تێهەڵکێشیی ئۆرگانی نێوان تەکنیكوکۆنترۆڵکردن،

بەو پێیەی ئەقلانیەت پرۆژەیەکە بۆ بەکارخستنی شتەکانوخەڵکی لە هەمانکاتدا (مارکۆزە) هایدگەریش پێی وایە تەکنیك درێژەپێدەری میتافیزیکیایەو (ویستی ویستە).

هابرماس هەر لە کتێبی(زانستوتەکنەلۆجیا وەك ئایدیۆلۆجیا)وە سەرقاڵ بوو بە تیۆری (راشیۆنالیزم) لای ڤیبەر لەو سونگەیەی ڤیبەر نەیتوانیوە چوارچیوەیەکی تیۆری بڕواهێن بەباڵای پرۆسەی ئەقلەنە لە کۆمەڵگەی مۆدرن دابڕێ، بۆیە ناچار بوو دووبارە چەمکی ڤێبەری دابڕێژتەوە لە چوارچیوەی سیستەمێکی بارە جیاوازەکان بۆ ئەوەی بتوانێ بنەمای ئەو رەخنەیە تاوتو بکات، کە مارکۆز لە ڤیبەری گرت.

هابرماس پێی وایە ( ((بەئەقڵیبوون)) سەرەتای پەلهاوێژیی ئەو کایە کۆمەڵایەتیانەیە، کە جڵەوی لەدەست پێوەرە یەکلاکەرەوەکانی ئەقڵانیەتە، هەروەها ((بەئەقڵیبوون))ی پێشکەوتووانەی کۆمەڵگە بەندە بە دامەزراوەییکردنی پێشکەوتنی زانستیوتەقەنی)(6).

هابرماس زۆر تێروتەسەل توانی خەسڵەتەکانی بیری ئوستووری دەست نیشان بکات، هەروەها بنەماکانی هزرکردنە تەقلیدیەکانی جیهانو رۆڵیان لە خولقاندنی رێکخستنێکی بەردەوام لە نێو کۆمەڵگە تەقلیدیەکاندا، مایەی سەرنجە لەو هەنگاوەیدا پشتی بەست بە تیۆرو لێکدانەوەکانی ماکس ڤێبەر.

بە رای ئەو ناکرێ بەبێ ئەو گوزارە رەمزیانەی کرداری ئوستووریو دینیو میتافیزیکیایی لە جیهانی مۆدرن بگەین، مۆدێرنیزم

دەرەنجامی لەتکردنوپارچەپارچە کردنی (ئەقڵی گەوهەرییە)، لەبەرئەوە پرۆژەیەکە بەکۆتانەهاتووەو پێویستە ئەو مۆدێرنیزمە بە ئەقلی بکرێو ئەقلانیەتەکەیشی نوێبکرێتەوە لە رووی زمانەوانیو کۆمەڵایەتیو سیاسی، تەنانەت لە گشت بوارەکانی بەها، کە ئەقلی مۆدرن کاری کرد بۆ فۆرمەڵەکردنو بەرجەستەکردنی لۆجیكوپێوەرەکانی.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە(داخوا چۆن دەکرێ پرۆسەکانی نوێبۆونەوە لە گۆشەنیگای پرۆسەکانی بەئەقلیبوونەوە، هزربکرێ؟).

ئیدی هەرلە فریدریك وینسلو تایلۆرەوە ( Frederick Winslow Taylor) ئابووریناسان باس لە (بە ئەقڵیبوون) دەکەن بەواتایەك تەواو جیاواز لە واتای بەئەقڵیبوونی سایکۆلۆجیایی لای دەروونناسان، بەئەقڵیبوون واتە گۆڕینی پێڕۆکاریی کارکردن بەرێگەیەك تۆکمەتر لە گۆشەنیگای ئەدایەکی چاکتری ئەو یەکە ئابوورییە – نەك لەگۆشەنیگای ئادەمیزادەوە.

مارکۆزە گەرەکی بوو بیسەلێنێ چەمکی فۆرمالیستانەی ئەقڵانیەتەکەی ڤیبەر، کە لە کرداری ئەقڵانی مەبەست لەمەڕ خاوەنکاروکارگەری پیشەسازی، لە کرداری پیاوی یاسای موجەرەدوکارمەندی نوێی ئیدارە، سەرچاوەی گرتبوو، ئەمە بە رای مارکۆزە لە مەڕ ناوەڕۆكولەرووی پراکتیکەوە سنوورداره، مارکۆزە متمانەی هەیە، کە ئەوەی ڤیبەر بە(ئەقڵیبوون) ناوی بردووە، ئەو

ئەقڵانیەتە نییە بە مانا راستەکەی، بەلکە فۆرمێك لە زاڵدەستی سیاسی دانپیانەنراو بە ناوی ئەو ئەقڵانیەتە بەدی دێت(چونکە ئەو جۆرە ئەقڵانیەتە پەلداوێ بۆ دەستنیشانکردنێکی راستی نێوان ستراتیجیەتەکان وبەکارهێنانی گونجاوی تەقەنیەت، لەبەرئەوە بەئەقڵیبوونی پەیوەندییەکانی ژیان بەپێی ئەو پێوەرە لە رووی واتاوە تەریبە بە دامەزراویکردنی زاڵدەستیەك نەناسراو بەو پێیەی زاڵدەستیەکی سیاسیە: چوون ئەقڵی تەقەنی سیستەمگەلی کۆمەڵایەتی مەبەست دەستبەرداری ناوەڕۆکە سیاسیەکەی نابێت. رەخنەکەی مارکۆزە لە ڤیبەر ئەوەیە:

(رەنگە خودی چەمکی ئەقڵی تەقەنی ئایدیۆلۆجیا بێ، نەك بەرایی بەکارهێنانی تەقەنیەت، بەلکە خودی تەقەنیەت زاڵدەستیە((بەسەر سروشتوئادەمیزاد)) زاڵدەستیەکی مەنهەجی، زانستی، حسێبکراووحسێب بۆ کراو..تد. خودی پێوەری ئەقڵانیەت بەبێ گۆڕان ماوەتەوە(وەك جیهانێك لەو ئامڕازانەی، کە تەکنیك دەکارێ بێهێزیی ئادەمیزاد هەروەك بەهێزیەکەی زیاد بکات لەسەر ئاستی ئێستادا ئادەمیزاد زێدە کەم هۆشیارە لەهەر کاتێکی دیکەدا دەهەمبەر ئامێرە تایبەتەکەی)(7).

هابرماس پێی وایە ئەو رستەیە سەرلەنوێ بەرائەتی سیاسی هێزەکانی بەرهەمهێنان بەرهەم دێنتەوە، مارکۆزە لێرەدا تەنیا فۆرمە کلاسیکیەکەی پەیوەندی نێوان هێزەکانی

بەرهەمهێنان‌وپەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی نوێکردۆتەوە، لێ ئەو رێککەوتی بارێکی نوێ دەکات بەلای کەم وێرای جەختکردنەسەر ئەوەی هێزەکانی بەرهەمهێنان لەبنوبۆتکەوە گەندەڵە (ئەقڵانیەت) تایبەتمەندانەیە لەمەڕ زانست‌وتەکنەلۆجیا، کە خەسڵەتی هێزی هەڵکشاویان هەیەو هەمیشەش هەڕەشەن بۆ سەر چوارچیوە دامەزراوییەکەوخودان هێزێکی بێشوماری بەرهەمهێنانیشن.

ماركۆزە رەخنە لە ڤیبەر دەگرێ سەبارەت بە دیدێکی مارکسیستانە لەمەڕ شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە سەدەی نۆزدەدا لە ئینگلتەراوفەرەنسا، مارکۆزە پێی وایە ڤیبەر دەستی گرتووە بە چەمکێکی موجەرەد لەمەڕ (بەئەقڵیبوون) بەجۆرێك ناوەڕۆکی جۆرایەتی چینایەتی لەمەڕ سازانی چوارچیوە دامەزراوەییەکە شانبەشانی سیستەمە پێشکەوتووەکانی کرداری ئەقڵانی مەبەستدار، ئاشکراناکات، بەپێچەوانەوە دایدەپۆشێت، مارکۆزە دەزانێ شیکردنەوەی مارکسیانەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاتوو ، کە مایەی سەرنجی بوو، هەرەمەکیانە پراکتیزە ناکرێ، لێ ئەو دەیویست رێبکات بۆ نموونەکەی ڤیبەر بەوەی دەستپێکی کۆمەڵگەی مۆدرن لە چوارچیوەی سەرمایەداریەکی سیستمازەکراو لەرووی دەوڵەتیەوە لە چەمکەکان دەربازی دەبێ کاتێك ناکرێ ئەو چەمکانە بەسەر سەرمایەداری لیبرالی پیادە بکرێ.

مارکۆزە رای وایە ئەقلانیەت لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئازادی فەرامۆش دەکاتوتاکەکەس لەقاڵب دەدات، هەروەها ئەو ئاماژە دەدات بەوەی فۆرمی ئەقڵانی زانستوتەکنەلۆجیا واتە ئەو ئەقڵانیەتەی لە سیستەمگەلی ئەقڵی ئەقڵانی مەبەست بەرجەستەیە پەلداوێ بۆ ئەوەی ببێ بە فۆرمی ژیان، ببێ بە (گشت مێژوو)ی جیهانی گوزەرانوژیان.

ماکس ڤیبەر دەیویست بەو بەئەقڵیبوونەی کۆمەڵگە ئەو رووداوە دەستنیشان بکات، ئینجا شرۆڤەی بکات، هابرماس پێی بوو سەرکەوتن بە لای هیچ کامێکیان دانەبوو نە ڤیبەرو نە مارکۆزە، لەبەرئەوە هەوڵیدا دووبارە چەمکی بەئەقڵیبوون لای ڤیبەر دابڕێژێتەوە بە جۆرێکی دیکەی مەرجەعیەت بۆئەوەی تێزەکە لە رووی وەزیفەی دوالیزمی پێشکەوتنی زانستی-تەکنیکی (وەك هێزێکی بەرهەمهێنانوئایدیۆلۆجیا)شەنوکەو بکات لەرووی یا بەپێی رەخنەکەی مارکۆزە لە ڤیبەر (8).

ئەقڵانیەتی زاڵدەستیودەستڕۆیشتوویی، کە ئێستا بۆتە مەترسیەکی دەستەجەمعی بە جۆرێك هەڕەشە لە ژیان دەکات، تەنیا لەرێی فۆرمەڵەبوونی ویستێکی سیاسی لەباردەبرێ پابەند بە پرەنسیپی گشتی دیالۆگ خاڵی لە زاڵبوونودەستڕۆیشتوویی، لێ بەئەقڵیبوونی کۆنترۆڵکارییو زاڵدەستی تەنیا لە رێی ئەو پەیوەندیانەیە، کە

لایەنگری دەسەڵاتێکی سیاسی ئەوتۆیە وابەستە بە دیالۆگ، ئەقڵانیەت لای هابرماس دوو شتە:

ئەقڵ بەو پێیەی تاکە پەناگەیە ، لەگەڵ هۆشیاریی بە زەرورەتی نوێبوونەوەی ئەمەش بەرێگەی گوێزانەوەی رەگەزی سەنگوشەنگی تیایە لە رێرەوتی ئامرازگەریی بۆ (دیالۆگێکی بەردەوام)ی پشتبەستوو بە رەخنە.

ئینجا گەڕانوشەنوکەوکردنی خودی ئەو ئەقڵە بۆ بەردەستخستنی ئەو رەگەزانەی یاریدەمان دەدەنو وادەکەن بکارین ئەو کەلەنودرزانەی مۆدێرنیزم ناویەتیەوە پڕی بکەینەوە لەسەر هەردوو ئاستی مەشروعیەتی سیاسیو ئەخلاقی.

ئەمەش بە بنەمای ئەوتۆ گەردوونیو بەرز لە رووی سروشتەکەی(بە واتا کانتیەکەی وشەکە، واتە ئەوەی بنەماکەی لە ئەزموونەوە نییە) لێ فامکردنی ئەو دیوە(تەئسیسیەی)بیری پیاوەکە(تەئسیس لەمەڕ تیۆرێ لە تەواسل بەپشتبەستن بە پرەنسیپەکانی ئەقڵی رۆشنگەریی بەمەبەستی خولقاندنی بوارێگی گشتی بەدیویکی شەرعی)نایەت بەبێ ئامادەگیی دیوەکەی دیکە (رەخنەیی)تیایە(ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ ئەوانەی ناونراون "نەزعاتی نائەقلانی") نائەقلانی لای هابرماس ئەو وەسفەیە بەسەر گشت نەزعە فەلسەفیو سیاسیەکان پیادە دەبێ، ئەوانەی نەیارن بە مۆدێرنیزم، لێ لە وێنە وەزعیەکەیدا کە لەو نەزعاتانە بەرجەستەیە،

که گشت ڕەهەندە ڕەخنەییەکانی ئەقڵی ڕۆشنگەری بەدوور دەگرێ بە تەرکیزکردنە سەر ڕەهەندە ئامرازگەرییە(تەقەنییەکە(دەقی: مەعریفەوبەرژەوەندی) و دەقی(تەکنیك و زانست وەك ئایدیۆلۆجیا) (هەرە گرنگترین ئەو دەقانەن، کە هابرماس حیواری لەگەڵ ئەو ئاراستەورەوتە پێ کردوون) یا لە وێنەی نەزعاتە (ڕیژەیی)و گوماناوییەکانەوەیە و تێکڕای ئەقڵی ڕۆشنگەریی ڕەت دەکاتەوە یا بەناوی جیاوازیەوەیە یا بەناوی سۆفیگەریی دەقی(گوتاری فەلسەفی مۆدێرنیزم)و(فیکری میتافیزیکیا لەو دەقە هەرە گرنگانەن، کە هابرماس گفتوگۆی لەگەڵ ئەو ڕەوتە کردووە).

نەزعەی یەکەم (پۆزەتیڤیزم) (ئیسقات-projection) (٭) دەبێ، کە هابرماس ناوی ناوە (پەککەوتن) چوون ئەقڵ لە هێزێکی تەشریعی و هێزێکی شۆڕشگێڕی دەگۆڕێ بۆ حیسابکاریی و پراکتیزەکارییەك بەناوی (لۆجیکی شتەکان) و بەناوی (ئۆبگێکتڤیزم) دیاری دەکرێت. نەزعەی دووەم: گومانگەرایی لە دژیەکیەکیدا (ئیسقات دەبێ)لەبەرئەوەی داوای وەلانانی ئەقڵی مۆدرن دەکات، کە لەسونگەی ئەوەوە لە ناوەڕۆکیدا(سەرکوتکەرانەیە)بەڵگەشی ئەو کارەساتانەی

.................................................................

(٭) (ئیسقات-projection) حیلەیەکی بەرگریکارانەیە تاك بەهۆیەوە خۆی لە هەستونەستە ناپەسندەکانونەویستراوەکان دەپارێزێ بەوەی دەیانداتە پاڵ ئەوانیدیکە، جا لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی فریودانی خود ئەوە فێڵێکە زیان بە

تەوافوقی شەخسیەت دەگەیەنێ مادامەکینێ کاردەکات بۆ کەمکردنەوەی روونبینی لای تاك یا بەتەواوەتی ونکردنیولەبەرئەوەی دەبتە هۆی شلەژانورارایی ئەوە زیان بە پەیوەندیە کەسێتیەکان دەگەیەنێ، نکولێکردن هەنگاوی یەکەمە لەو حالەتەدا/سەرچاوە: ئینسکلۆپیدیای دەروونناسیودەروونشیکاریی-د.عەبدلنعم حفنی، کتێبخانەی مەدبولی،چ4 ،1994.

سەدەی بیستەمە، بەپێی هابرماس ئەمە لەبیرکراوە، پشتبەستووە بەخودی ئەقڵ لە رەخنەگرتن لەو ئەقڵە (سەرکوتکەرانەیە) بە سەرکەوتنی نائەقڵیش دەرگەی سەرکوتکردنوتوندڕۆیی دەخاتە سەرپشت، سەرکوتکردنوتوندڕۆیی لە کاتی غیابی نووری ئەقڵ ئامادەن.

کەواتە ئەقڵ (گەر شیا بڵێین) لای هابرماس (کوێخایە)بنەمای تیۆری کۆمەڵایەتی(کۆمەڵگەی تەواسل)وسیاسی(دیموکراسیی دیالۆگئامێز)ە، هەرەبەهێزترین چەکە لە رووبەڕووبوونەوەی نەزعە نائەقلانییەکان، جا چ فەلسەفی یا زانستی، لەراستیشدا ئەو ئیمانە قووڵە بە ئەقڵ هەمیشە لەجۆشدایە لەگەڵ پەرەگرتنی پرۆژەکەی پتر خۆدەنوێنێ، کە بەروونی لە دوا کاروکردەوەکانی بەدیدەکرێ، کە هەوڵێکی بوێرانەیە بۆ دامەزراندنی ئەقڵێکی پراکتیکانەی هاوچەرخ، ببتە بنەمایەکی(ئەخلاقی)جڵەوگری پرۆسەی (تەواسل)ە لە کۆمەڵگەدا.

رەنگە هەر ئەو خواستوویستە جاڕدراوەش بێ هۆی ئەوەی هەندێ لێکۆڵەرانی بە(ئایدیالیست)و(نیوکانت) کە ئەسڵی فەلسەفەکەی بۆ

میتافیزیکیای ئەڵمانی دەگەڕێتەوە، ناوی ببەنو وەسپی بکەن، پرۆژەی بنەڕەتی هابرماس لەوەی پەیوەستە بە چەمکی ئەقڵ بریتیە لە نوێکردنەوەی بەڵگەو دەلالەتەکەی بە گۆڕینی لە ئەقڵێکی تۆتاڵی ئامرازگەریی هەروەك ڤیبەر دەستنیشانی کردووە بۆ ئەقڵی دیالۆگیانەی (تەواسل)ی هەڵنراو لەسەر(ئیتیفاق-consensus )کە بوارە گشتیەکە دایدەڕێژێ.

لای کانت یاسای مۆراڵ پێگەی بیرۆکەی ئەفلاتونییە بەبەراورد لەگەڵ ئەو یاسایانەی لێوەی وەرگیراون، لای هابرماس هەق، هەروەك مۆراڵ بنەمای خۆی هەیە لە دیالۆگی گشتیدا لەبارەی یاسای چالاکیو کارکردندا ئەو دەڵێ(لەو لێکۆڵینەوانەی تا ئێستا بڵاومکردونەتەوە و تایبەتن بە ئەخلاقی دیالۆگ ئەوە من هەرگیز جیاوازیم نەکردووە لەنێوان پرەنسیپی گفتوگۆوپرەنسیپی مۆراڵ، پرەنسیپی دیالۆگ تەنیا گۆشەنیگای ئەوە روون دەکاتەوە، کە دەڵێ پێوەرەکانی کار بەگشتی دەتوانن لە بنەڕەتەوە شێوازێکی راستودروستوبێلایەن دابڕێژن)بەمەش جیاوازی دەکرێ لە نێوان هەردوو پرەنسیپ، پرەنسیپی ئەخلاقیش تێکڕای رووەو(ئینسانیەت)ە، بنەماکانی رێزگرتنی دوولایەنە لە نێوان تاکەکان -جا هەرچییەك بن- وێرای ئینتیمای کۆمەڵایەتیان، دادەڕێژێ، ئەو شمولیەتە چ ئاسەواروپەرچەکردارێکی ئەوتۆی نییە بەسەر کاروکردەوەکاندا، بە تەنیا بەسەر ویژدانەوە نەبێ بەرابەر بەمە پرەنسیپی دیموکراسی، کە

ئەرك‌ووەزیفەكەی بەدیكردنی یاسایەكە لای هاووڵاتیان پەسەند بێ. بەپلەی یەكەم رووەو كۆمەڵگەیەكی سیاسییە، فۆرمەڵەبوونی رای گشتیو ویستی سیاسی وەك سەرچاوەی رەوایی دەسەڵات وێرای ناچاریی بەردەوام نابن، چونكە گشتگیریی‌وشمولیەتی بورهانی ئەخلاقی رەچاو دەكات. ئەمەش پەیوەستە بە كۆمەڵگەی حقوقی. بە رای هابرماس پرەنسیپی دیالۆگ بەبەراورد بە ئەخلاق‌وهەق بێلایەنە(بیرۆكەی تەشریعی زاتی لای هاووڵاتیان پێویستە دووبارە لەلایەن كەسەكانەوە"تاكەكان" بۆ تەشریعێكی زاتی ئەخلاقی بگەرێنرێتەوە، سەربەخۆیی‌وحوكمی زاتی پێویستە بەرێگەیەكی زێدە بێلایەن‌وگشتگیرانە دابرێژرێنەوە لەبەرئەوە پرەنسیپێكی دیالۆگ هاتەنێوەوە، كە بەپلەی یەكەم گوێناداتە ئەخلاق‌وهەق )بێلایەنی پرەنسیپی دیالۆگ بەبەراورد لەگەڵ ئەخلاق‌وسیاسەت وادەكات ئەو پرەنسیپە بكەوتە ژێر سایەی لێپێچینەوەوە(sous- Determine) بەبەراورد لەگەڵ هەر گفتوگۆیەكی واقیعی لەوەی پەیوەستە بە مۆراڵ.

بەرای هابرماس پرۆسەی(كۆمەنیوكەیتڤ) ئەو كاتە هەیە، كە لە خودیخۆیدا سەربەخۆیە، واتە هەر كاتەی دەسبەرداری ئەو پاڵپشتە دەرەكیانەی بۆوە، كە بشێ بكارێ راوبۆچوونەكە هەڵبسەنگێنێ، (تەواسل)ی هەق ئەوەیە، كە لە بەرهەمهێنانی هەقیقەتداولە دامەزرانی مەشروعیەت تەنیا پشتدەبەستێ بە كردەی ئاڵوێری

بەڵگەیی، لەبەرئەوە (بانگەشەی تایبەتمەندیی پێویستە تەعلیلێکی ئەقڵی بێ نەك لە سەرچاوەیەکی مەزهەبی یا سوڵتەوی)(9) بەجۆرێك (برهان-حجە)لە دواشتدا ئەو پرۆسەیە بێ، کە لەمیانەیدا (گەرەکیەتی گوێگرێکی گەردوونی قەناعەت پێبێنێ) بەپشبەستن بە (بەڵگەوبورهانی) رێکخراو بەیەکەوەبەستراو مەرامیان ئەنجامگەریی —ئیجماعوئیتیفاق-ە، چوون هێزی حجەتێك لە نێو سیاقێکی دیاریکراو بەوە دیاری دەکرێ تاچەند توانای قەناعەت پێهێنانی گشت بکەرەکانی لە پرۆسەی (کۆمەنیوکەیتڤ) هەیە(کۆمەنیوکەیتڤ) بەپێی ئەو دیاریکردنە لانی کەم دوو دەلالەتی هەیە، یەکەمیان مەعریفیە، چوون هەقیقەت نابێتە مەفهومێکی گەوهەری هەڵکشاوی ئەوتۆ لە جوغزی"سەربەخۆییەکەی"و هەڵکشاوییە میتافیزیکییەکەی درکی پێبکرێ، بەڵکە مژووڵبوونێکی کارلێککەرانەی (تەواسل)ی ئەوتۆ لە مەیانی گفتوگۆو(حجەتەکان- ەوە بەدیدێ)بەمەش تەرحی تەقلیدی ئایدیالیانەی پرسی هەقیقەت دەبەزێنێ، هەروەها روودەکەنە پرسێکی دیکەی زێدە پراگماتی و (مێژوویی)دووەمیان سیاسیە: چوون پێوەری دیاریکردنی ئیختیاراتی گشتی و چارەنووسی مێژوویی دەسپێردرێتە بوارە گشتیەکەو ئەو کارلێککردنەی لە نێوان ئەو رەگەزانەی پێکهێنەری یەك کۆمەڵگەن روودەدات، ئەمەش واتە بەزاندنی هێڵی ئەو تەرحە تەقلیدیەی چەمکی دیموکراسیە، بەو پێیەی کۆمەڵە ئیختیاراتێکی سیاسی(تیۆریە)کە کۆمەڵەکە لە

فەزایەکی کۆمەڵایەتی‌ومێژوویی -ئیفترازی- گەرەکیانە پیادەی بکەن، دەشبێ ئاگەداری سروشتی ئەو ئەقڵە بین، ئەو پرۆژەیەی بۆی دادەڕێژین کاتێك مەبەستمان (کۆمەنیوکەیتڤ)ە.

ئەقڵی (کۆمەنیوکەیتڤ) لە گەوهەردا خاوو سستو لەرزۆکەو هاکا هەر ساتێك ببێ بە ئەقڵێکی سەرکوتکەرانەی ئامڕازگەریی تۆتاڵ پێویستە ئەوە لە بیرنەکەین، کە پاساوی ئەقڵی (کۆمەنیوکەیتڤ)ی ئەوەیە، کە جێگرەوەی ئەقڵی ئامڕازگەرییە، ئەو ئەقڵەی ڤیبەر (قەدەر)ی مۆدێرنیزمی تیا بەدیکرد، ئەمەش بەو مانایە نییە هزرکردنی ئامڕازگەرایی بەتەواوەتی لە کردەی ئینسانی بەدوور بگرین، بەڵکە جیاکاریی نێوان ئامڕازگەریی‌وغائی لەو کردەیەدا، چوون هابرماس دوو جۆر کردەی ئەقڵانی دەخاتەڕوو: ستراتیجی لەسەر قۆستنەوەی‌و بەکارخستنی بۆ مەرامی سوودمەندی هەڵنراوە، کارلێککردنی لەسەر ئەمە هەڵنراوە، گەریش جۆری یەکەم گونجاوە لەگەڵ ئەو پەیوەندیەی هەیە لە نێوان ئادەمیزاد و شتەکان، هەروەك لە سروشتدا هەیە، ئەوە دووەمیان گونجاوترە لەمەڕ ئەو پەیوەندیەی هەیە لە نێوان ئادەمیزادوئادەمیزاد لە چوارچیوەی فەزایەکی گشتی دیاریکراودا.

ئەو جیاکارییە بە دیدی هابرماس ئەو شتەیە، کە هیچ کام لە فەیلەسووفەکانی هاوچەرخ ئەوانەی بایەخیان دا بە بابەتی مۆدێرنیزم هەر لە مارکسەوە تا مارکۆزە نەیانتوانی بەدەستی بێنن،

چوون گشتیان پێیان وابوو ئەقڵ بەتەنیا ستراتیجە، واتە ئەوان بەتەنیا لایەنی چەندایەتی کردەییان وەرگرتبوو، جا لەبەرئەوەیە، کە هەر هەموویان ئاوا لە ئەقڵی مۆدرن تێگەیشتبوون گوایە بەتەنیا هێزێکی سەرکوتکەری زاڵمانەیە، لەسەر ئەوە ناتەبابوون لەوەی هەبوو داکۆکیکەربوو پێی وابوو داکۆکی لە تێکڕای مۆدێرنیزم دەکاتو ئەوەی رەخنەگرو رەتکەرەوەی بوو، کە ناچاریشە تێکڕای مۆدێرنیزم رەتبکاتەوە، ئەو جۆرە دیدگایە بووە مایەی رەخنەکارییوپەرچەکردار لە نێو فەیلەسووفو کۆمەڵناسە هاوچەرخەکان، کە بەشێکی پێی وابوو پیاوەکە(کانت)ێکی نوێیە، داڕێژەری معماریەتێکی فیکری و بەهائامێزی ئەوتۆیە هاوڕێك لەگەڵ پرسیارگەلی زەمانی ئەو جیهانەی تیا دەگوزەرێنین.

کۆمەڵگە مۆدرنەکان دەوەستنە سەر سێ ستون: مایە(المال)و دەسەڵاتو هاریکاری، هابرماس پێی وایە پێویستە دووبارە هاوسەنگی بۆ بوارەکانی کاریگەرێتیان بگەڕێنرێتەوە، نەخاسمە هەردەبێ کۆمەڵگە مۆدرنەکان تواناداربن بۆ بەرزکردنەوەی هێزی (ئیندیماجیی) کۆمەڵایەتی لەتەك هاریکاریی لە رووبەڕووبوونەوەی مایەو دەسەڵاتی ئیداری، کەواتە گرفتی هەقیقی مۆدێرنیزم لە هەڵێنجانی ویستی سیاسیدایە بتوانێ کار بکاتەسەر رۆنانی تخوبی نێوان بوارەکانی ژیان، ئەوانەی لەلایەك لەسەر (کۆمەنیوکەیتف)و لەلایەکی دیکە لەسەر دەوڵەتوئابووری بونیات نراونو هەڵنراون،

ئەمەش هەڵوێستێکە گشتاندنی بیرۆکەی نۆرماتیڤانەی لەمەڕ دەسەڵاتی دیموکراسی گەرەکە.

زۆر لە حاڵەتەکانی بەدحاڵیبوون تایبەت بە(ئیتیکی دیالۆگ - Discourse ethies - مەبەست لێی ئەو مەرجانەیە، کە تەحەکوم بە کردەی تەواسولی ئینسانی دەکەن) بۆچەند رەگەزێك دەگەڕێتەوە: بڕیارگەلی پێشوەختەی نەگونجاو زادەی دەستنیشانکردنێکی پوختەی مۆراڵە لە چەندین نەریتی تیۆریدا(مارکس‌ونیتزش‌وئاییێر)یا ناڕوونی‌وشێڵوویی لەبارەی تیۆرێکی تایبەت بە بنەما راست‌و ناڕاستەکانی مۆراڵ جگە لە رێکخستنێکی زاڵمانەی ژیانی تاکەکان لەمیانی سیستەمێکی ئەخلاقی سەرکوتکەرانە، بەبێ ئەو دیالۆگە گشتییە، کە لە رێساوسیستەمەکان سەرچاوەی گرتووەوبەندە بەو جۆرە دیالۆگە هەر ئەگەرێکی گەیشتن بە رێککەوتن‌وکۆکبوونێکی بەهادار بوونی نییە.

پێویستە هەندە پێوەر هەبن زێدە گرنگ، بەر لە هەر بژارەیەکی پێوەرانەش پێویستە پەیوەندیەکی ناوەکی هەبێ لە نێوان گفتوگۆوپێوەرەکان لەسەر کەسە بەشداربووەکانیش جا لەو سونگەیەوە پێویستە ناچارکراوبن بۆ گوێگرتن لەیەکتری کاتێك بیروڕا دەگۆڕنەوەو بڕیارێك دادەڕێژن، جا لەتەك ئەو فشارە نۆرماتیڤییە دیالۆگە گشتیەکە لە میانەی ناوەڕۆکیەوە رۆڵێکی روون‌وبەدیهی دەبێ بۆ هەر رەخنەگرتن‌وپێشنیازێك.

ئەو ڕێبازە وادەكات هابرماس پابەند بێ بە گەڕان بەدوای بنەماكانی ئەخلاقی دیالۆگ بۆ ئەوەی بگات بە داڕژتنێكی ئەقڵانیانەی پرسی دیموكراسیی، ناكرێ ئەو كۆششە لە پرسە سەرەكییە گەورەكەی كۆمەڵە دانراوەكانی دابڕین، ئەویش ویستی چەسپاندنی دیموكراسیە لە وڵاتێك خاوەن نەریتێكی راستەقینەی دیموكراسیی نییە، هەروەك چۆن كۆششی ئەو بۆ ئەوەیە دیموكراسیی بخاتە نێو چوارگۆشەی هزركردنی ئەقڵانیانەی مۆدێرنیزم.

ئەمەیە هۆی ئەو رۆڵە مەركەزیەی هەیەتی لە بەرهەمە فەلسەفیەكانی، ویستی دووبارە بونیاتنانەوەی ئەخلاقی كانتی لە سونگەی ئەو پرەنسیپە نۆرماتیڤانەی (كردارەكانی كۆمەنیوكەیتڤ) دەیسەپێنن، هەروەها زێدەحیرسی سۆسیۆلۆجیانەی بۆ داڕژتنی چوارچیوەیەكی دیموكراسی بەپێی پێوەرە نوێبووەوەكان.

مۆدێرنیزم زاتیەتوئەقلانیەتی خۆی بەرهەمهێنا، وەك دوو سیفەتی پێوەلكاو، هەریەك پشت بەویدیكە دەبەستێ بەمەش هزركردنێكی ئەقلانی بەخۆوە دەگرێ، ئەو هزركردنە ئەقلانیەی ئادەمیزاد، كە بیری مۆدێرنیزم فۆرمەڵەی كرد مایەی رەخنەو پێداچوونەوەو گفتوگۆیە، بەرابەر ئەوەی ئادەمیزاد خودێكی ئاقڵوعاریفە ئەوە خودێكی دیكەشە خۆنەناسومەرجدارو ملكەچی حەتمیەتی ستراكچەرەجیاجیاكانی ئابووریوكۆمەڵایەتیوزمانەوانی.

بەرای هابرماس گیروگرفتەکانی مۆدێرنیزم هەرچییەكوچۆن بن مانای ئەوە نییە پاشەکشە بکەین لێی یا تەسلیمی ببین، چونکە ئەمە واتە پاشەکشەی فەلسەفە لە زەمەنەکەی خۆی، دەستبەرداربوونیش لە ئەقڵو بەئەقڵانیبوون رووەتێکە لەرووەتەکانی ئەو پاشەکشەیەونیازونیەتی بەردەوام بوونە بە پرۆژەی فیکری رۆشنگەریی، بەمەش بەبڕوای هابرماس نەبوونی هە چ دیدگەیەکی ئایندەسازییە لای پۆست مۆدێرنیزمەکان.

ئاسان نەبوو بۆ هابرماس بە بیرمەندانی نەیاری بگات یا هاوڕای بیروبۆچوونودەرەنجامەکانیان بێت، وێرای ئەوەی خۆی بە بەشێکی(لەرووی فیکریەوە) پۆست مۆدێرنیزم دادەنێ هۆیەکانیش بریتین لەوەی:

یەکەم: هەڵوێست لە بەئەقڵانیبوون، لەبەرئەوەی ئەوان لایان سەرچاوەی دەردەسەری‌ونیگەرانی -وجودیە- کە ئادەمیزادی مۆدرن دەیگوزەرێنێ، بەحوکمی ئەوەی ئەو بەئەقڵانیبوونە لکا بە میکانیزمگەلی دەوڵەتی مۆدرن، شێوازی تاکلایەنەیشی بەسەر تاکەکەسەکان‌وگرووپەکان سەپاند، جا لەو ئاستە رەخنەگرانەیەدا چەندین فەیلەسووف هەن یەکدیگیرن هەر لە نیچەوە بۆ هایدگەر، ئینجا فەیلەسووفەکانی دیکەی نەیاروجوداو فەیلەسووفەکانی تیۆری رەخنەگرانەو فۆکۆ، رەخنەی هابرماس بەگشتی لە بیرمەندانو بە تایبەتی لە هایدگەرو فۆکۆو دریدا- لەکاتێکدا دریدا خۆی بە

درێژەپێدەری فەلسەفەی هایدگەر دادەنێ - ئەوەیە ئەوان بە نائەقلانی‌وفەوزەوی نێو فەلسەفەی پۆست مۆدێرنیزم دادەنێ، هەروەها ئەوان داچەقینەتە بژارەیەکی ریشەیی لە رەخنەگرتن لە بەئەقڵانیبوون بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان ئەوەی ئامرازسازیی (پاساوگەریی) بەرهەمهێنەری ئیستیلاب‌وئەوەی یاریدەی رزگاربوونی ئادەمیزادە لە کۆیلەتی سروشت‌و شتەکان، لێ پاشان دەهەمبەر فۆکۆ کەمەك پاشگەز دەبێـتەوە.

هۆیەکی دیکە بریتیە لە گرنگیدانی هابرماس بە پرسی بەردەوامگیریی‌وجەختکردنی لەسەر ئەخلاقیەتی بەردەوامگیریی لەو کاتەی فەیلەسووفانی جیاونەیار ئەمەیان پێ رەگەزێکی دامەزرێنەری سیستەمی گشتی بوو، جگە لەوەی هەر حەزوئارەزوویەك لە دارژتنی ئەخلاقیەتی بەردەوامگیریی هەردەبێ لە لۆجیکی دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتەکان سەرچاوەی گرتبێت ئەمەش شتێکە، کارێکە نەگونجاوە دەگەڵ ئاخاوتن بەناوی نەیار، جیاکار.

هابرماس پێی وایە بەئەقلیبوون کارێکی ئەقلیە ئاواش دیاری دەکرێ بەپێی پەیوەندیەکەی لەگەڵ زمان‌وسیستەمە مەعریفی- ئامرازگەراییەکەوفۆرمە جیاجیاکانی گوزارە رەمزیەکان، لێ هابرماس لەو ئاستەی شیکردنەوەدا چەمکی بەئەقلیبوون دێنێ بۆ روونکردنەوەی مەرجەکانی بەئەقلیبوون لەمەڕ کۆمەڵە گوزارەیەك یا ئەو خود-انەی توانای قسەوکرداریان هەیە، لەگەڵ هۆشیاریەکی تەواو

بەوەی ئەو چەمکە لەرووی (approach) بەسەر سۆسیۆلۆجیا پیادەنابێت، ئەو لێکنزیککردنەوەیەی ئەو کاتە تەوزیفی دەکات، کە هەوڵ دەدات چەمکێك دابڕێژێ بەناوی ئەوەی ناوی ناوە(ئەقلانیەتی تەواسولی)(لێکتێگەیشتن، تەواسول، ئیجماع، فۆرمەڵەبوونی گوتارانەی ویست، گفتوگۆیەکی گشتگیر..تد.)ئەو دەستەواژانەن، هابرماس گەرەکیەتی پەیوەست بن بە ئەخلاقی تەواسولی و ناوەڕۆکی پێوەرانەی مۆدێرنیزم، بەڵام ئایا ئەمە مانای ئەوەیە پرۆژەکەی پشتئەستووره بە باکگراوەندێکی سیاسی؟داخوا چۆن هابرماس دەڕوانێتە پرۆسەی نوێبوونەوە لە بواری سیاسیدا؟.

# بەشی چوارەم

## تەکنیکگەرایی

## پرسی تەکنەلۆجیاو

## دژایەتی کردنی پۆزەتیڤیزم

ئەگەر هابرماس هەوڵی دابێ نەفەسێکی تازە بدات بە بیری فەلسەفی وەك بیرێکی رەخنەیی ئەنتی رەوتی -تۆتالی- میتافیزیکیانە، ئەوە نووسینەکانی هەوەڵینی تاوەکو(تیۆری کرداری کۆمەنیوکەیتڤ)هەناسەیەکی رەخنەیی تیا بەدی دەکرێ، لە دۆزینەوەی ئەو فرە میکانیزمانە خۆ دەنوێنێ کە جڵەوگری فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمو(زانستگەرایی)ن.

لێرەدا چ(بێگەردییەکی زانستی)بوونی نییە، زانست لە مەیانی ئەقلانیەتی تەقەنیدا لکاوە بە سیاسەت بەمەش ویستی هێزی بەخۆوە گرتووە رەواییەکەی لە(زانستگەرایی)سەرچاوەی گرتووە ئەو زانستگەراییەی بەهۆیەوە هابرماس رووی رەخنەی کردە پۆزەتیڤیزموتەکنیکیزموزانستگەرایی بەو پێیەی گشتیان گوزارشی

جیاجیان لەمەڕ ئەو ئایدیۆلۆجیایەی فۆرمەڵەکەری مۆدێرنیزمی تەقەنییە.

ئەو پێی وایە پۆزەتیڤیزم بە وەلانانی چەمکی تیۆری مەعریفەوە سەریهەڵدا، ئینجا پۆزەتیڤیزم بەلای ئەحکامی بەها داناچێ کاتێ داکۆکی لە چەمکی نۆرماتیڤیانەی زانست دەکات، پۆزەتیڤیزم کاتێ زانست وەك تاکە چالاکیەکی بەرهەمهێنی واتا دەخاتەڕوو بەمە بە لای بیرکردنەوە لە ئەقلانیەتی بڕیارە سیاسیوئەخلاقیەکان داناچێ.

فەیلەسووف و کۆمەڵناسانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لایەنە جیاجیاکانی دەردو کوێرەوەریەکانی ئەو سەردەمەیان نیشانکردووە لە نامۆبوونوسەنەمیەتو..تد، بەمەش رەخنەیەکی توندیان لە یۆتۆپیای پێشکەوتنی تەقەنیو تیۆرە تەبشیریەکان گرتووە، هەروەها رەخنەیان لە رەوتی زانستگەرایش گرتووە، کە پێی وایە مەعریفە وەك سروشتێکی بابەتیانە موجەرەدە لە بەرژەوەندی.

مێژوو هەمیشە کۆمەڵە قۆناغێکە یەك بەدواییەك دادێ بەبێ ئەوەی هەرگیز خۆی دووبارە بکاتەوە، لێ زیاتر لەو حاڵەتەدا فۆرمێکی روونمان دەداتێ لەبارەی یەکێ لەو تەناقزاتە بەرچاوانە، لە نێوان ساڵانی (1929-1933) لیبرالیزم زۆر خەتابار کرا، لێ پاشان دەرکەوت ئەمە هەڵەیە، چوون پاش نیوسەدە لەو قەیرانوئاستەنگانەی جیهانی گرتەوە لەساڵانی (1970-1988) هێزی

سەرمایەداری سەلمێنرا، هەروەها ئەو پەیوەستیە قووڵەی لە لیبرالیزم خۆی دەنوێنێ، کە بە شارستانیەتەکانی دەبەستێتەوە.

(سەرمایەداری)لەمەوپێش گوزارەی لە ململانە دەکرد، چەمکێکی رەخنەگرانەو ئاماژە بە دوژمندارییی لەواقیعیشدا ئامرازێکی نوێ بوو بەهۆیەوە پەردە لەسەر بەرهەڵستکاریەکی کەنەفت( Popolo zrassa v popolo minuto)ی نێوان دەوڵەمەندو هەژاران لادەدات.

پاشان سەرمایەداری ئەو چەمکەی رەتدا، چوون بەتەنیا بوو بە ئامرازێکی زانستی، بەمەش بەتەنیا گوزارشی لە سیستەمێکی ئابووری(10) دەکرد.

بەکورتی گەشەکردنە بنەڕەتییە تەکنیکییەکان ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

1-وزە (مامڵەکردنی دەوەستێتە سەر نرخە راستەقینەکانی پەترۆڵ).

2-کەلوپەل‌و ئامێرە نوێیەکان.

3-مەعلوماتیی.

4-پێوەندیکردن لەدوورەوەڕا یا مەودای رادیۆوتیڤی(وەك مانگە دەستکردەکان).

5-فەزا (کەشتییە فەزاییەکان).

6-بایۆتەقەنی ئامانجدار بۆزاڵبوون بەسەر هەندە دیاردەی ژیاریی.

هابرماس هاوکات لەگەڵ هەوڵ‌و کۆششەکانی نوێبوونەوە لە ئەڵمانیا بوو، ژیا، نەخاسمە پاش جەنگی دووەمی جیهانی، لە قۆناغی

بيناكردنی هۆشيارانەی ئەقڵانيەت، چوون گوتاری رۆشنبيری‌وسياسی پرسيار دەچەپێنێ‌و رەخنەش دووردەخاتەوە، ئەمە وای كرد بەردەوام بێ لە نەريتی رۆشنبيری - فەلسەفی ئەڵمانی كە لەسلبونەفی‌و رەخنەوە سەرچاوەی گرتبێ‌و فەلسەفە بكات بە ئامرازێك بۆ هەڵوەشانەوەی بيروباوەڕ و موعتەقەداتی باووبەردەست‌وخەتابارکردنی بيری پۆزەتيڤيزم كە زۆر دژايەتی دەكرد.

گەر لە بنەماكانی ئەو دژايەتيكردنەمان كۆڵيەوە دەبينين رەگاژۆيە لە قووڵايی بژارەی رەخنەيی قوتابخانەی فرانكفۆرت، بەگەڕانەوە بۆ پرسيارەكانی تيۆری رەخنەيی دەبينين رەخنە لە پۆزەتيڤيزم هاجسێكی بنەڕەتی بوو لای بانگەشەكارانی ئەو تيۆرە، چ ئەوانەی بەرايی يا دوايی، دۆزينەوەی ئەو ميكانيزمە تيۆری‌ومێژوويی‌و زانستييانەی جڵەوگری بيری پۆزەتيڤيزم بوون، دۆزينەوەی ئەو ويستە بەهێزەی ئاخێوەری ئەو ميكانيزمانە بوون هەموويان گەرەك بوو رووە زانستيەكەی پۆزەتيڤيزم تاوتو بكەن، لەو نموونانە هربەرت ماركۆزەيە(1898-1986) ئەو بيرمەندە زۆرێك لە بەرهەمەكانی تايبەت بوو بە رەخنەگرتن لە شێوازەكانی جەمسەرگەرايی، لە بەراييەوەش جەمسەرگەريی زانستيی‌وتەقەنی، بەو پێيەی تەكنۆكراتيی ديوی دووەمی فەلسەفەی پۆزەتيڤيزمە، هەروەك هۆركهايمەر ئاماژەی پێدەدات(ئەگەر ئەفلاتون ويستبێتی

فەیلەسووفەکان وەك (گەورەوبەگ-سادة)لەقەڵەم بدا، ئەوە تەکنۆکراتەکان گەرەکیانە ئەندازیاران بکەن بە ئەنجوومەنی هەڵسوورێنەرو بەڕێوەبەری کۆمەڵگە، پۆزەتیڤیزم بریتیە لە تەکنۆکراتیەتی فەلسەفی). جیاوازی نێوان پۆزەتیڤیزموبیرمەندانی تیۆری رەخنەیی لە بنەماوە تەنیا پرسی بوارە ئەپستمۆلۆجیاکان یا پێگەی زانست لە کۆمەڵگەی نییە، بەلکە جیاکارییەکی بنەڕەتییە سەبارەت بە دیدگای هەردوو رەوت لەمەڕ واقیعوکۆمەڵگەونوێگەری و فەلسەفە

پۆزەتیڤیزم وەك بیرۆکە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا پەرەی گرتو بڵاوبوویەوە، پۆزەتیڤیزم پێیوایە دەبێ ئەقڵو زانست رابەرایەتی کۆمەڵگە بکەن بەرەو زانستگەراییو پێشکەوتن، ئەمەش هەنگاوێكودەستپێکە بۆ فامکردنی مۆدێرنیزمی خۆرئاوایی، سەردەمی پیشەسازیوزانست وەك ئەلتەرناتیڤی ئایینگەرایی-لاهوت-پۆزەتیڤیزم فەلسەفەیەکی زانستیانەی وردەکارانەیە، لەچوارچیوەی ماتماتیكوحساب ویاسا فیزیکییەکان جا چ لەسەر ئاستی سروشت بێ یا کۆمەڵگەوتاکەکەسەکان، ئۆگست کۆنت(1798-1857)دامەزرێنەری فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم تەنیا بڕوای بە پێشکەوتن نەبوو، بگرە گرنگی بە سەقامگیریوسیستەمیش دەدا، پێی وابوو پۆزەتیڤیزم زیاتر لە کۆمەڵگە ئۆروپییەکان دەردەکەوێ لەچاو کۆمەڵگەکانی دیکە.

**ماركۆزە جەخت دەكاتە سەر ئەوەی پۆزەتیڤیزم(11)( پۆزەتیڤیزم لە شیتەڵكردنی واتە مەزهەبی ئیجابوقبوولكردن/پۆزەتیڤیزم - Positivisme)ە، ئەو دوو مانایەش دەبێ بە واتا سیاسیوئایدیۆلۆجیەكەیانەوە فام بكرێن لە میانەی سەدەی نۆزدەهەم لە فەرەنسادا نەخاسمە پاش شۆڕشی فەرەنسایی.**

**ئیجاب واتە قبوولكردنی ئەو رەوشوهەلومەرجەی هەیە، لایەنگری كردنی بەپێچەوانەی نەفیو رەتكردنەوە، بیروبۆچوونی فەلسەفەی دیكەی هاوزەمانی ئۆگست كۆنت پێشەنگی پۆزەتیڤیزم بوون لە فەرەنسا یا دەرەوەی لەوانەش هیگل(1770–1831) كە لە بیرۆكەی سلبو(دژیەكیی-تەناقز) سەرچاوەی گرتبوو. ئینجا پاشان ماركس (1818–1882)هاتوخستیە سەر پێی خۆی.**

**جگە لە فەلسەفە تۆباویە سۆسیالیستەكان وەك فەلسەفەی سان سیمۆن (1760-1825) و مەزهەبی برۆدۆن(1809–1865)ی فەوزەوی ئەمە ئەو سۆسیالیستانەن لە فەلسەفەیەكی كۆمەڵایەتی رەفزكەرەوە سەرچاوەیان گرتووە، هەڵوێستیان هەیە دژ بە رەوشە هەنووكەیەكە و ئەو سیستەمە كۆمەڵایەتیەی هەیە، هەروەها داوای گۆڕانی بنەڕەتی دەكەن، كاتێك پۆزەتیڤیزموكۆنت مەبەستیان ریفۆرم بوو لە چوارچیوەی ئەوەی هەیە، لەبەرئەوە سەرسامی بە زانستودژایەتیكردنی فەلسەفە لای ئەو بیرمەندە تەنیا لەو رەوتەدا**

فامدەکرێ رەوتی هێرشبردنە سەر فەلسەفەی (نەرێیانە - سلبورەفز) کە خۆی لە فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێتەوە، ئەوانەی لەفەرەنسا بڵاوبوونەوە سەر بە فەلسەفەی هیگڵوهیگلانی چەپڕەو لە ئەڵمانیا.

پۆزەتیڤیزم، لەگەڵ ئۆگست کۆنت، بەبێ ئامادەگیی نەیارانی چاك فامناکرێ ئەوانەی پەرچەکرداری هۆشیارانە بوون دژ بە رەوتە رەخنەییە تێکدەرەکان لە فەرەنساو لە ئەڵمانیا ئەو پەرچەکردارەی مۆرکێکی تفتوتاڵی وەرگرت بەتایبەت لە ئەڵمانیا، مەزهەبەکەی هیگل بەهۆی رێسا رەخنەییەکەی بە فەلسەفەیەکی سلبی وەسپکرا هەر واقیعێکی ناماقووڵ رەتدەکاتەوە، لێ پەرچەکرداری ئیجابی (پۆزەتیڤیزمی کۆنسیرڤات)پێی وایە هەوڵەکەی هیگل پێوانی واقیعە بەپێی پێوەرەکانی ئەقڵی سەربەخۆوتەحەدای سیستەمەکەیەو گەڕان بەدوای ئیمکانیاتی شتەکان بەبێ زانینی واقیعە فیعلیەکەی لەبەرئەوەی تەنیا وێنە مەنتیقیەکەی دەبینێ و ناگاتە قووڵایی کردەییەکەی، کە ناکرێ لەو جۆرە وێنانە دەرەنجام بگرێ، فەلسەفەی سلبی بەهۆی بینا هزرکاریەکەی(ئیمیگەیشن)شتەکان وەك هەن نەفی یا رەت دەکاتەوە، ئەو کارو شتانەی واقیعەکەن، کە رەوشەکە یا حاڵەتە هەنووکەییەکە فۆرمەڵە دەکەن، کاتێ بە تیشکی ئەقڵەوە سەیردەکرێن سلبین، سنووردارن، لابەلان، واتە وێنەی ئەوتۆن لە نێو پرۆسەیەکی گشتگیرانەدا شێدەبنەوە دەبنە هۆی رەتدانیان، بەم جۆرەش سەیری

جەدەلەکەی هیگلی کردووە بەو پێیەی روونترین نموونەی هەر سلبێکی رووخێنەرە لەوەی دەرهاویشتە..

هەروەها کۆنت دژ بەو شێوازە فەرەنسیەی فەلسەفەی سلبی جەنگا واتە دژ بە کولتووری دیکارتو سەردەمی رۆشنگەریی، خاڵی هاوبەندی رەنگە نێوان پۆزەتیڤیزمی سەدەی نۆزدەهەمو پۆزەتیڤیزمی نوێبۆوە بریتی بێ لە ئاراستەکردنی بیر رووەو شتگەلە واقیعیەکانو بەرزراگرتنی پێگەی ئەزموونگەریی بەجۆرێك ئەو خودان گشت شتێکە، دواگوتەی یەکلاکەرەوە لەهەر مەعریفەیەکدا، هەروەها ئەو پرۆژەیەی کۆنت خستیەروو بۆ بیناکردنی کۆمەڵناسی نوێ لەسەر بنەمای مەنهەجی نوێ مەبەست لێی جیاکردنەوەی تیۆری کۆمەڵایەتی لە وابەستەیی بە فەلسەفەی سلبی بوو و دانانی لە فەلەکی مەزهەبی پۆزەتیڤیزم(ئیجابی)هاوکات کۆنت دەسبەرداری ئابووری سیاسی بوو بەو پێیەی کۆڵەگەی تیۆری کۆمەڵایەتی بوو، کۆمەڵگەیشی کردە بابەتی زانستێکی سەربەخۆ ئەویش (کۆمەڵناسی)بوو، لەراستیشدا هەردوو هەنگاو بەیەکەوە گرێدراوبوون:

کۆمەڵناسی بوو بە زانستێك دەرەنجامی دەستبەرداربوونی لەو دیدە (لووتبەرزیەی)رەخنەی فەلسەفی، ئێستاش ئاوا سەیری کۆمەڵگە دەکات وەك کۆمەڵەیەکی ئامێتە لە وەقایعەکان بەپلەی جیاجیاوە.

یاسای گشتی جیاجیاش تەحەکومی پێدەکەن، واتە بوارێکە وەك هەر بوارێکی دیکەی تۆژینەوەی زانستی مامڵەی لەگەڵ دەکرێ، کۆنت پێی

وایە ئەو دیدگایانەی ئەو بوارە لێکدەدەنەوە پێویستە لە وەقایعەکانەوە هەڵێنجرابێ، ئەو وەقایعانەی ئەو بوارە فۆرمەڵەی دەکات، لێ ناوەڕۆکی ئەو هزرکردنە فەلسەفیانەی هەوڵدەدەن بگەن بە دوورتر لەمە ئەوە پێویستە دووربخرێنەوە.

بەوجۆرە مارکۆزە پێی وایە پۆزەتیڤیزم(ئیجابی)ناوێکی سجالییە، واتە ناکرێ لەدەرەوەی سیاقێکی ئەخلاقیوجیاکاریی فام بکرێ، واتە تەنیا بە ئامادەگیی نەیارەکە(دژ)فام دەکرێ، ئەوکات بەدیاردەکەوێ دەلالەتی گۆڕین لە تیۆری فەلسەفی بۆ تیۆرێك گەرەکیەتی زانستی بێ سەرنجگەریی جێی تەئەمول بگرێتەوە لە کۆمەڵناسی لای کۆنت، واتە تەئکید کردنە سەر سیستەم لەبری هەر ترازانێك لەو سیستەمە، ئەمەش واتە دەسەڵاتی یاسا سروشتیەکان لەبری کردەوەی ئازاد و هاودەستی لەبری ناهاوسەنگی سیستەم، لە واقیعدا بیرۆکەی سیستەم بیرۆکەیەکی بنەڕەتی بوو لە لە مەزهەبی پۆزەتیڤیزمی کۆنت، ناوەڕۆکێکی شمولی هەیە لە مانا کۆمەڵایەتیەکەی دا جگە لە واتا مەنهەجیەکەیدا، تەئکیدی مەنهەجی دەرژایە بیرۆکەی زانستێکی یەکگرتوو، ئەمەش هەمان ئەو بیرۆکەیەیە، کە دوا پەرەگرتنەکانی پۆزەتیڤیزم کۆنترۆڵ دەکات.

مارکۆزە وەسپی پۆزەتیڤیزم یا بیری ئیجابی دەکات بەوەی فەلسەفەیەکی تاك رەهەندولایەنە، رەنگپێدەری پەرەگرتنی کۆمەڵگەی تاك رەهەندی نوێو شێوازەکانی سانسۆری تەکنۆکراتییە،

کەواتە مۆرکێکی ئایدیۆلۆجی هەیە لکاو بەهەر گرفتگەل وخەتایەکی پۆزەتیڤیزم وزانستگەرایی، بەستنەوەی راستگۆیی فیکری و مەعریفە بە ئیختیارییە واقیعیەکەیان و زانستی فیزیاش ببێتە نموونەی یەقین و دیقەقەت و بڕواهێنان بەوەی پێشکەوتنی مەعریفە پەیوەستە بەو نموونەیە، ئەوە گشتیان هێماونیشانەی سەرکەوتنی پێوەرەکانی واقیعی تەکنەلۆجین، چوون جیهان دەگۆڕێ بۆ جیهانی ئامڕازوسوودمەندی وبەرژەوەندییەکان، لەبەرئەوە ئەوەی شارستانیەتی پیشەسازی پێشکەوتوو جیادەکاتەوەوشایەدی پێشکەوتنی تەقەنیە بریتیە لە رەفاه، ئەکتیڤیەت ونەبوونی ئازادی تاکەکەسیی، ئیدی داخوا چ هەیە زێدە ئەقڵانیتر لە هەڵوەشاندنەوەی ئیندیڤیدوالیزم، لەرێگەی بەماشێنکردنی کاروبارە پێویستییەکان لەرووی کۆمەڵایەتیەوە، بەڵام هیلاککەرانە.(12)

زمانی ئەکتیڤیەت و بەرهەمهێنان زمانی سیستەمی تەکنەلۆجیە، تەنانەت ماف و ئازادیەکانیش، کە فاکتەری بنەڕەتی بوون لە قۆناغەکانی بەرایی کۆمەڵگەی پیشەسازی لە قۆناغێکی پێشکەوتووتر هەمان گرنگی و رۆڵیان نامینێ، لە کاکلە تەقلیدیەکەی دادەماڵێ، ئازادی بیروڕاو قسەکردن و ویژدانە، هەروەك ئەو پرۆژە ئازادەی خزمەتی دەکرد، مارکۆزە ئاوا وەسپی کۆمەڵگەی هاوچەرخی پیشەسازی دەکات(کۆمەڵگەیەکە سیفەتی ئەقڵانی دادەبڕێتە نائەقڵانیەت، بەو پێیەی کۆمەڵگەیەکە لە شارستانیەتێکی بەرهەمهێن

سەرچاوەی گرتووە، توانادار بۆ زێتڕکردنی ڕەفاهوزێدەکردنی سیفەتی پێداویستی-حاجەت-بەسەر ئەوەی لە حاجەت زیاترە و گۆڕینی ئەوەی -کەمالیاتە، شتە لاوەکییەکان- بۆ شتە سەرەکیو پێویست و رمان بۆ بیناکردن) جا بەو ئەندازەیەی ئەو شارستانیەتە جیهانی شت دەگۆڕێ بۆ ڕەهەندێ بۆ جەستەو ڕۆحی ئینسانی ئەوە خودی چەمکی ئیستیلاب کێشەوگرفتەکەیە، خەڵکی لەرێوبەهۆی کاڵاکانیانەوە خۆناس دەکەن، گەوهەری ڕۆحیان لە خانووبەرەوئوتۆمۆبیلوتیڤیو ئامڕازە تازەکانی دیکەی مەتبەخ و..تد، دەبیننەوە، تەنانەت خودی ئەو میکانیزمەی تاك بە کۆمەڵگەکەی دەبەستێتەوە ئەویش گۆڕاوە، سانسۆری کۆمەڵایەتیش خۆی لە جەرگەی ئەو پێداویستیە تازانەی ناویەتیەوە، پێگەکەی دەبینتەوە.

شێوازە باوەکانی سانسۆری کۆمەڵایەتی بەمانایەکی تازە شێوازە تەکنەلۆجیەکانە، بێگومانیش بونیاتی تەقەنیو کارایی دەزگەی تێکشکانوبەرهەمهێنان پشکداربوون لە قۆناغی نوێدا لە ملکەچپێکردنی دانیشتوان بۆ ئەو دابەشکارییەی ئێستای کارکردن، لێ سانسۆرە تەقەنیەکان ئەمڕۆ گوزارشن لە خودی ئەو ئەقڵەی بۆتە خادیمی گشت کۆمەڵەیەك و گشت بەرژەوەندیەکی کۆمەڵایەتی بەجۆرێك وادێتە بەرچاو هەر دژیەکیەك نائەقڵانی بێو هەر بەرهەڵستکاریەکیش مەحاڵ.

ماركۆزە بەلگە دێنتەوە لەسەر مۆركی ئامرازگەرایی نەزعەی ئەقڵانی کۆمەڵایەتی ئەو مۆرکەی وای لێدەکات قەبەلیوپێشوەختەش تەکنەلۆجی بێ، جەختکردنەسەر ئەوەی، ئەوەی دوایی شێوەیەکە لە شێوەکانی سانسۆروزاڵدەستی کۆمەڵایەتی، مارکۆزە دەڵێ: تەکنەلۆجیای هاوچەرخ ئەقڵانیەت دەخاتەپاڵ ئەو کەماسیەی ئادەمیزاد لەرووی ئازادیەوە، دەیسەلمێنێ، کە مەحاڵە لەرووی (تەقەنی) یەوە ئادەمیزاد خاوەنی خۆی بێوشێوازی ژیانی دەستنیشان بکات، بەراستیش کەماسی ئازادی ئەمڕۆ وەك واقیعەیەکی نائەقڵانی یا واقیعەیەك خودان مۆرکێکی سیاسی خۆناخاتەڕوو، بەلکە ئاوا گوزارش لە واقیع دەکات، ئادەمیزاد ملکەچی دەزگەیەکی تەقەنیە مایەی خۆشیوخۆشبەختییە هەروەك چۆن زێدە بەرهەمهێنیشە، ئەقڵانیەتی تەکنەلۆجی شەرعیەتی کۆنترۆڵکردن لای گرنگ نییە، بەلکە دەیپارێزێ، ئاسۆگەی ئامرازگەرایی نەزعەی ئەقڵ باڵ دەکێشێ بەسەر کۆمەڵگەیەکی گشتی ئیستیبدادی بەناو ئەقڵانی.

کەواتە روون دەبێتەوە، کە تەقەنیەت شتێکی بێلایەنی بێبۆنوتاموچێژ نییە، هەروەك چۆن تەنیا پیادەکردنێك نییە بۆ مومارەسەیەکی تیۆری کە زانستە، ئەو لۆجیك یا بارێك یا هەلۆیستێکی فەلسەفی یا ئایدیۆلۆجییە، ئامێروئامرازوهۆیەکانی کارکردن نییە بەدەست ئادەمیزادەوە، بەلکە ئەو ئامرازوهۆیانەیە

لۆجیکی کۆنترۆڵکردن فۆرمەڵە دەکاتو سەردەمی پێشکەوتنی تەقەنیوئایدیۆلۆجیای سیستەمی تەکنەلۆجی روونو ئاشکرا دەکات.

وێکچوونێك هەیە لە نێوان ئەو هەڵوێستەی مارکۆزە، ئینجا هابرماس، هەروەها هەڵوێستی هایدگەر، کە پێی وایە بارورەوشی بنەڕەتی سەردەمی تازە(رەوشێکی تەقەنییە)چونکە سەردەم سەردەمی تەقەنیەتە ئەوە تەقەنیەت شێوەیەکە لە شێوەکانی هەقیقەتورەگەزێکی بوونیشە یا شێوازێکی دەرکەوتنی.

هەڵوێستێکە دەڕژێتە نێو گوتەی(بێلایەنی)تەکنەلۆجیا، بەپێچەوانەی هەڵوێستی مارکسیزم کە پێی وایە تەنیا پراکتیزەکردنی زانستە، ئەو هەڵوێستە لەمەڕ تەکنیكوزانست بەرایی لەمەڕ هەر یەك لە هۆرکهایمەروئەدۆرنۆ فۆرمەڵەبوو لە کتێبەکەیان بەناوی(جەدەلی رۆشنگەرایی) کە تیایە رەخنە لە مۆدێرینزمی تەقەنی گیراوە.

## 1 - زانست... تەکنیك

زانستگەرایی، بڕوابوونی زانستە بە خودیخۆی، واتە بڕوایی بەوەی ناتوانین چیدیکە زانست وەك شێوازێکی مەعریفی گومانهەڵگر بناسین، پێویستە زانستو مەعریفە وادابنێین بەوپێیەی خودی هەمان شتن، واتە زانستگەرایی وا لەقەڵەم درا بەجۆرێك متمانەی ئادەمیزاد بە زانست تارادەیەکە ببێ بە تاکە پێوەری هەقیقەت و تاکە

فۆرمو ڕەهای مەعریفە، مەعریفە یەکسانە بە زانست تەنیا بە زانست هەر ئەوەشە مەعریفە راستەقینەوهەقەکە.

هابرماس بێلایەنی یا بەرائەت یا بێخەوشی زانستی ڕەتدەکاتەوە، زانست لە میانەی ئەقڵانیەتی تەقەنی هاوشانە دەگەڵ حیساباتی سیاسی واتە ویستی هێز بەمانا نیچەییەکە، پێویستە بیخەینە بەر تیشکی خۆر، ئەمەش ڕەخنەگرتنی گەرەکە لە پۆزەتیڤیزم، ئەو ڕەوتانەی سەرسامن بە زانستونەزعەی تەقەنی، ئەمانە گشتیان گوزارەی ئەوتۆن لە ئایدیۆلۆجیا پێکهێنەری نوێگەرێتی تەقەنی.

هابرماس پێی وایە زانستگەرایی ڕەوتێکی ئایدیۆلۆجیە توانیویەتی دەست بگرێ بەسەر مەعریفەو لە قاڵبی بگرێو تەنیا بەرەو ڕووی زانست تەکانی پێبدات. ئەمەش زادەی پۆزەتیڤیزمە تا رادەی دۆگماتیزییەت بڕوای بە خۆی هەڵکشاند.(★)

بە رای هابرماس پۆزەتیڤیزم گوزارەیە لە جۆرە مۆمیاکردنێکی زانست تارادەیەك ببێ بە ئیمانێکی نوێ، بڕوایەکی وای بە توانستە لە رادەبەدەرەکەی هەبێ بکارێ وەڵامی گشت پرسیارەکان بداتەوەوپێشنیازی چارەی گشت کێشەکانیش بخاتەڕوو.

نەزعەی تەقەنی پێی وایە پراکتیزەکاریی مەعریفەی زانستی ئەوە بەتەنیا بکارێ کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە ببات، تەنانەت ئەو پێی وایە تەکنیك ئامرازێکە، لەو ئامرازە بێلایەنانە هەڵدەستێ بە تەوزیفکردن، زانستی مەعریفەی زانستی ئەوەش لەبیر دەکات، کە تەکنیك خودی

**ئادەمیزاد دەکات بە ئامڕازوهۆ، لەڕێگەی سەرکوتکردنی تواناووزەوهێزە ڕزگارکەرو داهێنەرەکانیەوە.**

...........................................................................

(٭) بڕوانە **کتێبی**(الاشكالية السياسية للحداثة- من فلسفة الذات الى فلسفة التواصل، هابرماس نموذجا، د.علي عبود المحمداوي، دار الامان/الرباط، منشورات الاختلاف/الجزائر، ط1، 2011).

**تەکنیك ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیا دەبینێ بەجۆرێك زۆر کاریگەروبەهێز خۆی دەنوێنێ، بەمەش ئەو ئایدیۆلۆجیایە پێویستە ڕەخنەی لێبگیرێ لە میانەی ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیزموکۆمەڵگەی مۆدرن، کە زانستوتەکنیكوپیشەسازی بەیەکەوە کۆدەکاتەوەودەیانکات بە(یەکەمین هێزی بەرهەمهێنەر).**

**هەر لەو کاتەی زانست بۆتە هێزێکی بەهەمهێنەری خودان فرە وەزیفەی کۆمەڵایەتی هاوکات بۆتە هێزێکی ئایدیۆلۆجی ئەوتۆ، واتە هێزی یەکەم بۆ بزواندنی کۆمەڵگەوجومگەکانی، کە بەو پێیەی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە پێدانی مەشروعیەت/شەرعیەت بە سیستەمی کۆمەڵایەتیوسیاسی مۆدرن دامەزراو لەسەر ئەقڵیەتی تەکنیك(13). ڕەخنەی هابرماس لە پۆزەتیڤیزم ڕووەو گوزارە فەلسەفیەکەیەتی هەروەك ڕۆڵە ئایدیۆلۆجیەکەی، چوون زانستیوئایدیۆلۆجی بەیەکەوەلکاون لە پۆزەتیڤیزمە هاوچەرخەکەدا، ئینجا پۆزەتیڤیزمورەوتی تەکنیك دووڕووی هەمان وەهمی**

ئایدیۆلۆجین، تەنانەت پۆزەتیڤیزم وەك هابرماس ناوی ناوە(کۆتایی تیۆری مەعریفە)تۆمار دەکات، هەروەها بەردی بناغەی پۆزەتیڤیزم بریتیە لە پرەنسیپی زانستگەرایی. پۆزەتیڤیزم پرەنسیپی زانستگەراییە، کە پێی وایە واتای مەعریفە بەوەی زانست بەدیدێنێ دیاری دەکرێ، بەمەش بە هۆی میتۆدیانەی شێوازە زانستیەکان شیبکرێتەوەولێکبدرێتەوە.

دیدوهزرکردنی کلاسیکیانەی دیموکراسی بەو پێیەی ئەڵقەی پێکهاتنی سازانی ئەقڵانیوکراوەیە، ئەڵقەی بڕیاردارژتنە، هاوشانە لەگەڵ رەخنەی پۆزەتیڤیزمی زانستیوسیاسەتی تەکنۆکراتی، هەرئەمەش بوو ئەو تەوەرەی هابرماس کاری لەسەر پەرەپێدانی کرد بەگوێرەی هەلومەرجی بەرلە جەنگی دووەمی جیهان.

کەواتە ئەرکی هابرماس ئەوەبوو: داماڵینی سەرپۆشی سەر وەهمی زانستگەراییوتەکنیك، کە وادەکات پەرادیمی تەکنۆکراتی تاکە پەرادیمی شکۆدار بێ لە میانەی پەیوەندی نێوان بڕیاری سیاسیو مەعریفەی زانستی.

لە کۆمەڵگەی پێشکەوتووی پیشەسازیدا هەموو شتێك بۆ(فۆرمە بازاڕییەکەی)دەگەڕێتەوە، چونکە ئامرازە جەماوەرییەکانی پێوەندیکردن بەشێوەیەکی(هارمۆنیی) هەروەك مارکۆزە دەڵێ شتەکان تێکەڵ دەکات - هونەروسیاسەت و دینوفەلسەفەوبازرگانی- تەنیشا بەهای ئاڵوویری هەقوحسابی بۆ دەکرێ.

ئەو پێی وایە تەکنەلۆجیا سیفەتی ئامڕاز دەداتەپاڵ شتەکان(کەلوپەلەکان)ودەیان کات بە ئامڕازگەلی تاکوتەرای ئەوتۆ بەمەش دەبن بە بەربەستوکۆسپ لەبەردەم رزگاربوون، چوون ئادەمیزاد خۆی دەبێت بە ئامڕاز(رەنگە مەبەست داماڵینی بێ لە ئینسانیەتەکەی شکۆداریەکەی لەپێناوی بەرژەوەندی باڵا/ قازانج).

ماکس ڤیبەر - هەروەکو ئاماژەمان پێدا- ئەو بوو ئەقڵانیەتی بەکارهێنا، بۆ وەسفکردنی شێوازی سەرمایەداری چالاکی ئابووریوشێوازی بۆرژوایی ئاڵووێرییوشێوازەکانی بیرۆکراسیەت دەهەمبەر زاڵدەستی، ئینجا بەئەقڵانیبوون واتە بەرفراوانکردنی بوارە کۆمەڵایەتیەکان ئەوانەی دەکەونە ژێر پێوەرەکانی بڕیاری ئەقڵی، ئەو ئاماژە دەدات بە تەریب بوونی دەگەڵ پیشەسازکاریی کاری کۆمەڵایەتیو بە ماشێن بوونی ژیانی کۆمەڵایەتیوخستنەپاڵی سیفەتی ئامێرسازیوتەکنیك لەتەك ژیانی ئادەمیزاد.

هابرماس هەروەکو ڤێبەر بەکاری هێناوە چەمکی بەئەقڵانیبوون بەکاردێنتەوە، لێ بەجۆرێك دەیگونجێنێ بەسەر پێیەکان بڕوات، نەك وەك لای ڤێبەر بەسەر سەریا بڕوات، بەمەش شونپێی مارکۆزە هەڵدەگرێ کە رەخنە لە مۆرکە رووالەتیەکەی ئەقڵانیزم دەگرێ لە سەمتە ڤێبیریەکەی، وەکو بڵێی تەنیا پرۆسەیەکەو لە تخوبی چالاکییەکی ئەقڵیدایەو سەرۆکی دەزگەیەکی سەرمایەداری بڕیاری

لەسەر دەدات بەمەبەستی بەدیهاتنی هیواوئامانجوئامڕازی کردەیی پشتبەستوو بە پێوەرەکانی زانستوتەکنیك.

ئەو پێی وایە لەپشت ئەو (مەعقوولیەتە)رووالەتیەدا ویستێکی سیاسی هەیە هەوڵ دەدات بواری زاڵدەستیو بەئەقڵانیبوونەکەی بەرفراوان بکات، هەر ئەقڵانیەتێکی تەکنەلۆجی هاوشانە بە لۆجیکی زاڵدەستی واتە ملکەچبوونی ئادەمیزاد بۆ سیستەمی شتەکان.

ئەو جۆرە مەعقوولیەتە ئاوایە دانانی پلانودەستنیشانکردنی هەرە باشەکەیانو بەکارخستنی تەکنەلۆجیای گونجاوو رەخساندنی سیستەمی لەباروهاتوو، بۆ گەیشتن بەئامانجە جێگیروداریکراوەکان، ئەو جۆرە مەعقوولیەتە بەتەنیا خزمەتی پەیوەندییەکانی رێکردنوتەحەکومکردنی تەقەنی دەکات، جۆرێك لە کۆنترۆڵکردنی سروشت یا کۆمەڵگە دەخاتەوە، لەکاتێك چالاکی ئەقڵی خۆی تەرح دەکات وەك مەبەست ئەوە دەبتە سانسۆر، لەبەرئەوە (بەئەقڵیبوونی)مەرجەکانی ژیان دوماهی بریتیە لەگۆڕینی زاڵدەستی بۆ دەزگایەك خودان شەرعیەت، واش دیار نییە کە شەرعیەت سیاسیە: ئەمەش گەوهەری ئەو رەخنەیەیە، کە مارکۆزە ئینجا هابرماس لە ماکس ڤیبەریان گرتووە.

(بەئەقڵیبوون)ی ڤیبەر(ئەقلەنە بە رای ڤیبەر: مومارەسەیەکی زاڵدەستی بیرۆکراسی دەوڵەتە مۆدرنەکانە) تەنیا سەیرورەیەکی درێژخایەنە بۆ گۆڕینی بونیاتە کۆمەڵایەتیەکە،

هاوكات(بەئەقڵیبوون)ێكە بەواتا فرۆیدیەكە، كەواتە ئەقڵانیەتی زانستوتەقەنیەت هاوتەریبی بەئەقڵیبوونی تەحەكوموبەئەقڵیبوونی زاڵدەستیە.

ماركۆزە سەبارەت بەو دیدەی ئەقڵانیەتی زانست لە سەردەمی نوێدا چەشنی فۆرمەڵەبوونێكی مێژووییە، قەرزباری تۆژینەوەكەی هۆسرەلە لەبارەی قەیرانی زانستی ئۆروپاییو وتەزای هایدگەر لەمەڕ تێكشكانی میتافیزیكیای خۆرئاوایی.

ماركۆزە (كاكلی سیاسی ئەقڵی تەقەنی) دەگۆڕێ بۆ نوختەی دەستپێكی شیكەرەوانەی تیۆری كۆمەڵگە لە سەرمایەداری درەنگوەخت، جا لەبەرئەوەی ئەو نایەوێ ئەو دیدە تەنیا لەرووی فەلسەفیەوە پەرەپێبدا، بەلكە لەرووی شیكردنەوەیەكی سۆسیۆلۆجیانەش، بەمەش رەنگە لەو هزركردنە دوچاری بەربەست بێ، هابرماس لێرەوە ئاماژە دەدات بەو راراییوشڵەژاویەی لای خودی ماركۆزەدا دێتە ئاراوە.

لە كۆمەڵگە سەرمایەدارە هەرە پێشكەوتووە پیشەسازیەكاندا، زاڵدەستی رووەو ئەوە مل دەنێ مۆركە سەركوتكەرانە هەژموونیەكەی لەدەست بداتوبگۆڕدرێ بۆ جۆرێك لە زاڵدەستی (ئەقڵمەندانە) هاوكات دەستبەرداری مۆركە سیاسیەكەیشی نابێ یا لەدەستی نادات، لێ مۆركە سەركوتكەرانەكەی بەتەواوەتی ون نابێ، بەڵكە فۆرموشێوەی دیكە وەردەگرێ تایبەت بەخۆیو خۆی لە

ملکەچپێکردنی تاکەکان دەبینێتەوە، هەروەها گوێڕایەڵیان بۆ دەزگەی بەرهەمهێنانودابەشکردنولکاندنی تەواویانو تواندنەوەیان لەو مەنتیقە.

مارکۆزە ئاماژە بەوە دەدات، کە لێرەدا (دوو جۆر زاڵدەستی هەیە: زاڵدەستیەکی سەرکوتکەرانوزاڵدەستیەکی رزگارکەرانە) زانست لە سەردەمی نوێدا بەلای کەم بەدانانی نەخشەوپلانکاریەکی ئەلتەرناتیڤ دەکرێ وەك پرۆژەیەکی لەرادەبەدەری مێژوویی درك بکرێ، بەمەش دەبێ ئەلتەرناتیڤە نوێیەکەی کارکردن دیاریکردنی تەقەنیەتێکی نوێ بگرتەخۆوە.

هاوکات تاکەکەسەکان هۆشی درککردنیان بەو هەموو گەوهەرە سەرکوتکەرانەیە نییە، چونکە پۆشاکێکی تازە لە شەرعیەت لەبەردەکا گوایە کۆنترۆڵکردنی سروشتوجڵەوگرتنی زێدەبەرهەمهێنان ئەوەیە، زەمانەتی ژینی رەفاهیەت بۆخەڵکی.

پەلهاوێژیی هێزەکانی بەرهەمهێنان، کە سیفەتێکی پێشکەوتنی زانستیوتەقەنی هاوچەرخە، گشت تخوبوبوارەکانی بەزاندووەو گرتووە، بەمەش ئەقڵی تیۆری بە مانەوەی خۆپارێزانەوبێلایەنانە لەخزمەت ئەقڵی پراکتیك بوو، ئەو بەیەکگەیشتنەش بۆ هەردووکیان بەسوود بوو، ئەمرۆش ئەو کۆنترۆڵکردنە بەرچاوەو هەیە مۆرکێکی زێدەگشتگیرانەی بەخۆوەگرتووە بە هۆی تەکنەلۆجیاوە، بەتایبەت بەو پێیەی تەکنەلۆجیایە، تەکنەلۆجیا قووتدانی دەسەڵاتی سیاسی

بەرچاو دەخات لەمیانەی پەلهاویژی بۆ گشت کایەوبازنەکانی رۆشنبیریی.

یەکێك لە دەرهاویشتەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، کە نەرێیانە بەسەر بوارە کۆمەڵایەتیوئینسانییەکان رەنگدەداتەوە، دیارەی نامۆبوونە، واتە تاك خاوەنی خۆی نەبێ، وەك بورغووەك وابێ لە ماشێنی بەرهەمهێناندا، بەمەش لە بوونوکەسایەتی خۆی دادەماڵێت.

تەکنەلۆجیای هاوچەرخ مۆرکێکی ئەقڵانی دەدات بەو دەردوئازارەی ئادەمیزاد لە رووی کەماسی ئازادیەوە پێوەی دەیناڵێنێ، بەراستیش ((بەئەقڵانیبوون)) لەو بوارەدا تەکنیکیوئامڕازسازیی وەك هابرماس پێی وایە هەقیقەتەکەی بەتەنیا لە واتا فرۆیدیەکەی فامدەکرێ: بەئەقڵانیبوونی چەپاندنو زاڵبوون بەسەریدا.

بیرۆکەی ئەوەی زانستی تازە دەرەنجامی فۆرمەڵەبوونێکی مێژووییە، هابرماس بەرلەویش مارکۆزە لە (هەڵوەشانەوەی)هایدگەرانەی میتافیزیکیای خۆرئاوایی وەرنەگرتووە، بەلکە لە هۆسرەلی وەرگرتووە هەر لە کتێبەکەی(قەیرانی زانستە ئۆروپیەکان) لە چوارچیوەیەکی ماددی مارکسیستیدا ئەرنست بلۆخ هەوڵیدا ئەو بیرۆکەیە پەرەپێبدا ، لێ بەوە بەکۆتاهات سیستەمی سەرمایەداری مەعقوولیەتی زانستی نوێی لەرێ لادا، بەمەش تەقەنیەتی نوێ بەرائەتی خۆی لەدەستدا وەك هێزێکی بەرهەمهێنەری بێخەوش، لێ مارکۆزە یەکەمین کەسە

هەمان بیرۆکەی هەبوو لەرووی شیکردنەوەی تیۆریْ لەمەڕ کۆمەڵگە، کۆمەڵگەی پێشکەوتووی سەرمایەداری، هابرماس پێی وایە ئەو تیۆرە چەندین کەموکوڕی هەیەو زۆری لەسەر نەدوایە.

تایبەت بەو پرسە لەبارەی مارکۆزە، هابرماس وەك ئایدیالیستێك بڕوای بە بووژانەوەی زانستو تەکنیکی تازەیە پاش تەواوبوونی کۆنترۆڵکردنی ئادەمیزاد بەسەر ئادەمیزادورەوینەوەی شێوازەکانی سانسۆر، کە بەربەستن لەبەردەم رزگاربوونی ئادەمیزاد ئەمەش هەمان ئەو هەڵوێستەیە مارکسی لاو لە (مەختوتاتی 1844) و دوایی چەندین بیرمەندانی دیکەی فێرگەی فرانکفۆرت بەشێوەیەکی شاراوە داکۆکیان لێکرد، وەك هۆرکهایمەروئەدۆرنۆوئیدیکە.

بیانوی هابرماس لەوەی تایبەتە بە دەقێکی راشکاوانەی مارکۆزە، بریتیە لەوەی زانست بە هۆی مەنهەجومەفاهیمەکانیەوە بۆتە ئامرازێك بۆ پاڵپشتیکردنی جیهانێك کۆنترۆڵکردنی سروشت تیایە پەیوەستە بە کۆنترۆڵکردنی ئادەمیزاد، سروشتی مەعقوولولغاوکراو لەلایەن زانستەوە، هێشتاکە خۆی لەو دەزگەیەی بەرهەمهێنانوتێکشکاندنی تەقەنی دەبینتەوە، کە ژیانو تاکەکانوئاسانکاریان بۆ زامن دەکات، هاوکات ملکەچی خاوەن دەزگەکەیان دەکات، ئیدی بەوجۆرە زنجیرەبەندی ئەقڵی هەرەمیوزنجیرەبەندی کۆمەڵگەی هەرەمی تێهەڵکێشن، جا گەرهاتوو (بەرای هابرماس)ئاراستەی زانست گۆڕا ئەوە پەیوەندی نێوان

ئەقڵانیەتی تەقەنیوئەقڵانیەتی ئیستیغلال تێکشکاوە، هەروەها خودی ستراکچەری زانستیش دەگۆڕێ، لەو بارەدا گریمانەکانی زانست پەرەدەسەنن، بەبێ لەدەستدانی مۆرکە ئەقڵانیەکەی لەچوارچیوەیەکی ئەزموونگەریی تەواو جودادا(چوارچیوەی جیهانێك هێورکراوەتەوە) بەمەش زانست چەمکی ئەوتۆ لەمەڕ سروشت دادەڕێژێ تەواو جودا لەوەی پێشتر هەروەك چۆن بڕیار دەدات لەسەر وەقایعی گەوهەری تەواوجودادا).

مارکۆزە هەروەك بڵێی لە مەیانی ئەودەقەدا ئاماژە بە هەبوونی زانستێك بدات نەبەسترا و/لەدەرەوەی بە کۆنترۆڵکردن، واتە زانستێکی رزگاربوو و رزگارکەر، واتە زانستێك بەبێ چنگی تەکنەلۆجیاوهەیمەنە پلەبەپلەکەی بەسەر سروشت بۆ ئەوەی ئادەمیزادیش چنگی لە بەرۆکی ئادەمیزاد گیر نەکات، مارکۆزە ئەوە لەبیردەکات پەیوەستیەکی پتەو هەیە لە نێوان ئەو تەقەنیەتەی لە سەردەمی نوێوهاوچەرخ هەیەو ئەو ستراکچەرەی چالاکی ئەقڵانی رووەو بەدیهاتنی ئامانجە دیاریکراوەکان، ئەمەش ئاماژەیە بە زەرورەتی فرە شێوازەکانی سانسۆرو((ئیحتیکام)) بۆ بەرهەمهێنان، وەك بڵێی مێژووی تەقەنیەت مێژووی خستنەپاڵی پلەبەپلەی مەوزوعیەتوئامرازگەرایی بێ بۆ سەر چالاکی ئەقڵانی ئادەمیزاد، بۆیە هابرماس هزری ئەوە ناکات داخوا چۆن دەکرێ دەسبەرداری تەقەنیەت ببی لەو جۆرە تەقەنیەتە بۆ بەرژەوەندی ئەویدیکە

لەرووی چۆنیەتیەوە جیایە لە ئەووسروشت تیایە شەریکی ئادەمیزادە لەبری ئەوەی بابەتێك بێ بۆ ئیستیغلالکردنی.

جا هابرماس داوای پێداچوونەیەکی رەخنەیی زۆربەی تێزە بنەڕەتییەکان دەکات ئەوانەی مارکۆزە پشتیان پێدەبەستێ، کە ئەو تێزانەن بەجۆرێك سەر بە ماتریالیزمی مێژوویین، دەبێ پێی وابێ رێژەگەریی بخەینە پاڵ بواری پراکتیکی چەمکی ئایدیۆلۆجیاوتیۆری چینەکانوئەوانەی چوارچیوەی مەفاهیمی پێکدێنن، کە لای مارکس گریمانە سەرەکییەکانی ماتریالیزمی مێژوویین، هەروەها دەبێت سەرلەنوێ دابڕێژرێنەوە، ئەویش پێشنیاز دەکات گۆڕینی دوانەی هێزەکانی بەرهەمهێنانوپەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بە کاروکارلێککردن، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بوارێك دەگرتەوە تەنیا لە قۆناغی سەرمایەداری لیبرالی دا چوارچیوە موئەسەساتیەکەی دارڕژت، بەرلەوە یا پاشی نەبوو، راستە هێزی بەرهەمهێنان چوون پرۆسەکانی فێربوون رێکخراوانە لە سیستەمی لاوەکی چالاکی ئەقڵانی مەبەستدار بۆ بەدیهاتنی مەرامی دیاریکراو هەر لەسەرەتاوە بزوێنەری پەرەگرتنی فۆرمەڵەکردوپێکهێنا، لێ واپێدەچێ بەپێچەوانەی دیدی مارکس ئەو وزە و توانا شۆڕشگێڕیە رزگارکەرە نەبێ لەهەر هەلومەرجوبارێکداو بەو ئاراستە(ئازادی)رێبکات، بەهەرحاڵ راست نییە هەر لەوکاتەی نەشونمای پەلهاوێژانەی هێزەکانی بەرهەمهێنان سەر بە رێرەوتی پێشکەوتنی

زانستی‌وته‌قه‌نی، که‌ پێشکه‌وتنێکه‌ وه‌زیفه‌ی ئه‌وه‌ ئه‌دا ده‌کات شه‌رعیه‌ت بداته‌پاڵ کۆنترۆلکردن‌وفۆرخخوازی، هابرماس وای داده‌نێ ئه‌و سیسته‌مه‌ مه‌رجه‌عیه‌ی هه‌ڵنراوه‌ له‌سه‌ر په‌یوه‌ندی نێوان چوارچیوه‌ دامه‌زراوییه‌که‌ی(واته‌ کارلێککردن)وسیسته‌می لاوه‌کی چالاکی ئه‌قڵانی بۆ مه‌به‌ستی به‌دیهاتنی ئامانجێکی دیاریکراو(واته‌ کار به‌مانا به‌رفراوانه‌که‌ی)زێده‌ له‌بارتره‌ بۆ دووباره‌ بیناکردنه‌وه‌ی مێژووی ئه‌و قۆناغه‌ کۆمه‌ڵایه‌تی‌و رۆشنبیریانه‌ی به‌شه‌ریه‌ت پیا تێپه‌ڕیوون.

هابرماس ئاماژه‌ ده‌دات، که‌ ناکرێ بیر له‌ پوختکردنه‌وه‌ی زاڵده‌ستی سیاسی بکه‌ینه‌وه‌ بۆ ئیداره‌یه‌کی ئه‌قڵانی به‌ شێوه‌یه‌کی ره‌ها ته‌نیا به‌ نرخی دیموکراسی نه‌بێت، ئیداره‌ی ته‌کنۆکراتی کۆمه‌ڵگه‌ی پیشه‌سازی ده‌کارێ فۆرمه‌ڵه‌بوونی هه‌ر ویستێکی دیموکراسی به‌ بێبایه‌خ له‌قه‌ڵه‌م بدات، له‌و باره‌وه‌ (هلموت شلسکی) ده‌ڵێ(له‌ جیاتی ویستی سیاسیانه‌ی گه‌ل حه‌تمیه‌تی مه‌وزوعی دێته‌کایه‌وه‌، که‌ زاده‌ی ئاده‌میزاده‌ به‌و پێیه‌ی له‌یه‌ککاتدا هه‌م زانسته‌و هه‌میش کار)(14).

لێ هابرماس جارێکی دیکه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ تێزه‌ به‌شۆره‌ته‌که‌ی مارکۆزه‌، که‌ پێی وایه‌ به‌ته‌نیا توێژه‌ په‌راوێزکراوه‌کان له‌ کۆمه‌ڵگه‌ی پیشه‌سازی پێشکه‌وتوودا ناکه‌ونه‌ ژێر هۆشیاریی ته‌کنۆکراتی ئه‌مه‌ش واته‌ ئه‌و توێژه‌ ده‌توانێ ئه‌و کۆمه‌ڵگه‌یه‌ رزگاربکات، ئه‌و توێژانه‌ ئه‌لته‌رناتیڤی تازه‌ی مه‌وزوعی چینی کرێکارن، که‌ لکان به‌ کۆمه‌ڵگه‌ی

سەرمایەداری‌وسوودیان لێ دەبینرێ، واتە بوونەتە هێزێکی ئیجاب لەبری ئەوەی ببنە هێزێکی سلبی هەروەك مارکس پێی وابوو. لەوکاتەوەی زانست بۆتە هێزێکی بەرهەمهێنەر خودان وەزیفەی کۆمەڵگەیی، وا پێویست دەکات دووبارە چاوبکرێتە ئەو هەڵوێستەی دەهەمبەر پێشکەوتنی تەقەنی‌وزانستی‌ورەنگدانەوەی بەسەر ستراکچەری کۆمەڵگەی پیشەسازی پێشکەوتوو، هەروەها نەفەسێکی تازە ببەخشرێتە رەخنەی نەزعەی زانستگەرایی‌وپۆزەتیڤیزم بەو پێیەی رەخنەیەکە ناکرێ بەتەنیا لە نێو چوارچیوەی دیوارەکانی زانکۆدا پەیوەست بێ بە جیاوازییە تیۆرییەکان.

رەخنەکەی هابرماس لە پۆزەتیڤیزم تێکەڵەیەکە لە پۆزەتیڤیزمی مەنتیقی‌وفەلسەفەی شیکەرەوانەو ئەقڵانیەتی رەخنەگرانەی کارل پۆپەر، ئەو دێت گشت ئەو ئاراستانە لەیەك سەبەتە کۆدەکاتەوە بەمەش جیاوازی نێوانیان پشتگوێ دەخات، هەروەها ئەو وەرچەرخانانەی هەر یەکێك لەوانە بەخۆوەی بینیوە نەخاسمە نوێکارییەکانی پۆپەروئەوانیدیکە، کە نەفەسێکی تازەی دا بە پۆزەتیڤیزمی نوێباو بەجۆرێك لەتەکیا ببێ بە ئەقڵانیەتی رەخنەگرانە.

جا رەنگە ئەو دەستگرتنە بێ بە کلتوری میتافیزیکی ئەڵمانی پێمان دەڵێ: لەبەرچی هابرماس کەوتە گفتوگۆومشتومڕێك لەگەڵ فەیلەسووفە نەیارەکان، وێرای بانگەشەی ئەوانە بۆ پۆست مۆدێرنیزم،

ئەو پێی وایە ئەوانە بەشێکن لەوانەی بانگەشەی دەرچوون لێی دەکەن و  روویەکن لە رووەکانی.

هابرماس پێی وایە ناوەڕۆکی پۆزەتیڤیزم بریتیە لە تەقدیسی زانستوبڕوابوون بە توانستە سیحرییە لەرادەبەدەرەکانی لەمەڕ خستنەرووی چارەسەرو وەڵام بۆ گشت پرسیاروکێشەیەك، لێ نەزعەی تەقەنی گەرەکیەتی مەعریفەی زانستیوتەکنەلۆجیایی بکات بە ئایدیۆلۆجیا.

له لایەکی دیکەوە هابرماس پێی وایە ئەوەی وای کردووە زانست هێزێکی بەرهەمهێنانی ئەوتۆ بێ لە کۆمەڵگەی پێشکەوتووی هاوچەرخ پەیوەستیەتی بە تەقەنیەتوپیشەسازی جەنگییوپیشەسازیکاریی مەدەنیوئیداری پرۆسەی داڕژتنی بڕیار، ئەمەش وایکردووە زانست دووچاری پرۆسەی بەسیاسیکردن بێت هەروەك تەکنەلۆجیا، وەك چۆن سیاسەت دووچاری بە زانستیبوون بۆتەوە، پێشکەوتنی زانستیوتەقەنی بوونەتە بزوێنەری راستەقینەی بەرفراوان بوونی هێزەکانی بەرهەمهێنان، بەمەش ناڕاستەوخۆ شەرعیەت دەدەن بە سیستەمی سیاسیوکۆمەڵایەتی هەڵنراو لەسەر ئەقڵانیەتی تەقەنیوگشت بەها و ئەو دروشمانەی ئەو ئەقڵانیەتە دەریداوە لەسەر ئاستی ئەپستمۆلۆجی تیۆری یا لەسەر ئاستی زانستی: وەك ئەکتیڤیەت و واقیعیەت وپراکتیك وپراگماتیی، هابرماس ئەو وەهمانە ئاشکرا دەکات لە پشت ئەو چەمکانەی گشتیان دەڕژێنە

پرۆسەی رەخساندنی سەروەریی زانستوتەکنۆکراتیزموسەروەریی نموونەی تەکنۆکراتیی، هەروەها نازناوەکان لادەدات لەسەر وەهمی مەوزوعیەتی مەعریفەی زانستیوبەرائەتوپاکییەکەی، ئەمەش لەرێی بەرچاوخستنی شێوازگەلێك لە بەرژەوەندیو سوودمەندیی ئینسانی لە مومارەسەی تیۆری زانستی دەشێرنەوە.

هابرماس لە پێشەکی کتێبی (مەعریفەوبەرژەوەندی) دا مەبەستیەتی دووبارە بەرلەمێژووی پۆزەتیڤیزمی نوێباو بونیات بنێتەوە، ئەمەش بەهۆی گەڕانەوە بۆ رامانێکی فەلسەفیانە نەخاسمە پۆزەتیڤیزم، گەرەکیەتی خۆی وەك ئاراستە چێبکات بەسەر کەلاوەی دیدە تەقلیدیەکان بۆ جیهان نەخاسمە میتافیزیکیەکە، هەروەها فامکردنێکی نامێژوویی بۆ مێژوو و وەقایعەکان دەکات بە دەرهاویشتەی راستەوخۆ، بۆیە پێویستە فەلسەفەوپرسیارە فەلسەفیەکە ببەینەوە سەر راستە رێگەکەی خۆی، نەك تەنیا لە بەرگە میتافیزیەکەی بەلکە لە بەرگە ئەپستمۆلۆجیەکەیشی لە میانەی بەگوڕکردنی مەعریفەی زانستیو وا چاولێکردنی وەك مومارەسەیەکی مێژوویی و بزاڤێکی فیکریو کردەیەکی فەلسەفی، بەها پراکتیکیە هەقیقیەکە دەداتە زانستە ئەزموونگەراییەکانو پێگەی کردەنیش دەبەخشێتە دابەشکاری کاری تیۆری، هابرماس لەوە دوورتر دەڕوا کاتێك داوای دووبارە بیناکردنی پۆزەتیڤیزمێکی نوێباو دەکاتەوە لە سونگەی مەرامێکی مەنهەجیانە لەرووی شیکردنەوەی

پەیوەستی مەعریفە بە بەرژەوەندی، لەبەرئەوەی هەنگاونان لە تیۆری مەعریفەوە بۆ تیۆری زانست(یا ئەپستمۆلۆجیا)هەنگاونانێکی بێ زیانوقوربانیدان نەبوو، هەرە دیارترین قوربانیەکەیش بیرکردنەوەی فەلسەفیانە بوو، بنەمای ئەپستمۆلۆجیای پۆزەتیڤیزم بریتیە لە رەتکردنەوەی بیرکردنەوەودەستبەرداربوونی، هەروەها لەقوربانیەکانی ئەو فامکردنەیە، کە دەهەمبەر تەفسیرودژی لێکدەدرێتەوە.

هابرماس لە رەخنەگرتنی لە پۆزەتیڤیزم بە فۆرمەجیاجیاکانی سەرنجی دایە ئەوەی فامکردنو((هاومشتەقاتی)) لای پۆزەتیڤیزمەکانەوە بەناوی زانستیەتیوحەزەری زانستی وەدوور دەخرایەوە، ئەمەو تەنانەت فۆرمەڵەبوونی خودی زانستە ئەزموونگەراییەکان -گەر کەمیش بێ- پێویستی بە ساتەوەختی فامکردن هەیە، ئینجا لە قۆناغی دووەم کاتێك شەرعیەتی فامکردن تەئکید دەکرێتەوە بەو پێیەی دارێژەری ئەقڵەوفراوانکەری بواری ئەپستمۆلۆجیایە دژ بە ئاگەدارییەکانی پۆزەتیڤیزم،جا لە پێناو وەلانانی ئەو قسەیە سەلمێنراوە، کە خودی هیرمینۆتیکیا نەشیاوەوناکرێ گەر هاتو ساتەوەختی (تەئەمولی زاتی) رەخنەیی نەڕەخسێت، هەروەك زانستە رەخنەییەکان رەنگی پێدەدەنەوەو ئەوانیش بەبڕوای هابرماس: مارکسیزمودەروونشیکارییوفەلسەفەنە بەو پێیەی تیۆری رەخنەییە، لەبەرئەوەی هەر هیرمۆنیتیکیەك پشت

نەبەستێ بە کاروکردە رەخنەییەکانەوە ئەوە بێتوانایە لە ئەدای رۆڵی راستەقینەی خۆیو ناخزێتە نێو بۆتەی ئایدیۆلۆجیاوە، کەواتە هابرماس کۆك نییە لەگەڵ نەزعە پۆزەتیڤیزمەکان نەخاسمە هەڵوێستی لەمەڕ زانستە ئەزموونگەراییەکان و رۆڵی ئایدیۆلۆجی وەك ئەو رەوتانەی سیفەتی شەرعیەت دەدەنە شێوازەکانی سانسۆروسەرکوتکردن لە کۆمەڵگەی پیشەسازی پێشکەوتوو بە بەرزکردنەوەی دروشمی (بێلایەن)ی زانستوتەکنەلۆجیاوبەرائەتیانوبانگەشەی بۆ زەرورەتی هەبوونی ئەمە تەنانەت لە زانستە کۆمەڵایەتیەکانیش وەك مەرجێك بۆ لکاندنی بە قافلەی زانستە وردەکان، ئەمەش مەرجێکە تایبەتمەندیی زانستە کۆمەڵایەتیەکانوجۆری بنەما ئەپستمۆلۆجیەکەی فەرامۆش دەکات(15)، هەروەها بێئاگاشە لە سنوورداریەتی مەنهەجیومەفاهیمیوپراکتیکی هەر کەرتێکی زانستی، کەواتە هابرماس جەخت دەکاتە سەرئەوەی بێلایەنی نییە لە پراکتیزەکردنی زانستی، چوون هەر شێوازوفۆرمێك لە شێوازەکانی مەعریفە بەندە بە ئاراستەکردنی بەرژەوەندیەکی دیاریکراو،ئەمەش کارێکە بەتەنیا ئەو زانستە کۆمەڵایەتیانەی سەر بە کاروکردەوەکانی فرۆیدونیچەومارکس فریایان دەکەون، دواشت: وێرای وێکچوونی هەردوو هەڵوێستی هابرماسومارکۆزە دەهەمبەر تەکنیك، لێ سەرەتا رووالەتیانەیە بەو بەڵگەیەی ئەو ئاکامانەی هەریەکەیان بە جودا پێی گەیشتووە،

هەروەها بە بەڵگەی هەڵوێستی هابرماس لەئاست مارکۆزە کە لە کتێبی (لایەنە فەلسەفی و سیاسییەکان) گوزارشی لێکردووە.

# بەشی پێنجەم

## فەلسەفەی سیاسی

## هاووڵاتییەتی دەستووری - دەوڵەتی نەتەوەیی

هابرماس هەر لە نووسینەکانی بەرایی لەبارەی (لایەنە فەلسەفیو سیاسییەکان) تا دوا دەقی بە زمانی فەرەنسی لەبارەی(چەمکی پێوەرانە -normative - لەمەڕ بواری گشتیی- Public sphere) ئەو سەرقاڵە بە پرسیاری سیاسی، جا چ بەر ێگەیەکی راستەوخۆ بێ یا لە میانی تۆژینەوە فیکریوفەلسەفیەکان، واتە هابرماس پرسی سیاسی بەبەردەوامی کرد بە بابەتێکی هەنووکەیی لە زۆربەی بەرهەمەکانوهەڵوێستەکانی(مایەی ئاماژەیە هابرماس لە پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە بەردەوام بووە لە مشتومڕوگفتوگۆکاریی سیاسیانەی ئەلمانی، دواهەمینیان لەبارەی نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی ئەڵمانیاوهەڵوێستی نازیزم لە هۆشیاری تاکی ئەلمانیایی

بوو، جگە لە ئەزموونی جیاودیاری رۆژنامەوانی لە رێی وتارەکانی یا کتێبو..تد).

هەروەها هەڵوێستێکی لەرادەبەدەری هەبوو لەمەڕ پرسی دەسەڵاتودیموکراسیوسیستەمی کۆمەنیوکەیتف، ئەو وێرای جەختکردنی لەسەر رێککەوتنو کۆدەنگی، کە زادەی دیالۆگێکی ئەقلانین، سەرنجیدا دەوڵەتی مۆدرن هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی هەرەجیای خۆی(دەوڵەتی یاسا تەنیا واتا پێوەریەکەی دەپارێزێ گوایە پرۆژەیەکی مێژووییە)چونکە لە گۆشەنیگای تیۆری سیاسیەوە مێژوو بریتیە لە تاقیگەی سەلماندن.

ئەو جەدەلەی شۆڕشی فەرەنسی مەبەستی بوو بەدیبێنێ لە نێوان لیبرالیزمودیموکراسی لە گشت جیهاندا تەقیەوە، ململانەکە مەبەستی بوو(بزانێ داخوا چۆن چۆنی - تەوافوق - دێتە ئاراوە لە نێوان یەکسانیو ئازادی، یەکیەتیو فرەیی، مافی زۆرینەومافی کەمینە)هەروەها هابرماس راراو دڵگەرمە بۆ ئەو(پرۆژەیەی شکستی هێناوەوناشکرێ دەست بەرداری ببێ).

هابرماس هەمیشە جەخت دەکاتە سەر لێکتێگەیشتن لە نێو سیستەمێکی کۆمەنیوکەیتف – ئەقلانی، کە پەیوەندی رابگرێ لە نێوان مەعریفەودەسەڵاتومەعریفەوئارەزوو، کە مەرجێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ خولقاندنی کۆدەنگیورێککەوتنێکی راستەقینە بەهۆیەوە تاکەکەس بکارێ دیالۆگ بکات بۆ دەربازبوونی

لەو(کۆلۆنیالە نێوخۆییەی خودوناخی) کە ئامرازە نوێیەکانی پێوەندی پێکردن سەپاندوویەتیو مایەودەسەڵاتیشی کردووە بە هۆکاری هاوسەنگی سیستەمەکە.

هابرماس شەرعیەتی سیستەمی سیاسی بە رادەی وەدیهێنانی رەزامەندیی کۆمەڵگە لە سیستەمی سیاسیوکاروکردەوەکانی دەبەستەوە، ئەو دەڵێ(هیچ سیستەمێکی سیاسی نییە تا ماوەیەکی زۆر متمانەی خەڵك بۆ خۆی بەدەست بێنێ واتە گوێڕایەڵی تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ پشت بەستن بە چەند شێوازی دیاریکراوی شەرعیەت).

سەبارەت بە بیری سیاسی لای هابرماس دەکرێ ئاماژە بە سێ رەهەند بدەین جیان لە رووی هێزی بابەتەکانیانو هەلومەرجیان یا پەیوەستیان بە قووڵایی بیرکردنەوەی هابرماس:

یەکەمین رەهەند پەیوەستە بە مێژووی هاوچەرخی ئەڵمانیاییوقۆناغی نازیزمو کاریگەری بەسەر یادەوەری ئەڵمانیایی، هابرماس لە کتێبی(لایەنە فەلسەفیو سیاسییەکان)لای لەم پرسە کردۆتەوە، لەو کۆمەڵە بیرمەندانەی هاوشانی ئەو قۆناغە بوون چ ئەوانەی لە ئەڵمانیا مانەوە گەرچی کاتیش بێ وەك هایدگەر یا ئەوانەی بڕیاری دوورکەوتنەوەیان دا لە نازیزمو روویان لەتاراوگە کرد چ لەبەرئەوەی سەر بە ئیلیەتی یەهودی بوون وەك ئەدۆرنۆوهۆرکهایمەر..تد، یاناچار بوون ئەڵمانیا بەجێبێڵن بەهۆی ئەو

(هێدمە شارستانیەی)ئەزموونی نازی خستیەوە لە هزروهۆشیاندا وەك کارل یاسبرز.

ڕەهەندی دووەم بریتیە لە هەڵوێستەکانی دەهەمبەر هەڵکشانی پرۆتستۆکاریی قوتابیان لە کۆتایی شەستەکاندا، چوون ئەو بیروبۆچوونی هاوسۆزی بزووتنەوەکە بوو شانبەشانی مارکۆزە، داکۆکی کرد لە تێزەکەی لەبارەی(بواری گشتی)بۆرژوایی، چوون هەوڵیدا میکانیزمی یاریکردنەکە ئاشکرا بکات، کە بۆرژوای مۆدرن پەیرەوی دەکرد لە پرۆسەیەك لە کۆمەڵگەدا سەروکاری دەکرد.

هابرماس زۆر وریای ئەوەبوو جیاوازی بکرێ لە نێوان هۆووئامرازو مەبەستەکان لەو بزووتنەوەیەدا نەخاسمە لەوەی پەیوەستە بە توندوتیژی.

ڕەهەندی سێیەم هەرەگرنگ لە بیری سیاسی هابرماس خودان قووڵبینی فەلسەفی پەیوەستە بە دووبارە بیناکردنەوەی تێزەکەی ماکس ڤێبەر تایبەت بەو جیاکاریانەی نێوان بوارەکانی بەهاوپرۆسەی سۆسیۆلۆجی داینەمۆی نوێخوازی، ئەو بوارانە سێ بەشن: بواری مەعریفی(زانستەکان)بواری ئیستاتیکا(هونەر)بواری یاسایی-ئەخلاقی(نۆرم). هابرماس سەرنج دەدات چەمکی (بواری گشتی)پێگەیەکی مەرکەزی هەیە لە بیری هاوچەرخی سیاسی بەو پێیەی بوارێکە بۆ دیالۆگ و چوارچیوەیەکە بۆ توانستە جیاجیاکانی بیر بۆ سەلماندنوئیقناع، لە نێویدا ویستی سیاسی فۆرمەڵە دەبێ، کە

جۆره سەربەخۆییەك دەسەپێنێ لەمەڕ فۆرمەڵەکردنی راوبۆچوون، ئایا واتای بواری - عموومی- لای هابرماس دەبێ چیبێ؟پەیوەندی ئەوە بە پرسی مەشروعیەت چییە؟ ئەقلانیەتی مۆدرن چۆن رەگەزەکانی پەیوەندی نێوان بواری گشتیو مەشروعیەت دادەڕێژێ؟.

دوو چەمك پەیوەستن بەو بوارە گشتیە یەکەمیان بواری گشتی بۆرژوایی، دووەمیان چەمکی رای گشتییە، یەکەمیان وتەزایەکە تایبەت بە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی، بەمەش چەمکی رای گشتی (وتەزایەکی مێژووییە) جا بۆ لێکنزیککردنەوەیان پێویستمان بە ئامڕازەکانی سۆسیۆلۆجیایە.

جگە لەو دوو زانستە(مێژوو و سۆسیۆلۆجیا)هابرماس پێی وایە تۆژینەوەکەی لەمەڕ(تاوتوکردنی بونیاتووەزیفەی نموونەی لیبرالییە لەمەڕ بواری گشتی بۆرژوایی)جا بۆ ئەمە پێویستە بەدوای مەرجەکانی سەرهەڵدانیو فۆرمەکانی دا بگەڕێین.

هەردوو چەمکی رای گشتیو بواری گشتی بە رای هابرماس(دوو وتەزان لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدرن پراکتیزەکران، هەروەها لەو بوارەی بەرووی دێتەوە، کە کۆمەڵگەی مەدەنییە).

لای هیگل گەرچی جەختیشی لەسەر جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی سیاسیوکۆمەڵگەی مەدەنی کردووە لە تیۆرەکەی لەمەڕ دەوڵەت ئەوە وەزیفەی بواری گشتی خۆی لە(بەئەقڵبوونی زاڵدەستی)دەبینتەوە، لێ مارکس لە رەخنەگرتنی لە فەلسەفەی سیاسی هیگلوکۆمەڵگەی

بۆرژوایی پێی وایە ئەو(گشتییێتی-عموومیەت)ەی ئەو کۆمەڵگەیە بەرهەمی هێناوە دەگۆڕێ بۆ بوارێك ڕەگەزە نابۆرژواکان دەیسمن لە میانەیدا ڕەخنە کاری خۆی دەکات تارادەیەك کۆمەڵگەی مەدەنی تیایە بتوانێ هەڵوێستێکی سیاسی دژ بنوێنێ وپەیرەو بکات.

سیستەمی بۆرژوا بوونی خۆی لەسەر بونیاتگەلی بنەڕەتی(دەمجکاری)هەڵناوە، ئەمە لە گشت بوارەکان پیادە دەبێ، ئابووری، سیاسی وڕۆشنبیریی، پەراوێزەکانی ڕەخنەو پرۆتستۆکاریی لە ناو کۆمەڵگەی دیموکراسی جۆرە پەراوێزەکن مکوڕە لەسەر بوون و بەردەوام بوونیان، لێ ئەو ڕەخنەیە لە میانی چەند کەناڵێك بەئەنجام دەگات، کە ئەو خولقاندوویەتی وجڵەوگریانە، لەبەرئەوە ئەوەی ناونراوە(ڕۆشنبیریی جەماوەری)ملکەچی لۆجیکێکی بەردەوامە لە کۆتایدا خزمەتی میکانیزمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بوارە گشتیەکە دەکات، کە بۆرژوا کۆنترۆڵی کردووە.

ئەو وەزیفەیەی دەبوایە جەماوەر بیکات داوودەزگەی دیکە ئەنجامی دەدات، جا ئەو دەزگایانە چ لە بوارە تایبەتەکە بن وەك کۆمەڵەوسەندیکاکان یا گشتی وەك حزبە سیاسییەکان، کە بە تەنسیق لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەت بەپێی چەند کەناڵێکی ئیداری نێوخۆیی کاردەکەن بۆ ڕاگرتنی بەلانسی دەسەڵات، لەبەرئەوە ئامرازەکانی میدیایی سەر بەخۆی دەرەخسێنێ بۆ گلدانەوەی

جەماوەرێك/گوێڕایەڵ یا لای کەم جەماوەرێك ڕێ بە پیادە کردنی کارنامەوبڕیارەکانی دەدات.

(عموومیەت—publiciteلە ئەسڵدا ئەو پەیوەندییە بووە، کە بەکارهێنانی گشتیانەی ئەقڵ گرێی دەدا بە بنەما تەشریعیەکانی زاڵدەستوچاودێریەکی ڕەخنەییانەی پیادەکردنی، ئیدی لەوساوە پرەنسیپی کۆنترۆڵکردن بووە لە میانی تەحەکومکردن بە رای ناگشتی پیادەدەکرا، بەمەش "عموومیەت" هاوکات یاریدەی بەکارخستنی جەماوەر دەدات، هەروەها ئەو ئامڕازەیە بەکاری دێنین بۆ پاساوی زات دەهەمبەر ئەو چەمکە، بەوجۆرەش عموومیەتی بەکارخستن سەرکەوت بەسەر عموومیەتی ڕەخنەگرانە).

بە رای هابرماس رای گشتی بۆتە خەیاڵگەریی(Fiction) سەبارەت بە یاسای دەستووری، چونکە لێرەدا هێزی ئەوتۆ هەن لە نێو بوارە گشتیەکە لە ململانەدان و کارلێك دەکەن دوو جەمسەری دژ بەیەك دوو مەیدان لە حاڵەتی ململانە: یەکەمیان ملکەچ بۆ میکانیزمەکانی زاڵدەستیو ئەویدیکە ڕەخنەگرانە.

هابرماس ئاماژە بەوە دەدات، کە دەوڵەتی لیبڕالی خۆرئاوایی لە قەیرانێکی دەگمەندایە لەو دووڕیانەی دا لەنێوان پێکهاتە نەتەوەییەکەی(دەوڵەتوئومە) و پێکهاتە سیاسیەکەی(پرەنسیپی هاووڵاتێتی گشتگیر).

هاووڵاتێتی چوار پرەنسیپ بەخۆوە دەگرێ:

1-مافەکان.

2-بەرپرسیارەتی یا ئەرکەکان.

3-بەشداریکردن.

4-شوناس.

ئەو نموونەیەی هابرماس بۆ هەنگاونان لە خانەی هاوولاتێتی نەتەوەیی بۆ جیهانی، گونجاوولەبارە، چوون ماف‌وئەرکەکان هەوەلێن پرەنسیپن مافەکانی ئادەمیزادی گەردوونی فۆرمەلە دەکەن، جگە لە پرەنسیپی بەشداریکردن، کە کاکلی هاوولاتێتیەکی ئەکتیڤە نەخاسمە لەسەر ئاستی سیاسیدا.

(هاوولاتێتی دەستووری) واتە سازانی تاکەکانی کۆمەلگەی سیاسی لەگەل ئەو پرەنسیپە یاساییانەی مۆرك‌وئامانجی گەردوونیان هەیە، ئەویش پەیوەستە بە پرەنسیپەکانی دادوەریی‌ویەکسانی لە رووی هاوولاتیەتی و مافەکانی مرۆڤ، هەروەها مەبەستی هابرماس فۆرمەلەکردنی چەمکی هاوولاتێتی دیموکراسیە بیناکراو لەسەر یاسادا دەهەمبەر چەمکی نەتەوەیی یا رەگەز لەمەڕ هاوولاتیەتی، هاوولاتیەتی دەستووری مەرج نییە مەرجی نەتەوەیی هەبێ، بەلکە بەپێی پرەنسیپە نۆرماتیڤەکان‌وئەخلاقییە گشتگیرەکانەوە دیاری دەکرێ، بەمەش ناکرێ تەنیا لە دەقێکی دەستووری دەولەتێکی دیاریکراودا کورت بکرێتەوە.

هابرماس گەرەكی بوو چەمكی دەوڵەت-نەتەوە رەتبدات خاڵی دەسپێكیش هاووڵتێتی بوو، كە بە هۆی سێ هۆكار، لێكهەڵوەشایەوە:

1-پرەنسیپە گشتییە سیاسییەكان، ئەوانەی بەهۆیانەوە هاووڵاتێتی رێكدەخرێ چیدیكە تایبەت نییە بە نەتەوەیەكو فۆرخ ناكرێ.

2-نوێكاریی رۆشنبیریی وكولتووری رەهەندە دامەزراوەییەكەی داخزاند، فرەیی كولتووری هاتە كایەوە.

3-سیفەتی یەكسانی نێوان هاووڵاتێتی ورەگەز(جنسیە).

دەوڵەتی مۆدرن سەرەتا وەك دەوڵەتێكی ئیداری باجگر دامەزرا، ئینجا بوو بە دەوڵەتێكی هەرێمایەتی خاوەن سەروەریی بەرلەوەی بگۆڕێو بچتە نێو بەرگو فۆرمی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئینجا دواتر بۆ نموونەی دەوڵەتی یاسا - دیموكراسی.

ئایا پەیوەندی نێوان شوناسی نەتەوەیی دەوڵەتی مۆدرنی لیبرالیو شوناسە دیموكراسیەكەی شتێكی پێویستو تۆكمەو پتەوە؟ ئایا پەرادیمی دەوڵەت - نەتەوە ئێستا، كە لە رەوینەوەدایە داخوا لەگەڵیا سیستەمی دیموكراسیش لەو چوارچیوەیەدا ون دەبێ؟.

سەبارەت بەو پرسانە سێ ئاراستەوبۆچوون هەن:

1- بۆچوونێك چنگی توند لە پرەنسیپی دەوڵەتی نەتەوەیی گیر كردووە، دژ بە بزاوتی عەولەمە، لەسونگەی داكۆكیكردن لە شوورەی شوناسی تایبەتمەندانەی (ئومە)و بیرۆكەی هاووڵاتێتی - كۆماری، كە پێی وایە تاكە بەرجەستەكەری چەكی دیموكراسیە بەو پێیەی

گوزارشە لە خەیاری دەستەجەمعی هاوبەشانە، ئەو هەڵوێستە لای ڕەوتە ڕاستڕۆوچەپڕۆ تەقلیدیەکانی ئۆروپا بەدی دەکرێ، ئەوانە مەنتیقی سەروەریی دابەشمەند لە نێو ئۆروپای یەکگرتوو لەرووی سیاسیەوە ڕەتدەکەنەوە، ئەو گرووپانە بەڕاستی توانیان کۆسپ بخەنە بەردەم پرۆژەی دەستووری ئۆروپایی، ئەو دەستوورەی لکانە سیاسیەکەی وڵاتانی کیشوەرە کۆنەکە دەخاتە دووتوێی یاساوە، یاسایەکی یەکگرتوو.

(ریجیس دۆبریە) یەکێك بوو لەوانەی ئەو دیدەی لەرووی فەلسەفیەوە فۆرمەڵە کرد، کە داکۆکی لە سەمتی کۆماری دەکات، بەجۆرێك تاکە بەرجەستەکەری بەهاکانی رۆشنگەریی لیبرالییە، بەو پێیەی دیموکراسی بەبێ ئەو بەهایانە رەگوبنەما نۆرماتیڤییە جیاکانی خۆی لەدەست دەدات.

2-ئاراستەیەك رای وایە قەیرانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەرفەتێکی لەبارە بۆ چاککردنی کەموکوڕیەکی گەوهەری هاوشانی دیدێکی لیبرالی، کە سەر بە سیستەمی نوێی دیموکراسیە، ئەویش بریتیە لە تەپاندنی شوناسە تایبەتمەندە کەلچەریەکان واتە بێلایەنی دەوڵەت دەهەمبەر هەر دیدوهزرکردنێکی خێروبێری دەستەجەمعیو گرەو لەسەر توانای دەوڵەتی بیرۆکراسی بۆ هەڵسووڕاندنی جیاوازییە بەهاییەکان لە بونیاتە پراکتیکیەکەی، ئەو دیدە لە ئەمریکای باکوور بەدیار دەکەوێ، بەناوی کۆمەڵەکانەوە(جەمعیات) بیرۆکەی بنەڕەتی

بریتیە لە ڕەتکردنەوەی دیدی فەردیانەی بێلایەنی مافە سیاسییەکانوگۆڕینی بە مافی گرووپەکانونەتەوەوفەزا تایبەتمەندە ڕۆشنبیرییەکان، کە ناکرێ بەناوی قەوارەی یەکگرتووی نەتەوەیی لەبارببرێ.

3-ئاراستەیەك پێی وایە دەوڵەتی نەتەوەیی لە سونگەیەکی رادیکاڵیوغەیرە رادیکاڵی ون دەبێ، بەو پێیەی قۆناغێکی مێژووییەو بەکۆتا هاتووە، بەربەستیش بووە لەبەردەم دیموکراسیی.

4- ئاراستەکەی هابرماس لە سونگەی وەفاداریە بۆ لیبرالیزمی نوێی رۆشنگەریی، ئەو پێی وایە چ پەیوەندییەکی پێویست بوونی نییە لە نێوان هۆشیاری نەتەوەییورێرەوی دیموکراسی لە حوکمڕانیدا، تەنانەت گەر راستیش بێ لە رووی مێژووییەوە، کە فاکتەری نەتەوەیی هێزی پاڵنەری رێخۆشکەری سیستەمی دیموکراسی بووبێ.

پێوەری بنەڕەتی دیموکراسی بریتی نییە لە رسکانو رۆچوونی لە شوناسی نەتەوەیی، بەلکە لە بیناکردنیەتی لەسەر بنەمای گرێبەندێتی ئازادانە لە نێوان تاکەکەسەکاندا، کە ژیانی دەستەجەمعیان بە پێی رێساگەلی رێکخراوەیی سیستمازە دەکەن بۆ زامنکردنی دادوەری لە نێوانیاندا، گەر ئەو پەرادیمە لەرووی مێژووییەوە بە فۆرمی دەوڵەتی نەتەوەییەوە پەیوەست بوو ئەوە ئەمڕۆ بە ئاراستەی پرەنسیپی(هاووڵاتێتی دەستووری)دا رێدەکات، کە گونجاوە لەگەڵ بیرۆکەی شەراکەتی گەردوونی بەزێنەری تخوبە

سیاسییە نیشتیمانییەکان، جا چ لەرێی فەزا هەرێمایەتییە بەیەکەوە لکاوەکان بیٚ(یەکێتی ئۆروپا) یا کایە –تەکامولیە- دەولیەکان، کە دەبیٚ بگۆڕیٚ بۆ چوارچیوەی ئەوتۆ رێساوئەخلاقیاتی کراوەی ئینسانی زەبتی بکات.

هابرماس ئاوا سەیری کرداری پەیوەندیگەریی بەردەوامونەپساوە دەکات وەك چالاکییەك، کە کاریگەری دیالۆگانەی کۆمەڵایەتی جلەوگریەتیو فۆرمێکی کراوەی ئەقڵانیوئەخلاقی وەردەگریٚ، دیالۆگێك بنەمای نۆرماتیڤانەی دیموکراسییە.

ئەو بۆچوونە لەیەککاتدا جیایە لەگەڵ دیدی لیبرالی بۆ دەوڵەت، کە دیدێکی سەرمایەدارییە لەمەڕ قەوارەیەك پارێزەری ئاڵوویری کۆمەڵایەتیوبزاوتی بەرهەمهێنانەودیدێکی کۆماریانەیە، کە پێی وایە دەوڵەت کۆمەڵەیەکی ئەخلاقی ئەوتۆیە لەرووی ئۆرگانیەوە رەگەزەکانی بەیەکەوە لکاون.

لیبرالیزم لای وایە رەوتی دیموکراسی زنجیرەیەك (بۆند-سەفەقاتی تەوافقیە)لە نێوان بەرژەوەندییە جیاجیاکاندا، میکانیزمی دیموکراسی بەو پێیە تەنیا ئامرازێکی گەیاندنە – وەك پردێك- بۆ چارەسەرە تەوفیقییەکان، بەپێی دیدی کۆمارییەکان ویستی دیموکراسیانە لە شێوەی تەوافقێکی ئەخلاقی - سیاسی یەکدەگریٚ کە لە شوناسێکی دەستەجەمعی نێو کۆمەڵە ئۆرگانیەکە سەرچاوەی گرتووە.

ئەو ئاڵۆیرکارییە گشتییە تەنیا لە تەوافقێکی لابەلاوە سەرچاوەی نەگرتووە، بگرە پشتبەستووە بە باکگراوەندێکی رۆشنبیریی ئیجماعی قەبەلی، کە چوارچیوەی بەیەکەوە کۆکردنەوەی کۆمەڵایەتییە، کە دامەزراوی کۆماری دووبارە بەرهەمی دێنێتەوە لە میانەی میکانیزمی رێکخستنی دیموکراسیەوە.

هابرماس بەروونی دەڵێ(شێوازی ئەو کارکردنەی، کە سیاسەتی دیالۆگ دیاری دەکات، کاکڵەی خودی رەوتی دیموکراسییە) سەرکەوتنی سیاسەتی دیالۆگانە ناوەستێتە سەر هەبوونی کۆمەڵە هاووڵاتیەك بتوانن کرداری دەستەجەمعی ئەنجام بدەن، بەلکە پێویستی بە دارِژتن‌ودانانی مەرجە دامەزراوەییەکان هەیە لە میانی بەیەکەوە کۆکردنەوەی هەردوو فۆرمی دیالۆگانەی دامەزراوەیی‌وبیروبۆچوونە گشتییەکان، کە هەرەمەکی فۆرمەڵە دەبن.

گەر تیۆری لیبرالی پێی وایە تاکە رۆڵی دیموکراسی لەمەرِ ویست‌وئیرادە، شەرعیەت دانە پاڵ پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی، بە دیدی تیۆری کۆماریش فۆرمەڵەبوونی کۆمەڵگەیە وەك کۆمەڵەیەکی سیاسی، ئەوە تیۆری دیالۆگ‌وبەیەکەوە بەردەوام بوون پێی وایە بەرجەستەکردنی بەئەقڵیبوونی دیالۆگانەیە، بەئەقڵیبوون زیاترە لە هەر کردارێکی تەشریعی، لێ کەمترە لەوەی دەسەڵات بێ.

بەوجۆرە ئەو پەرادیمە دەتوانێ فرەیی کەلچەریی‌وکولتووریی و کۆمەڵایەتی بەخۆوەبگرێ، دەستوورە نوێیەکان (کە زادەی بیرۆکەی

پەیمانگیرین، کە بریتیە لەوەی هاووڵاتیان بە ویستی ئازادانەی خۆیان بەیەکەوە بگوزەرێنن بۆ ئەوەی گرووپگەلی بەشەری فۆرمەڵە بکەن لە کەسانی بەیەکەوە کۆکراوەی ئازاد) ئەو دیدە جیاکاریەکی یاسایی دەنێتەوە: ئایا دەوڵەتی لیبرالی دەکارێ ململانەی دانپیانان بگرتەخۆوە، کە لە جیاوازی شوناسە دەستەجەمعیەکان سەرچاوەی گرتووە؟ لەراستیدا بەتەنیا بکەرە دەستە جەمعیەکان هەن ئەوانەی خێروبێرە هاوبەشەکان بەرجەستە دەکەن، لێ مافەکانی تاکەکەس بەتەنیا لە دادگاکان چاویان لێدەکرێ، لێ هابرماس پێی وایە سیستمگەلی لیبرالی ئەرێیانە گەشەی کردووە بەرووی زەمانەتی مافی گرووپەکان جا چ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بن وەك کرێکاران یا رۆشنبیریی یا ئیدیکە.

هابرماس مافەکان بۆ سێ بەش پۆلین دەکات:

1- ماف-ئازادییە(تاکەکەسیەکان).

2- مافەکانی بەشداری سیاسی.

3-مافە کۆمەڵایەتیەکان.

ئەم پۆلینکردنەش روونە، مافە مەدەنیەکان زادەی بیری لیبرالیزمن، ئینجا مافە سیاسییەکان، مافە کۆمەڵایەتیوئابووریەکان بەرهەمی بیری سۆسیالیستین، هابرماس دەڵێ(تەنیا مافە سیاسیەکان رەوشە یاساییەکە دەرسکێنێ، کە لە خودی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە رەوشی هاووڵاتیە..). (*)

**ئەو پێیوایە هەردوو مافی دەستەجەمعی و تاکەکەس بەیەکەوە**

..................................................................

(٭) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی(الاشكالية السياسية للحداثة- من فلسفة الذات الى فلسفة التواصل، هابرماس نموذجا، د.علي عبود المحمداوي، دار الامان/الرباط، منشورات الاختلاف/الجزائر، ط1، 2011).

**گرێدراون، چوون سەربەخۆیی هاووڵاتی بەبێ ئەوەی هۆشیاریی لەمەڕ ئەوە هەبێ، کە ئەوە خودی خۆیەتی سەرچاوەی ئەو یاسایەی بەسەری پیادە دەکرێ، ئەوە چ مانایەکی نییە، پەیوەندیەکی ئۆرگانی هەیە لە نێوان ئازادی زاتیو ئازادی مەدەنی واتە هۆشیاری تاکەکان لەمەڕ سەربەخۆییان وەك هاووڵاتی، بۆیە روونە سیستەمی مافەکان لە دەوڵەتی لیبرالی هەلومەرجی ژیانی نایەکسان و جیاوازییە رۆشنبیرییەکان فەرامۆش ناکات، تیۆرێکی وردی یاسایی ناشێ یا دابڕاو نییە لە سیاسەتی دانپیانان، کە کیانی تاك لەو چوارچیوەیەی گوزەرانوژیانی، کە ماهیەتی فۆرمەڵەدەکەن، دەپارێزێ.**

**ئەو فەزا دیالۆگئامێزە لە مافەکانی تاك رۆدەچێ(رەوتی گوزەرانی تایبەت)ئینجا لەیەككاتدا دەبێتە پێوەرەکانی یاسا گوزارشکەر لە یەك ناوەڕۆکی گشتگیرانەی گەردوونیوبەرجەستەکەرێکی شێوازی ژیانێکی تایبەت لە کۆمەڵەیەکی رۆشنبریی یا سیاسی نەتەوەیی، کەواتە ناکرێ خواستوویستەکانی شوناسە تایبەتەکان بە ناوی مافەکانی تاك**

فەرامۆش بکرێن، چونکە ئەو مافانە هەمیشە لە نەریتێکی تایبەتمەندی رۆشنبیریدا تەئویل دەکرێن وبەرجەستەنە.

کەواتە ناکرێ مافە زاتیەکان لێك جیابکرێنەوە بۆ لایەنی ئابووری و مافە سیاسیەکانی بەشداریکردنی هاوولاتیان لە کۆمەلگەی دیموکراسیدا، سەروەریی یاسا لەپێش ویستی ئازاد نایەت، بەلکە بەندە بە تەشریعی زاتی سیاسی، هەروەك چۆن تەشریعی ئەخلاقی لەسەر پرەنسیپی ئەوە هەلنراوە، تەنیا ئەو بڕیاروئەحکامانەی سەلاحیەتی گەردوونیان هەیە واتە لە رووی گەردوونیەوە پەسەندن ئەوانەن شەرعین، گەر دەولەتی یاسا مافەکانی تاك پتەو بکاتو بیانپارێزێ ئەوە هاوولاتیان ئەوانن هەلومەرجە —فیعلیەکەی- پیادەکردنی ئەو مافانە دیاری دەکەن، کە ناکرێ بەبێ چوارچیوەیەکی فەزای دیالۆگئامێزی کراوەی گشتی بەئاکام بگات.

دەولەتی دەستووری عەلمانی(عەلمانیەت/سکۆلاریزم -Secularism- ئەسلی وتەکە لە شیتەلکردنی عەرەبیو لاتینی بۆ مانای ئادەمیزادی عامە دەگەڕێتەوە یا چینی خەلکی عەوام ئەوانەی بەرابەر چینی پیاوانی ئایینن، لە رووی عەرەبیەوە لە جیهان- عالم یا عالمین- هاتووە واتە خەلك بەرابەر لاهوتی یا رەبانی) بە پێی بیروبۆچوونی کانت دەوەستێتە سەر بنەماکانی ئەقلی پراکتیکی، ئەمەش بەرای هابرماس تەنیا بە تەفسیرکردنی مەشروعیەتی رەوتی دیموکراسی روونوبەرچاوە وەك بنەمایەك بۆ یاسا، هەروەها چۆنچۆنی دیاردەی

دیموکراسیوماڤ مرۆڤ هەر لەبەرەبەیانی دارڕشتنی دەستوور تێهەڵدەقژێن، ئەمەش ئەوکاتە بەدیاردەکەوێ لە میانی سەلماندنی ئەوەی رەوتی دیموکراسی، کە مەرجەکانی بینای ویستی دەستەجەمعیوفۆرمەڵەکردنی رای گشتی دەستەبەر دەکات، ئەوە لەسەر گریمانەی قبوولکردنی ئەقڵانیانەی دەرەنجامەکانی لای هاووڵاتی بینا دەکرێ، هەروەها تەرجەمەی پرەنسیپەکانی دیموکراسی بۆ دامودەزگایی پێویستی بە زەمانێکی تەریبە لەمەڕ مافە بنەڕەتیەکانی هاووڵاتیان لەسەر هەردوو ئاستی تاکوسیاسیدا، واتە دەوڵەتی دەستووری سەرچاوەی مەشروعیەتی پرەنسیپەکانی لە خودی خۆیەتی بەپێی قبوولکردنێکی ئەقڵانی لە لایەن گشت هاووڵاتیانداوپێویستیشی بە پاساوێکی دیکە نییە.

پرەنسیپی سەربەخۆیی یا(خود تەشریع)ی دەوڵەتی مۆدرن لە رەگەزەکانی دەرەوەی خۆی رزگاری دەکات، وەك جەدەلیەتی مێژوویی یا سەرهەڵدانی نەتەوە یا شەرعیەتی دینی، بەمەش دەوڵەتی دەستووری پێویستی بە پرەنسیپی پێشوەختە نییە، هەرئەمەشە رەگاژۆیی تەرحەکەی هابرماس لەرووی دەستپێکەوە رەنگ پێدەداتەوە، لێ دەبێ هاوکاری نێوان هاووڵاتیانی دەوڵەتی مۆدرن، کە تاکی ئازادن چیبێ؟ گەر دەستووری دەوڵەتی مۆدرن پشتبەستووە بە ئازادیو شەرعیەتەکەیشی لە خودی خۆی هەڵێنجاوەوبەشێوەیەکی سەربەخۆ لە سەرچاوە میتافیزیکی یا دینییەکان، ئەوە بەپێی رای

هابرماس هاوبەندی نێوان هاووڵاتیانی دەوڵەتی مۆدرن خودی ڕەوتە دیموکراسیەکەیە نەك شتێکی دی، بەو پێیەی بەندی یەکگگرتوو (Das eingigende Band) ی گشتە لە میانی (مومارەسەیەکی تەواسلی)لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی راستودروستی دەستوور بەهۆی دیالۆگەوە.

لەو قۆناغەی دووەمی ڕەوتی سەلماندنەکەی هابرماسدا جەخت دەکرێتە سەر سەربەخۆیی بینای کۆمەڵایەتی بەوپێیەی پشسبەستووە بە بنەما ئەقڵانیەکان، بەم جۆرەش دەوڵەتوکۆمەڵگە خودان بینایەکی پتەووقایمن بە پشبەستنیان بە ئەقڵ لە رووی سەرهەڵدان و فۆرمەڵەبووندا، ئەوەی هەڕەشەش لە هاوبەندە کۆمەڵایەتیەکە دەکات، هەڕەشەی دەرەکییە نەك ناوەکی، بۆنموونە بەهۆی لادان لە ڕەوتی نوێکردنەوەی یا بەمۆدرنکردنی کۆمەڵگە بەشێوەیەك لە شێوەکان. هابرماس لەمەڕ ئایین دەڵێ(بەردەوامیی ئایین لە کۆمەڵگەدا تەنیا دیاردەیەك نییە یا واقیعێکی کۆمەڵایەتی، چوون پێویستە فەلسەفە لە ناوەوە لەو دیاردەیە تێبگات بەو پێیەی "تەحەدیەکی مەعریفییە"و دەبێ بەهەند وەربگیرێ).

ئایین پەیوەندییەکی پتەوی بە دەوڵەتەوە هەیە، ئایا ئەو کۆمەڵگەیەی هابرماس مەبەستیەتی داخوا چۆنە لە نێوان هەردوو کۆمەڵگەی دینیوعەلمانی؟.

هابرماس پێی وایە هەر ئەقیدەیەکی دینی لە ناوەوەیدا مۆرکێکی دۆگمایی پێوەیە لەمەڕ بڕوابوون، ئەگەرنا پێویستی بە ئیمانپێکردن نەدەکرد، جا لەگەڵ نوێخوازیدا دەبوایە ئایینەکان لەو بەرگەی کۆمکاریی جیهانی دەربچن، هەروەها لە رووی قبووڵکردنی سیاسیانەی ئەقیدەکەیان، بۆئەوەی لەگەڵ کۆمەڵگەی فرەیی خۆبگونجێنن و بژیێن.

هەڵوێستی ئیمان بەر لە نوێخوازی بەرەو ئیمان لەگەڵ نوێخوازی بەگژاچوونەوەی ئایینە جیهانییەکان بوو، بەمەش چەمك وتێگەیشتنێکی نوێ بۆ ئایین داڕێژراوە لە رووبەڕووبوونەوەی دەستووریەتێکی فرەیی دینی ورۆشنبیریی و بە پشتبەستن بە پرەنسیپی لێبووردەیی ئایینی لەسەر ئاستی جیهاندا.

هابرماس دەڵێ(لێبووردەیی بناغەی رۆشنبیریی دیموکراسییە) بۆیە ئەو هەڵوێستێکی ئەرێییانەی هەیە لە ئاست لێبووردەیی بەهەر دوو رووە ئەخلاقی وسیاسییەکەی، داکۆکیکردنیشی لە لێبووردەیی زادەی تێگەیستنیەتی لە داڕژتنی چەمکی دیموکراسیی دەستووری، کە تاکە رەهەندوهەڵوێستی سیاسییە بکارێ دیالۆگی ئازادانەوکۆدەنگیەکی ئەقلانی برەخسێنێ، رەنگە وتەزای نالێبووردەیی دینی هابرماس وفەندەمینتالیزم تارادەیەك دیاردەگەلی نوێ بن.

هەر هەڵوێستێکی بڕوایی وبڕواهێنانمان زیاتر ئاماژەیە بە رێگەی بڕواهێنانمان لەوەی بڕوامان پێیەتی لەبرئەوە فەندەمینتالیزم چ

پەیوەندییەکی بە دەقێکی دیاریکراو یا ئاییزایەکی دینیەوە نییە، بەلکە گشت خەمی چۆنیەتی بڕواهێنان‌وشێوازەکەیەتی.

کاتێك هابرماس پەیوەندی نێوان فەندەمینتالیزم‌وئیرهاب تاوتوێ دەکات توندوتیژی دەخاتە نێوەندەوە، کە پێی وایە دەردێکە لەدەردەکانی دواندن‌وتەواسولی بەشەری.

دیاردەی توندوتیژی لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان بەهۆی نایەکسانی کۆمەڵایەتی‌و جیاکاری‌وپەراوێزخستنە جیاوازە لەوەی کۆمەڵگەکانی دیکە، ئەمانە بەرایی گۆشەگیرولێکدابڕاون لەیەکدی بەهۆی گوتارێکی شێواوونالەبار، لێ سیستمازەکراو.

ئەوان دان بەیەکتری دانانێن وەك تاکەکەسی پشکدار لە کۆمەڵگەدا، جوغزە یاساییەکەی پەیوەندییە جیهانیەکانیش چ شتێك ناکەن لەو بارەوە، ئەوەی پێویستەوگرنگە گۆڕانکارییە لە بیرکردنەوەوئەقلیەتدا، چارەکە لەرێی پردی دواندن‌ولێکتێگەیشتندایە گۆڕینی لە شێواویەوە بۆ متمانە لە نێو تاکەکان‌وخەڵکیدا، کە لەسایەی ترس‌و تۆقاندن‌و ستەمکاریی هەرگیز بەدینایەت، ئەو پردەش پشتدەبەستێ بە باشترکردنی هەلومەرجی ماددی‌و گوزەران‌و نەشونماکردنی رۆشنبیریی سیاسی.

هابرماس دەڵێ:

(هەر لە (11)ی سێپتێمبەرەوە من دەپرسم داخوا تەواوی تیۆرەکەم لەبارەی چالاکی‌وبزاوی مەبەستدار بۆ لێکحاڵیبوون لە جۆرە -

سەخافەتێك- نقووم بووە دەهەمبەر ئەو رووداوانەی تا ئەو رادەیە توندوتیژن.. هەڵبەت ئێمە تەنانەت لە نێو ئەو كۆمەڵگە دەوڵەمەندانەی سەر بە رێكخراوی بازرگانیوپەرەپێدانی ئابوورین رووبەڕووی جۆرێك لە توندوتیژی دەبنەوە بەهۆی جیاكاری كۆمەڵایەتیو پەراوێزكارییو هەژارییو نایەكسانی كۆمەڵایەتیو..تد).(*) هابرماس رای وایە دەبێ پێگەیەكی نوێ بدرێتە دین، بەجۆرێك كۆمەڵگەی عەلمانی وەكوبلێی نزیك لە دیاردەیەكی ئاوێتە بە هەردوو جەمسەری عەلمانیودینی، بەمەش كۆمەڵگەی عەلمانی وەك(رێرەوێكیتەكامولیە)لە نێوان هەردوو لادا، بەلكە هابرماس پێی وایە لە بەرژەوەندی دەوڵەتی مۆدرنی دەستووری دایە رەچاوی گشت سەرچاوەو كانگە رۆشنبیریەكان بكات، ئەوانەی هۆكاری هاوكارین لە نێوان خەڵكیداونەشونماكردنی هۆشیاریانن لەمەڕ بەهاكان، بۆیە پێویستە ئیماندارو عەلمانی لەو دەوڵەتەدا رێز لەیەكتری بنێن، لێ بنەمای فەلسەفی ئەو پەیوەندییە پرەنسیپی نەسازانی زانستوئیمانە وەك پرەنسیپێكی دەوڵەتی عەلمانی، لێ ئەو پرەنسیپەش ئەو كاتە پیادەكردنی ماقووڵە، كاتێك دان دەنرێ بە قەناعاتە دینییەكان بەو پێیەی مەعریفەی جیاجیان و دووركەوتنەوە لە وەسپكردنی بە نائەقڵانیەت.

ڕەنگە ئەو بیروبۆچوونانەی هابرماس پاشەکشەیەك بێ لەڕووی دیدی بۆ ئایین، لێ بەشێوەیەکی دیکە دەبینین وانییە دیدی ئەو بەیەکەوە کۆکردنەوەی نێوان لێکنزیککاریەك ڕەنگە لە ڕووی

.................................................................

(*) دیدارێك لەگەڵ هابرماس بەناوی:ئیرهابوتوندوتیژیوتەواسول(جیۆفانا بۆرادۆی) الحوار المتمدن، ژ755، 2004/2/25 ئەودیدارەش بەشێکە لە کتێبی جیۆفانا بەناوی(فەلسەفە لە سەردەمی ئیرهابدا).

هەقی خۆی بێتو لە نێوان متمانە بەخۆیەك وەك داکۆکیکەر لە فەلسەفەی مۆدرنی ئەقڵانیەت.

تەحەدی مەعریفی بەمانای بڕیاردان نییە لەسەر قۆرخکردنی هەقیقەت لە لایەن لای بەرامبەرەوە(واتە دین لەو حاڵەتەدا)بەلکە مانەوەی بوارێکە بۆ گومان، بڕیاری عەلمانیەتیش لەمەڕ ئایین وەك تەحەدییەك چ شتێك ناگۆڕێ، بەلکە بەشێوەیەك لە شێوەکان گونجانی عەلمانیەتە لەگەڵ پرەنسیپەکانی بەو پێیەی ڕەوتێکی کراوەیەو مەبەستی قۆرخکردنی هەقیقەتی ڕەها نییە، دین یا لای کەم ڕەوتە فەندەمینتالیزمەکان وەك سیستەمی داخراو ئەوانن، کە چ تەحەدیەکی مەعریفی لەدەرەوەی خۆیانیان پێ قبووڵ نییە.

پێویستە دین هاوشانی نوێخوازی هەنگاو بنێ نەك دژیو بەپێچەوانەوە، بۆیەش پێویستە فیکری دینی سێ هەنگاو بنێ:

1-پێویسته هۆشیاریی دینی هەوڵ بداتوکۆشش بکات بۆ ڕەتدانی جیاکاریی مەعریفی.

2-پێویسته هۆشیاریی دینی هاوڕێگەی دەسەڵاتی زانستەکان بێ، کە لەسەر ئاستی جیهان مەعریفەی قۆرخ کردووە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە.

3-پێویسته هۆشیاریی دینی بەسەر پرەنسیپەکانی دەوڵەتی -هەق-ی دەستووری بکرێتەوە.

سەبارەت بە چەمکی (وڵاتپارێزیی دەستووریی)چەمکێکی نوێیەوتخوبەکانی دیدە کۆنەکانی وڵاتپارێزیی‌ونەتەوەیی دەبەزێنێ‌وچەمکێکی ئایندەییشە.

(عەلمەنە) لای هابرماس(جەدەلیەتێکە بەکۆتا نەهاتووە) ڕەوتێکە یا ڕێچکەیەك دیدگایەکی مۆدێرنیزم‌وئاسۆگەیەکی کراوەو"کۆمەنیوکەیتڤ" دەنوێنێ، ڕەوتەکەیش دینامیکیەتەکە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دەری دەدات، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکەش جیایە، وەك دەبینین لە نێو خودی کۆمەڵگە ئۆرووپییەکاندا جیاکاری دین و دەوڵەت لە دەوڵەتێکی وەك بەریتانیا هەر بوونی نییە، هەندە دەوڵەتی ئەسکەندەنافی، لەگەڵ ئەوەشدا کەمتر عەلمانیتر نییە لە دەوڵەتێکی وەك فەرەنسا، کە لەوێ کلێساودەوڵەت بەتەواوەتی لێکجیاکراونەتەوە.

گوتەی (هاووڵاتێتی دەستووری) واتە سازانکاریی‌وگونجانی تاکەکانی کۆمەڵگەی سیاسی لەگەڵ پرەنیسپە یاساییەکان، خودان ئامانجە گەردوونییەکان، ئەمەش پەیوەستە بە پرەنسیپەکانی دادوەری‌ودیموکراسی‌ویەکسانی لە رووی هاووڵاتیەتی‌و مافەکانی مرۆڤ، کە پرەنسیپەکانی دامەزراوەیی دەوڵەتی مۆدرنی دیموکراسی یاسان، مەبەستی هابرماس فۆرمەڵەکردنی چەمکی هاووڵاتێتی دیموکراسیە لەسەر بنەمای یاسا دەهەمبەر چەمکی نەتەوەیی یا عرقی.

ئەو جۆرە هاووڵاتییەتە پێویستی بە مەرجە نەتەوەییەکان نییە، بەلکە بەپێی پرەنسیپە گشتگیرە معیاری‌وئەخلاقیەکان دیاری دەکرێ، ناشێ‌وناکرێ لە دەقێکی دەستووری فلان‌وفیسار دەوڵەت (دیاریکراو)پوخت بکرێتەوە، گەریش رۆشنبیریی نەتەوەیی پێویست بێ بۆ شوناسی بەرتەسکی نەتەوەیی ئەوە بۆ هاووڵاتێتی دەستووریی پێویست نییە، کە تەنیا پێویستی بە رۆشنبیرییەکی سیاسی لیبرالی‌ومەدەنیە بەجۆرێك ناکرێ بەتەنیا یەك کەلچەرورۆشنبیریی (نەتەوەیی)دیاریکراوتایبەت قۆرخی بکات.

وڵاتانی ئۆروپی لەو بیست ساڵەی دواییدا گۆڕانی بنەڕەتیان بەخۆوە بینی بەهۆی لێشاوی عەولەمەو رەوتی لکاندنی کیشوەریانە بەجۆرێك تخوب‌وفۆرمی ئومە - نەتەوە کلاسیکیەکانی ترازاند(16).

ئەو بزووتنەوەیە لەسەر چوار ئاست کاری کردەسەر بونیاتی دەوڵەت/ ئاسایشی یاسایی دەوڵەتی ئیداری، سەروەریی دەوڵەتی

هەرێمایەتی، شوناسی جەماعی هاوبەش، شەرعیەتی دیموکراسی دەوڵەتی نەتەوەیی. لە ئاسەواری ئەو وەرچەرخانەش فرەکەلچەریی‌ولەبارچوونی شوناسی نەتەوەیی دەوڵەت بوو، ئابووری جێگەی سیاسەت دەگرێتەوە(دەوڵەتی نەتەوەیی وردە وردە تواناوهێزی باجکۆکردنەوەو نەشونمای نەماوە، ئینجا زەمانەتی ڕێسا بنەڕەتیەکانی شەرعیەتی)سیستەمی دیموکراسی ئەمجارە بەپێچەوانەوە بەرەو دواوە هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەکانی بەشداریکردنی سیاسی تێکدەشکێنێ، بەو پێیەی سیاسەت چ کاریگەریەکی ئەوتۆی نەماوە بەسەر هاوبەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا ئەزموونەکانی ئازادیو رزگاری، چەمکەکانی سەروەریی میللیو مافەکانی مرۆڤی خستەوە، ئینجا هەر هەوڵێك بەمەبەستی زەبتکردنی تخوبی کۆمەڵەی سیاسی بەرووی نموزەجی گەردوونی لەمەڕ یەکسانی دەبێتـەوە، ئەمەش لە (فرەیی رۆشنبیری)و(ئیندیڤیدوالیزم)خۆدەبینتەوە، هەردوو دیاردەش پێویستیان بەوەیە هاوبەندی ئۆرگانی نێوان دەوڵەتی دەستووری‌وئومە وەك کۆمەڵەیەکی رەسەن-ئەسڵ- هەڵوەشێنینەوە تاوەکو بواری هاریکاری بەرفراوانتر بێت بۆ بازنەیەکی تێهەڵکێشانەو زێدەکراوەو گونجاو لەگەڵ شێوازە نوێیەکانی ئەو قەوارە سیاسیانەی لەسەر چەمکی سەروەریی دابەشمەند هەڵنراون.

هابرماس بە ئاشکرا لەو چوارچیوەیەدا دوو پرۆژەی جیا پەیرەو دەکات، لەلایەك دەوڵەتی فیدراڵی ئۆروپی دیموکراسییە، خولقاندنی فەزایەکی گشتگیر لەسایەی بەها دیموکراسییەکان و تەشریعاتە جیهانیەکان(پڕۆژە بەشۆرەتەکەی کانت).

دواجار بۆ ئەوەی لەرووی ئەقڵیەوە بەرووی عەولەمە ببینەوە — هەروەك هابرماس ئاماژەی پێدەدات- پێویستە فرە یا چەند فۆرم وشێوازێکی خودسیستمازەکاریی دیموکراسی بۆ کۆمەڵگە گەشەپێبدەین لە نێو پێکهاتەی پۆست نەتەوەییدا.

## 1- کۆدەنگیی و جیاوازی

قسەکردن لەسەر لێکتێگەیشتن لای هابرماس لەراستیدا دەروازەیەکە بۆ قسەکردن لەسەر(رێککەوتن وکۆدەنگی- ئیجماع)، بەپێچەوانەی ئەوانەی سەر بە بۆچوونی (جیاوازی)ن پێیان وایە جیاوازی بەتواناترە بۆ داهێنان وئەفراندن لەچاو ئیجماع تەنانەت ئەمە دوماهی رووەو ئیرهابی فیکرییە.

هابرماس بەتەنیا لەسەر ئاستی تیۆری گفتوگۆ لەبارەی ئەقڵانیەت ناکا، بەلکە پراکتیزەکردنی لە فەزای گشتی، دیموکراسی لای ئەو ئامرازێکە بۆ بڕیاردان لەسەر (کۆمەنیوکەیتڤ) لەنێو کۆمەڵگەدا واتە فەلسەفەکەی هابرماس رەهەندێکی سیاسی هەیە.

جا لێرەدا رەخنەکە بریتیە لەوەی تیۆرەکەی هابرماس یۆتۆبیایە، زیاتر لەوەی مایەی پیادەکردن بێت، لۆهمان پێی وایە (کۆمەنیوکەیتڤ) هەمیشە نابتە کۆدەنگیی، بەلکە جیاوازیش، سەبارەت بە رای گشتیویاساودیموکراسی، دوو رەهەند هەن بۆ رای گشتی:

1-مەبەستەکەی تەرویجی سیاسی یا بازرگانییە.

2-رەخنەییە گوایە رەنگپێدەری هەڵوێستو رەفتارە واقیعییەکانی جەماوەرە.

بۆیە رای گشتی سەرچاوەی یەکەمی دەسەڵاتی سیاسیە، هەر ئەویشە رێپێدەری گەل بۆ پیادەکردنی سەروەرییەکەی، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەوە رای گشتیە لە رێی دیالۆگێکی ئەقڵانی گشتی لە نێو رەوتە جیاجیا فیکرییەکانی کۆمەڵگە فۆرمەڵە دەبێ یا بەتەنیا هەڵوێستی حزبە سیاسیەکان ئەوانەی زۆرینەی پەرلەمانی پێکدێنن، گوزارشی لێدەکەن؟.

گوتاری دیموکراسی هەمیشە هەڕەشە لێکراو پێویستی بە وریایی پارێزەرێکی میللییە، دووەمیش ئەقلانیەت کە لە فەلسەفە خۆی دەنوێنێ.

بەو جۆرە هابرماس پشتبەستووە بەگوتاری جەماوەری مۆرکێکی ئەقلانی – فەلسەفەی پێوە بێ.

هابرماس سێ نموونەی تیۆری بۆ دیموکراسی دێنتەوە: ئەو کە ڕەخنە لەهەردوو نموونەی لیبرالیوکۆماری دەگرێ، نموونەیەکی تایبەت بەخۆی پێشکەش دەکات بەناوی (نموونەی تەشاوری- مشاوەرە، مشورەت) ئەو سێ نموونەیە لە نوختەی بۆچوونیان لەبارەی پرۆسەی دیموکراسی لێکجیاوازن، لیبرالی پێی وایە ڕۆڵووەزیفەی دیموکراسی پێشخستنی کۆمەڵگەیە لەسەر دەوڵەت، کۆماری پێی وایە دەوڵەت لە کۆمەڵگە جوێ نابتەوە، سەبارەت بە چەمکی هاووڵاتیش: لیبرالیزم لای وایە بەندە بەو مافە زاتی یا سلبیانەی هەیەتی بەرووی دەوڵەتدا، بەجۆرێك شەرعیەت پەیوەستە بەوەی تاچەند دەوڵەت ئەو مافانە دەپارێزێ، بە دیدی کۆماری فۆرمێکی مەدەنی وەردەگرێ، بەجۆرێك پاراستنی ئەو مافانە پێویستی بە بەشداریکردنی ئیجابیانەی هاووڵاتی هەیە لە نێو دەوڵەتوکۆمەڵگەدا.

لیبرالیزم – لە کۆمەڵگە ئۆروپییە پیرەکاندا –پەیوەستە بە مەعاریفە ئینسانییەکان وەك: ئەدەبوفەلسەفەومێژوو، ئەو مەعریفانە قووڵبینیوتوانای هەڵبژاردن دەخەنەوە، چۆنیەتی پەیوەندیکردن بەویدیکە دێننە ئاراوە واتە ئاخاوتن بەروونیونووسین بەشێوەیەکی باش، ئەو بەو جیاوازیوفرەنگیەی بژارە(خیار)دەخاتەڕوو نەك ئەقیدە: دوماهیش هەوڵ دەدات گشت رووە جیاکانی شتەکان بخاتەبەر چاوان.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: داخوا چۆن ئەو كۆمەڵە پێشنیازە ئەقڵانیانەی لە لیبرالیزمەوە هەڵقووڵاون تۆماتیكیانە بەرنامەیەك بۆ پارتە گەورەكان فۆرمەڵە ناكەن؟ ئایا پێویستە ئەو قسەیەی(مالرۆ-Malraux)پشتڕاست بكەینەوە (لیبرالیزم هەقیقەتێكی سیاسی نییە، بگرە تەنیا شعووركردنە).

لیبرالیزم نەخشەسازی كۆمەڵگەكانی ئایندە نییە یا جیهانێكی ئایدیالی، ئەو دوورە لەو پرۆژانە، لیبرالیزم تەنیاوتەنیا بەكارهێنانوپیادەكردنی ئازادی دەبەخشێت، گەرچی ئەمە كەمە، لێ گشت شتێكە، لە ناوەڕۆكیدا فرە ڕەڕەنگە سەبارەت بە ئەو ئایندە ئەوەیە، كە تاكەكان دروستی دەكەن گەر هاتوو ئازاد بن(17).

هابرماس كە كۆكە لەگەڵ نموونەی كۆماری كاتێك دژ بە پوختكردنەوەی پرۆسەی دیموكراسیە لە نێو بۆتەی سازشكارییەك لەمەڕ بەرژەوەندییە تایبەتەكانودژەكان، هەروەك لیبرالیەكان بۆی دەچن، بەو پێیە و ئاستە گرنگیەكی زۆر دەدات بە كرداری كۆمەنیوكەیتڤ، كە بەهۆیەوە ویستێكی دەستەجەمعی فۆرمەڵە دەبێت، ئەو فۆرمەڵەبوونەی بەتەنیا لەرێی لێكتێگەیشتنێكی ئەخلاقی لەبارەی شوناسەوە بەئاكام ناگات، بەلكە بە راوێژكارییومشاوەرەورێككەوتنێكی ئەخلاقی لەبارەی بەشبەشكردنی بەرژەوەندییەكان لە نێوان تاكوكۆمەڵەكاندا، ئەمەشە پەرادیمی دیموكراسی تەشاوری، كە لە سەر پێناوەكانی(وەسیت) ئەحزابو تیمە

پەرلەمانییەکان لەلایەك‌و دیالۆگی ئازادانەی نانیزامی لە چوارچیوەی فەزایەکی گشتگیر یا کۆمەڵگەی مەدەنی لە لایەکی دیکەوە سەرچاوەی گرتووە.

## 2–قەیران لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێشکەوتوودا

قەیرانی نێو کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێشکەوتوو لە حەفتاکاندا بەلای هابرماس پەیوەستە بە ئیدارەوە، قەیرانە ناوبەناوە ئابووریەکان تایبەت بە سەرمایەداری، رووەو مەیدانە سیاسیەکە ملدەنێ، لەبەرئەوەی دەوڵەت لێرە بەدواوە دەستی سەرەکی هەیە لە پرسە ئابووریەکان لە میانی تەقەنیەت‌و لەرووە ئیداریەکەی، گەریش مەترسی قەیرانەکان لەسەر چەند ئاستێك دابێ‌وەدەلالاتی جیاجیایشی هەبێ، ئەوە دواشت بەرەو ناکۆکی‌ودژیەکیەکە سەرەکیەکەی نێو کۆمەڵگەی سەرمایەداری لێژ دەبتەوە، نێوان خواستەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی‌ومولکایەتی تایبەتی قازانج.

هابرماس چوار جۆر شێوازی قەیران دیاری دەکات، قەیرانێکی ئابووری روودەدات کاتێك سیستەمی ئابووری ئەو برە پێویستەی خێروبێر بۆ بەکاربردن بەرهەم ناهێنێ، قەیرانێکی ئەقڵانی کاتێك دەوڵەت بێ توانایە بۆ بەدەنگەوەهاتنی هاوکات بۆ پێداویستیەکان لەمەڕ پلانی ئابووری‌وپێداویستی بۆ مانەوەی پێشینەی مولکایەتی تایبەت بە کەڵەکەبوونی سەرمایەداری.

کاتێك سیستەمی ئیداری بڕێکی زۆر پێویستی بڕیارە ئەقڵانیەکان ڕەچاوناکاتو بەهەند وەرناگرێ، جا چارەنەکردنی ئەو دژیەکیە ڕێگەی قەیرانێکی دیکە(سێیەم) دەخاتەسەر پشت، ئەویش قەیرانی شەرعیەتە بەمانا حەرفیەکەی، چوون درزێك دەکەوێتە نێوان پاڵنەرە پێویستەکانی بزواندنی سیستەمی سیاسی - ئابووریو ئەو پاڵنەرانەی زادەی سیستەمی کۆمەڵایەتی-رۆشنبیرییە، دواشت دەشێ ئەمانە هەمووی ببنە هۆی قەیرانی (پاڵنەر- motivation) کاتێك سیستەمی کۆمەڵایەتی - رۆشنبیریی ئەو برە پێویستەی واتا ناخاتەوە، بۆ ئەوەی پاڵنەری بزاوتەکە بێت.

مەرج نییە گشت کارەکان بەندبن بەبازاڕومیکانیزمەکەی، بەکورتی بەو هاندەرانەی تەنیاوتەنیا پشبەستووە بە بەرژەوەندی شەخسی لە پشتەوەی هەر سەرکەوتنێکی مەزن شتێکی دیکە هەیە، ئەوەی ناو نراوە —رەنگە گوزارەکە کۆنیش بێ- بەها ئەخلاقییەکان، بۆ نموونە ژاپۆن بنەماکەی بەرژەوەندییوسوودمەندییە، کە لەسەر سەرڕاستی دەهەمبەر کۆمەڵوگرووپ وەستاوە، ئەرکوبیری مەدەنیانە(دەستی شاراوە)کە میللەتێکی هاوشێوە بەرێوە دەبات بەرژەوەندی شەخسی هەڵسووڕێنەروبزوێنەری نییە.

دەردەسەریەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێشکەوتوو لەمەڕ قەیرانی شەرعیەت، بۆ گوێزانەوەی دەرەنجامەکانی قەیرانی ئابووری بۆ بوارە گشتیەکانی سیاسەتوپاڵنەری فەردی، دەگەڕێتەوە.

لەو قۆناغەدا، هزرکردن‌ودیدی هابرماس لەمەڕ ئاراستەکانی قەیرانی –تایبەت بە سەرمایەداری پێشکەوتوو- هەمان ئەو ڕێگەیەیە کە ماتریالیزمی مێژوویی دژیەکیەکانی سەرمایەداری پێ چارەسەر کرد، هەر لەو قۆناغەدا دەکرێ چاوبدەینە کاریگەری پەرادیمەکانی سیستەمی بۆ سەر بیرکردنەوەی، وێرای گرنگی دانی بە کارلێککردن‌وگوزەران، ئەوە هەمووی دەکەونە ژێررکێفی وابەستەیی لەمەڕ کاروەزیفەی کۆمەڵگەیی.مسۆگەرە تەوژمی قەیرانەکە بەرەو سیستەمی کۆمەڵایەتی - ئابووری دەچێت، لێ دەوڵەت هەر ئەو ئەڵقە لاوازەیە.

لەو هاوکێشە کلاسیکیەدا قەیرانی سەرمایەداری پێشکەوتوو لە قووڵایی دایە بەهۆی لێکدوورکەوتنەوەی کایەی گوزەران‌و سیستەم، سەرنج دەدرێ دەسەڵاتە حکومیەکە لەو هاوکێشەدا ئەوەیە (مەوریدێکی بێباك-بەریئانە- بەقەد ئەوەی پێویستە)بەهەرحاڵ دەستتێوەردانی دەوڵەت لەرووی کۆمەڵایەتیەوە لە بواری ژیانی هاووڵاتیانی تۆماتیکیەو لە رووالەتدا چ کێشەیەکی نییە، بەرفراوان بوونی یاساوبیرۆکراسیی بەتەواوەتی هەروەك ئەنتی کاریگەرەکانی بەرهەمهێنان، کە زادەی سیاسەتی کۆمەڵایەتی دەوڵەتە، هەروەها مۆرکی زانستی سەر خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان ئەمانە گشتیان ئامرازگەلی نائەکتیڤ‌وبێترس نین، دووریشە وابن.

هابرماس ئەو رەوشە رۆشن دەکاتەوە، کاتێك فانتازیای بنەڕەتی لە دەوڵەتی خودایی دەخاتەڕوو، ئەو فانتازیایەی گەوهەری لکاوە بەو یۆتۆبیایەی تایبەتە بە ئەو.

ئەویش ئەوەیە لەگەڵ سەرکەوتنی ((تۆڕی پێوەرە حقووقیەکانیش، کە لە رووی هەڵاوسان وبیرۆکراسیی دەوڵەتی ودژە دەوڵەتی، ناسرەوێ، بەرەو ئەوە دەچێ رووماڵکردنی ژیانی رۆژانەی بەکارخەرانی کردەیی وگریمانەیی)) ئەوکاتەش ئەو سەمتەی دووەم دیار دەکەوێتەوە، کێرڤەکە لە گرنگیدان بە قەیرانی سەرمایەداری پێشکەوتووەوە بۆ جڵەوگرتنێکی بێکۆتایی بە ژیانی تاکەکان لاردەبێتەوە.

یەکەمین هاوکێشە بەلای هابرماسەوە سەبارەت بە دەردەکانی مۆدێرنیزم ئەوەیە، کە کاریگەرە بە ماتریالیزمی مێژوویی، پێدەچێت ئەو بیەوێ توانای رەتدانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری فۆرمەڵە بکات، دووەمینیش سەر بە هزرکردنی ڤیبەرە لەمەڕ راماڵینی بناغەکانی سستمی ژیانی رۆژانە.

## 3- فۆرخکردنی جیهانی گوزەرێنراو

بیرۆکەی جیهانی گوزەرێنراو(Lifeword) ئاماژەیە بە بەهاگەل و رێساگەلی ئەوتۆ بە هۆی زمانەوە دەگوێزرێنەوە، کاتێك هابرماس باس لە پێکهاتەکانی جیهانی گوزەرێنراو دەکات ئەوە مەبەستی

کەلچەروکۆمەڵگەو(شەخسی بەشەریە)بەو پێیەی(کەلچەر ئەو مەعریفە ئامادەیەیە، کە لای خودە بکەرەکانی نێو پرۆسەی چالاکی تەواسولس سەرچاوەی ئەو -تەئویلاتانەیە- مۆرکێکی گریمانەیی کۆدەنگیان هەیە، ئەمەش بە گەڕان بەدوای لێکتێگەیشتن لەبارەی شتێکی دیاریکراو، کە لەجیهاندا هەیە)کۆمەڵگەش ئەو سیستەمە مەشروعەیە سەرچاوەی هاوکاریەکی بیناسایە لەسەر ئینتیما دەستەجەمعیەکان، کە بەرهەمهێنی پەیوەندیەکانن لەنێوان خەڵکیدا، پیرسۆنالیتی (personality) لەفزێکی تەقەنییە، واتە ئەوتوانستانەی بە هۆیانەوە خودی توانای قسەکردنوکردار دەستەبەر دەکات، هەروەها بەشداریکردن لە پرۆسەکانی لێکتێگەیشتن لە نێوان خودەکانوهەر جارەی لە نێو سیستەمێکدا، کارەکە پەیوەستە بە توانستی دەستبەرکردنی توانای سەلماندنی شوناسی خود لە نێو سیستەمە جیاجیاکانی کارلێککردن.

چەمکی جیهانی گوزەرێنراو لای هابرماس چەمکێکی بنەڕەتییە لە بینا تیۆریەکەی، چوون چەندین دەقی بۆ داناوە نەخاسمە لەمەڕ پەیوەندی ئەو جیهانە بە سیستەم، روونیشە لەو پێناسانەی کەلچەروکۆمەڵگەوکەسایەتی واتە رەگەزە پێکهێنەرەکانی جیهانی گوزەرێنراو، هابرماس بەردەوام چالاکی تەواسولی دەخاتە نێو

چوارچیوەی ئەو جوغزوسیستەمانەی بوارەکانی ئەو جیهانە بەرهەمیان دێنن.

ئالۆزبوونی بێسنووری سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان هۆیەکەی بۆ گەشەی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها گۆڕانی فۆرمەکانی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بەو پێیە لێکترازانی سیستەمگەل‌وجیهانی گوزەرێنراوە، ئەو لێکترازانەی بنەمای هزرکردنی دوالیزمانەی مۆدێرنیزم بوو، لە کۆتاییدا لە نێو دابەشبەندی نێو سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان(نەخاسمە سیستەمگەلە لاوەکییە ئابووریی‌وسیاسی‌وئیدارییەکان) و بواری گوزەران، تەرجەمەدەکرێ.

دوماهی (کرداری کۆمەنیوکەیتڤ) کە ئامرازی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بونیاتە رەمزیەکانی بارە گوزەرێنراوەکەیەو وەئەستۆی مۆدێرنیزمە، سیستەمگەلی بزاوتێکی تایبەتمەندە لە فەرمانەکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی رۆشنبیریی(قوتابخانە)یا لکاندنەوەی کۆمەڵایەتی(یاسا)یا کۆمەڵگەیی(خێزان) پێکدێنێ، ئەو کردارە بەهۆی پێشینەی لکاندنەوەی سیستەمگەلی نەخاسمە مایە(مال)ودەسەڵات، وەلادەنرێ، هزرکردنە بونیادیەکە لەبارەی مۆدێرنیزم لای هابرماس جەخت دەکاتە سەر ئەو هاوبەندیەی پێویستە هەبێ لە نێوان هەردوو فۆرمی لکاندنەکە، هابرماس پێی وایە مەحاڵە بەبێ ئاراستەی بکەرەکان‌و بەبێ پشت بەستن بە چەمکی

سیستەمگەل، لە کۆمەڵگەی مۆردن بگەین، لێ ئەو هاوبەندییە لە واقیعدا هاوسەنگ نییە.

هابرماس پێی وایە ئەوە مەودای نێوان هەردوو فۆرمی ئەقڵانیەتە سوخریەی (لە گەوهەرەوە) لێکدەداتەوە، ئەو دابڕانە بەرفراوانەی نێوان سیستەموبوارە گوزەرێنراوەکە، مەرجێکی پێویستە بۆ گوێزانەوە لە کۆمەڵگەکانی چینە پلەدارەکان لە فیۆدالیزمی ئۆروپایی بۆ کۆمەڵگەکانی چینە ئابووریەکان لە یەکەم قۆناغی مۆدێرنیزمدا، لێ پەرادیمی سەرمایەداری لەمەڕ نوێبوونەوە ئەو خەسڵەتەی هەیە:

بونیاتە رەمزیەکانی بوارە گوزەرێنراوەکەی بۆگەنکردووە، بەهۆی داخوازیەکانی سیستەمگەلە لاوەکییەکان، کە لە میانەی مایەودەسەڵاتدا جیاوازوسەبەخۆبووە، لە نوێبوونەوەدا و بەپێچەوانەی دەستنووسەکەی مارکس سەرخانەکان(لە رێگەی بازاڕگەراییوبەیاساکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان)دەبن بە فۆرخکەری بنەمای (کۆمەنیوکەیتڤی) کۆمەڵگە، لێ روئیاکە بەو ئاسانکاریخوازیە نییە، هابرماس بۆ نموونە هەست بە زێدەگۆیی نۆرماتیڤانەی یاسایی تایبەت بە کۆمەڵگە مۆردنەکان، دەکات، هەروەها ویستی بێسنووری ئەو زێدەگۆییانە لەرووی زەبتکردنی هەڵچووانەی هەرجارەی ژمارەیەکی زۆری کەرتەکانی گشتوتایبەتی ژیان، کۆنترۆڵکردن و زاڵدەستی بەسەر ئادەمیزاد تەنیا لە رووی هەڵکشانی بەئەقڵیبوونەوە نییە، وەك ڤیبەر پێی وایە، ئەوە کەماسی

بەئەقڵیبوونی بوارە گوزەرێنراوەکەیە هۆکاری ترازانی لە سیستەمگەل، ئەمە دەستنیشانکردنێکی جیاوازە، بەمە وەڵامەکەی هابرماسیش لەبارەی گەورە ململانەی مۆدێرنیزم جیاوازە.

جالێرەدا شیکردنەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانیش چوارچیوەی خۆی دەدۆزێتەوە، هیچ کۆمەڵگەیەك بەبێ ململانە بوونی نییە، خۆشبەختانەش ئەو ململانانە هەمیشە توندوخوێناوی نین، لێ هەر کۆمەڵێك لە هەناویاندا هۆکارەکانی ئەو پێکدادانە کراوەیەوشاراوەیە هەڵدەگرن.

بۆ نموونە رەوشی هەندە وڵات دیارە چالاکی ئابووری هۆی نانەوەی گەلەك پێکهەڵپژان‌وهەڵشاخانن لە نێوان تاکەکان‌و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان(لە کۆمەڵگەکانی پێشتری سەرمایەداریدا کە لەبنەڕەتەوە کشتیاری بوون بەشی زۆری ململانەکان بەهۆی قەرزردەروقەرزدار بووە)(*)(لیبرالیزم تاکە هاندەری بوونی(ئومە)بوو لە سەدەی نۆزدەهەمدا، لێ لەو دیو گشت ئەمە ئەقڵانیەتی ئومە، یەکسانیەکەی لانی کەم لەرووی پرەنسیپەوە، فەردانیەتەکەی، دواشتیش شەرعیەتەکەی رێگر بوون لەبەردەم لیبرالیزم لەمەڕ جیاکاریکردن لە نێوان چینەکان لە نێو کۆمەڵگەدا، گوزارش لە مارکسیزم دەکات، جگەلەوەی بیرۆکەی ململانەی چینەکان ئەو بیرۆکەیەیە، کە مارکس لە نەوەکانی پێشەخۆی وەرگرتبوو، ئەوانەی هەرگیز بەیانیان نەکردبوو و قەتیش سۆسیالیست نەبوون)(18)،

ململانە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان بەو پێیەی توانستی پرۆتستۆکارین، زادەی کایەوبوارەکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی رۆشنبیریی‌و پرۆسەی تێهەڵکێشکاریی کۆمەڵایەتین، چالاکییەکان لە ژێر-دامەزراوەیی یا لەدەرەوەی پەرلەمان-ن رەگوریشاڵیشی بۆ قەرەبووکردنە نوێیەکانەوەیە گوایە رەنگە دەوڵەت بیدا، بەکورتی: ململانە نوێیەکان زادەی گیروگرفتەکانی دووبارە دابەشکردنەوە نین، لێ زادەی ئەو پرسیارانەن رووەو(grammaire) فۆرمەکانی ژیان، باڵدەکێشێ، هەرچەند تەجەموعی ئابووری- ئیداری جیهانی

.............................................................

(*)(بڕوانە کتێبی : الليبرالية المعاصرة-موريس فلامان-ت:تمام الساحلي، مؤسسة مجد، لبنان – بيروت، 2002).

گوزەرێنراوی کۆنترۆڵ کرد، ئەوەندە ململانە کۆمەڵایەتیەکان، دەبینین، سەرباری ململانە کۆنەکانی نێو سینتەری ئابووری، کە راستەوخۆ دەبنە سەیرورەی بەرهەمهێنان، ئەوە گیروگرفتی دیکەونوێش هەن لە دەوروبەرە بەرهەمهێنەرەکەدا، کە وا دێتەبەرچاو تاکە بابەتی هاوبەشی رەخنەگرتن بن لە رووی نەشونما کردندا، لەبەرئەوەی پەیدابوونی بەندە بە قۆرخکردنی کایە گوزەرێنراوەکە، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان پەرچەکرداری بەرگریانە(جگە لە رەوتی فیمینیزم) دەخەنەوە، بەگوڕتردەبێ بۆ پاراستنی بوارە بینایيەکانی (کۆمەنیوکەیتف) هەمان کات بۆ

دەستبەسەراگرتنی زەوینەی نویٚوتازە، تەنانەت هابرماس قسە لەسەر گۆڕینی یا وەرچەرخانی ململانەکان دەکات، سینترالیزە لەبارەی رۆڵی کریٚچیوبەشداربوو رووەو رۆڵی بەکاربەرو کڕیار، یەکەمیان چ لە توانستی دەسکەوتی بەشەری زاتی زیاد ناکات، ئەویدیکەش توانستی خودبەدیهیٚنان بەرفراوان ناکات.

گەر مۆرکی تراجیدیایانەی میٚژوو لای ڤیبەر، لە دابەشمەندە نیٚوخۆییەکانی نیٚو بوارە ئەخلاقیەکەیە، بەمەش لە سوپەر ئەقلانیەت دایە- رەنگە جاروبار دژمان بوەستیٚتەوە- ئەوە دیدی هابرماس، کە لۆکاشی گەنج زەوینەی رەخساند، رووەو ئەوەیە ململانەی مۆدیٚرنیزم رۆدەچیٚتە ناو فەزایەکی تیٚهەلٚکیٚش بەیەکی نیٚوان دوو جیهان لە ئەقلانیەت، دوو جیهانی تەواو، لیٚ یەکیٚکیان لەسەر حیسابی ئەویدیکە نەشونما دەکات، هابرماس دواجار دووبارە فۆرمیٚکی نویٚ بۆ دژیەکیە ریشەییەکەی نیٚوان مەوزوعیەتی سیستەمو زاتیەتی بکەرەکان، دادەڕیٚژیٚ.

هابرماس سەرنجدەدا(پرۆسەی سیستمازەکردنی ئیداری بەلای ڤیٚبەرەوە دیاردەیەکی گەوهەریە بۆ فامکردنی کۆمەلٚگە مۆدرنەکان)لیٚ فۆرمەکانی دیکەی سیستمازەکردنی دەولٚەتی مۆدرن بواری دیکەش دەگرتەوە جیا لە ئابووریوئیدارە، جا لیٚرەوە بەئەقلیبوونی سیستەم پیٚویستە(چونکە ئەو مەعریفەیەی توانای بەئەقلیبوونی هەیە لە

رادەی هێزوتوانای سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان بۆ خودسیستمازەکردن بەدیاردەکەوێ).

لە سونگەی ئەمەوە هەر سیستەمێك سیستەمگەلی لاوەکی دەردەدات لە نێو جیهانە گوزەرێنراوەکە، هەروەها پێناو(وەسیت-Mediums)دێنتە ئاراوە، کە رۆڵێکی بنەڕەتی دەبینن لە راگرتنی بەلانس‌وپەیوەندییەکانی، جا لەو پێناوانە:مایەودەسەڵات‌وزمانە.

هابرماس پێی وایە جیابوونەوەی نێوان سیستەم‌وجیهانی گوزەرێنراو مەرجێکی پێویستە بۆ هەنگاونان لە کۆمەڵگە فیۆداڵە ئۆروپییەکانەوە بۆ کۆمەڵگە چینایەتیەکانی مۆدێرنیزم لە قۆناغەکانی بەراییدا، لێ نموونەی سەرمایەداری نوێبوونەوە خەسڵەتێکی هەیە بریتیە لەوەی(بونیاتی رەمزی جیهانی گوزەرێنراو هەر دیاردەیەکی"بەشتبوون" تێکدەدات لە میانی پێویستیەکانی سیستەمە لاوەکییەکان، ئەوانەی بەهۆی مایەودەسەڵاتەوە سەربەخۆجیا خۆیان نواند).

جا لە نێو خودی ئەو فەزا رۆشنبیریەدا پێویستە لە لاربوونەوەو بەردەوامبوونی پرۆژەکەی ڤیبەر تێبگەین، زێدەگۆیی نییە ئاوا لە کاروکردەوەکانی هابرماس بگەین بەو پێیەی خاووخلیچیەکی رەخنەیی خاوخلیچی تراجیدیانەی ڤیبەرە، لەبەرئەوەی هەر کۆمەڵگەیەك بە دوو فۆرم لە لکاندنی سیستەم‌وکۆمەڵایەتی دەکەوێتەوە، کە موتەکامل‌وبەیەکەوە دەبەسترێنەوە، ئەوە ئەو کاتە

قۆرخكردنی بواره گوزەرێنراوەكە، لە جیهانی نوێدا خاوەن یەك ڕەهەندە لەرووی هێزوتوانستی مۆدێرنیزم.

## 4- لە ئەخلاقەوە بۆ دیموكراسیی

((چی بكرێ كاتێك خوداوەند دەمرێ، بۆ ئەوەی هەرشتێك قەدەغەنەبێ؟)) هابرماس پێی وایە ئەو پرسیارە سروشتێكی ئەخلاقی هەیە، بەندە بە تیۆرێك لەبارەی كۆمەڵگەی نوێ، ئەخلاقی دیالۆگ لای هابرماس عەلمانیودنیاییە، لەبەرئەوەی جارێكی دیكە بیركردنەوە بەرهەمدێنێ لەبواری تواناكانی (كۆمەنیوكەیتڤ) لای خەڵكی، لە بەرهەمەكانی لەبواری ئەخلاق هابرماس تەنیا ویست دەخاتەگەڕ بۆ داڕژتنی ئەقڵ بەو پێیەی بیركردنەوەیەكە لەبارەی مەرجە گەردوونییە پێویستەكانی پراكتیزەكردنی، هابرماس بە پێی ئەو بیركردنەوەیە پێی وایە پێوەرەكان هەرەمەكی نین، شەرعیش نین بە هۆی بەهاكانی دەرەوەی بزووتنەوەكە، لێ پێوەری ئەوتۆن پشتبەستوو بە بونیاتی پراكتیزەكردنی.

كەواتە بنەمای ئەقڵی زانستی لە سروشتی خودی دیالۆگی بەشەریدایە، مەبەست لە كۆمەنیوكەیتڤیش بەدیهێنانی تێهەڵكێشی زاتەكانە، ئەوە دەبێ پێشوەختە گریمانەی دوو دیالۆگكەری هاوسایەكسان دابنێین، تەنانەت گەرهاتوو ئەو مەرجە هەمیشە لە واقیعدا بەئاكام ناگات، ئەمە زیاتر گریمانەیەكی پێشوەختەیە.

جا لەبری ئەوەی دەشێ رازیبوون‌ورەزامەندیی بگۆڕین یا بسڕینەوە لە میانەی کرداری (کۆمەنیوکەیتڤ) ئەوە پێویستە دیالۆگکاران ستراتیجیەتێك چێبکەن بۆ چارەکردنی ناکۆکیە تەئویلیەکانیان، هەر ئەمەشە خەسڵەتی پرۆسەی پاساوگەرایی.

دیموکراسی لای هابرماس پرەنسیپێکی سەرەکییە لە رووی بیرکردنەوەوهزرکردنیدا، چونکە دیموکراسی دەوەستێتە سەر تواناکانی رەخنەگرتن لە دیاردەی کۆمەڵایەتیوپێوەرە ئەخلاقیەکان‌وشێوازەکانی مەشروعیەتی سیاسیو تەکانپێدانی رووەو گەشەکردنێکی راستەقینە.

## 5-دیموکراسی(تەشاوریی)( Deliberative Democracy)

مەبەستی هابرماس دارِژتنی دیموکراسیەتێکە لەسەر بنەمای گرووپێکی نموونەیی - تەواسول- بەدەر لە هەر زاڵدەستیوهەیمەنەیەك، هەروەها چەمکی (مشاوەرە) چەمکێکی مەرکەزیە لە تیۆرەکەی لەمەڕ دیموکراسی ، کە لەسەر دیالۆگ هەڵنراوە، چونکە بە هۆی راوێژکاریکردنەوە مافی ئاخاوتن‌ورەخنەگرتنیان دەبێ، هەروەها پێشنیازکردن لە کەشە گشتیەکەدا.

جا بەو جۆرە رای گشتیو ویستی سیاسی بۆ هاووڵاتیان فۆرمەڵە دەبن له كۆمەڵگەی دیموكراسیدا، چونكه هەرەگرنگترین ئامانجی ئەو جۆرە دیموكراسیە داكۆكیكردن نییه له بەرژەوەندییه تایبەتییەكانی تاكەكانی گرووپ(پەیمانی كۆمەڵایەتی - رۆسۆ) بەلكه داكۆكیكردنه له بەرژەوەندی گشتی.

ئەو جۆرە دیموكراسییە بە كردەنیترین جۆری دیموكراسی دادەنرێت، كۆڵەگەكانی ئەو نموونەیەی دیموكراتی بریتیه له:

1- هەبوونی دامەزراوەیەكی یاسایی-شەرعی.

2- بەدیهێنانی هەردوو پرەنسیپی ئازادی: سەربەخۆیی تایبەتیوگشتی.

3- گفتوگۆو وتووێژوراوێژكردنو فۆرمەڵەبوونی رای سیاسی له رێگەی بەشداریكردنی سیاسی.

سیفەته هەرەگرنگەكانی ئەو نموونەیە:

1- گەلەكۆییەكی سەربەخۆو بەردەوام پەرەسەندوو دەنوێنێ.

2- ئەندامانی گەلەكۆییەكه بەشدارن(دیالۆگ)دەشزانن، كه ئەوان بەشدارن لەو دیالۆگه كراوەیە، ئازادەی له شەرعیەت سەرچاوەی گرتووە.

3- گەلەكۆییەكی فرەییە.

4- ئەندامانی ئەو گەلەكۆییه دیموكراسیه ئاوا سەیری گفتوگۆودیالۆگەكان دەكەن بەو پێیەی سەرچاوەی شەرعیەتن.

5- هەریەکە لەوان هەم خۆی دەناسێنیّو هەمیش ئەویدیکە دەناسیّ لەرووی توانای دیالۆگ، واتە ئەو توانایەی مەبەستە بۆ دیالۆگی گشتی لە نێوان (ئەقلّ)ەکاندا لە پێناو پراکتیزەکردندا بەپشتبەستن بەوەی ئەقڵی گشتی(public reason) پێی دەگات.

هەندە بیرمەندوتۆژەر پێیان وایە ئەو نموونەیە زیاتر بەلای یۆتۆبیاوە دەشکێتەوەو دوورە لە پراکتیزەکردن، لیّ(ئەمڕۆ کۆمەڵگەی سیاسی بە پێی تیۆرەکەی هابرماس دیموکراسی تیایە زیندووەولە سەر ئاستێکی بەرفراوان پیادەدەکریّ، هاووڵاتیان رۆڵیان هەیە لە هەر بۆنەوپرسێکی سیاسی جا چ بەهۆی نوێنەرانیانەوە بیّ یا راستەوخۆ ئەو گوتارەش تەنیا رووالّەتی نییە بەلکە کردەنییە کردەورەفتارێکی سیاسیانەی تاکەکەسەکان).(٭)

## 6- دیموکراسیی ئالّوویّریانە

راوبۆچوون، بە رای هابرماس پێویستە لە میانی گفتوگۆدا فۆرمەڵە ببێت، کە ئالّوویّری رەمزیوسیاسی لە نێو کۆمەڵگە دەیسەپێنیّ تەژی لە هێزەکانی رکابەروهێزەکانی کۆدەنگی، جا بەوپێیەی ئەو سیستەمە سیاسیەی دەوڵەتی مۆدرن بەرهەمی هێناوە هەردەم پێویستی بە وەلای جەماوەرە ئەو بەدوای ئەو فرە ئامرازوشێوازانەدایە بۆ رەوایی دان بە دامودەزگاکانی.

هابرماس پێی وایە پەیوەندی نێوان پێشکەوتنی تەقەنیوزانست بەو پێیەی هێزی بەرهەمهێنەروئایدیۆلۆجیانو دیموکراسی تەنیا ئەوکاتە بەرجەستە دەبن بە پشتبەستن بە هۆشیاری سیاسیوفیکری، کە پەردە لادەدات لەسەر (نائەقلانیەتی زاڵبوون)ورەتدانی بە پشتبەستن بە فۆرمەڵەبوونی ویستێکی سیاسی پەیوەست بە پرەنسیپی دیالۆگێکی

.......................................................................

(⋆)( بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەو جۆرە دیموکراسیە بڕوانە کتێبی:(الاشكالية السياسية للحداثة- من فلسفة الذات الى فلسفة التواصل، هابرماس نموذجا، د.علي عبود المحمداوي، دار الامان/الرباط، منشورات الاختلاف/الجزائر، ط1، 2011.

گشتیودوور لە هەر زاڵدەستییەك، کاتێك (راشیۆنالیزمی زاڵدەستی)هزردەکرێ لە رەوشێك تیایە توانستی سیاسی نەشونمادەکاتوپەرەدەگرێ لەمەڕ فیکرێك پەیوەست بە دیالۆگ.

کاتێك تیۆرێك ناوەڕۆکە سیاسیەکەی لەسەر دیموکراسی رادیکاڵییە ئەوە جەخت دەکاتەسەر فۆرمەڵەبوونی رای گشتیو ویستی سیاسی دوور لە دامودەزگای حزبە سیاسیەکان واتە دوور لە(دەسەڵاتی کۆمەنیوکەیشن)بەوپێیەی سەرچاوەودەسەڵاتی سانسۆری (دەسەڵاتی ئیدارییە) کە جەخت دەکاتە سەر گرنگی ئەو بزاوتە کۆمەڵایەتیانەی، کە شیاوی تێکۆشانن.

گەر هابرماس هەوڵوکۆششی بۆ داڕژتنی دیموکراسییە بەپێی پرەنسیپی دیالۆگ، هاوکات ئەو گەرەکیەتی پرەنسیپی دیموکراسی لە

پرەنسیی ئەخلاقی جیابکاتەوە، هابرماس پێی وایە پرەنسیپی دیموکراسی وەڵامێکی ئەوتۆی پێ نییە بۆ مەسەلەی مەعریفە.

لای هابرماس (ئەخلاقی تەواسولی) لە میانەی(ئاڵوویێریی گشتگیرانە)چوارچیوەیەکی ئەقلانی بۆ لێکتێگەیشتن دەخولقێنێ لە نێوان بوراە جیاجیاکانی مەعریفەو دانوستان لە نێوان فرە بەرژەوەندیەکان، ئەمەش بەهۆی جەختکردنە سەر پەیوەندی نێوان ئەقلانیەتی سیاسیومەشروعیەتی دیموکراسی.

ناکۆکی نێوان هابرماسورۆلزودریدا ناتەبایەکی فەلسەفیە نەك سیاسی ئەو رەخنەیەی لە ئەقڵانیەتوگەردوونگەرایی دەگرن یا لە رەوتە تەئسیسیەکەی پرۆژەی هابرماس ئەوە ئەوان هەروەك هابرماس بەوجۆرە وا بەهێزەوە وابەستە نین لەمەڕ داکۆکیکردن لە کایە سیاسیەکە لە بیری رۆشنگەریی پەیوەست بە پرۆژەی دیموکراسی، ئەوان لەگەڵی کۆکن لەمەڕ وابەستەیی بە سیاسەتەکانی دیموکراسی و دژی نین، لێ ئەوان پێیان وانییە دیموکراسی پێویستی بە بنەمای فەلسەفی هەبێ بۆ داڕژتنی، هەروەها دامودەزگە دیموکراسیەکان ئەوکاتە بێترسن کاتێك پشتئەستوورن بە بنەمایەکی ئەقڵانی.

ئەوان سەبارەت بەو پڕۆژەی هابرماس دژ بەوەن پەیوەستیەك هەبێت لەنێوان گەردوونگەراییوئەقڵانیەت لەلایەكودیموکراسی لەلایەکی دیکەوە، واتە دیموکراسی دەستووری رەتدەکەنەوە بەو

پێیەی ساتەوەختێکە لە کاروانی گەشەکردنی ئەقڵ دەگەڵ پەیدابوونی وێنە گەردوونیەکانی یاساوئەخلاق.

گەر بکرێ بەهۆی دیالۆگەوە کاروباروپرسە سیاسیەکان چارەسەربکرێن، هابرماس تەنیا ئاماژە دەدات بە گوزارشکردن بەو رێگەیەی بەهۆیەوە پێکهاتەی ئەقڵانی راو ویست فۆرمەڵە دەبێ بەرێگەی سیستەمێك لە یاسا بۆ هەر یەکێك بەشداریەکی یەکسان دابین دەکات لە رێرەوتی دارژتنی یاسادا، کە گریمانە تەواسلیە پێشوەختەکان زامن دەکات، کەچی پرەنسیپی ئەخڵاقی گشت پێوەرە بزاوتەکان دەگرێتەوە.

پرەنسیپی دیموکراسی تەنیا لەگەڵ پێوەرە حقووقیەکان گونجاوەودەسازێ (بیرۆکە یەکلاکەرەکەوە ئەوەیە پرەنسیپی دیموکراسیی لە تێهەڵکێشی پرەنسیپی دیالۆگ لەگەڵ فۆرمە حقوقیەکە دێتە ئاراوە ) پەنابردنە بەر گوتار رێخۆشکەرە بە دارژتنی ئەخلاق لەسەر بنەمای بیرکردنەوەیەکی ئەقڵی، هاوکات گرنگی و بایەخی پەسەندکاریی بەدەر لەهەر زۆرییەك بەو پێیەی ماکێکی گەورەی دیموکراسیە، دوماهی ئەو ئەخلاقە لەسەر هزرکردنێکی ئەخلاقی گەردوونی چێدەکات(لە چوارچیوەی میتافیزیکیادا تاکە سەرچاوەی شەرعیەت کرداری دیموکراسیە، کە یاسا دەگشتێنێ) بەو پێیەو لەو بازنەیەدا یاسا دەبێتە ئەو ئامرازەی بەهۆیەوە دەسەڵاتی (کۆمەنیوکەیتڤ) دەبێت بە دەسەڵاتێکی ئیداری، بەمەش دەبێ

دەسەڵاتە ئیداریەکە هەرگیز داخراو نەبێ، خودی خۆی بەرهەم بێنتەوە، بەلکە بەپێچەوانەوە دەبێت هەمیشەیی چاکبکرێتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی (کۆمەنیوکەیتڤ) بگۆڕێ بە دەسەڵاتێکی سیاسی.

دوماهی دەبێت دەوڵەتی یاسا ئەو فۆرمەی گۆڕان زەبت بکات بەمەش ئەکتیڤانە رۆڵ دەبینێ لە خودزەبتکاری خودی سیستەمە ئیداریەکە، بۆئەوەی بەلانسێك دابنێ لە نێوان سەرچاوە جیاجیاکانی زەبتی کۆمەڵایەتی ئەویش مایەودەسەڵاتی ئیداریوهاریکاریە، خەسڵەتی بەدامەزراوەییکردنی حقوقی بریتیە لە رەگاژۆیی مایەودەسەڵات لە نێو سیستەمگەلی جیهانی گوزەرێنراو بە هۆی چالاکی (کۆمەنیوکەیتڤ).

بەو جۆرە یاسا رۆڵی بەیەکەوە گرێدانی سیستەموجیهانی گوزەرێنراو دەبینێ، ئەو بەو پێیەی رەنگدانەوەی شتێکە بەراستی بەشێکە لە پێکهاتەی جیهانی گوزەرێنراو، رێشدەگرێ لە لێکترازانی تەونی هاریکاری لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا، پێکهاتەی کۆمەڵگە لەو جیهانەدا دەباتە سەر تێکڕای پەیوەندییە شەخسیە تێهەڵکێشورێکخراوەکان بەشێوەیەکی شەرعی.

لەو سونگەیەوە گشت ئەمانە دەگرتەخۆوە(کۆمەڵەوگرووپەکان، رێکخراووناوەندوسێنتەرەکان، رێکخراوە تایبەتمەندەکان بە هەندێ وەزیفەی دیاریکراو) هەروەك بینینمان هەندە سیستەمگەلی تایبەتمەند لەرووی وەزیفیەوە لەدەرەوەی بوارەکانی ئەو بزاوتەیە، کە

بەهۆی ستراکچەری کۆمەڵایەتیەوە (بەها، پێوەر، ویفاق) لکێنراوەوگەشەپێدانی ئەو کۆدانەی تایبەت بە خۆینە(مایەودەسەڵاتی ئیداری)ئەو سیستەمانە لەگەڵ ئەوەشدا رەگاژۆیە لە پشکە کۆمەڵایەتیەکەی گوزەران و ژیانی گوزەرێنراو بەهۆی دامەزراوەیی حقوقی، یاسا بەو پێیەی وەرچەرخێنەرە کاردەکات بۆ ئالۆویێری نێرەرەکان، خودان ناوەڕۆکێکی پێوەرانەوتەرجەمەکراو بۆ زمانی یاسا لەسەر ئاستی گشت کۆمەڵگەدا، بەمەش زمانی یاسا بەراستی بریتی دەبێ لە (کۆمەنیوکەیتڤ) لە نێوان سیستەمگەلوجیهانی گوزەرێنراو.

هابرماس پێی وایە سەرچاوەی راستەقینەی تێهەلکێشی کۆمەڵایەتی، کە هاریکاریە دەکرێ بەشێوەیەکی ماقووڵ گەشە بکات بەهۆی فەزا گشتییە سەربەخۆکانو زیاتر کراوەتر بێ، بەهۆی ئەو کارە پراکتیکیانەی بەدامەزراوەیی دەبن بەهۆی دەوڵەتی یاساوە، کە رۆڵی شیاوی خۆی هەیە لە فۆرمەڵەبوونی راوویستی دیموکراسی، واتە پێویستە پرەنسیپی حیوار - دیالۆگ لەمەڕ پرەنسیپی دیموکراسی فۆرمە حقوقیەکە وەربگرێ. ئیدی لەبری ئەوەی زەمانەتە موئەسەساتیەکان جا گرنگیان هەرچیەك بێ ئەوە ناتوانن فەزا گشتگیرەکەو کۆمەڵگەی مەدەنی لە کەموکوڕیەکان بپارێزن، ئەوە هابرماس دەرەنجام ئاماژە دەدات بەوەی(پێویستە بونیاتە تەواسلیەکان لە فەزا گشتگیرەکە بەهۆی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی حەیەوی، بپارێزین) راست نییە رەخنە لە هابرماس بگرین لەبەرئەوەی وەزعیەتێکی

میسالی له (کۆمەنیوکەیتڤ) دەستنیشان کردووە، ئەمەش بە جەختکردنەسەر ئەوەی شتێکی بێسنوور هەیە لەمەڕ پەیوەندییە تەواسلیەکان، ئەو بارە رێخۆشکەرە بۆئەوەی دووبارە تیۆرێك لە کۆمەڵگە دابڕێژێ لە دیدێکی دیاریکراو، پێیوایە خەسڵەتی هەر تیۆرێکی رەخنەیی مۆدێرنیزم بریتیە لەوەی هاوکات بگات بە بونیاتێکی وەسفی مەبەست لێی سەندنی پێوەرەکانی هەقیقەتە، هەروەها چوارچیوەیەکی گشتی لەمەڕ نوێبوونەوە، لێ دوا مەعقولیەتی جەختکردنە سەر وابەستەیی بە تۆژینەوە ئایندەییەکان، دواشتیش روئیایەکی پێوەرانەو رەخنەییە بۆ خودی ئەو مۆدێرنیزمە.

هابرماس پێی وایە (رێزگرتنی دووسەرە لە نێوان ئەرك‌ومافەکاندا لێرە لەسەر بنەمای پەیوەندگەلی ئاڵووێرانەیە) کردارەکە پابەندە بە پەسەندکردنێکی ئینسانیانەی ئەویدیکە، ئەوەی دیکە هەندە فۆرمی پەیوەندیەکانی هەیمەنە، کە سڕینەوەی ئەویدیکەی گەرەکە فۆرمگەلی بەیەکهەڵشاخانە لەسەرەوەی جیهانی (کۆمەنیوکەیتڤ) کێشەی (تەواسل) تەنیا لە/ بەپێی ئەو دەستەواژەو وتەزایانەی هابرماس درکاندوویەتی تەنیا لە کۆمەڵگەیەك تەرحدەکرێ، کە پێشوەختەو بەشێوەیەکی بەرفراوان بەدیموکراسی بووە.

جالێرەدا فەزا گشتگیرەکە بەڕاستی بێسنوورەودەتوانێ ببتە گۆڕەپانی ململانە راستەقینەکان لەپێناوی دانپیانانداا، هەروەها دوورخستنەوەی

هەندە ململانە - وەکو توندوتیژی - لەو فەزایە، چوون سروشتی زمانەوانی حیواروديالۆگ لەو جۆرە رەوش و بارانەدا هەروەك رۆدجێر پۆپنەر سەرنجی داوە هەر لە سەرەتای هەشتاکاندا، گرنگیەکی ئەوتۆی خۆی هەیە کەمتر لەچاو پرەنسیپی دانپیانانی ئالۆویرانەی زاتەکان بەو پێیەی زاتن.

هەرە گرنگترین شت ئەوەیە هابرماس وای دەبینێ جیاوازی شتێکەو بوونی هەیەوچارەسەریشی هەیە لە رێگەی هەڵێنجانی هەڵوێستێکی دیکە هەم هەردوو هەڵوێستی هەوەڵی هەڵگرتووەوەهەمیش رەتیان دەدات، هێزی بیرۆکەی رازیبوون-تەرازی- لە گریمانەی توانستی چارەیەك یا رێککەوتنێك لە نێو هەر بارێکی ناکۆك جیانابتەوە، ئەمەش گریمانەیەکە باڵ دەکێشێ بەسەر گشت بیرکردنەوەکانی هابرماس، لەو نوختەوە پێویستە سەرنجی ئەو پەیوەندیە توندە بدەین، کە چەمکی رازیبوون دەیبەستێ لەگەڵ سێینەی جەدەلی، بەلکە لەگەڵ چەمکی رەتدان بەبێ ئەوەی ئەمە چ جیاکاریەك بنێتەوە.

بە بۆچوونی هابرماس دوژمنایەتی(ا)دژ بە(ب)دەتوانێ چارەیەك بدۆزێتەوە بە هۆی دیالۆگێکی بەدەر لە هەر زۆرییەك، هەردەم دەتوانرێت دووبارە هەڵوێستە دژەکان وەك هەنگاوی یەکەم بینا بکرێنەوە، لە نێو هەڵوێستی سێیەم هەردوو هەڵوێستی هەوەڵی بەهەند دەگرێو رەتیان دەدات، لە یاساودیموکراسیدا ویستی

چێکردنی پرەنسیپی یەکیەتی نێو کۆمەڵگەیەکی دابەشبوو هەیە، ئەمەش لەرێگەی حیوارێکی ئازادانە، رەنگدانەوەی بێتواناییانەی فیکر: لە نێو تیۆرەکەی هابرماسدا بیرۆکەیەك بەدی دەکەین: کۆمەڵگە لەخودیخۆیدا مەعریفەیەکە(بەهۆی ئیقتیدارە ئەقڵانیە تەواسلیەکان)لێ بێتوانایە بۆ تەحەکومکردن بە خۆی(بەهۆی سنووردارێی توانای وەرچەرخانێکی گشتگیری کۆمەڵگە)مەعریفەیەك بەبێ مومارەسە، بەوجۆرە روئیاکە لەقووڵاییدا بەدبینانەیە:

جیهانی گوزەرێنراو، زێدە قۆرخکراو لەلایەن ئیندیماجی سیستەمگەلی، بەتوانا بۆ دەستنیشان کردنی قەیرانەکە بەبێ چارەسەرکردن، مەعریفە لە کردار جوێدەبتەوە لەراستیدا ئەو دەرەنجامە پێشتر ئامادەگیی هەبوو لە دووبارە تەئویلکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان:

بەو پێیەی ئەو بزووتنەوانە ئاوا وێناکران وەك فۆرمێکی دەستەجەمعی کرداری تەواسلین ئەوە دەکرێ داینێین بەپێی پێویست نەبێ بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتی لە گۆشەنیگای (غایەت)هابرماس لە رووی بیرکردنەوەی خودان دەستەجەمعی غەیری دەستەواژەکانی ئیرسی هیگلی بەکارنەخستووە، کەواتە بە لای ئەو چ خەیارێکی دیکە نییە: گەر هۆشیاری دەستەجەمعی توانی فۆرمەڵەببێت ئەوە تەنیا لە میانی دەوڵەتدا(ئەو مەعریفە زاتیەتێهەڵکێشە فۆرمەڵە کراوە، کە کۆمەڵگە هەیەتی لەمەڕ خۆی،

تەرجەمەدەكرێ بۆ دياريكردنێكی زاتی رێكخەرانەی كۆمەڵگە) گوزارش لە خۆ دەكات، روونيی تخوبی بزووتنەوەی دەوڵەتی لەسەر ئاستی گشت كۆمەڵگەدا و مەترسی بەرجەستەبوونی ئەو ويستە دەستەجەمعيە لە دەوڵەتدا لە كۆمەڵگە جودا دەبتەوە.

هابرماس پێی وايە مەشروعيەتی سيستەمی سياسی تەنيا بەهۆی ديالۆگێكی عموومی داكۆكی لێبكرێ، كە لەسەر ئيعتباراتی سەلماندن بيناكرابێ، چوون شێوازەكانی گوتاری تەقليدی لە سەردەمی نوێدا ناتوانێ مەشروعيەت بدات بەو سيستەمە سياسيەی دامودەزگەوكايەكانی لەسەر هێزی سەلماندنوراشيۆناليزم بيناكردبێ.

مەشروعيەت لای هابرماس بريتيە لەو دانپيانانەی سيستەمێكی سياسی سوودی لێ دەبينی، زەرورەتی مەشروعيەت بۆ زەمانەتی ئيندىماجی كۆمەڵايەتی دەگەڕێتەوە تايبەت بە شوناسی كۆمەڵگەيەك بە هۆی پێوەرەكانەوە دياريكراوە

هابرماس پێی وايە كۆمەڵگەی مۆدرن دەتوانێ تەكان بە مەعريفە بەخوديخۆی بدات، دەشتوانێ دەستتێوەردان لە خۆيدا دياری بكات لێ ناتوانرێ بە شێوەيەكی گشتی لەرووی زاتيەوە دياری بكرێ، ديدگەی هابرماس ئەو ئەزموونە مێژووييە نييە لەمەڕ بێتوانايی ئەقڵ لە بەرگريكردن لەخۆی بەقەد ئەوەی ويستی بەرهەمهێنانی رەگەزەكانی تيۆرە، كە رێخۆشكەری رەخنەيە لە ئەقڵ لەلايەن خودی ئەقڵەوە، بەلای هابرماس مۆدێرنيزم -لەهەرشتێك زياتر- هۆشياريە (بە ئەقڵێك

بەرهەمهێنەری موحاکەمات دژبە خودی خۆی)هابرماس وێنە هەرە زێدە تەواوەکەی ویستی گەیشتنە بە هزرکردنێکی رەخنەیی نەزعەی دوالیزمانەی نویٚو کێشەکەی.

کەمن ئەوانەی بەبڕوایەکی بەتینەوە وایان کرد دابڕانی یەکیەتی جیهان ئەسڵی مۆدیرنیزم بیٚ، هەروەها ئەوانەیش کەمن کە هەوڵیاندا بگەن بە بەستنەوەی بوارو کایە لە یەکدوورەکان، لیٚ بەپێچەوانەی زۆر لەوانە هابرماس دژ بە بیرۆکەی ئەو یەکیەتیەیە لە میانەی بەرفراوانکردنی ئەقڵانیەتی مەبەست/غایی(purpose)، بەپێچەوانەوە ئەو هەوڵدەدات هزرکاریی و بێنایەکی دیکە بدات بەو یەکیەتیە لە مۆدیرنیزمدا، یەکیەتیەك وێرای دوالیزمەکەی، تاك رەهەندە، کاتێك هابرماس ویستی سەرنجیٚ لەو سەیرورەیە بدات گەیشتە ئەوەی زێدەگۆیی فیکری مەترسیەکی راستەقینەیە لە مۆدێرنیزمدا، کاتێك توانای مەعریفە زاتیەکەی کۆمەڵگە سەرکێشی لەبارەی خۆی دەکات بەوەی لەهەر ساتێك دابڕیٚ لە هەر پرۆسەیەکی رەگاژۆیی لە مومارەسەی دیموکراسیدا.

کەمن ئەو نووسەرودانەرانەی ئاماژەیان دا بە زیانەکانی ئەو ئەقڵانیەتە، قالبەکەی بەئەقڵیبوون هەرگیز دوای هابرماس هەمان قالب نابێت، لیٚ لە کارەکانی ئەوەش دەبینین، شیکردنەوەیەکی پێشوەختە بەبیٚ گومان یەکێك لە کەموکوڕیە گەورەکانی مۆدێرنیزم، ئەویش رەنگدانەوەی فیکری ناڕوونولێڵانەیە زوو تا درەنگ دەبتە

هۆی فەلەجبوونی فۆرمێك لەفۆرمەکانی بزووتنەوەکە، ئەقلێکی توانادار بۆ خودرەخنەسازیی، لێ بەهێواشی دەستبەرداری متمانەکەی دەبێت لەرووی وەرچەخانێکی زاتیدا.

## کۆتایی

ئەوەی زمانی ئەو جەنگانە بخوێنتەوە، کە هەندەك لەوانەی خۆ بە (نوخبە) دادەنێن، ئەوە تووشی وڕێنەو نائومێدی دەبێ، نەخاسمە کاتێك خوێنەرەکە، لەرێی چەند رێگەیەك تیۆرەکەی شرۆڤە دەکات، ئەمەش بەرهەمێکی فەلسەفی هەرە دیاری ئامرازەکانی ئالۆویێریو - تەجاوبە - لە نێوان کەلچەرەکانی جیهاندا، کە هابرماس دایرژتووە، ئەمە تیۆری کردەو تیۆرێکە لە (قوولایی هۆشیاریی)رۆچووە، کە زەمانێکی رابرد لە ئەلمانیا بەتایبەتیو ئۆروپا بە گشتی هاتە ئاراوە.

هابرماس هەولیداوە بگات بە (ئەقلیبوون)ێکی نوێ بەناوی(بە ئەقلیبوونی تەواسلی)دەهەمبەر (بە ئەقلیبوونی ئامرازگەریی) کە قوتابخانەی فرانکفۆرت رەتی کردەوە، لەبەرایش دووبارە بەستنەوەی تاك بە ئەویدیکەی شەریك، بەبێ فشار یا زۆریی بەمەبەستی فۆرمەلەبوونی تۆڕە کۆمەلایەتیەکە بەپێی پەرادیمی(ئیتیکی

دیالۆگ)ئەمەش - هەروەك پرۆژەی مۆدێرنیزم لە خۆرئاوا وێنای کرد- لەرێگەی سەرچاوە هەوەڵینەکانی ئەقڵانیەتێکی رۆشنگەریی رەسەن، ئەمەش رێخۆشکەرە بۆ هەنگاونان لە پرۆژەی(بە ئەقڵیبوونەوە بەرەو ئەقڵانیزم) ئەمەش کارێکە دەلالەتی گرنگی خۆی هەیە، لەسونگەی پرۆژە گەورەکەی(مۆدێرنیزم پرۆژەیەکە بەکۆتا نەهاتووە) دەسپێك لە کانتو هیگلەوە بوو، ئینجا بە پێچەوانەی (فۆکۆودریدا) کە لە کتێبی(گوتاری فەلسەفی مۆدێرنیزم)باسی کردووە، ئەو کۆششە وایلێکردووە بە وردودرشت لەبارەی زمان بدوێ تاوەکو ئەو دەرەنجامەی ناکرێ شێوازێکی (تەواسلی) تازە دابرێژرێ، گوزارش لە کۆمەڵگەیەکی نوێ بکات بەبێ ئەوەی رەخنە(یەکەمین ئامرازی تەواسل) بگاتە خودی خۆی، ئەویش زمانە جا چ پەیوەست بوو بە (تەواسلی) زاتی یا (نێوزاتی- بەینزاتی)، کە کۆڵەگەی بناغەیی پرۆسەی بەشداریکردنی کۆمەڵایەتییە، جا لێرەوە هابرماس جەخت دەکاتە سەر زەرورەتی جیاکاری بنەڕەتی نێوان کاروکردەوچالاکی، چوون (چەمکی کار) بەپێی دەلالەتی ئێستای و نەخاسمە ئەوەی لە کولتووری مارکسیزم بۆمان ماوەتەوە، وامان لێدەکات دیاردەی ماتریالیو تەقەنی بنرخێنین لەو کاتەی چەمکی کرداروچالاکی توانستێکی ئەندێشەگەرایی‌ومەجازیان هەیە، دەبتە چەمکێکی زێدە کاریگەر لە هەیکەلی بینای کۆمەڵایەتیدا، کە کارلێککردنە، کارلێککردن

له نێوان وێنەوماده، واقیعوئەقڵ، سۆبێکتوئۆبێگت، زمانو دەوروبەرەکەی.

هابرماس وێرای فرەکارو بایەخو گرنگیدانەکانی وەك بیرمەندێکی فرەتایبەتمەندیی، لێ هەرە وەفادار بوو بۆ جەدەلی هیگلیی، نەخاسمە لەو لایەی پەیوەستە بە پچڕاندنی پەیوەندی زات بەویدیکە یا پەیوەندی ئەویدیکە بە زات.

چەمکی (کۆمەنیوکەیتڤ) بۆتە تاکە ماکی ئەکتیڤ بکارێ دووبارە جومگەکانی ئەو جیهانە پچڕپچڕە بەیەکەوە گرێ بداتەوە، ئەو جیهانەی گشت مەرجەعیاتو خاڵی سێنترالیزەکردنی ونکردووەو بەهای ئادەمیزادی تیا خامۆش بووە، پاش پێشبینیەکانی ئاشتیوخۆشەویستی توندوتیژیوستەموسەرکوتکاریی هاتەئاراوە، پاش جەمسەرگەریی نێوان دوو ئۆردوی سۆسیالیستیو سەرمایەداری ئیدی زەبروزەنگ هات بووە(بابەتێکی سەرەکی لە بابەتەکانی فەلسەفە لە قۆناغی هاوچەرخدا).

گەورە جیاوازی ئەوەیە: قۆناغی ئێستا توندوتیژترین قۆناغە لەمەڕ(پەککەوتنی کۆمەنیوکەیتڤ) بەراستی بەبێ ئەو پرۆسەین، ئەو توندوتیژیە وایکرد ئیتیکی دیالۆگ پەکی بکەوێ، ڕێچکەوڕێگەی دیکەی نەشونماکردنی توانای مرۆگەل لە رووی (کۆمەنیوکەیتڤ)ەوە لەگەڵ ئەویدیکەی جیا، بریتیە لە کاری بیری راستەقینە، ئەمە کردارێکی بەشەریە بۆ رسکانی دیالۆگی گشتیانە، هەر ئەوەشە

پێویستمان پێیەتی لەو کەشە قەیراناویەی بوارەکانی بیرو رۆشنبیریی‌و ئابووری‌و سیاسی، ئەو تیۆرە بەتەنیا تیۆرە رزگارکەرەکە نییە، بەلکە کردارێکی شارستانیانەشە، کە رۆڵی هەیە لە سووککردنی ئەو کێشەو گێروگرفتانەی مەیدانی فیکرو پرسە فیکرییەکانی گرتۆتەوە.

## سەرچاوەو پەراوێز:

(1)(العلم والتقنية ك"ايديولوجيا"يورغن هابرماس/ت:حسن صقر/منشورات الجمل/ط1كولونيا-المانيا/ ل21).

(2)(هەمان سەرچاوەی پێشوو).

(3)(هەمان سەرچاوەی پێشوو).

(4)(هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل85).

(5)(بڕوانە:فريدريك نيچە/فەلسەفە لە سەردەمی تراجيدی گريكدا، و:د. سهيل ئەلقەش، بەيروت،دەزگای زانكۆيی بۆ ديراسات‌و بڵاوكردنەوەو دابەشكردن،1981).

(6) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە كتێبی(العلم والتقنية ك"ايديولوجيا"يورغن هابرماس/ت:حسن صقر/منشورات الجمل/ط1كولونيا-المانيا.

(7)( هەمان سەرچاوەی پێشوو).

(8)(هەمان سەرچاوەی پێشوو).

(9)بڕوانە (ماريا كارينو، " خطابات الحداثة" ، ترجمة عز الدين الخطابي وإدريس كثير، دار ما بعد الحداثة، فاس، 2001).

(10) (بڕوانە كتێبی: الليبرالية المعاصرة-موريس فلامان-ت:تمام الساحلي، مؤسسة مجد،لبنان-بيروت،2002).

(11)(بۆ زانیاری زیاتر لەو رووەوەبڕوانە كتێبی(العقل و الثورة، هربرت ماركوز، ت: فؤاد زكريا، بيروت،1979).

(12) (بڕوانە: هربرت ماركوز، الإنسان ذو البعد الواحد، ترجمة ج. طرابيشي، بيروت، 1971، ص195).

(13) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە كتێبی(العلم والتقنية ك"ايديولوجيا"يورغن هابرماس/ت:حسن صقر/منشورات الجمل/ط1كولونيا-المانيا.

(14)( هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل119)

(15) بڕوانە:محمد نورالدين أفاية، الحداثة والتواصل في الفلسفة النقدية المعاصرة، الدارالبيضاء، 1991.

(16)(بڕوانە بەشی "أزمة الدولة ـ الأمة و آفاق نماذج الشرعية السياسية الجديدة عند يورغن هابرماس" لة كتيَبي: يورغن هابرماس و مدرسة فرانكفورت، النظرية النقدية التواصلية/ المركز الثقافي, حسن مصدق، بيروت - 2005، ص181 - 215).

(17) **(بڕوانه كتێبی:** الليبرالية المعاصرة-موريس فلامان-ت:تمام الساحلي، مؤسسة مجد،لبنان-بيروت،2002).

(18) **هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

(19) الحداثةوالتواصل في الفلسفة النقدية المعاصرة، محمد نورالدين أفاية، ط2 ، 1998، أفريقي الشرق-المغرب/أفريقيا الشرق-بيروت-لبنان.

(20) الفلسفة المعاصرة في اوروبا، ا.م.بوشنسكى، ت: د.عزت قرني،عالم المعرفة-165، الكويت، 1992 .

(21) **بڕوانه كتێبی**(الاشكالية السياسية للحداثة- من فلسفة الذات الى فلسفة التواصل، هابرماس نموذجا، د.علي عبود المحمداوي، دار الامان/الرباط، منشورات الاختلاف/الجزائر، ط1، 2011).

(22) **مۆدێرنیزم - 1- مالکم برادبری و جێمس ماکفارلین، و: بەهزاد حەوێزی، دەزگای توێژینەوەوبڵاوکردنەوەی موکریانی، چ1، 2008.**

(23) **ئینتەرنیت/ سایتی (GOOGLE) هەندە بابەتی پەیوەنددار.**

## لیستی کاروکردەوە سەرەکییەکانی هابرماس

- Knowledge and Human Interests, 1971
- Society, 1971 Toward a Rational
- Theory and Practice, 1973
- Legitimation Crisis, 1975
- Communication and the Evolution of Society, 1979
- Philosophical-Political Profiles, 1983
- Vol. 1, 1984 ,The Theory of Communicative Action
- The Theory of Communicative Action, Vol. 2, 1987
- Observations on "the Spiritual Situation of the Age", 1985
- the Social Sciences, 1988 On the Logic of
- Sphere, 1989 The Structural Transformation of the Public
- The New Conservatism, 1989
- Communicative Action, 1990 Moral Consciousness and
- The New Conservatism, 1991
- Postmetaphysical Thinking, 1992
- Justification and Application, 1993
- The Past as Future, 1994
- Postmetaphysical Thinking, 1994
- Facts and Norms: Contributions to a Discourse Between

Theory of Law and Democracy, 1997
The Philosophical Discourse of Modernity, 1990 •
Other, 2000 The Inclusion of the •
On the Pragmatics of Communication, 2000 •
Constellation, 2001 The Postnational •
The Liberating Power of Symbols, 2002 •
Pragmatics of Social Interaction, 2002 On the •
Religion and Rationality, 2002

# خوێنەری بەڕێز

**بۆ هەر راوبۆچوونو سەرنجو رەخنەیەك**

**دەتوانن لە رێگەی ئەم ئیمێلەوە**

**((b_hawezy@yahoo.com))**

**پەیوەندی بکەن..**

**ب٠ح**